IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن


---


**سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب**

د. لوقمان رەئوف

ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر

بابان ئەنوەر


# تیۆری زانینی زانستییانە


## د. حەمید عەزیز


**2016**

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە(140)

ناوی کتێب: تیۆری زانینی زانستییانە
نوسەر: د. حەمید عەزیز
بابەت: فەلسەفە
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 5000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن( 1720 )ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# تیۆری
# زانینی زانستییانه

د. حەمید عەزیز

2016

# پێڕست


1-پێشەکی....................................................................7
2-دەستپێکی تیۆری زانینی زانستییانە...................................9
3-سەدەکانی ناوەڕاست: زانین لە نێوان لاهوت و فەلسەفەدا..........23
4-رێنیسانسی پڕۆسەی زانین.............................................35
5-پێشەنگی پڕۆسەی زانین لە فەلسەفەی نوێی ئەوروپادا..............47
6-بنەما لۆجیکییەکانی زانین.............................................59
7-رەوشی زانین لە بزوتنەوەی رۆشنگەریدا لە ئەوروپا..................71
8-جۆن لۆك: سروشت و سەرچاوەکانی زانین..............................83
9-جۆرج بارکلی: پەیبردن و رێبازی نامادییەت..........................95
10-دێڤید هیوم: زانین و ئەزمون و گومان................................107
11-ئیمانوێڵ کانت: بارگۆڕینی کۆپەرنیکۆسییانە.......................119
12-تیۆری زانین لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانیادا.................131
13-هیگڵ: ئایدیالیزمی رەهاو پڕۆسەی زانین.............................145
14-شۆپنهاوەر: جیهان خواست و بۆچوونە................................157
15-پڕاگماتیزم: ئامانج ئامراز رەوا دەکات...............................169
16-هۆسرێڵ: ئایدیالیزمی ترانسندێنتاڵی.................................179
17-کۆڕی ڤیەننا: ئیمپیریزمی لۆجیکی....................................189
18-رەهەندی ئیپستمۆلۆجی پڕۆسەی زانین................................207
19-ئاڕاستەکانی تیۆری زانین...............................................219
20-تیۆری زانین: چەمك و بابەت...........................................239

## پێشەکی

1-تیۆری زانین، کە لە کۆڕ و کۆمەڵەو ئەکادیمیا فەلسەفییەکاندا، وشەی یۆنانی ئیپستمۆلۆجی بۆ بەکاردەهێنرێت، شانبەشانی لۆجیك بە هەردوو باڵی سەرەکی و بگرە بە شاباڵی فەلسەفەی سەردەم دادەنرێت.

ئەو لقە وەك فەلسەفە، خۆی داهێنانێکی ئەوروپاییە و فەیلەسوفی ئینگلیز جۆن لۆك (16321704-ز) لە سەدەی حەڤدەدا، دوا روخسارو ناوەڕۆکی پێبەخشیوە و لە پڕۆسەوە کردویەتی بە تیۆرییەکی سەربەخۆ.

ئەگەرچی ئەو بابەتە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بە کۆششی پۆزەتیڤیستەکان، هەوڵدراوە گۆڕانی بەسەردا بێت و پتر لە لۆجیك و زانست نزیکبێتەوە و پشتبکاتە سایکۆلۆجی، بەڵام لە گەوهەر و پوختەدا، کاریگەری گەرموگوڕییەکی خۆی لە دەستنەداوە و هیچ جۆرە کاڵبوونەوەیەك بەسەر پایە و رۆڵیدا نەهاتوە و پێوەی دیار نییە!.

راستە تیۆری زانین، ناتوانێت دەستبەرداری هزر و بۆچوون، هۆش و هەست ببێت، ئەمانەش لەگەڵ سایکۆلۆجیدا قەدەغە و پاوانی هاوبەشی هەردوو لان، بەڵام لەنێوان هەردوو پاواندا، سنوری دیار، دەستنیشانکرا و رەنگرێژکراوە، لە میتۆدی توێژینەوە و کەرەستەدا، هەر یەکەیان سەربەخۆیی خۆی و تایبەتمەندی هەیە، کە لەویتر جیایدەکاتەوە! جیاوازییەك کە لەنێوان هەردووکیاندا هەیە و سەرنجڕادەکێشێت ئەوەیە، سایکۆلۆجی سەردەمێك بەشێکبووە لە فەلسەفە و ئێستا وەك سۆسیۆلۆجی ماڵی خۆی کردوە و سەربەخۆ بووە، بەڵام تیۆری زانین هەر لەچوارچێوەی بنەماڵەکەدا ماوە و بەپشکێکی فەلسەفە هەژماردەکرێت. ئەو بارەی چۆتە ژێرییەوە، هەر بە ئەرکی سەرشانی خۆی دادەنێت!

ئەگەر پەرەسەندنی سەرتاپاگیر و شۆڕشئامێزی زانست و ژین، بووبێت بە مایەی جیابوونەوە و سەربەخۆیی هەردوو بابەتی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی، ئەوا هەر ئەو پەرەسەندنە خۆی پتر ساغیکردۆتەوە، کە ناکرێت فەلسەفە دەستبەرداری لۆجیك و تیۆری زانین ببێت و ئەو دوو لقەش، بەبێ باوەشی گەرموگوڕی فەلسەفە، ناتوانن بەردەوامبن لەکارو چالاکیاندا. ئەمڕۆ فەلسەفە دایکی زانستەکان نەماوە و بابەتەکانی تر، جگە لە لقەکانی خۆی، قەدەغە، پاوان، کەرەستە و میتۆدی بابەتی توێژینەوەی خۆیانیان هەیە. فەلسەفە تا ئێستا دەستبەرداری سەرنجدان، شیکردنەوە و رامان نەبووە، بەڵام زانستەکانی تر، کە

لێوەی جیابوونەتەوە، پشت بە ئەزمون و تاقیکردنەوەی زانستی دەبەستن، هەر یەکە بابەت، کەرەستە، دەڤەر و پێکهاتەی توێژینەوەی تایبەتی خۆی هەڵبژاردوە و بەهۆیەوە خەسڵەت، سروشت و تایبەتمەندی خۆی پشتڕاستکردۆتەوە. بوون لەخۆیدا هەمەڕەنگ و فرە دەڤەر و پاوانە، بۆیە بەسەر زانستە هەمەڕەنگ و جۆر بەجۆرەکاندا دابەشبووە و هەر یەکە بەپێی سروشت و ئەو ئەرکەی پێیبڕاوە، لایەن و بابەتێکی ئەو بوونەی کردوە بە کەرەستەی چالاکی خۆی.

2-لە نوسینی ئەو بەرهەمەدا، وەکو هەر کتێبێکی فەلسەفە هەردوو رەهەندی مێژویی، فەلسەفەیی رەچاوکراون و پشتیان پێبەستراوە. لەڕەهەندی یەکەمدا، ئەو لایەنەی پەرەسەندنی پڕۆسەی زانین تاوتوێکراوە، کە سروشتێکی گەشەکردن و بەرەو پێشچونی مێژویی هەبووە، هەر لەسەردەمی یۆنانەوە تاوەکو جۆن لۆك، کە پڕۆسەکەی کردوە بە تیۆرییەکی رێکوپێك و لەسەر دەستی ئەودا خەتوخاڵی داوە. لەڕەهەندی دووەمدا، تیۆری زانین بە روخسار و ناوەڕۆك، بە چەمك، میتۆد و ئاڕاستەکانییەوە شیکراونەتەوە.

-تیۆری زانین لەڕەهەندە مێژویەکەیدا، پەرەسەندنی بەسەردا هاتوە و لە نێوان هەردو ئاڕاستەی مەتریالیستی و ئایدیالیستیدا، کە جاروبار تەپوتۆزی گومان و دڵکرمێ بوونی لێنیشتوە، هەنگاوی هەڵگرتوە. لەڕەهەندە فەلسەفییەکەیدا لە دوو بەرەدا کۆشاوە:

یەکەم: ساغیبکاتەوە، کە لە فەلسەفەدا بە گشتی و لەتیۆری زانیندا بە تایبەتی، پرسیار، کێشە وروژاوە سەر ئاوکەوتوەکان بە هەند، بایەخدارتر و گرنگترن لە وەڵام.

دووەم: چەمکەکانی تیۆری زانین، کە دەبێت بکرێن بە کەرەستەی رشتنی رەنگی تەلاری بابەتەکە ئەمانەن:

راستی، هەڵکەوت، پاساودان و ساغکردنەوە، قەناعەتهێنان و دڵئاوخواردنەوە و دەرکردنی کرمی گومان لە ناخ و دڵدا، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە، کە رابەری تیۆری زانین بپرسێت: مەبەست چییە لەرێبازی ژیرەکی؟ ئایا دڵنیابوون رەوشە یان ئەنجامە؟ راستی چییە و بەچیدا لە ناڕاستی جیادەکرێتەوە؟ ئەگەر نوسەر توانیبێتی ئەو لایەنانە رونبکاتەوە، ئەوا ئەو ئامانجەی سێرەی لێگرتبوو پێکاویەتی و بەو مەبەستە گەیشتوە، کە لە دڵیدا بووە.

**قەڵادزێ/ کانیە قەل**

**2015**

# دەستپێکی
# تیۆری زانینی زانستیانە

1-کاتێك دەویسترێت دەربـارەی بابەتی تیۆری زانین شتێك بوترێ، یان بنوسرێت، پێویستە سێ خاڵی سەرەکی لەبەرچاوبگیرێت:

یەکەم: راستە تیۆری زانین شانبەشانی مێتافیزیك و لۆجیك، لق و بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەیە، بەڵام خۆی لەخۆیدا بابەتێکە وەك لقێکی سەربەخۆ لە سەدەی حەڤدە، فەیلەسوفی ئەزمونیی ئینگلیز جۆن لۆك (16321704-ز) لە شاکاری (هەوڵێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ )، ساڵی 1667ز بڵاویکردۆتەوە و بەردی بناغەی ئەو لقەی داناوە.

دووەم: بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی زانستی لەچوارچێوەی فەلسەفەدا فەیلەسوفی ئەڵمان ئیدوارد تسێلەر، لە شاکاری (دەربـارەی بایەخ و ئەرکی تیۆری زانین)، ساڵی 1862ز لە زانکۆی بە ناوبانگی هایدڵبێرگ بڵاویکردۆتەوە و داوایکردوە، دوای هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانیا (دوای مردنی هیگڵ ساڵی 1831ز)، ئەو هەڵانەی پێشترکراون، دوبارە نەبنەوە و سەرلەنوێ فەلسەفە لەدەستپێکی نوێدا ئەرکی سەرشانی خۆی، کە کێشە و بابەتەکانی جا بە لۆجیك بێت، یان بە تیۆری زانین، دیار و دەستنیشانبکات. لەوێدا تسێلەر وشەی تیۆری زانینی1 بەکارهێناوە. ERKENNTNISTHEORIE.

ئەو کۆششەی ئەو فەیلەسوفە کردویەتی، لە دوو ئاڕاستەدا چڕبووەتەوە:

-یەك: بوونی فەلسەفە جارێکی دیکە دوای شکستهێنانەکەی بەشێوەی نوێ، کە روخسار، ناوەڕۆك و بابەتەکانی گۆڕانیان بە سەردابهێنرێت، دەستەبەر و مسۆگەر بکرێتەوە.

-دوو: لەبەرامبەر تەوژمی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی سنوربەزێنی زانستەکاندا، فەلسەفە خۆی بگرێت و پەرەبسێنێت.

بە سایەی کۆششی فەیلەسوفەکان، بە تایبەتی هیڵمۆڵتز و تسێلەر و چەند هزرمەندێکی تر، ئەو ئامانجە هاتەدی و فەلسەفە رەوتی ئاسایی خۆی پێبڕایەوە.

سێیەم: ئەفلاتون (42-7347 پ.ز) ناسراو بە دانای رەببانی، لەکۆتایی بەشی شەشەمی شاکاری دەوڵەت (کۆمار) و لە دایەلۆگی تیتیاتۆس THEAITETOS بەشێوەیەکی رێکوپێك بابەتی پڕۆسەی زانینی خستۆتە سەرخوانی باس و خواس

و وتوێژەوە. لەو وتوێژەدا ئەفلاتون دوو ئاڕاستەی لەیەکتری جیاوازی تاوتوێکردوە:

بیروبۆچوونی هیراکلیتس و (540-475پ.ز) سۆفستاییەکان بە تایبەتی هی پروتاگۆراس (480-410پ.ز) باسکردوە، کە بە گشتی لەو باوەڕەدا بوون هەستەکان سەرچاوەی زانینن و گۆڕان، سەرمەشقی ژیانە و مرۆڤ خۆی پێوەری بڕیاردانی هەمو شتێکە. کەوابوو زانین خەسڵەتێکی هەندێك گۆڕاوی دەبێت و بە پێی کەسی شت زان، کات و جێگە گۆڕانی بەسەردا دێت.

-هەڵوێستی سوکرات (46-9399پ.ز)، کە زۆربەی هەرە زۆری چالاکی هزری ژیانی رۆژانەی خۆی بۆ روبەڕوبوونەوەی جودا بیرانی داناوە، پتر لەوەی بیروبۆچوونی خۆی دابڕێژێت و تۆماریانبکات. خۆ ئەگەر دەستپێشخەری ئەفلاتون نەبوایە، کە لە دایەلۆگەکانیدا سوکراتی کردوە بە گوتەبێژو فەلسەفەکەی خۆی لە زاری ئەوەوە دەربڕیوە، ئەگەر لە بیریش نەچووبایەوە ئەو ناو و ناوبانگەی ئێستاکەی نەدەبوو!

سوکرات کۆشاوە لەپڕۆسەی زانین و گەیشتن بە راستیدا، رۆڵی هەست و زانینی هەستەکی بەدوربگیرێت و پشکی شێری لەو کایەیەدا بەژیر و پڕۆسەی ژیرەکی بەخشیوە. زانینی راستەقینە، دەبێت هەمەکی گشتی و ناچارەکی دوربێت لە گۆڕان، ئەو خەسڵەتەش تەنیا لە رێگەی ژیرەوە دەستەبەر دەبێت.

بەو پێیە ئەفلاتون دوو ئاڕاستەی لە پڕۆسەی شت زانیندا لەبەردەم خۆیدا دیتوە:

-پڕۆسەی زانینی هەستەکی، کە لەهەستەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، خەسڵەتی هەندەکی، گۆڕان دیارترین روخسار و ناوەڕۆکییەتی.

-پڕۆسەی زانینی ژیرەکی، کە زانینەکە سروشتێکی گشتی و ناچاری هەیە، بە پێی تاکەکان، کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا نایەت، دیاریترین نوێنەری ئەو ئاڕاستەیە سوکرات بووە.

ئەفلاتون بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتە لە دایەلۆگەکانیدا، کە سوکراتی کردوە بەوتەبێژ پەنای بردۆتەبەر دیالێکتیك. دیالێکتیك لای ئەفلاتون میتۆدی گەیشتنە بە زانین بەهۆی وتوێژ، پرسیار و وەڵامەوە2.

**زانین لای ئەفلاتون**

2-کە مرۆڤ دەڵێت زانین باسی چی دەکات و مەبەستی لە زانین چییە؟ ئایا زانین پەیپێبردنە یان نا؟ مرۆڤ پێنج هەستی هەیە، ئایا بەڕێگەی ئەو هەستانەوە شتدەزانێت؟ یان ناکرێت دەستبەرداری ژێری ببێت؟ پەیوەندی زانینی هەستەکی و پەیپێبردنی چەمکە ژێرییەکان چییە و چۆنە؟

هیچ گومان لەوەدا نییە، کە مرۆڤ شتێك دەزانێت، ئەو شتەی بەهۆی هەستەکانەوە زانیوە، ئەو زانینەش لە پەیپێبردن بەولاوە نییە. پەیپێبردن هەمیشە رو لەبوون و بونەوەر دەکات، ئەگەر بابەتەکە زانین بێت. دەکرێت مرۆڤ هەست لە دەستبدات و شت بزانێت؟! ئەوەی ئەو پرسیارە کاڵدەکاتەوە، ئایا ئەو زانینە هەستەکییە جێگەی دڵنیاییە؟!

کانیاوەکانی بناری چیای قەندیل، زستانان هەڵمیان لێهەڵدەستێت، هاوینان سارد، کەللەتەزێنن و مرۆڤ بەهۆی هەستەکانەوە پەی بەو دیاردەیە بردوە، باشە ئاوی ئەو کانیاوانە ساردە یان گەرمە؟ لەو پرسیارانەوە پرسیارێکی تر سەرئاودەکەوێت و ئەوەندەی تر بابەتەکە تەمومژاوی و ئاڵۆزدەکات، چونکە ناکرێت ئەوەندەی پەیوەندی بە پرۆسەی زانینی فەلسەفەی قۆناغی یۆنانەوە هەیە، وا بە ئاسانی وەڵامێکی یەکلاکەرەوە، کە دڵ ئاو بخواتەوە بدرێتەوە!

ئەگەر لێرەدا مەبەست لە زانین پەیپێبردنی هەستەکی بێت، ئایا زانین بەگشتی و زانینەکە بە تایبەتی دەربارەی ئەوە دەبێت، کە هەیە و لە ئارادایە یان روبەڕوی ئەوە دەبێتەوە، کە دێتەکایەوە، پەیدادەبێت، دەستگیردەبێت و سەرئاودەکەوێت؟! لەو پرسیارەدا سێ بابەت ئاوێتەی یەکتری کراون، سنوری جیاوازی نێوانیان بەزێنراوە:

-ئەو کەسەی شتەکە دەزانێت و پەیپێدەبات، بابەتەکە ئاوی کانیاوەکە گەرمە، ساردە، دورە، نزیکە، راستە، یان نا!

-ئەو شتەی دەزانرێت.

-بڕیاردان لەو بارەیەوە، کە بابەتەکە بە ئەرێنی و نەرێنی بەلایەکدا دەخات! ئەگەر ئەو نمونەیە بهێنینەوە، کە ئەفلاتون لەبارەی سوکراتەوە

درکاندویەتی ئەو قسەیەی سەرەوە روندەبێتەوە. ئەگەر سوکرات ساغ بوو، شەراب لەدەمیدا شیرین، خۆشە و چێژی لێدەبینێت، خۆ ئەگەر نەساغ بوو هەر ئەو شەرابە خۆی لەدەمیدا تاڵ و تفت دەبێت، کەوابوو ئەو کەسەی شتەکە دەزانێت و پەیپێدەبات، رەوشەکەی، کار لە سروشتی پەیپێبردن، زانینەکە و وێنە هەستییەکە دەکات.

3- لەپرۆسەی کێشە ئامێزی زانیندا، ئەفلاتون لە هەردوو شاکاری دەوڵەت (کۆمار) و دیالۆگی تیتیاتۆسدا لە هیراکلیتس و پروتاگۆراسی سۆفیستایی چۆتە سەنگەرەوە و خۆی لەبەردەم سێ بۆچووندا دیتۆتەوە، کە بە توندی بەگژیاندا چۆتەوە:

-زانینی هەستەکی، زانین بەهۆی هەستەکانەوە پەیدادەبێت و لە پەیبردن بەو لاوە نییە.

-خود خۆی سەرپشکە لە زانین، بڕیاردان و پێوەری هەمو شتێکە بە بوون و نەبوونەوە، بەڕاستی و چەوتییەوە، بە چاکی و بەدکارییەوە.

-گۆڕان نەپساوە و بەردەوامە، کە هیچ شتێك لە دەستی دەرباز نابێت بە پرۆسەی زانین خۆیشییەوە3 .

ئەگەرچی ئەفلاتون لە دیالۆگی تیتیاتۆسدا، کە بۆ پرۆسەی زانین دایناوە و سوکراتی کردوە بەدەمڕاست، نەگەیشتۆتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە، بتوانێت پێناسەی زانین بکات، ئەوا لە شاکاری کۆماردا لایەکی لەو بابەتە کردۆتەوە و بە پوختی باسیکردوە، بەڵام لەو باسکردنەدا سێ کەرەستەی ئاوێتەی یەکتری کردوە، کە دواتر بوون بە لۆجیك، مێتافیزیك و تیۆری کتێبی کۆماری راستی ئەو بۆچوونە ساغ و پشتڕاست دەکەنەوە. بە تایبەتی چوار قۆناغەکانی پرۆسەی زانین و ئەفسانەی ئەشکەوت:

-ئەگەرچی ئەفلاتون نەیتوانیوە بە تەواوی پێناسەی زانین بکات، بەڵام کۆشاوە ساغیبکاتەوە، هەستەکان سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانین نین، چونکە ئەو زانینەی دەیدەنە دەست هەندەکییە و دەگۆڕێن. زانینی راستەقینەش دەبێت هەمەکی و گشتی و ناچاری و نەگۆڕ بێت، بۆیە دەکرێت ئەفلاتون

بە لایەنگری ئاڕاستەی ژیرەکی دابنرێت لە پرۆسە و بابەتی زانیندا. بەلای ئەفلاتونەوە، زانین نە پەیپێبردنە و نە بۆچوون4، بەڵکو لەمە پترە. هەستەکانیش سەرچاوەی باوەڕپێکراو نین، کەواتە چۆن ئەفلاتون ئەو بۆچوونەی خۆی پشتڕاست و ساغکردۆتەوە؟

-ئەفلاتون هەوڵیداوە زانین و باوەڕ لە یەکتری جیابکاتەوە، ئینجا بە وردی باسی جیاوازی نێوان پێنج هەستەکە و هێزی ژیری کردوە، کە لەچیدا لەیەکتری جیاوازن و لە زانینی راستەقینەدا تای تـەرازوی بەلای ژیریدا لاسەنگکردوە. بەلای ئەفلاتونەوە ئەگەرچی مرۆڤ سەرنجبدات و بە باشی وردببێتەوە بۆی روندەبێتەوە، کە پرۆسەکە لەچەند بەشێك پێکهاتوە، هەریەکە ناوێکی هەیە و چەمکێکی بۆ دانراوە:

زانین پەیپێبردن، باوەڕ، بۆچوون، وێناکردن، بیرکردنەوە، وەبیرهاتنەوە. ئایا ئەمانە هەر یەکەی سەر بە هێزێکی پەیپێبردنی مرۆڤن یان مرۆڤ پتر لەو هەستانە هێزێکی تری هەیە و لەو چالاکیانەدا بەگشتی دەستبەکارە؟! بەلای ئەفلاتونەوە هەر هەستە بابەتی زانین و پەیپێبردنی تایبەتی خۆی هەیە و ناتوانێت ئەو سنورە ببەزێنێت، بەڵام ئەو توانای پەیپێبردنە سنور و رادەی هەیە و زانینەکەش لە وازانین و وادانان تێناپەڕێت و گومان لەڕاستیەکەی دەکرێت. شانبەشانی ئەو هەستانە مرۆڤ هێزێکی دیکەی هەیە، دەتوانێت هەمو بابەتەکانی هەستەکان بە هەمەجۆری و جیاوازیانەوە، پەیپانپێبەرێت و لە کۆیەکی یەکڕەنگیدا کۆیانبکاتەوە. ئەو هێزە ژیرە و بابەتی زانین و رێ پێبردنەکەشی، زانینێکی راستەقینەیە و هەردوو خەسڵەتی گشتی هەمەکی و ناچاری تێدایە5 . کەوابوو ژیری خۆی سەرچاوە، رێگە و هۆکاری زانینی راستەقینەیە.

**ئەفسانەی ئەشکەوت**

4-بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بڕیارە یەکلاییکارەی ئەفلاتون، دەکرێت مرۆڤ پەنا بۆ ئەو نمونەیە بەرێت، کە لەسەرەتای بەشی حەوتەمی شاکاری (کۆمار)دا باسکراوە، ئینجا تیشکبخرێتە سەر ئەو قۆناغەی پڕۆسە و توانای زانینی مرۆڤ پێیاندا تێدەپەڕێت، تا دەگاتە زانینی راستەقینەی روت، زانینی بێگەرد، زانینی ژیرەکی، کە بە سەرنجدانی ژیرەوە پەیوەستە.

ئەفلاتون فەیلەسوفێکی دوو رەنگییە DUALISM، ئەو رێبازە لە سەرتاپای جیهانبینیەکەیدا رەنگیداوەتەوە و بەوپەڕی تواناوە داکۆکی لەو ئاڕاستەیە کردوە و تاڕادەیەکی سەرنجڕاکێش سەرکەوتنی تێدا بەدەستهێناوە. نمونەی بە ناوبانگی ئەشکەوت بەڵگەیەکە ئەو فەیلەسوفە جیهانبینی خۆی پێ پشتڕاستکردۆتەوە.

بەلای ئەفلاتونەوە بوونی راستەقینە، دیاردە و روکەش، جیهانی راستەقینە و سێبەر، زانینی راستی و زانینی هەستەکی لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەگەر مرۆڤ وایدابنێت، کەسانێك هەن هەر لەسەردەمی منداڵییەوە، کە زارۆك بوون لە ئەشکەوتێکی ژێر زەویدا بەندکراون، لەبەردەمیان دیوارێك هەیە. مل و دەست و قاچیان پێوەبەند کراوە، ناتوانن بە هیچ لایەکدا ئاوڕبدەنەوە، تەنیا هەر ئەو وێنانە دەبینن، کە هی کەسانێکە لەپشتیانەوە بەهۆی ئاگرێکەوە سێبەر – وێنەکانیان لەسەر دیواری بەردەمی بەندکراوەکان دەردەکەون. ئەو بەندکراوانە وادەزانن ئەوەی لەسەر دیواری بەردەمیان دەبینن راست و راستەقینەیە. ئەفلاتون دەڵێت: ئەگەر بەندکراوێك لەوان ئازادبکرێت و بێتەدەرێ بۆ سەر زەوی چی رودەدات؟ چی بەسەردێت و هەست بەچی دەکات؟ تا ئێستا هەر وێنە سێبەری دیوە و لەسەر زەوی تیشکی رۆژ و روناکی دەبینێت؟! ئینجا ئەگەر بچێتەوە نێو زەویەکەی چیدەکات؟ ئەو هاتنە دەرەوەیە بۆ دیتنی شتی راستەقینەی بەرزبوونەوەی ژیری مرۆڤە بەرەو جیهانی ئایدیا، جیهانی ژیر، جیهانی چاکەکاری بەرز، کە نمونەی هەمو شتێکە و خۆی بێوێنە و نمونەیە. ئەفلاتون وتویەتی: بەندیخانەی ژێر زەویەکە جیهانی ئێمەیە، ئەو روناکییەی

بەندیخانەکەی روناککردۆتەوە، وەك تیشکی خۆر وایە، گەشتی بەرەو سەرو بۆ جیهانی سەرەوە (باڵا)، بۆ دیتنی شتەکانی ئەو جیهانە، بەرزبوونەوەی دەرون، گیان، ژیرە بەرەو پاوان و کایەی زانینی راستەقینە6.

ئەو هاتنەدەرەوەیە بۆ سەر زەوی گەڕانەوە بۆ ئەشکەوتە ژێر زەویەکە بەلای ئەفلاتونەوە، بە دیالۆگی بەرەوژور بە دیالۆگی بەرەو ژێر.

لە دیالۆگی یەکەمیاندا، ئەوەندەی بابەتەکە پەیوەندی بە پرۆسەی زانینەوە هەیە، گیان-ژیر بەچوار قۆناغدا تێدەپەرێت، تاوەکو دەگاتە ئامانج.

قۆناغی یەکەم: قۆناغی هەستەکی ئەمە نزمترین پلەیە، کە زانین لێوەی دەستپێدەکات و سروشتەکەشی رێتێچوون دەبێت.

قۆناغی دووەم: ئەمەیان لە هی پێشو پێشکەوتوترە، کە دەکرێت بە باوەڕبوونێکی ئەگەر و گومانی ناوبنرێت، چونکە مرۆڤ لەو قۆناغەدا ئەو بوون و بونەوەرانە دەزانێت، کە دوچاری دەستی گۆڕانن، لێرەدا زانینەکە لە مەزندە و خەمڵاندن بەو لاوە شتێکی دیکە نییە.

قۆناغی سێیەم: لەو پلەیەدا گیان بە تێگەیشتنێکی دڵنیایی لێکراو و گومان هەڵنەگر دەگات VERSTANDES GEWISSHEIT ئەگەر پەنا بۆ وێنە و داتا هەستییەکان بەرێت، تەنیا هەر وەك ئامراز بەکاریانبهێنێ، نەك وەك ئامانج، سەلمێنە، ساغکردنەوە و ئەنجامگیری خەسڵەتی ئەو قۆناغەی زانینن.

قۆناغی چوارەم: پەیپێبردن و زانینی ژیرەکی7 :VERNUNFTEINSICHT. لەو پلەیەدا گیان بە تەواوەتی دەستبەرداری وێنە و داتا هەستیەکان دەبێت و لە جیاتی تاقیکردنەوە، ساغکردنەوە دەکات بە ئامرازی گەیشتنە ئامانج. گیان لەو پرۆسەی دیالێکتیکی بەرەو ژورەدا لە رەوشی هەستەکییەوە بەرەو رەوشی ژیرەکی سەرنجی ئایدیابەرزەکان دەدات، هەنگاو هەڵدەگرێت و لەو چالاکیەیدا بە هیچ جۆرێك پشتبەشتی هەستەکی نابەستێ، بەڵکو لە ئایدیایەکەوە بەرەو یەکێکی تر دەچێت، تاوەکو دەگاتە دوا پلەی ئایدیا، کە هۆکاری هەمو زانینێکی راستەقینەیە.

ئەفلاتون ئەو ئایدیایە (نمونە بەرزە) بەیەکە، چاکەکاری، ڕەببانی ناو دەنێت.

5-ئەفسانەی ئەشکەوت، ئەوەندەی پەیوەندی بە زانینەوە هەیە، شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی زۆرو زەبەند هەڵدەگرێت و هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێت! ئەگەرچی، بە پێی ئەو ئەفسانەیە، خەڵك لەژیانی ڕۆژانەیاندا ئەو بابەتانەی دەیانبینن و هەستیانپێدەکەن، بە شمەکی ڕاستەقینە و تەواویان دادەنێن، بەڵام ئەو شمەکانە لە وێنەی لەبەرگیراوە و سێبەری ڕاستەقینەی کامڵ بـەولاوە، هیچی دیکە نین. ئـەوان بەندو کۆیلەی هەستەکان و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەیانن. مرۆڤ توانی لەو ڕەوشە خۆی دەربازبکات، دەزانێت و دڵنیا دەبێت، کە شمەکە هەستەکییەکان نا، بەڵکو نمونەی بەرز (ئایدیاکان) IDEEN ڕاست و ڕاستەقینەن، ئینجا ئەگەر تیۆری وەبیرهاتنەوەی بخرێتەسەر (زانین وەبیرهاتنەوەیە و نەزانین لە بیرچوونەوەیە) پڕۆسەی زانین بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لای ئەو فەیلەسوفە خەتوخاڵ دەدات. بەو پێیە لە زانین و پەیبردندا لە جیهانبینی ئەو فەیلەسوفەدا بنەما و بنەڕەتی بیرکردنەوەی ژیرەکی لەگەڵ بنەما و بنەڕەتە گەوهەرییەکانی هەڵکەوتی ڕاستەقینە REALITÄT، کە بە هیچ جۆرێك پابەندی بیرکردنەوە نین و پەکیان لەسەری نەکەوتوە، لەبەرامبەر بەیەکترین لە دوو تای یەك تەرازودا8.

-دابڕین و جیاکردنەوەی هەست لەژێر، هەنگاوێکی بوێرانە بووە، ئەفلاتون بەشێوازێکی نەزم و سیستمی هەڵیگرتوە و لەسەردەمی خۆی و دواتر ئەنجامی گرنگی لێکەوتۆتەوە. لەلایەکەوە ئەگەرچی ئەو هەنگاوە لە تیۆری نمونەی بەرزکەوتۆتەوە، بەڵام کۆششێکی جوامێرانە بووە، بە پێی سەردەمی خۆی، لەسەر ڕێگەی پەتی و ئەبستراکت کردن و نزیکبۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە لەزانستەکان بە تایبەتی زانستە ڕوخسارییەکانی بیرکاری و ئەندازە.

**ئەرستۆ تالیس: زانین لە نێوان لۆجیك و مێتافیزیکدا**

لەبەرهەمەکانی ئەرستۆدا پڕۆسەی زانین وەك لقێکی سەربەخۆ، نەکراوە بە کەرەستەی توێژینەوە، بەڵکو لەگەڵ لۆجیك و مێتافیزیکدا تێکەڵکراوە. لەبەشی یەکەمی شاکاری «شیکاری دووەم»دا ئەرستۆ لایەکی لە بابەت و چەمکی زانین و زانست کردۆتەوە، بەڵام هەردووکیان توندوتۆڵ بە بابەتی لۆجیك بە تایبەتی بە دەستەواژە و پڕۆپۆزەیشن و بڕیاردانەوە بەستراونەتەوە.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو بابەتە بدات و ئەو ڕەخنانەی بخاتەسەر، کە مامۆستای یەکەم لە تیۆری نمونەی بەرزی ئەفلاتون گرتویەتی بۆی دەردەکەوێت، کە ئەرستۆ ریالیستە، پشت بە ئەزمون و تاقیکردنەوە دەبەستێت و بەلایەوە (تاك نەك نمونە) گرنگە و دەبێت بەهەند دابنرێت. ئەو هەڵوێستە جارێکی دیکە لاسەنگکردنی تایی تەرازوە بەلای هەست و ئەزمون و پەیپێبردنی هەستەکی دورکەوتنەوەیە لە زانینی زگماکی! لە بابەتی لۆجیکدا ئەرستۆ کۆشاوە ڕێبازی سەلمێنەری زانست ڕونبکاتەوە، بۆیە لەو چوارچێوەیەشدا دەربارەی گەوهەر، پوختە و سروشتی زانین پرسیاری کردوە و ویستویەتی سروشتی زانست ڕونبکاتەوە و تاوتوێیبکات، بەڵام جۆری ئەو بابەتانەی کردونی بە کەرەستەی توێژینەوە، بۆتە مایەی ئەوەی پتر بایەخ بە بابەتی تر بدات و لە پڕۆسەی زانین تاڕادەیەك دوربێت. لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا ئەرستۆ لە شاکاری شیکاری یەکەم بەردی بناغەی لۆجیکی دانـاوە، بەڵام لە شیکاری دووەم ANALYTICA POSTERIORA بە وردی بنەماکانی زانین و زانستی تاوتوێکردوە، هەروەها لە کتێبی دەروندا DEANIMA سەرنجی بابەتی پەیپێبردنی هەستەکی داوە، بەڵام لەخانەی زانینەوە، بەڵکو بە پشکێکی دەرونـی دانـاوە. لێرەوە دەکرێت بوترێت بابەتی زانین لای مامۆستای یەکەم، وەك لۆجیك و مێتافیزیك پشکی شێری بەرنەکەوتوە، بەڵکو بە پەرشوبڵاوی لەچەند بەرهەمێکدا باسیکردوە و

تیشکیخستۆتەسەر. لەبەرهەمەکانیدا دووخاڵ سەرنجڕادەکێشن، کە دەکرێت بکرێن بە پاساو و ئەرستۆ بخرێتە خانە و ڕێبازی ژیرەکی لە پڕۆسەی زانیندا:

یەکەم: ئەرستۆ تەواو پێی لەسەر ئەوە داگرتوە، کە مرۆڤ سروشتئاسا بونەوەرێکی ژیرە9، گەوهەرێکە خەسڵەتە سەرەکیەکەی ژیرە و ئەم خەسڵەتە لە زیندەوەرەکانی دیکە جیایدەکاتەوە. بونەوەری ژیر بە پێی بۆچوونی مامۆستای یەکەم ئەو کەسەیە، کە هەمیشە سەرگەرمی گەڕانە بەدوای هۆکاری سەرەکی و دوا هۆکار، کە هۆکاری هەمو هۆکارەکانە و خۆی بێ هۆکارە، ئینجا کۆششدەکات، هەمو وتەیەکی، گریمانەیەکی، بڕیارێکی کە بیدات، پاساو بداتەوە و ساغیبکاتەوە. ئەگەرچی ئەو لایەنە لە لۆجیکەوە نزیکە، بەڵام دەکرێت لەخانەی پڕۆسەی زانیندا جێگەی بۆ بکرێتەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی لە شاکاری فەلسەفەی یەکەم (مێتافیزیك)دا وتویەتی، هەندێك بابەت هەن مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لەڕێگەی ژیرەوە پەییان پێبەرێت و بیانزانێت10، ئەرستۆ هەر لەو سەرچاوەیەدا باسی بونەوەر و نابونەوەر دەکات و دەڵێت، تەنیا بەهۆی سەرنجدانی فۆڕمەکانی ئەوەی وتراوە و دەوترێت و بە پێی تواناى بە ڕاستەقینە بوونیان و ڕاستی، یان چەوت، یان دەکرێت لە بارەیانەوە بوترێت. ئەمەش تەنیا هەر ئەرکی ژیرە.

دووەم: لەسەرەتای شاکاری مێتافیزیکدا، ئەرستۆ بەو ڕستەیە دەستیپێکردوە:

سروشتئاسا مرۆڤەکان هەوڵی زانیندەدەن11. ئەو بڕیارەی ئەرستۆ دەچێتە خانە و ریزی ئاڕاستەی ژیرەکی لە پڕۆسەی زانیندا، چونکە وایداناوە، کە مرۆڤ لەپێش هەمو شتێکدا سەرگەرمی زانینە، بەڵام باسی ڕاستی (هەقیقەتی) نەکردوە. کەوابوو زانین خەسڵەتی سەرەکی مرۆڤە و ئامانجی پڕۆسەی زانینە. ڕاستی بابەتی لۆجیکە. نەبێت ئەو فەیلەسوفە ڕۆڵی ئەزمون و شارەزایی پشتگوێخستبێت، بەڵکو بە پێی ڕەوشی کولتوری فەلسەفە و زانستی سەردەمی خۆی پلەو ڕۆڵی شایستەی پێبەخشیون.

گومان لەوەدانییە، کە ئەزمون، تاقیکردنەوە، شارەزایی ERFAHRUNG هەر یەکێك لەوانە خەسڵەتی تاك و تاکە کەسییە و تاکە کەسان بۆ شتزانین پشتیپێدەبەستن، کردار، رەفتار، روداو، بیرکردنەوەش لەچوارچێوەی چوست و چالاکی تاکەکەساندا بەرجەستەدەبێت. ئەو بڕیارە ئەو بۆچوونە کاڵ ناکاتەوە، کە چالاکی ئیتر سروشتەکەی هەر چۆنێکبێت، لەڕەوشێکی تاکدا پەیدادەبێت و پشت بە ئەزمون، شارەزایی دەبەستێت و لە کۆی ئەو رەوش و هەڵوێستە تاکانەوە زانین و شارەزایی گشتی-هەمەکی دەکەوێتەوە و پەیدادەبێت. ئیتر دەکرێت شارەزایی، ئەزمون لە دوو گۆشەنیگاوە سەرنجبدرێت. جارێك بەوەی لە خۆیدا توانایە، جارێکی تر بەوەی زانینە.

مرۆڤ لە ژیانیدا شت دەبینێت و دەبیستێت، شت تاقیدەکاتەوە و بە ئەزمون بەشتدا تێدەپەڕێت. ئەوجۆرە وەبیرهاتنەوەیەك لە ناخدا دەنەخشێنێت. لە کۆی ئەو وەبیرهاتنەوانەوە شـارەزایـی (ئەزمون)، پەیدادەبێت، بۆیە دەکرێت بوترێت، کە هەر کۆی ئەو شارەزاییە- ئەزمونە جۆربەجۆرانەیە، کە زانست و هونەریان لێدەکەوێتەوە12 . ئەو شارەزایی و ئەزمون و پەیپێبردنە هەستەکیانە لە لای خۆیانەوە بە کۆششی ئۆرگانیکی مەتریالی (مادی) دەکەونەوە و پەیدادەبن، بێگومان ئەمە بەهۆی ئەو کارەوە دەبێت، کە بابەتێکی مادی و دەوروبـەر لە هەستەکانی مرۆڤ دەکات. مرۆڤی زانا دەتوانێت کەسانی تر فێری زانست بکات و هونەرمەند دەتوانێت کەسانی تر فێری هونەرەکەی بکات، بەڵام ئەزمون، شارەزایی شتێکە دەبێت مرۆڤ خۆی پێیدا تێپەڕبێت و فێریببێت و ناکرێت وەك وانە کەسانی دیکە فێریبکەن. بەلای مامۆستای یەکەمەوە، ئەو پەیپێبردنە هەستەکییانە، ئەزمون و شارەزایی، کە لە وەبیرهاتنەوەوە پەیدادەبن فۆڕمی زانین و زانستن، بەڵام پێویستیان بە پشتڕاستکردنەوە، ساغکردنەوە و سەلماندن هەیە. ژیری لێرەدا

ئەو رۆڵە دەگێڕێت و رۆڵەکەش بە ئەنجامگیری لۆجیك سپێردراوە، بە تایبەتی بە رێبازی ئیندەکشن، کە لە نمونەی گچکەی هەندەکییەوە بنەما و یاسایەکی گشتی دەخاتەوە.

-دەکرێت ئەو رەخنەیەی ئەرستۆ لە تیۆری نمونەی بەرزی ئەفلاتونی گرتوە و هەر دوو بابەتی: بەڵگەی مرۆڤی سێیەم و تیۆری جیاکردنەوەی فۆڕم لە کەرەسەی لێکەوتۆتەوە، بەلایەنێکی تری پڕۆسەی زانین دابنرێت، کە پتر ئاڕاستەیەکی ئیمپیری هەیە13.

ئەگەر بنەمای سەرەکی زانین وەك سەرچاوە بۆچوونی هەستەکی بێت، دەکرێت مرۆڤ جیاکردنەوەی فۆڕمی شت لە کەرەستەکەی بە جیاکردنەوەی ژیر لەکەرەستە (مادە) دابنرێت. بابەت و کەرەستەکانی دەوروبەر بەهۆی ئۆرگانە هەستییەکانەوە لەلایەن بوونی فیزیکییەوە، کە لەم سەردەمەدا بە (من) ناودەبرێت، تۆماردەکرێت. ژیر، تێگەیشتن کە خۆی بە هیچ جۆرێك کەرەستە و مادە نییە، بەڵکو ئۆرگانێکی تایبەتییە ئەو داتا هاوردانە رێکوپێکدەکات و وێنەیان لێدەنەخشێنێت. وێنەکە هی کەرەستەکەیە، بەڵام لە مێشکدا جیاکراوەتەوە.

بەوجۆرە بۆچوونی ئەرستۆ دەربارەی کەرەستەی زانین بەلای ئەزموندا دەچێت و هەست و پەیپێبردنی هەستەکی ئەو ئەرکی زانینەی پێسپێردراوە. ئەو بۆچوونەی ئەو فەیلەسوفە پەرشوبڵاو لەچەند بەرهەمێکیدا تۆمارکراون و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی یەکەیەکی یەك رەنگی، ئەگەر ئەوپەڕی گران و سەخت نەبێت، ئاسان نییە.

بەو پێیەی ئەفلاتون و ئەرستۆ دوو ئاڕاستەی سەرەکییان لەچوارچێوەی پڕۆسەی زانیندا رەنگڕشتوە، کە دواتر خەتوخاڵیان داوە بەرێبازی ئایدیالیستی، ریالیستی ناسراون، پشت بە ژیر و ئەزمون (هەستەکی)، دەبەستن.

# سەدەکانی ناوەڕاست
# زانین لە نێوان لاهوت و فەلسەفەدا

جگە لە کولتوری لە ئارادابـووی ژینگەی ئەو نەتەوە و میللەتانەی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست تێیاندا بڵاوبۆتەوە، سێ فاکتەری سەرەکی سروشتی ئەو فەلسەفەیەیان بە روخسارو ناوەڕۆکەوە دیار و دەستنیشانکردوە:

یەکەم: هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بـەرەو رۆژهــەڵات. بە پێی سەرچاوە مێژویەکان، لەماوەی دە ساڵدا (33-4324پ.ز) ئەسکەندەر تەواوی وڵاتی فارسی داگیرکردوە، ئیمپراتۆر، تەختوتاراجەکەی تێکوپێکداوە و کاولیکردوە. دەسەڵاتی یۆنانی ئەو سەردەمە لە یۆنانەوە تاوەکو بوخارا، لە نیلەوە تاکو هندستان درێژبۆتەوە.

-کولتوری یۆنانی تیکەڵی کولتوری رۆژهـەڵات بووە، هەر لە ئەدەب، ئەفسانە و فۆلکلۆرەوە، تاوەکو سۆفیگەرێتی و ئاینە ناوچەییەکان، کە سروشتی تایبەتی مرۆڤی ئەوسای رۆژهەڵاتی دیاریکردوە.

-زمانی یۆنانی بووە بە زمانی فەرمی لە کۆڕ، کۆمەڵە، خوێندنگاکاندا خوێندراوە و لە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردندا بەکارهاتوە.

-هێرشەکەی ئەسکەندەر، جگە لەتێکشاندنی حوکمی ئیمپراتۆریەتی فارس ئاینی زەردەشتیشی بەتەواوی لاوازکردوە، ئەنجامەکەشی، بە ئاسانی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە رۆژهەڵاتدا. لەگەڵ هاتی ئاینی ئیسلام لە دورگەی عەرەبەوە بووە. مەسیحییەکان بە بێ بەربەرەکانییەکی ئەوتۆ بەرەو ئەوروپا باریانکردوە و بە درێژای هەزار ساڵ فەلسەفەی ئەو سەردەمەیان رەنگرشتوە.

ئەسکەندەر لە رۆژهەڵات زۆر نەژیاوە، لە بابل مردوە. ئیمپراتۆریەتەکەی پارچەپارچە و پەرشوبڵاوبووە، دەستوپێوەند و لایەنگرانی بوون بە ئاردی ناو دڕك و هەندێکیان تیرباران کراون.

ئەو پرسیارە لێرەدا بە بیردا دێت، دورنییە هیگڵ توڕەبکات، ئەوەیە، ئەگەر ئەسکەندەری مەکدۆنیا، کە بە زولقەرنەین و ئەسکەندەری گەورەش ناوبراوە، هێرشی بەرەو رۆژهەڵات نەبردبایە و ئەو ئیمپراتۆریەتە کۆنەی ئێرانی

تێکنەشکاندبایە و ئاینی زەردەشتی بەو دەردە نەبردبایە، ئایا ئاینی مەسیحی لە ڕۆژهەڵات بەو ئاسانییە بڵاودەبۆوە، بێ بەربەرەکانی دەچوو ئەوروپا کاولبکات و ئایا ئیسلام بەو ئاسانییە بڵاودەبۆوە؟

ئەو پرسیارە سنوری گریمانەیی نابەزێنێت و لە چوارچێوەی بابەتەکەمان دەچێتە دەرەوە.

دووەم: فەلسەفەی یۆنانی دوای ئەو گۆڕانەی لەدوای مردنی ئەرستۆ بەسەریداهێنراوە، بەرەو ڕۆژهەڵات هاتوە. سروشتی ڕەسەنی خۆی لەدەستداوە و تێکەڵی ڕەشبینی، نا ئومێدی، ئەفسانە و سۆفیگەری ڕۆژهەڵات بووە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لــەدەرەوەی ژینگەکەی خۆی، کە دورگەی عەرەب بووە، ڕەوشی نوێ وای پێویستکردوە، کە فەلسەفەی یۆنانی وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانی عەرەبی و لە حوجرەی مزگەوتەکاندا، بەشێوەیەك لە شێوەکان خوێندراوە. تەنانەت لۆجیکی ئەرستۆ، کە لەلایەن فۆرفۆریوسەوە شڕۆڤەکراوە، بەلای ڕوخسارەکیدا براوە و سروشتە ڕاستەقینەکەی زەوتکراوە، پێویستبووە قوتابی ئاینی بیخوێنێت. ئەو بەرهەمە ناوی ئیساگۆگی لێنراوە. پەرەسەندنی ئاینەکە دوای جێگیربوونی لە هەواری تازەوە ئاوێتەبوونی بە کولتوری میللەتانی تر و بە فەلسەفەی یۆنان چەندین زانای کەلام و فەیلەسوفی پێگەیاندوە. لە دوایدا فەلسەفە وەرگێڕدراوە و براوە بۆ ئەوروپای مەسیحی.

سێیەم: دیــاردەی سەرنجڕاکێشی چوونی مەسیحیەت بۆ ئەوروپا! مەسیحیەت خۆی لەخۆیدا ئاینێکی ڕۆژهەڵاتییە و لەناوجەرگەی ئاینی جولەکە (موسایی)، لە ئۆرشەلیم پەیدابووە و دەرکەوتوە. ئەو ئاینە هەمو خەسڵەت و سروشتی ڕۆژهەڵاتی بەرجەستەکردوە، هەر لە بێئومێدییەوە تاوەکو بێدادی. دوای گەیشتنی بۆ هەوارگەی نوێ و بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی لەوێ، بە تەواوەتی کولتوری هەزار ساڵەی گەلانی ئەوروپای شێواندوە، بە بیانوی کوفر و گومڕایی (ئیلحاد)، هەرچی هەبووە و نەبووە بە پێی توانا کاولیکردوە و لەناویبردوە، ئینجا شێواز، جۆر و سروشتی ژیانی مرۆڤی ئەوروپای بەشێوەی

ڕەنگ بۆ ڕشتن، پێشەکی دیارو دەستنیشانکردوە، هەر بەوەش نەوەستاوە دەستی کاولکردنی کولتوری گەیاندۆتە ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتینی، ئینجا هەوڵیداوە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ڕۆژهەڵات و ئۆرشەلیم بگرێتەوە. ئەو هەوڵە بە هێرشی (خاچپەرستان) ناسراوە.

ئـەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە، ڕۆژئـاوا خۆی تاوەکو گیرۆدەبوونی بەدەستی ئاینی مەسیحی ڕۆژهـەڵاتـی، ئاینێکی گەردونی نەبووە، هەر نەیزانیوە ئەو جۆرە ئاینە چییە! بۆیە گۆڕانی ئەوتۆی بەسەر ئاینەکەدا هێناوە، خاوەنەکەی خۆی ئەگەر ئێستا لە کونێکەوە تەماشاییکات نایناسێتەوە! ئەگەر مرۆڤ ئەو ڕەوشە، کە ئەو سێ خاڵە بەرجەستەیانکردوە لەبەرچاوبگرێت، سروشتە نامۆیەکەی کولتوری سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەکەی تاڕادەیەك کاڵدەبێتەوە. ئەو ڕەوشە گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر فەلسەفەدا هێناوە، ناوەڕۆك و ڕوخسارەکەی بە ئاڕاستەیەکی تردا تەکانیان پێدراوە، جگە لەوەی چەندین چەمك و بابەتی نوێ دەرکەوتون و بوون بە بابەتی توێژینەوەکە، تاڕادەیەکی بەرچاو بە فەلسەفەی یۆنان نامۆبوون: حەشرو قیامەت، دادگای ڕەببانی، ڕەبەنی و پشتکردنە ژیانی سەر زەوی و کۆششکردن بۆ پاکبوونەوە و ڕزگاربوون، سروش (وەحی).

## سەرەتاکانی پڕۆسەی بابەتی زانین

لەو سەردەمەدا پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئاین بە سێ قۆناغی لە یەکتری جیاوازدا، تێپەڕیوە. لەسەرەتادا دوای ئەوەی مەسیحیەت بوو بە ئاینی فەرمی و کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کردوە، هەمو جۆرە فەلسەفەیەك قەدەغەکراوە و بە گومڕایی تۆمەتبارکراوە. لە ئەنجامی ئەو پرسیار و ڕەخنانەی لە کڵێسەی مەسیحی دەکرێت، مەسیحیەت ناچاربوو ئامرازێك بدۆزێتەوە، وەڵامی پرسیارو ڕەخنەکان بداتەوە، ئەو ئامرازەی لە فەلسەفەدا دیوەتەوە. ئیتر لەو قۆناغەدا جۆرە ئازادییەکی نیوەچڵ بۆ فەلسەفە دەستەبەر بووە بەوجۆرەی، کە

لەچوارچێوەی ئاینەکەدا بجوڵێتەوە و چالاکبێت و لەدواییدا ببێت بەخزمەتکاری ئاینەکەو داکۆکی لەڕێساو بنەماکانی بڕوا و (ئیمان)، دۆگمەکانی کڵێسە بکات. لە قۆناغی سێیەمدا سەرلەنوێ فەلسەفە لە کۆت و پێوەندی کڵێسە رزگاریبووە و سەربەخۆییەکەی تاڕادەیەك راگەیەندراوە. ئاین (لاهوت) و فەلسەفە بوون بە دوو بابەتی سەربەخۆی لەیەکتری جیاواز.

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەو پڕۆسەیەی زانینە، کە لەبەرامبەر باوەڕ دانراوە و لەقۆناغی دووەمدا، لە لایەن فەیلەسوفە مەسیحیەکانەوە پەرەیپێدراوە.

کێشەیەك لە کێشە سەخت و سەرسوڕهێنەرەکانی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست (جولەکە، مەسیحی، ئیسلام)، پەیوەندی نێوان زانین و باوەڕ، ژێر و سروش (وەحـی)، بووە. ئەو رەوشە فەیلەسوفەکانی بەسەر دوو بەرەدا دابەشکردوە، کە لەیەکتری لەسەنگەردا بوون و بەوپەڕی هێز و توانایان رکابەری یەکترییان کردوە:

-لایەنگرانی ئەفلاتون، لە مەسیحیەتدا سانت ئۆگستین و لە ئیسلامدا غەزالی نوێنەرایەتیان کردوە.

-لایەنگرانی ئەرستۆ، لە ئەوروپای مەسیحی تۆماسی ئەکوین و سیگەری برەبانتی لە ئیسلامدا ئیبن روشدی ئەندەلوسی رابەربوون.

ئەو هێرشەی غەزالی کردییە سەر فەلسەفە، ئینجا ئەو وەڵامەی ئیبن روشدی ئەندەلوسی داویەتییەوە، بوو بە مایەی جێگیرکردنی فەلسەفەی ئەفلاتون لە رۆژهەڵاتدا. راستە غەزالی هێرشێکی تواناکاری کردۆتە سەر پیادەڕەوان (لایەنگرانی ئەرستۆ)، بەڵام لەو هێرشەیدا، پەنای بۆ بەڵگە و سەلمێنەی فەلسەفە بردوە، بۆ ساغکردنەوەی بیروبۆچوونە کۆنەپارێزە سەلەفییەکانی.

-بە پێچەوانەوەوە لە رۆژئاوای مەسیحی، دوای فەتوای قەدەغەکردنی فەلسەفە، لایەنگرانی فەلسەفەی ئەرستۆ سەرکەوتون، بە تایبەتی سیگەر برەبانتی و تۆماسی ئەکوین.

-پشتئەستور بە بنەما بنەڕەتییەکانی ئاین، پڕۆسەی زانین گۆڕانی

سەرتاپاگیری بەسەرداهاتوە. ئەگەر لەسەردەمی یۆناندا زانینی مرۆڤ و بنەما و سەرچاوەکانی سروشت خولیای فەیلەسوفەکان بێت، لەو سەردەمەی مەسیحی و ئیسلامدا بابەتەکە بە ئاڕاستەیەکی تردا تەکانیداوە. هزرمەند و فەیلەسوفەکان کۆشاون بەشێوەیەکی تایبەتی دەربارەی زانینی (عیلمی) ڕەب، شت بڵێن. ئایا ڕەب ئاگاداری هەمو شتێکە و وردەکاریەکانی ڕەوشی جیهان ئاگادارە و دەزانێت، یان هەر شتی گشتی ئاگادارە. لەو کێشەیەدا قسەکەی غەزالی بە بیردا دێت، کە بە عەرەبی دژی پیادەڕەوان نوسیویەتی و گوایە ئەوان وتویانە خوا ئاگای لە وردەکاریەکان نییە و نایانزانێت: علم الله بلكليات.

-ئەو سەردەمە لەسەرانسەری جیهاندا، لە هەر کوێیەك فەیلەسوف هەبووبێت، پشتیانکردۆتە هەستەکان و پەیپێبردنی هەستەکی:

هەستەکان لە گۆڕانی نەپساوە و بەردەوامدان، ئەو زانیاری و هاوردانەی دەیاندەنە دەست ئەوانیش، دوچاری دەستی گۆڕانن، بۆیە ناکرێت دڵنیایی لەوجۆرە زانین و زانیاریانە بکرێت. ڕاستی و ڕاستەقینە کاتێك ئەو خەسڵەتە دڵنیایی لێدەکرێت، کە جێگیرو نەگۆڕو ناچاریی بێت. ئەو جۆرە زانینە ناکرێت بەهۆی هەستەکانەوە دەستگیر ببێت! کەوابوو هیچ شتێك لەجیهانی مادی، لەجیهانی دەوروبەردا ناشێت ببێت بە بنەمای زانین و زانستی ڕاستەقینە! ئەو بڕیارە وەنەبێت وەڵامی پرسیارەکەی دابێتەوە، بەڵکو ڕێگەی بۆ کێشەیەك خۆشکردوە، کە بۆتە مایەی شپرزەیی و دوبەرەکی سەرانسەری فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست. کێشەکە لەو پرسیارەدا بەرجەستە بووە:

هەستەکان جێگەی دڵنیایی نین و ناگەنە ڕاستەقینە، کەواتە دەکرێت ژیری مرۆڤ جێگەی هەستەکانی پێبگیرێتەوە و ڕاستی ڕاستەقینە دەستەبەر ببێت؟! ئەو پرسیارە بە ئەرێنی و نەرێنی وەڵامدراوەتەوە. لە کتێبی سەرەکی ئاینی مەسیحی (ئینجیل)دا هاتوە، کە پەیامبەری ئەو ئاینە سروش (وەحی)ی بۆ هاتوە و هەر ئەو سروشە سەرچاوەی هەمو ڕاستییەکە. لەو ڕێگەیە بەولاوە ڕێگەیەکی دیکە نییە. ئەو بڕیارە کێشە پرسیارێکی وروژاندوە: ئەگەر سروش ڕێگەی ڕاستی

گەیشتنە راستی بێ رۆڵی ژیر چۆن هەڵدەسەنگێنرێت؟ بوونی ژیر، کە رەب بە مرۆڤی بەخشیوە، چۆن پاساو دەدرێتەوە؟! ئەگەر وەحی هەبێت ژیر بۆچییە؟ بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، لەو بارەیەوە دوو ئاڕاستە لە بەریەکتریدا بوون و هەریەکەیان لاتەرازوی بەلای خۆدا لاسەنگکردوە. لەنێوان ئەو دوو ئاڕاستەیەدا رێبازی سێیەم دەرکەوتوە و پێی لەسەر هەبوونی دوو جۆرە راستی داگرتوە:

یەکەم: راستی کە بە رێگەی سروش (وەحی)یەوە دەستگیردەبێت، ئەو راستییە هەمو بنەماکانی ئاین و باوەڕ و دۆگمەکانی کێشە دەگرێتەوە.

دووەم: راستییەکانی ژیر، کە دەربارەی کاروباری ژیانی سەر زەوی، دنیان14.

ئەگەر مرۆڤ لەو جۆرە دابەشکردنەی راستی وردبێتەوە بۆیدەردەکەوێت، کە بابەتەکە پتر بریتیبووە لە رێگەی سێیەم و رازیکردنی هەردوو بەرە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە کۆسپ و تەگەرە خراوەتە سەر رێگەی. ئەو ئاڕاستەیە دوچاری ئەو پرسیارە بۆتەوە، کە نەیتوانیوە بە تەواوەتی وەڵامیبداتەوە: رەب خۆی راستەقینەی روتە، ئایا لە توانای مرۆڤدایە بە ژیری پەی بە بوونی ئەو راستەقینە، سروشت، خەسڵەت، خواست و زانین (عیلمەکەی)ە بەرێت؟!

-بۆ کاڵکردنەوەی ئەو پرسیارە لەفەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیر کراوە بە ئامرازێکی یاریدەدەر، ئەو بابەتانە رونبکاتەوە، کە بەهۆی سروشەوە هاتون و لایەنە ناڕونەکانیان شرۆڤەبکات. ئەو ئەرکەی بە ژیر سپێردراوە ئەو ئەنجامەی پشت راستکردۆتەوە، کە باوەڕ (ئیمان) بە پلە و پایە لە پێش زانینەوە دێت، چونکە باوەڕ سەرەتا و دەستپێکی رەب ناسینە. باوەڕ و ئیمان لە سروشەوە سەرچاوەدەگرن و زانینیش لە ژیرەوە دەکەوێتەوە، کەواتە ژیر بە پلەی دووەم لەدوای سروشەوەیە و ئەرکەکەی لاوەکییە نەك بە راستی و راستەقینە گەیشتن. بۆ نمونە یۆهان سکوت دەربارەی ئەرکی ژیر لەو باوەڕەدا بووە کە:

ئەركی سەرەكی ژێر لێكدانەوە و رونكردنەوەی مانا، واتا و مەبەستە شاراوەكانی، دەستەواژە و رستەكانی نوسراوی پیرۆزن (ئینجیل و تەورات)، بۆئەوەی روی گوفتار لە ئیمانداری سادە و ساكار بكەن و بخرێنە بەردەست، ئەوانەش كە دەیانەوێت لەبارەی نهێنیەكانی ئاینەوە قوڵببنەوە و توێژینەوە بكەن. خۆ ئەگەر ئەو واتا و مەبەست ئاشكراكردنە و لێكدانەوەیەی ماناكانی كتێبی پیرۆز جۆرە ئەنجامێكی ئەوتۆیان لێبكەوێتەوە ژێر پەسەندینەكات و نەیبڕێت، ئەوا دەبێت ژێر ئەو واتایانە هەڵبژێرێت و وا لێكیانبداتەوە و شرۆڤەیان بكات لەگەڵ ژێر بێنەوە15.

ئەو ئەركەی بە ژێر سپێردراوە، ئەگەرچی وەك بابەت دەچێتە خانەی پڕۆسەی زانینەوە، وەك لقێكی فەلسەفە، بەڵام ئەو بۆچوونە دوپاتدەكاتەوە، كە فەلسەفە و ئامرازەكەی، كە ژێر قەرەداش و خزمەتكاری باوەڕ و ئاین بن.

-ئەو بابەتانەی فەیلەسوفەكان لەو سەردەمەدا باسیانكردون بە ئاشكرا بە لا رێگەدا بردنی فەلسەفە و كاڵكردنەوەی رۆڵی زانین بووە لەژیاندا. بۆ نمونە كێشەی پێنج هەمەكیەكە لە فەلسەفەی ئیسلامدا بە (كولیاتی خەمسە) ناوبراوە، چەندین كات و بەرهەمی بۆ دانراوە، بەبێئەوەی توانرابێت گوڵێك بخرێتە سەر خەرمانی كولتوری مرۆڤایەتی. پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوە بووە:

ئایا پێنج هەمەكییەكە وەك نمونەی بەرزی ئەفلاتون بوونی سەربەخۆ و راستەقینەیان هەیە، یان چەند چەمك و وێنەیەكن لەناخی دەرون و مێشكدا. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دوو ئاڕاستەی جیاواز دەركەوتون:

-نۆمینالیستەكان: ئەوانەبوون، كە وایانداناوە ئەو هەمەكیانە، تەنها هەر ناون و بوونی راستەقینەیان نییە16.

-ریالیستەكان (بە واتای سەدەكانی ناوەڕاست): لایەنگرانی ئەو رێبازە لەو باوەڕەدابوون، كە ئەو هەمەكییانە بوونی راستەقینەی سەربەخۆیان هەیە.

پێنج هەمەكییەكە بەو جۆرەن:-

رەگەز، جۆر، جیاكار، روكەشی تایبەتی، روكەشی گشتی.

-ئەگەر تیۆری دابەشکردنی ژیر بە چەند جۆرێکەوە بۆ نمونە:

ژیری کاریگەر، ژیری شیاوەکی، ژیری کردەکی، ژیری هێزەکی، کە هەر یەکەیان جۆرە ئەرك و چالاکی فرمانێکی پێسپێردراوە، بە وردی سەرنجبدرێت و لەگەڵ بابەتی هەمەکیەکان لە سۆنگەی پڕۆسەی زانینەوە پێکەوە شرۆڤە بکرێن، ئەو ئەنجامە گومان هەڵنەگرە دەکەوێتەوە، کە تا چ رادەیەك کۆششی بوێرانەکراوە بۆ بە لارێدا بردنی فەلسەفە و کاڵکردنەوەی رۆڵی ژیر و زانین. لە جیاتی ئەوەی پرسیارەکان وەڵامبدرێنەوە، کێشەکان یەکلاییبکرێنەوە، بابەتە گرنگەکان لە جۆری کێشە پرسیارێکدا داڕێژراون ناوەڕۆکە راستەقینەکەیان زەوتکراوە و روخسارە وشك و بێگیانەکەیان دەرخراوە و بە هەند دانراوە، بۆیە دەکرێت بوترێت ئەو هزرمەندانە فەیلەسوف بوون، بەڵام تەنیا لە بەکارهێنانی زیرەکانەی زمان و گەمەکردنی بلیمەتانە بە وشە!

**گنوسیت**

ئەو وشەیە GNOSIS یۆنانییە واتای زانین دەبەخشێت و لەسەردەمی عەباسییەوە، وشەی عەرەبی (عیرفان)ی بۆ دانراوە. خۆی لە خۆیدا بزوتنەوەیەکی ئاینی (سۆفییەتی)، لاهوتی و فەلسەفییە لەسەرچاوەی جیاواز بەیەکتری ناکۆکەوە، بابەتەکانی خواستۆتەوە و لەیەکەیەکی یەك رەنگدا، جارێکی دیکە داڕشتونەتەوە. پرسی سەرەکی لەو رێبازەدا پاکبوونەوەی (دەرون-نەفس-گیانە) لەو گوناهانەی تێیانەوە گلاوە و دوچاریان بووە و چونیەتی بەرزبوونەوەی بەرەو جیهانی دور لە مادە و دنیای بەسەرچو. ئەوان بەشێوازێکی تایبەتی لەبابەتی زانین (عیرفان) گەیشتون و بە جۆرێك، کە لەگەڵ مەبەست و ئامانجیاندا بگونجێت لێکیدەدەنەوە و شرۆڤەیدەکەن. ئەو رێبازە لە دوو ئاڕاستە پێکهاتوە:

یەکەم: ئاڕاستەیەکی ئاینی، کە لە ئاینە کۆنەکانی وڵاتی ئەوسای فارس و جولەکە و مەسیحیەوە خوازراوەتەوە.

دووەم: لایەنی فەلسەفە بە تایبەتی فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەفلاتونیزمی نوێ17.

ئامڕازی سەرەکی چالاکی ئەو گروپە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن بووە، کە بە لاتینی وشەی (HERMENEUTIKی بۆ بەکاردەبرێت.) لەو ئەرکەدا ویستویانە هەندێك بابەت بەجۆری تایبەتی لێکبدەنەوە، بۆئەوەی بەڵگەی پاساودان و پشتڕاستکردنەوەی جیهانبینیەکەیان بخەنەڕو. بۆ نمونە بەلایانەوە ڕەبی موسا لە ڕەبی عیسا جیاوازترە. بە پێچەوانەی ئاینی باوەوە چاکەکاری و بەدکاری و ڕەوشی دەرون و گیان و پەیدابوونی جیهان و مردن و لە ناوچوونی یەکجارەکی و کۆتاییهێنانی ژیانیان لێکداوەتەوە.

-جیهانبینی فەلسەفە و زانینی (عیرفان)ی ئەو ڕێبازە کۆیەکی یەکڕەنگە، کە لەچەند بەش، ڕەگەز و ئاڕاستەی جیاواز پێکهاتوە و بەتێکڕایی فەلسەفەی عیرفانی ئەو ئاڕاستەیەیان ڕەنگڕشتوە:

یەکەم: دوو ڕەنگیبوون: DUALISMUS.

لەوە دەچێت ئەو لایەنە لە ئەفلاتونەوە هاتبێت، چونکە ئەوان بوون دەکەن بە دووبەشەوە:

-بوونی ڕاستەقینەی جیهانی گیانی.

-بوونی جیهانی مادیی. لەبەرامبەر ئەو دوو جیهانەدا بوونی تاریکی و بوونی ڕووناکی18 گریمانە دەکەن. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ سەر زەردەشتی! بەلایانەوە جیهانی گیان و ڕۆحانیەت جیهانی هەڵکەوت ڕاستەقینەیە و جیهانی مادە لە بنەڕەتدا هیچ و نابوتە.

دووەم: داد و بەهرەی ڕەببانی: THEODIZEE.

بەشێوازی تایبەتی گنوسیەکان هەوڵیانداوە دان بە بەهرەی ڕەببانی لەبەرامبەر هەبوونی بێدادی و بەدکاری لە ژیان و جیهاندا پاساوبدەنەوە! ناکردنی جیهان و مادە لەخۆیدا هەنگاو بەرەو پێشەوە. ڕزگاربوون لە گوناە، کە باری گرانی سەرشانی مرۆڤە بە ڕزگاربوون دەبێت لە جیهان و لە مادە19.

سێیەم: گنوسی زانین و عیرفانە:

بەلای ئەو بزاڤەوە، جگە لە زانینی ژیرەکی، دەبێت زانینێکی تر پەیڕەوبکرێت، کە عیرفانییە، بەو زانینە هەڵکەوتی (واقیعیەتی) راستەقینە پەیپێدەبردرێت. گنوسیەکان لە فەلسەفەی ئەفلاتون و رۆژهەڵاتەوە گەیشتونەتە ئەو باوەڕە، کە دەرون (نەفس) بەهۆی گوناهێکی گەردونیەوە سـزادراوە. سزادرانەکە بریتیبووە لەوەی، فڕێبدرێتە نێو لەشی مادییەوە. ئەو لەشە بەندینخانەیە، بەڵام نەفس خۆی لەخۆیدا بنەڕەت و بنج و بناوانێکی رەببانی هەیە، بۆیە ئەو دەرفەتەی لەبەردەستدایە، بەهۆی ئەو زانینە- عیرفانیەوە بگەڕێتەوە بۆ لای رەببی خۆی، بەو پێیە زانین بەو شێوە تایبەتییەی، کە پێیبەخشراوە جێگەی باوەڕ (عەقیدە) و ئیمان دەگرێتەوە20، ئەوەیە پڕۆسەی بابەتی زانین، کە بۆن و بەرامی سۆفییەتی لێدێت، دواتر گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەرداهێنراوە.

-بەوپێیە دەکرێت خەسڵەتی فەلسەفە بە گشتی و پڕۆسەی زانین (کە ئاوێتەی ئۆنتۆلۆجی و لاهوت و مێتافیزیك کراوە) لەو سەردەمەدا، کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناودەبرێت و گیرۆدەی دەستی ئاینی سەرتاپاگیری تۆتالیتێر بووبوو، لە ئازادی نیوەچڵ و پێشکەوتنی دەڵەمەیی بەولاوە دەرفەتی هیچ شتێك نەبووە و نەدراوە، بەو شێوەیە دەستنیشانبکرێت:

-باوەڕ (ئیمان) لەسەر و ژێرەوە دانراوە.

-زمان جێگەی شارەزایی و ئەزمونی گرتۆتەوە، بۆیە دورناڕۆین ئەگەر بڵێین هەمو چارەسەری کێشەکان لەچارەسەر لە چوارچێوەی زماندا بەولاوە نەبوون، بۆ نمونە خواستی ئازاد. ئەو چارەسەرانە تەنیا بە زیرەکانە بەکارهێنانی زمان و گەمەکردن بە وشە بوون!

-پەتیکردن و ئەبستراکت (تەجرید)، بە تەواوەتی جێگەی لە ئارادابووی هەڵکەوت (کۆنکرێتی) لەقکردوە.

-وشەو قسە لە شتی راستەقینە بەهادارتربووە و بەهەند دانراوە.

-لاهوت کە لە تۆقاندن و دڵخۆشکردنێکی روخساریی بەولاوە هیچی دیکە

لە هەگبەکەیدا نەبووە، کراوە بە ئاغا و سەرمەشقی فەلسەفەکە نوێنەری بیر و وشەی ئازاد بووە.

سەدەکانی ناوەڕاست قۆناغێك بووە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوی هەمەڕەنگی مرۆڤ. ئیتر ئەو قۆناغە بە لەباری و نالەباریەوە، بەسەرکەوتن، ئەگەر دەگمەنیش بێت، تێکشکانەوە، ئەڵقەیەکی بەرچاوی زنجیرەیی بەرەو پێشچوونی شارستانیەت و کولتور بووە. هەندێك بابەت باسکراوە، هەندێك بیرۆکە گریمانەکراوە ئەگەرچی لە سنورێکی تەنگ و بەرتەسکیش دا بووبێت، بەڵام لە قۆناغی دواتر هاندەرێکبوون بۆ دانانی بەردی بناغەی ئەو تەلارەی، لەم سەردەمەدا مرۆڤایەتی شانازی پێوەدەکات!

# ڕێنیسانسی پڕۆسەی زانین

1-ئەگەرچی کۆتاییهاتنی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕشتنی ڕەنگی سنوری دەسەڵاتی ڕەها و سەرتاپاگیری کڵێسەی مەسیحی، وەرچەرخانێکی کەم نمونە بووە لە مێژوی کولتور، شارستانێتی مرۆڤایەتیدا، تا ئەو سەردەمەمان گەرموگوڕی خۆی بەیەکجارەکی لە دەستنەداوە، دورناڕۆین ئەگەر بڵێین سەرتاپا وێنەی جیهانی ڕابەرانی ئاڕاستەی زانستی گۆڕیوە، بەڵام جیهانبینی هزمەند و فەیلەسوفەکانی ئەگەر سەرتاپا نەگۆڕی بێت، ئەوا لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا خاڵی وەرچەرخانیان بووە.

ڕاستە ئەو کارەساتە لە پڕو لە ناکاو نەبوو، بە ساڵ هۆکاری دەرەکی و ناوەکی ڕێگەیان بۆ خۆشکردوە، بەڵام کارەساتێکی دڵتەزێنی مرۆڤی ئەو دەستپێکەی تۆمار و بەرجەستەکردوە: زەوتکردنی شاری کولتوری یۆنانی کوستنتەنپول لە لایەن تورکی عوسمانییەوە، کە دواتر ناوی ئیسلام بووڵی، ئینجا ئیستەمبوڵی بەسەردا بڕاوە، ساڵی (1453ز). بەهۆی ئەو کارەساتە نا هەموارەوە هزرمەند و زانستپەروەر، لاهوتی و فەیلەسوفەکان شارەکەیان بەجێهێشتوە یان ناچاربوون هەڵبێن و ڕویانکردۆتە باشوری ئیتالیاو لەوێ ئینجا لەبەشێکی ئەڵمانیاو فەرەنسا بزوتنەوەیەکیان داهێناوە، کە دواتر بە ڕێنیسانس ناوی دەرکردوە RENAISSANCE گەوهەر و پوختەکەی (ئەگەر بشێت کورتبکرێتەوە) بریتیبووە لەوەی پشتگوێخستنی سەرتاپای کولتور و جیهانبینی سەدەکانی ناوەڕاست و گەڕانەوە بۆسەر شارستانی، کولتور و فەلسەفەی یۆنان. وشەکە خۆی لاتینییە واتای جارێکی دی، سەر لەنوێ لە دایکبوونەوە دەبەخشێت. ئەو لە دایکبوونەوەیە بەجێهێشتنی سەدەکانی ناوەڕاست و هاتنە نێو پاوان و کایەی سەردەمی نوێ دەگەیەنێت، ئەو سەردەمەی، کە پشتیوانی هونەر، زانست، فەلسەفە، ئەندازە و کولتوری ئەنتیك (یۆنان پێش بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت)، ڕەنگی کۆشك و تەلاری ئەو شارستانیەتە ڕێژراوە، کە لەو سەردەمانەدا بەروبومەکەی دراوەتە دەست.

-ئەگەرچی لەو سەردەمەدا فەیلەسوفێکی ڕەسەن، کە فەلسەفەیەکی

شایستەی ڕەوشـی لە ئـارادابـووی بەرهەمهێنابێت، ئـەوە بزوتنەوە و ئاڕاستەیەکە پتر بریتیبووە لەڕەخنەگرتنی کولتوری سەدەکانی ناوەڕاست و ستایشکردنی ئازادی بیرو ڕۆڵی زانست لە ژیاندا.

2-لەگەڵ لاوازبوونی ڕۆڵی ئاین لە ژیانی کۆمەڵگەدا و سنوردارکردنی دەسەڵاتی کڵێسە، پێکهاتەی فیوداڵی (دەرەبەگە خاوەن موڵکەکان) بەرەو لاوازی چووە، بازرگان و پارەدارانی شارەکان بەدەرکەوتون و ئەمەش دیاردەیەکی تری لەگەڵدا سەرئاوکەوتوە:

پەیدابوون و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی، لەبەرامبەر ئەمەدا زمانی نەتەوەیی لەجیاتی زمانی لاتینی، کە زمانی ئینجیل و کڵێسە بووە جێگیربووە. بەکارهاتوە. دیارترین ئەنجامی ئەو ڕەوشە، دیاردەی وەرگێڕانی ئینجیل بووە بۆسەر زمانی نەتەوەکانی ئەوروپا.

بازاڕ و بازرگانی و دۆزینەوەی چاپخانە و باروت، سەرەڕای داهێنانە زانستیەکان بە تەکان و تەوژم ڕەوشەکەی بەرەوپێشبردوە. دابونەریتی فیوداڵەکان (دەرەبەگایەتی) بەرەو لاوازبوون چووە، لەبەرامبەردا ڕۆڵی شارو باژێر گرنگتربووە.

لەو قۆناغەدا، کە لە ساڵی (14-531690ز) درێژەیکێشاوە، زانستی سروشـت (فیزیك) بە هەنگاوی سەرنجڕاکێش بەرەوپێشچووە، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوەتی تەپوتۆزی لاهوت (سەدەکانی ناوەڕاست) و فەلسەفەی ئاوێتەبوو بە ئایدیالیستی لەخۆی بتەکێنێ. لەو سەردەمەدا فرانسیس بیکۆن، تۆماس هۆبز، دیکارت، سپینۆزا و لایبنیتس فەیلەسوفی رابەربوون و سڵیان لەوە نەکردۆتەوە میتۆد و ڕێبازی زانستی سروشتی سەردەمی خۆیان بەکاربهێنن و هەندێکیان پەنایانبردۆتە بەر بیرکاری و ئەندازە. گومانیشیان لەوە نەبووە، کە فەلسەفەی ئازاد و دور لە پڕیشکی لاهوت و دۆگمەکانی کڵێسە لە توانایدا هەیە بە هەنگاوی گەورە بەرەو پێش بچێت و پەردە لەسەر سروشتی ڕەوشی دوبەرەکی هەڵکەوت لابدات و بەڕاستی و ڕاستەقینە (هەقیقەت)، بگات.

لەو قۆناغەی پەرەسەندنی فەلسەفەدا ئەوەندەی پەیوەندی بە پرۆسەی زانینەوە هەیە، دوو بەرەو ئاراستەی ژیرەکی و ئەزمونی لەبەر یەکتریدا، رکابەری یەکتری بوون و لەیەکتری چووبوونە سەنگەرەوە. لەسەرانسەری وڵاتانی ئەوروپادا، کە زانستی سروشتی (فیزیك)، بیرکاری و ئەندازە پێشکەوتنی بەرچاوی پێوە دیاربووە و ئاینەکەش بە تەواوی سەنگەری چۆڵ نەکردوە، پاشەکشەینەکردوە، بۆیە رێبازی ژیرەکی ئاراستەی بەهێز و دەسترۆیشتوو بووە. بە پێچەوانەوە لە دورگەکانی بەریتانیای مەزن رێبازی ئەزمونی زاڵ و بڵاوبووە. ئەزمونیەکان لەو باوەڕەدابوون، کە یەکەم سەرچاوەی هەمو زانینەکان لە هەستەکان بەولاوە نییە، هاوردە و داتا هەستیەکان بەهۆی ئەزمون (تاقیکردنەوە-تەجرەبە) و تێبینیەوە دەستگیر دەبن. بە پێچەوانەوە رێبازی ژیرەکی رۆڵی ئەزمون بە پلەی دووەم دادەنێت و ژیر بە سەرچاوەی زانین دەزانێت.

فرانسیس بیکۆن رابەرێکی بەناوبانگی رێبازی ئەزمونییە و لەگەڵ تۆماس هۆبز بنەمای ئەو رێبازەیان جێگیرکردوە. دیکارت (961650-15ز) رابەری رێبازی ژیرەکییە.

### رێبازی ئەزمونی

رێبازێکە لە رێبازە سەرەکییەکانی پرۆسەی زانین، کە دواتر بوو بە تیۆری زانین، ناوەکەی لە وشەی یۆنانی لاتینی ئیمپیری EMPRIE وەرگیراوە، کە واتای ئەزمون، تاقیکردنەوە (تەجرەبە) دەبەخشێت. بە هەستەکان، تێبینی و شارەزایی پشتئەستورە و بەلایەوە شتێك لەمێشکدا نییە، ئەگەر پێشتر بە هەستێك لە هەستەکاندا تێپەڕنەبووبێت. ئەزمون، تاقیکردنەوە، شارەزایی هەستەکی بە تاکە سەرچاوەی دڵنیاییلێکراوی زانین دادەنێت.

لەچوارچێوەی ئەو رێبازە ئەزمونییە ئەوەندەی پەیوەندی بە بابەتی زانینەوە هەیە، ئاراستەی جیاواز و هەمەجۆر بەرچاودەکەون و ئەنجامی جیاوازیان لێدەکەوێتەوە، بەڵام شارەزایی هەستەکی و ئەزمون لەبەرامبەر

هێزی ژێـردا بە یەکەوە لەبەرەیەکدا پێکەوە کۆکردونەتەوە و کۆیان دەکاتەوە.

لەچوارچێوەی فەلسەفە بە گشتی و ئۆنتۆلۆجیدا بە تایبەتی بەلای ئاراستەی مەتریالیستیدا تەکانیانداوە، کۆشاون سنوری زانینی مرۆڤ، رادە و هێزەکانی تێگەیشتنی دیار و دەستنیشانبکەن. لەو کۆششە چەند ئەنجامێکی گرنگ کەوتۆتەوە وەك:

-دیارو دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی، کە دەبێت فەلسەفە بیانکات بە کەرەستەی توێژینەوە وەك:

**رەب، مرۆڤ، سروشت!**

ئیتر لەو رەنگرێژکردنەی سنوری تێگەیشتنی مرۆڤ و لە پاوانی فەلسەفەدا بە پێی رێبازی ئەزمونی بابەتی، رەب بە لاهوت سپێردراوە، سروشتیش بە زانستی فیزیك و ئەوەی ماوەتەوە وەك موڵك و پاوانی فەلسەفە بە گشتی و پرۆسەی زانین بە تایبەتی مرۆڤ خۆی بووە، بەڵام ئەو توێژینەوەیەی مرۆڤ و توانای زانینی، بە پێی پەرەسەندنی رەوشی زانست و زانینی ئەو سەردەمە، نەیتوانیوە فەلسەفەی بێگەرد بێت، بەڵکو بابەتەکە سێ لقی تێکەڵ یەکتریکردوە، تاوەکو لۆك دەرکەوت و پرۆسەی زانینی کرد بە تیۆری زانین.

توێژینەوەکانی ئەو سەردەمە لە کایەی زانیندا فەلسەفە و دەرونزانی (سایکۆلۆجی) و فیزیۆلۆجی (زانستی ئەندامی لەش)، تێکەڵی یەکتری کراون، بۆ نمونە پەیوەندی نێوان بیرو بوون21. تارادەیەك پشکی شێری بەرکەوتوە، بەڵام مێتافیزیك لەچوارچێوەی توێژینەوەدا بووە بە کەرەستەی رەخنەلێگرتن و هەوڵدراوە بابەتی ساغکردنەوەی بوونی رەب لەچوارچێوەی فەلسەفە بچێتە دەرەوەی بوون و نابوونی جیهانی دەوروبەر، ئەگەر کرابێت بە پشکێك و بەر پرۆسەی زانین کەوتبێت، لەچوارچێوەی تیۆری (پرۆسەی) زانیندا گومان لە بوونی نەکراوە، بەڵام هیچی تر نەکراوە بە ئامراز و

کەرەستەیەك بوونی بونەوەرێکی ترانسندێنتاڵی سنوری سروشتبەزێنی دەسەڵات و خواستی رەهای پێ ساغ و پشتڕاست بکرێتەوە، بەڵکو کراوە بە بابەتی توێژینەوە -پشتئەستور بە پشتیوانی زانستی سروشتی- بە مەبەستی پتر کۆنترۆڵکردنی، دوای بە تەواوەتی زانینی و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی، بە مەبەستی خۆشگوزەرانی مرۆڤ و بەکارهێنانی لەپێناوی بەختەوەری هاووڵاتییان. سروشت و مادە هیچی تر سەرچاوەی بەدکاری نەماون و نەخوازراوە هیچی تر مرۆڤ خۆیان لێیان بە دوربگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوون بەسەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوی وزە و سەرچاوەی ژیان و خۆشبەختی خەڵك.

ئەگەر ئەزمون- تاقیکردنەوە سەرچاوەی زانین بێت، ئەزمونەکە پابەند و ملکەچی ژێر نەبێت، دان بەبوونی و هەبوونی بیروبۆچوونی زگماکی لەناخی مرۆڤدا نەنرێت، تاچەند ئەو زانینەی بەو رێگە، رێباز و میتۆدەیە دەستگیردەبێت، راست و راستەقینەیە و دەرفەتی هیچ ئەگەر و گومانێك نادات؟

ئینجا راستی خۆی لەخۆیدا چییە؟ ئایا پێوەرێك هەیە بتوانرێت بەهۆیەوە ئەو خەسڵەتی راستە بەو بابەتە ببەخشێت، یان لێی زەوتبکات؟ بەپێی رێبازی ئەزمونی ئەو سەردەمە بیرۆکەیەك، بۆچوونێك، هەڵکەوتەیەك، فاکتێك، راستدەبێت، ئەگەر لەگەڵ ئەو رەوشـەی بەرجەستەیکردوە بگونجێت و بێتەوە. راستی ئەوەیە، بە پێی ئەو ئاڕاستەیە، کە زانین لەگەڵ بابەتەکەیدا کەرەستەکەی بووە، لێوەی پەیدابووە و بەرجەستەیدەکات، بگونجێت، تەبا بێت و بێتەوە22.

پشتئەستور بەوەی، کە گوترا، دەکرێت ئەو ئەنجامە بکەوێتەوە و دڵنیایی لێبکرێت، کە ئەگەر زانینێك لەخۆیدا ناکۆکی تێدا نەبوو، راست و دروستدەبێت؟! ئەگەر وەڵامەکە نەء و نەرێ بێت، ئەوا بێ سێودوو لێکردن، کە زانینێك لەخۆیدا ناکۆکبوو، هەڵە و چەوتە، هەمو ئەزمونێك ئەو رەوشە ساغدەکاتەوە و دەسەلمێنێت. ئەو پرسیارەی لە کایەی ئەو بۆچوون

و بڕیاردانە لەبارەی راستی و ناڕاستی دێتە بەردەم ئەوەیە: ئایا مەبەست لە راستی و چەوتی هاوردە و تێبینی هەستەکییە یان هی شارەزایی و ئەزمون و تاقیکردنەوەیە؟! دەکرێت راستی و ناڕاستی، تەنیا هەر قەدەغەو پاوانی کایەی زانینی ئیمپیری- ئەزمونی بن؟ بۆ وەڵامـدانـەوەی ئەو پرسیارانە ئەگەر سنوری پڕۆسەی زانین ببەزێنرێت و پەنا بۆ لۆجیك ببرێت، بە تایبەتی پشت بە بنەمای ناکۆکی ببەسترێت، ناکرێت بڕیارێکی لەبار و دڵنیاییلێکراو لەچوارچێوەی ئەو وەڵامدانەوانەوە بدرێت، کێشەکە بە هەر لایەکدا تاوتوێبکرێت لەو راستیە کاڵنابێتەوە، کە بابەتەکانی دەوروبەر سەرچاوەی زانینن و ئەو کەرەستانەش دوای پەتیکردنی و وێناکردنیان تەنیا هەر بەهۆ و لەڕێگەی هەستەکانەوە دەستگیردەبن، گونجان و تەبایی ئەو بۆچوونانەی لێرەدا رۆدەنرێن و رەنگڕێژ دەکرێن لەگەڵ بابەتەکانیان، ئەگەر راستی نەبن دەبێت راستی چی بێت؟

هیچ گومان لەوە ناکرێت، کە زانین لە وێنە و لەبەرگیراوەی (کۆپی) ئەکتیڤ و چالاکی بابەتەکانی دەوروبەر لەبیرو ناخدا بەو لاوە نییە. پێکەوە هاتنەوە، تەبایی و گونجانی زانین (ئەو وێنە لەبەرگیراوانە) و لە بابەتی دەوروبەر بەولاوە پێوەرێکی دیکەی راستی و ناڕاستی لە ئارادا نییە. ئەگەر زانینەکە بە بیروبۆچوونەوە لەگەڵ کەرەستە و بابەتی دەوروبەرەوە، کە لێوەیان پەیدابووە وەك یەك و تەباو گونجاوبوو راست و دروستە، ئەگینا بە پێچەوانەوە هەڵە و چەوتە، کەوابوو زانین لە هزر و ناخدا ئاوێنەیەکە وێنەی بابەتی هەڵکەوتی دەوروبەری تێدا رەنگڕێژدەکرێت.

### ڕێبازی ژیرەکی

ئەگەر سروش (وەحی) سەرچاوەی راستی، راستەقینەکانی ئاین، باوەڕ، ئیمان بێت و ئەزمون ئەو رێگەیە بێت، کە دەستەبەری زانینی ژیانی رۆژانە بێت چ بۆ ژیر دەمێنێتەوە؟ دەبێت ژیر لەو کایەیەدا بتوانێت چیبکات و چ ئەرکێکی کەوتۆتەئەستۆ؟! ژیرەکی بەرامبەر بە وشەی لاتینی

RATIONALISMUS ئاماژەیە بۆ ڕێبازێك، کە ژێر بە تاکە ڕێگەی زانینی گومانهەڵنەگری ڕاست و ڕاستەقینە دادەنێت، ئەو جیهانبینیە بە پێچەوانەی ڕێبازی ئەزموونییەوە، گومان لە شایستەیی تێبینی هەستەکی و تاقیکردنەوە دەکات، کە ڕێگەی دروستی بەدەستهێنانی زانینی ڕاستەقینە بن.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت: ئایا ئەو دوو ڕێبازە (ئەزمونی و ژیرەکی) ڕکابەری یەکترین یان یەکتری تەواودەکەن؟ ئەگەر مرۆڤ وا سەرنجی ئەو دوو هێزەی زانین بدات، کە هەریەکە لە لای خۆیەوە تایبەتمەندی، ئەرك، سروشتی خۆی هەیە و لەوی تر جیایە، ئەوا لە لایەکی ترەوە بە مەبەستی توێژینەوە و پەتیکردن نەبێت، ناکرێت ئەو دوو هێز و ئامڕازە لەیەکتری دابڕێنرێن و جیابکرێنەوە، دەبێت ئەزمون بە بێ چالاکی و کارایی ژێر چاوەڕێی چی لێبکرێت؟ ئینجا ژێر بە بێ ئەزمون و چالاکی تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕۆژانە، هاوردە و داتاکانی هەستەکان چی لە دەستدێت؟!

وەك سەرچاوەی هەڵێنجانی زانینی ڕاستەقینە بەخشینی پلەی یەکەم لەچاو شارەزایی و ئەزمون ڕێبازی ژیرەکی لە ئەزمونی جیادەکاتەوە23، جگە لەوەی ڕێبازی ژیرەکی ئاڕاستەیەکی پڕۆسەی زانینە، خۆی میتۆدەیەکی جیهانبینیە لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا ئاماژەبووە بۆ ئەو بیرمەندە هزر ئازادانە، کە ڕکابەری دۆگم و ئاین و کڵێسەی مەسیحیان کردوە و کۆشاون بابەتی سەرو سروشتی بە هەمو لایەنەکانیەوە لەکایە و پاوانی توێژینەوەی فەلسەفە، زانستدا جێگەی نەکەنەوە و دوریبخەنەوە. باوەڕی تەواویان بە تواناکانی ژێر، بەڵگە و سەلمێنەکانی هەبووە، کە ڕێگەی ڕاستی گەیشتنە زانینی ڕاستییە و هیچ ئامڕاز و هێزێکی دیکە بەسەرو سروشت و سروشتییەوە ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە هەر ژیرە، کە لەنێو هەمەڕەنگی و بێ سەروبەرەیی دیاردەکانی ژیان و دەوروبەردا بوونی نەزم، ڕێکوپێکی، قانون، یەکڕەنگی دوپات و پشتڕاست دەکاتەوە.

-ڕێبازی ژیرەکی خۆی لە بنج و بناواندا داهێنانێکی بیرمەند، فەیلەسوف

و زانایانی سروشتی سەدەی هەڤدەیە، بۆیە بە تەواوەتی نەیتوانیووە تەپ و تۆزی لاهوتی و بۆماوەیی سەدەکانی پێشتر لەخۆی بتەکێنێت، بەڵام پەرەسەندنی سەرنجڕاکێشی بیرکاری و بەکارهێنانی وەك میتۆدە لە زانستە ئەزمونیەکاندا، بە تایبەتی لە فیزیکدا لەو پڕۆسەیەی هەر لەسەردەمی گالیلۆ تاوەکو نیوتن بە پڕۆسەی بە بیرکاریکردنی فیزیك ناوبراوە بەلای رابەرانی رێبازی ژیرەکییەوە پەسەندبووە و سودیان لێوەرگرتوە، بە تایبەتی ئەو ئەنجامە گومانهەڵنەگرانەی لە پڕۆسە و هاوکێشەکانی بیرکاری دەکەوێتەوە، خەڵکی سەردەمی خۆی سەرسامکردوە و حەپەساندونی.

-ئەگەر هزرمەندی ژیرەکی بە چاوی پلە دوو سەرنجی تاقیکردنەوە-ئەزمون و تێبینی هەستەکی بدات، دەبێت چۆن رۆڵی هۆشیاریی، مێشك و تێگەیشتن (فام) هەڵبسەنگێنێت؟!

ئەگەر ژیر لەو کایەیەدا بکرێت بە سەرپشك و بڕیاربدات پشت بەچی دەبەستێت؟ باشە ئەگەر رەخنە لەو بڕیارەی ژیر بگیرێت، چ هێزێك ئەو کارە دەکات؟ دەکرێت ژیر خۆی لە یەککاتدا رەخنەگر و رەخنە لێگیراو بێت؟ ئەو پرسیارە ئەو وەڵامەی بدرێتەوە ئەو پەڕی گرنگن، بەڵام سنوری ئەو قۆناغەی پڕۆسەی زانین دەبەزێنێت و دەکرێت وەڵامەکەی لەقۆناغێکی تری ئەو پڕۆسەیەدا بدرێتەوە.

-لایەنگرانی رێبازی ژیرەکی بە هەمو ئاڕاستەکانیانەوە، لەچوارچێوەی پڕۆسەی زانیندا پێ لەسەر دوو خاڵ دادەگرن و دەستبەرداریان نابن:

یەکەم: هەبوونی بیروبۆچوونی پێشییانە و بنەمای زگماکی لەناخی دەرون و مێشکی مرۆڤدا.

دووەم: لە هەمو زانینێکی راست و دروستدا، کە دەرفەتی هیچ سڵ و پارێز، ئەگەر و گومان و دوودڵییەك نەدات، لە هەمو بڕیارێکی راستدا دەبێت پەنا بۆ ژیر ببردرێت و پشت بە پێوەر و بنەماکانی چالاکی ژیر ببەسترێت.

ئەو دوو خاڵە ئەگەرچی بە ئاشکرا ئاگر لە پاوانی ڕێبازی ئەزمونی بـەردەدات و لە گێڕانی ڕۆڵی سەرەکی بێبەشیدەکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەرگا لەبەردەم هاتنی لۆجیك و بنەماکانی دەخاتە سەرپشت، بەڵام چ لۆجیکێك؟!

دەربارەی بۆچوونی ژیرەکییەکان لەبارەی هەبوونی بیرۆکەی زگماك و پێشیینانە APRIORI، ئەو بیرۆکانەی پێش و بە بێ تێبینی هەستەکی و ئەزمونی دەزانرێن، ئەزمونیەکان لەو باوەڕەدان ئەو جۆرە بیرو بنەمایانە زانینیان لێپێکنایەت، چونکە لەخۆیاندا هەمانگۆیین و شتی نوێ نادەنە دەست وەك ئەو بیرۆکەیەی لەو دەستەواژەدا هاتوە:

-قولە رەشەکان رەشن.

خەسڵەتی رەش هەر لەسەرەتاوە لە قولە رەشدا هەیە، بەرامبەر بەو دەستەواژەیە بە زمانی ئینگلیزی

.NEGROS ARE BLACK

بەلای ژیرەکییەکانەوە بیرۆکە پێشیینانەکان تەنیا هەر هەمانگۆیی نین، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت بە تیشك و روناکی ژیر، دور لە تاقیکردنەوە و ئەزمونەوە چەندین راستی (هەقیقەتی) گرنگ و بنەڕەتی دەربارەی هەڵکەوت، دەوروبەرو سروشتی مێشکی مرۆڤ و گەردون24 بزانێت. ئەو توانایەی ژیر لەخۆیدا پێشیینانەیە، پەکی لەسەر ئەزمون، تاقیکردنەوە و تێبینی هەستەکی نەکەوتوە.

-بابەتێك کە خەسڵەتی سەرەکی ڕێبازی ژیرەکی دوپاتدەکاتەوە، هەڵوێستیەتی بەرامبەر بە راستی و راستەقینە.

بـەلای رابەرانی ئەو ڕێبازەوە فەلسەفە و زانست لەو بارەیەوە رایدەگەیەنن، کە (دەبێت هەڵکەوت پێویستە چۆن بێت) و (ناکرێت وا نەبێت و بە جۆرێکی دیکە بێت.)، ئەمەش پێداگرتنە لەسەر ئەوەی، کە ڕێبازی ژیرەکی ئەو ئۆباڵ و ئەرکەی کەوتۆتە ئەستۆ و سەرشان پەردە

لەسەر راستییە ناچارییەکانی سروشتی گەوهەریی و راستەقینەی هەڵکەوت لابـدات. بەمەش زانینێکی تێرو تەسەل دەربـارەی جیهانی دەوروبـەر دەستەبەر دەبێت و دابینیدەکات. ئەو بۆچوونەی ڕێبازی ژیرەکی کێچی خستۆتە کەوڵی ئەزموونییە (ئیمپیرییەکان)، سەخڵەت و ناڕەحەتی کردون. ئەوان گومان لەوە دەکەن، کە (راستیی ناچاریی) شتێك دەربارەی هەڵکەوت (دەوروبەر) بداتە دەست و زانین دابینبکات. بە باوەڕی ئیمپیریەکان لە دوو لاوە لەبارەی پێشییانە و ناچارییەوە بڕیارەکە بڕ ناکات.

-ئەگەر بابەتەکە پێشییانە بێت APIRIORI دەپرسرێت پێشییانە بە چ واتایەك، بەو واتایەی لە پێش ئەزمون و شارەزاییەوە بێت. لە پێشەوە هاتن لەو کایەیەدا دوو جۆری هەیە:

-یەکێکیان بە کات لە پێش ئەوی دیکەوە بێت.

-لە پێشەوە هاتنەکە لۆجیکی بێت. هەردووکیان ناکرێت بە هیچ بنەمایەك پشتڕاست بکرێنەوە. لێرەوە ئیمپیریەکان لەو بـاوەڕەدان، کە بۆچوونی ژیرییەکان دەربارەی راستی ناچاریی دەربارەی هەڵکەوت چەوتە و ساغ ناکرێتەوە چونکە:

ناچاریی تەنیا بۆچوون و چەمکێکە لە مێشکی25 مرۆڤدا هەیە، لە سروشت و دەوروبـەردا بوونی نییە. بەو پێیە ئەو راستیە ناچارییە کە بەهۆی رستە و دەستەواژەوە دەردەبڕدرێت، سروشت و خەسڵەتەکەی لەو چەمك و وشانەوە پێدەبڕدرێت، کە تیایاندا دێت و دەریدەبڕن. بۆیە ئەو جۆرە راستییانە روخسارەکین و هیچ شتێك لەبارەی دەوروبەر (جیهان) نادەنە دەست و نابنە مایەی فراوانکردنی زانین و زانیاری مرۆڤ. بە پێچەوانەشەوە ئەو دەستەواژانەی ناوەڕۆکێکی راست و ریالیستییان هەیە و شت دەڵێن و زانیاریان تێدایە هیچ کاتێك ناچاریی نین، بەڵکو خەسڵەتی ڕێتێچوونیان هەیە.

# پێشەنگی پرۆسەی زانین
# لە فەلسەفەی نوێی ئەوروپادا

1-ئەوەندەی پەیوەندی بە پڕۆسەی زانینەوە هەیە، چ وەك پڕۆسە و چالاکییەکی هزری، یان وەك بابەتێکی سەربەخۆی فەلسەفە شانبەشانی لقەکانی تر، لەڕوانگەی فەلسەفەوە، دوو قۆناغ دوو کایە و پاوان لە بابەتی زانین لە یەکتری جیادەکرێنەوە، ئەو جیاکردنەوەیەش ئەگەرچی پاشخانێکی مێژویی هەیە، بەڵام خۆی لەخۆیدا وەك یەکلاییکردنەوە، دەستکەوتێکی فەلسەفەی نوێی ئەوروپایە:

-پڕۆسەی زانین لە تەوراتی جولەکەوە سەریهەڵداوە، حەواو ئادەم لە بەهەشتدا لەبەری داری زانینیان خواردوە، سزادراون، لە بەهەشت دەرکراون. لە سەفەری پەیدابوونی تەوراتدا GENESIS باسی دوو درەخت کراوە، درەختی ژین و درەختی زانین، دیارە بابەتی ژینەکە، کە پێشتر لە داستانی گلگامێشی بابل باسکراوە، لێرەدا بەیەکجاری پشتگوێخراوە و قسە لە درەختی زانینەکە کراوە و بە ئادەم و حەوا وتراوە، نابێت بە هیچ جۆرێك لەبەری ئەو دارە بخۆن26. دیارە شەیتان، کە لێرەدا رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن و رکابەری گێڕاوە، تەفرەی داون و لەبەری داری زانینی پێخواردون و لە ئەنجامدا بەو حاڵە چوون.

لەو سەرچاوەیەدا نەزانین و بەختەوەری بە مەرجی یەکتری دانراون و زانینیش خراوەتە چوارچێوەی قەدەغە و رێگە پێنەدراوەکانەوە، کە عەرەب وشەی (حەرام)یان بۆ دانـاوە. ئەوەی لەو سەفەرەی تەوراتدا سەرنجڕادەکێشێت و بە هیچ جۆرێکی ژیر پاساو نادرێتەوە، بۆ دەبێت زانین بەدکاری بێت و ئەوەی رێگەی زانین نیشانبدات شەیتان بێت!؟

-تیۆری زانین، کە لێرەدا بە قۆناغ و کایە و پاوانی دووەمی پڕۆسەی زانین ئاماژەپێدراوە، داهێنانێکی فەیلەسوفی ئینگلیزی ئەزمونی-ئیمپیری جۆن لۆك (16321704-ز) بووە. ئەو فەیلەسوفە لە شاکاری (هەوڵێك لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤ  ساڵی 1667ز) دوا روخسار و ناوەڕۆکی بە پڕۆسەی زانین بەخشیوە و لەسەر دەستی ئەودا بووە بەتیۆری زانین EPISTEMOLOGIE بەشێکی سەرەکی لە فەلسەفە و لە تیۆری زانست.

لەو بەرهەمەدا سروشت، بنەما، ڕێگەکان و ڕادەی بڕکردنی زانینی کردوە بە کەرەستە و بابەتی توێژینەوە27.

2-ئەگەر توێژینەوەی سەرچاوەی زانین و سروشتەکەی، کە ئایا جێگەی دڵنیایی لێکردنە، یان ئەگەر و گومانا‌وییە، زانین چ ڕۆڵێك لە ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت و بە چ ڕێگەیەك ئەو زانینە دەستەبەردەبێت و چۆن ئەو شتانە زانراون، کە دەزانرێن، پرۆسەی زانینەکە بە گشتی لە سێ ڕەهەند پێکدێت:

-ئەو کەسە کە شتەکە دەزانێت: SUBJECT

-ئەو شتەی دەزانرێت و پەیپێدەبردرێت: OBJECT

-کردەوە، چالاکی پرۆسەی زانینەکە خۆی : ERKENNTNIS

دورنییە لێرەدا پرسیارێك بە بیردا بێت: لەو دابەشکردنەدا دەرونزانی، ئۆنتۆلۆجی و زانین تێکەڵکراون، چۆن ڕەنگی سنوری هەر بابەتێك لەو بابەتانە دەکرێت ڕەنگبڕێژرێت، بۆئەوەی پاوانی هەر لقە دیار و ڕون و ئاشکرا بێت؟! بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژی بابەتەکە، وەڵامەکە دەکرێت بەو شێوەیە بێت:

-ڕاستە ئەگەر بابەتەکە بەلای ئەوەدا تەکان بدات، ئەو پرۆسەی زانینە چۆن بەدیدێت و زانین چۆن دەستگیردەبێت، ئەمە کەرەستە و پاوانی دەرونزانی (سایکۆلۆجی)ە.

-بەڵام ئەگەر مەبەست لەو پرسیارو پۆلێنکردنانە، سروشت و چۆنێتی جۆری زانینەکە بێت، تا چ ڕادەیەك ئەو زانینە، ئەگەر و گومان دەڕەوێنێتەوە، ڕۆڵی شارەزایی، ئەزمون، ژیر لەو پرۆسەیەدا هەموویان پێکەوە، یان هەر یەکەیان بەجیا چییە و چۆنە، ئەوا بابەتەکە لە خانەی تیۆری زانیندا پۆلێندەکرێت.

هیچ گومان لەوەدا نییە، کە ڕۆڵی شارەزایی (ئەزمون) و ژیر جا پێکەوە بن یان هەر یەکە بە جیا، ئەوپەڕی کاراو گرنگە، بەڵام ڕاستییەك هەیە ناکرێت لاری لێبکرێت:

-زانین هەمیشە بە تاقیکردنەوە و ئەزمون و شارەزایی ERFAHRUNG دەستپێدەکات، ئەگەر رەگەزی کات لەبەرچاو بگیرێت، ناکرێت زانین لە پێش ئەزمونەوە بێت، چونکە ئەو بەم دەستپێدەکات، بەڵام ناکرێت ئەو راستییەش پشتگوێبخرێت، کە ئەگەرچی زانین بە ئەزمون و شارەزایی دەستپێدەکات، شارەزایی تاکە رێگەی پەیدابوون و کەوتنەوەی زانین نییە28.

-بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بڕیارە هیچ کاتێك گومان لەوە ناکرێت، کە تێگەیشتن (فام) VERSTAND مێشك و ژیر سەرنج نادەن، بەڵکو ئامڕازی بڕیاردان و رێکخستنن، لەنێو هەمەڕەنگیدا یەکڕەنگی، لە پشت دیاردەوە گەوهەر، لەنێو بێ سەروبەریدا نەزم، رێکوپێکی دابین و دەستەبەر دەبن. لەلایەکی دیکەوە: هەستەکان بە هیچ جۆر و شێوەیەك بیرناکەنەوە، بەڵکو هەڵگر و هاوردە و هێنەری وێنەی بابەتەکانن، کە کار لە هەستەکان دەکەن و لە دەوروبەری مرۆڤدان.

کەوابوو:- هەماهەنگی و چالاکی هەردوولا، ژیر و هەستەکان، دەستەبەری پەیدابوونی زانینی مرۆڤ دەبن، ئەو زانینەی مرۆڤ تیشکدانەوەی راستەوخۆی کەرەستە و شتومەکی دەوروبەرە لەمێشکدا.

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لە شوێن و جێگە و کاتی دیاریکراودا، لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت بەخۆی ژیان بەسەر دەبات. ئەو کۆمەڵگە و دەوروبەرەیە، کە دەکرێت بە جیهانی بابەتی سەربەخۆ لەخودی مرۆڤ، هەبوو ناوببردرێت، بۆیە دەشێت بە راشکاوانە و بە بێ سێ و دوو لێکردن بوترێت:

زانینی مرۆڤ بەو پێیە بەشێکی گرنگە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی.

-ئەگەر کۆمەك و هاوکاری هەستەکان و ژیر مایەی زانین بن و زانینەکەش لە لای خۆیەوە وێنەیەکی لەبەرگیراوەی دەوروبەری هەڵکەوت بێت، رەوشی کۆمەڵایەتی مرۆڤە شتزانەکە بەرجەستەبکات، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە و بە کراوەیی دەمێنێتەوە:

-ئایا ئەو پەیوەندی و هاوکارییەی نێوان هەستەکان و ژیر بێ گیروگرفت و کێشەیە؟! هەستەکان بە هەڵەدەچن، دورنییە، ئەو بە هەڵەچوونە ببێتە مایەی کەوتنەوەی بڕیاری هەڵە لەلایەن ژیرەوە؟! ئایا دەکرێت بەبیانوی دورکەوتنەوە لە هەڵە و خۆپاراستن لە بڕیاردانی خێرا، هەڵەشەیی و سەرپێی ژیر لە هەستەکان دوربخرێتەوە؟!

## گومانی میتۆدەیی دیکارت

-شانبەشانی هەردوو ئاڕاستەی سەرەکی و پرۆسەی زانین، ڕێبازی ئەزمونی (ئیمپریزم) و ڕێبازی ژیرەکی، ئاڕاستەیەکی تری پرۆسەی زانین ڕەخنەگرییە. ئەو ڕێبازە بیرکردنەوە و سەرنجدانی ڕەخنەگرانەی سەرچاوە و شیاوێتی و بڕکردن و سنورەکانی زانین بە میتۆدە و ئەرکی سەرەکی فەلسەفە دەزانێت، ئەگەرچی ئەو ڕێبازە ناوی ڕەخنەگری پێوەیە، کەچی بە ڕاشکاوی و بەبێ سڵ و پارێز زانینی کارا و ڕاستەقینە لەئەنجامێکدا دەبینێت، کە لە کۆمەك و هاوکاری نێوان ئەزمون (شارەزایی) و بیردا دەکەوێتەوە و لەو باوەڕەشدایە، کە هەلومەرجە پێشییانەکان و APRIORIE فاکتەرەکانی شارەزایی ناکرێت لە پرۆسەی زانیندا مرۆڤ دەستبەرداریان ببێ29 ئەوی ڕاستبێت ئەو ڕێبازە لە لایەن فەیلەسوفی ترانسندێنتاڵی ئەڵمانی ئیمانویل کانت (1724-1804ز) دامەزراوە و دوا ڕوخسارو ناوەڕۆکی پێبەخشیوە، بەڵام پێشتر چەند فەیلەسوفێکی دیکە ئەو ڕێچکەیەیان شکاندوە و بەو ئاڕاستەیەدا هەنگاویانناوە. دیکارت (961650-15ز) لەجیهانبینیە فەلسەفییەکەیدا بەشێوەیەك لەشێوەکان بەو ئاڕاستەیەدا شکاوەتەوە. ئەو گومانەی کە کردویەتی بە دەستپێکی بیرکردنەوەی و ناوی میتۆدەیی پێبەخشراوە دەچێتە ئەو خانەیەوە.

دیکارت لە دەستپێکی کۆششە زانستییە فەلسەفییەکانیدا، شانبەشانی گالیلۆ GALILEI، هەوڵیدا ڕەنگی وێنەی جیهانی میکانیکی بڕێژێت، بۆ

ئەو مەبەستە پشتیکردۆتە بابەت و کەرەستەکانی جیهان و سەرگەرمی توێژینەوەی کەرەستەی زانین بووە. بەلایەوە گرنگ نەبووە ئەو هێزانە بدۆزێتەوە، کە کۆنترۆڵی روداوەکانی سروشت دەکەن، بەڵکو بە تەنگەوە بووە ساغیبکاتەوە کامانەن ئەو بنەما و رێسایانەی لە بنیاتنانی زانستدا پشتیان پێدەبەسترێت30، بۆیە کاراو چالاکانە لە چوارچێوەی (ئەوەی دەکرێت گومانی لێبکرێت) بـەدوای بنەمایەك، زەمینەیەکی پتەو و قایمدا گەڕاوە، بتوانێت لەسەریدا دڵنیایی ئەوتۆ بنیاتبنێت، دەستەبەری رەواندنەوەی هەمو ئەگەر و گومانێك بێت، هیچی تر دەرفەتی دڵەڕاوکێیەك نەدات رەوشێك بۆ گەیشتنە راستی پشتی پێببەسترێت: دیکارت وتویەتی:

بیرکردنەوەی دوێنێم خستمیە نێو دەریای گومانێکی ئەوتۆ لە تواناما‌دا نەبێت لە بیر خۆمی بەرمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نازانم چۆن چارەیبکەم! هەر وەك لە ناکاو کەوتبێتمە نێو ئاوێکی قوڵ، سەرم لێشێواوە نەدەتوانم لاقم لەبنیدا جێگیربکەم و نەدەتوانم بە مەلە خۆم سەر ئاو بخەم، لەگەڵ ئەو رەوش و دۆخەدا کۆششدەکەم، لەسەر ئەو رێگەیەی دوێنێ گرتبوومەبەر بەردەوامبم، بە تایبەتی هەمو ئەو شتانە لەخۆم بە دوربگرم، کە لەوانەیە تۆزە گومانێکیان لێبکەوێتەوە. دەمەوێت بەو رێگەیەدا بەرەوپێش بچم تاوەکو دەگەمە شتێکی دڵنیاییلێکراو31.

پڕۆسەی زانین پشتئەستور بەو تێکستە، بە گومان دەستیپێکردوە، بەڵام گومانێکی میتۆدەیی، کە وەك ئامڕاز بۆ مەبەستی دیاریکراو پەیڕەوکراوە. گومانەکە هەمو سنورێکی نەبەزاندوە، بەڵکو رەوشێکی دیکەی لێکەوتۆتەوە:

-گومانەکە لەخۆیدا میتۆدەیی و ئامانجەکییە، هیچ دڵکرمێبوونێکی بەدوادا نەهاتوە، بەڵکو ئامڕازێکە بەهۆیەوە دەویسترێ بگاتە قۆناغێك، هەمو ئەگەر و گومانێك بڕەوێتەوە و بنەمایەکی پتەوی دڵنیاییبوون دابینبێت.

-دورکەوتنەوە لە هەمو زانین و بیروبۆچوونێك ئەگەر رێی تێبچێت و لەوانەبێت گومانیانلێبکرێت و جێگەی ئەگەر بن، بـەڵام دیکارت

دەستبەرداری هەمو شتێك نەبووە، بەڵکو باسی ئەو ڕێگەیەی کردوە، کە پێشتر (دوێنێ گرتبوویەبەر).

-خۆبواردن لە بڕیاردانی بە پەلە و پێشییانە. ئەو خاڵانە دەستپێکێکی گرنگی دانانی بـەردی بناغەی تـەلاری تیۆری زانینن. ئەو پرسیارەی لەو کایەیەدا دەکرێت، ئەگەر گومانەکە ئامراز بێت بەرەو گەیشتن بە دڵنیاییبوون، چ دڵنیاییبوون مەبەست و ئامانجە؟ لەچوارچێوەی پرۆسەی زانیندا دەکرێت باسی سێ جۆر دڵنیاییبکرێت:

-دڵنیابوون لەوەی بابەتەکە، بڕیارە، زانیارییەکە، بۆچوونەکە راست و گومان هەڵنەگرە.

-دڵنیابوون لەوەی بابەتەکە، بڕیارەکە هەڵەو چەوتە.

-دڵنیابوون لەوەی بابەتەکە بە تەواوی دڵنیایی لێناکرێت، هیچ ئەگەر و گومانێکی بە یەکجارەکی نەڕەواندۆتەوە، دەکرێت خۆی لە خۆیدا، بیرۆکەکە، بڕیارەکە، زانیارییەکە راستبێت یان چەوت و هەڵە بێت.

ئەو دڵنیاییە بەهەر لایەکدا بێت هەنگاوێکی گرنگە لەسەر ڕێگەی پڕۆسەی زانین دەهاوێژرێت. گومان بە تایبەتی میتۆدەیی، کە دیکارت پەنای بۆ بردوە، هەر لەسەرەتاوە روی رەخنەگرتن دەکاتە ئامرازەکانی دەستپێکی شت زانین، پێنج هەستەکە. دیکارت وتویەتی:

(لەبەرئەوەی ئێمە بە منداڵی هاتوینەتە دنیاوە، پێش ئەوەی توانیبێتمان بە تەواوی ژیرمان بەکاربهێنین، دەربارەی ئەو شتانەی هەستمان پێکردون و کەوتونەتە بەر هەستەکانمان، بڕیارمانداوە، بەهۆی بڕیاری زۆر و زەبەندەی پێشییانە ڕێگەی زانینی راستمان لێگیراوە. وا پێدەچێت لەو ڕێگە ئامرازە بەو لاوە شتێکی تر لەبەر دەستدا نەبێت:-

هەر نەبێت جارێك لەژیاندا بڕیاربدرێت لە هەمو ئەو شتانەی کەمترین گومان و ئەگەری دڵنیایی نەبوونیان لێبکرێت، بخرێنە ژێرباری گومانەوە و گومانیان لێبکرێت32.

دیكارت لەو تێكستەدا، كە لە گشت كۆڕ و كۆمەڵەكانی فەلسەفەدا باوە، دەخوازرێتەوە و ئاماژەپێپێدەدرێت، بە رون و ئاشكرایی دەرینەخستوە لەو كارەی گومانكردندا پشت بە چ پێوەرێك دەبەستێت، بە چی و چۆن ئەوانەی گومان هەڵناگرن لەوانەی گومان هەڵدەگرن جیادەكاتەوە! كاروباری ژیانی رۆژانە شتێكە ئەوپەڕی جیاوازە لە بوار و كایەی توێژینەوەی زانستی و فەلسەفە. هەر كایەیان پابەندی پێوەری تایبەت بەخۆیەتی و ناكرێت لە سۆنگەیەكەوە پێكەوە سەرنجبدرێن.

ئەو رەخنەیە تاڕادەیەك كاڵدەبێتەوە، كە مرۆڤ تاڕادەیەك لەوە دڵنیابێت، دیكارت گومان لە هەست و كەرەستە هاوردەكانی دەكات. ئەو لەو تێكستەدا پێی لەسەر چوار خاڵ داگرتوە:

-پەلەنەكردن لە بڕیاردان بەسەر شتدا.

-وا تەماشای دەوروبەر بكرێت هەر وەك ئەوەی مرۆڤ بۆ یەكەمجار سەرنجی چوار دەوری خۆی دەدات و لێی وورددەبێتەوە. ئەو هەڵوێستە خۆبەدورگرتن لە هەمو بڕیارو بۆچوونێكی پێشییانەی بۆ ماوە VORURTEILE دەگەیەنێت.

-ئەو بابەتە بەرهەستیانەی گومانهەڵدەگرن، پێویستە مرۆڤ بە چاوی خۆیەكی (خودێكی) رەخنەگرێكی بیركەرەوە تەماشایانبكات.

-بوونی دەرون (نەفس) گومانی لێناكرێت، بگرە هەر ئەو دەرونە بووە بە داهێنانی بنەمای (كۆگیتۆ) هەمو جۆرە گومانێكی رەواندۆتەوە.

ئایا ئەو گومانە میتۆدەییەی دیكارت، كە هەست، هاوردە و داتاكانی گرتۆتەوە، دەكرێت بوترێت خاوەنەكەی خستۆتە نێو بەرەو سەنگەری ژیرەكییەوە؟ دیكارت گومانی لە دەرون نەكردوە و بوونی گومانی بە مەرجی ساغكردنەوەی دەرون و خۆ (خود) داناوە، چونكە گومانەكەی بە بیركردنەوە داناوە! ئەو رەخنەیەی لێرەدا لە دیكارت دەگیرێت ئەوەیە، كە ئەو گومانە میتۆدەییە لە گومان رزگاری نەكردوە و بەرەو دڵنیاییبوونی نەبردوە، بەڵكو ئەو گوێزرانەوەیە لەگومانەوە بۆ دڵنیایی

(یەقین)، بەهۆی بەهرەی رەببانییەوە بوو، کە وەك خۆی وتویەتی لە شەیتانی فێڵباز و تەفرەدەر، کە هەمیشە ویستویەتی بە هەڵەی بەرێت، رزگاریکردوە. ئەگەرچی ئەو بۆچوونەی ئەو کەڵە فەیلەسوفە گەڕانەوەیە بۆ دواوە بۆ باوەشی سارد و سڕ و بەسەرچووی لاهوت و فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام گومان لەوە ناکرێت، کە دیکارت هەمیشە لەبەرهەمەکانیدا، ئەگەر نیشانەی پرسیار و گومانی لەبەردەم هەستەکان دانابێت، رۆڵی ژێر لەجیهانبینیەکەیدا پشکی شێری بەرکەوتوە33. هەمیشە ژێر لەچاو رۆڵی هەستەکان لە پرۆسەی زانیندا رۆڵی سەرەکی و یەکلاییکاری پێبەخشراوە. ئەو هەڵوێستە بە ئاشکرا لە پرۆسەی کۆگیتۆدا (من بیردەکەمەوە کەوابوو من هەم) دەرکەوتوە و بەرجەستە بووە.

-ئەگەر رەب هۆکاری زانینی راستەقینە و دەرون و جیهان، بەربەست بووبێت لەبەردەم شەیتانی تەفرەدەر و روناکییەکی زگماکی بە مرۆڤ بەخشیبێت و ناخی دەرونـی پێ رۆشنبکات و پێوەری راستەقینەی راستی بیروبۆچوونە رونەکان و زانینی دڵنیاییلێکراو، رەب خۆی بێ وەك لە (وردبوونەوەکان)دا هاتوە، ئەوا لەچالاکی بیر، فەلسەفەیی و زانستی ئەو فەیلەسوفەدا بیرکاری ئەو میتۆدە روخسارەکییە بووە، پەنای بۆ بردوە و بە درێژایی ژیانی بیرکردنەوەی پەیڕەویکردوە.

**گومان: دەستپێکی زانین**

گومان SKEPSIS ئاڕاستەیەکە لە چوارچێوەی جیهانبینی فەلسەفەدا لە کۆن پیرۆن PYRRHON، لەسەردەمی نوێدا رێنێ دیکارت، دوو رابەری دیار و سەرنجڕاکێشی ئەو رێبازەن. یەکەمیان گومانکاری رەها و ئەویتریان پەنای بۆ گومانی میتۆدەیی بردوە.

پیرۆن (360-270 پ.ز) رابــەری رێـبـازی گومانی رەهـایـە. ئەو ئاڕاستەیە بڕیار (بە ئەرێ و نەرێ) نادات، بەڵکو بە نازانم AGNOSTIZ وەڵامدەداتەوە. هەرچی هەیە و نییە دەکرێت تەنیا هەر بە رێتێچوون

مەزەندەبکرێت و بخەملێنرێت34. هەمو کێشەیەك دوو ڕێتێچوونی هەیە لەبار، نالەبار. دانایی لەوەدایە مرۆڤ بڕیارنەدات، بەڵکو تەنیا لە سنوری دیاردەدا بمێنێتەوە. پیرۆن لە ژیانیدا هیچی تۆمار نەکردوە و لەمردنیشدا هیچی لە پاش بەجێ نەماوە، بەڵکو شاگرد و لایەنگرانی قسەکانیان نوسیوەتەوە. ئەگرێپا شاگردێکی بە ناوبانگی پیرۆن بووە و ڕێبازی مامۆستاکەی پەرەپێداوە.

دروشمی سەرەکی ئەو گومانکارانە (نازانم)ە و بە هیچ جۆرێك باوەڕیان بە بوونی زانینی دڵنیاییلێکراو و زانست نەبووە. چاکەکاری و بەدکاری تەنیا نەریتێکن خەڵك لەسەریان راهاتون و خویان پێوەگرتوون، ئەو دوو چەمکە بە هیچ جۆرێك بوونی راستەقینەیان پشتڕاست ناکرێتەوە.

-بەپێچەوانەوە گومانی دیکارت میتۆدەییە، مەبەست و ئامانجی دیارو دەستنیشانکراوی هەبووە، لەگەڵ گەیشتنە ئامانجەکەی گومانەکە کاڵبۆتەوە و دڵنیایی جێگاکەی گرتۆتەوە. گومان بەلای دیکارتەوە و پێشتریش لەلای ئەبو حامیدی غەزالی، پێشەنگی ڕێخۆشکەری زانینی دڵنیاییلێکراوە، بگرە هەر ئەو گومانە – ئەگەر رەها نەبێت، دەروازەیەکی ئەوپەڕی گرنگی چوونە نێو جیهانی پان و بەرینی زانستە بە سروشت جۆر بەجۆرەکانیەوەیە.

راستە کێشەی هەستەکان بەربەستەبن لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجی دڵنیاییکردن (یەقین)، بەڵام هەر ئەو رەوشە بووە گومانی میتۆدەیی لە لای دیکارت وروژاندوە، گەیاندویەتییە دڵنیایی و ئەو دڵنیاییە دوای پاککردنەوەی مێشك، هزر و دەرون بووە، پاشماوەی زانینی ناڕاست و بیروبۆچوونی بۆماوە و تیۆری هەڵە و چەوت. بەلای دیکارتەوە هەروەك لەبنەماکانی فەلسەفەدا وتویەتی، ژیر بەوپەڕی دادپەروەری بەسەر خەڵکدا دابەشکراوە، هەر کەسێك بتوانێت بە ڕێکوپێکی ژیری خۆی بەکاربهێنێت، دەگاتە راستی و زانینی دروستی دڵنیایی لێکراو بە دەستدەهێنێت.

-گومانی میتۆدەیی دیکارت لە هی پێش خۆی و غەزالی جیاوازە. گومانەکەی ئەنجامێکە لە تاقیکردنەوەی چالاکی و ژیانی هزری و ژیری و تایبەتی خۆیەوە کەوتۆتەوە. بە تایبەتی ئەو لەسەردەمێکدا ژیاوە کولتوری هەمەجۆری پێشو، کە بە لاهوت و دۆگمی کڵێسەی مەسیحی بار قورس کرابوو، بە تەواوەتی چەکی فڕێنەداوە و سەنگەری چۆڵ نەکردوە، کولتوری نوێش ئەوەندە بەهێز نەبووە بتوانێت خۆی جێگیربکات. ئیتر کولتور و بۆ ماوەی زانستی و ئاینی و فەلسەفەیی مایەی بگرە و بەردە و کێشمەکێش بوون و هزرمەندان لەبەرامبەریاندا لە یەکتری چوونە سەنگەرەوە، دیکارتییان ناچارکردوە بەدوای بنەمایەکدا بگەڕێت دڵی ئاو بخواتەوە و جۆرە دڵنیایەکی پێببەخشێت، بۆیە پەنای بردۆتەبەر ئەو جۆرە گومانە و وەك چەکێکی رەخنەگرتن بەکاریهێناوە. لەسەرەتاوە کۆشاوە تەپوتۆزی هەستەکان لە ژێر بتەکێنێت و لەژێر دەسەڵاتی ئەو هێزە، کە لە بڕیار و بۆچوونەکانیدا لە رێتێچوون بەو لاوە بڕناکات، رزگاریبکات. هیوای وابووە بەو هەنگاوەی بنەمایەکی پتەوی دەستگیرببێت، گومان ببەزێنێت و سروشتی راست و دڵنیاییلێکردنی هەبێت. ئەو بنەمایەی لە کۆجیتۆدا دۆزیوەتەوە!

-بەوپێیە گومانی میتۆدەیی دیکارت لە هی غەزالی جیابووە، لەوەدا بە هیچ جۆرێك پەیوەستنەبووە بە باوەڕ (ئیمان) و دۆگمەکانی ئاینەوە. لەسەرەتاوە دیکارت هەمو هاوردەی هەستەکان، زانیاری، داب، نەریت و ئەو شتانەی زانیونی خستونیەتە نێو دوو کەوانەوە و هیچ جۆرە بڕیارێکی لەبارەیانەوە نەداوە، ئینجا ئەو هێزەی جارێك تەفرەیدابێت، گومانیلێکردوە و بڕوای پێنەکردۆتەوە. دەرون لەو پڕۆسەیەدا بەدورگیراوە، چونکە گومان جۆرێکە لەبیرکردنەوە، بیرکردنەوەش چالاکی خودی دەرونە! بە بێ خودی دەرون، نە گومان نە بیرکردنەوە بوونیان نابێت.

# بنەما لۆجیکییەکانی زانین

1- کێشەی گەوهەر، کە دیکارت لە جیهانبینیەکەیدا وروژاندویەتی و بە پێی پێناسە روخسار و ناوەڕۆکێکی دیکەی پێبەخشیوە، بۆتە مایەی ئەوەی سپینۆزا و لایبنیتس، هەریەکە لای خۆیەوە لە فەلسەفەکەیدا، لەبارەی گەوهەری دیکارتەوە رەوتەکەیان بە ئاڕاستەیەکدا بردوە. بەلای سپینۆزاوە بوونی سێ گەوهەری دیکارت: رەب، ژیر، لەش (مادە)، بە هیچ بنەمایەك پاساو نادرێتەوە.

ئەو بەلایەوە تەنها یەك گەوهەر هەیە. ئەو گەوهەرە دوو رەهەندی هەیە، لە لایەکەوە داهێنەرە (سروشتی داهێنەرە)، لە لایەکەوە داهێنراوە (سروشتی داهێنراوە)، بە پێی ئەو پێناسەیە گەوهەرەکە ئەو بڕیار و بۆچوونەی لێکەوتۆتەوە تەنیا هەر یەك گەوهەرە و دوو دیو، دوو رەهەندی لەیەکتری جیا و یەکتری تەواوکاری هەیە. ئەو قسەیە جیهانبینی سۆفی بە ناوبانگ محێدین ئەلعەرەبی دێنێتەوە یاد جیهانبینی یەکڕەنگی بوون، کە بە عەرەبی چەمکی (وەحدەی وجود)ی بۆ دانراوە PANTHEISMUS. کەوابوو بە پێی ئەو بۆچوونە رەب و سروشت لەیەکتری جیاواز نین، بگرە وەك یەکن، رەب سەرچاوەی ژینی تەواوی بوون و گەردون و جیهانە. لە لاکەی دیکە، جیهان، تێکڕایی گەردون لە رەوشی تواناو دەسەڵاتی رەببانی بە پێی هەردوو خەسڵەتی بیرو درێژبوونەوە بەولاوە شتێکی دیکە نییە. بەو جۆرە ئەو لێکدانەوەیە کێشە و کەلەبەری دوو رەنگی گەوهەری دیکارت و گرفتەکانی یەکلاییکردۆتەوە، یەکڕەنگی، یەکێتی ژیر و سروشت پێی لەسەر داگیراوە. ئەو ئەنجامەی لەو بڕیارە دەکەوێتەوە ئەوەیە، کە رونکراوەتەوە سروشت دوو رەنگی (داهێنەر) و (داهێنراوە)، بەرجەستەدەکات. ئەو رەوشە چ کارێك لە پڕۆسەی زانین دەکات؟!

**باروخ سپینۆزا**

**جۆر و پلەکانی زانین**

ئەگەر مرۆڤ لەو بەرهەمە کەم و پوختانە وردبێتەوە، کە سپینۆزا پێشکەش بە کۆڕ و کۆمەڵە فەلسەفییەکان و جیهانی کردوە، بۆی روندەبێتەوە ئەو فەیلەسوفە بەڕاستی وێڵ و سەرگەردانی دڵنیایی بووە، بەڵام چۆن لە دڵنیایی گەیشتوە؟

دڵنیایی دەکرێت بە دوو واتا: خودی و بابەتی تێگەیەنراو بێت35 و توندوتۆڵ بە ئازادی و بەختەوەری و زانینەوە بەندو گرێدراوە. بۆیە ئەو فەیلەسوفە کۆشاوە، تێیدا سەرکەوتوبووە، سیستمێکی، نەزمێکی فەلسەفە دابنێت تان و پۆکەی بریتیبێت لە یەکڕەنگی و یەکگرتن و یەکێتی هەردوو رەوشـی خودی و بابەتی دڵنیاییبوون. بۆ ئەو مەبەستە ئەو رێچکەیەی گرتۆتەبەر، کە لە سەردەمی بیکۆن و ئینجا لای دیکارت پەیڕەوکراوە:

پەیوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی لەنێوان ئازادی و ژیر و زانیندا هەیە، هەر یەکەیان ئەوی دیکەیان تەواودەکات. زانین خۆی لە خۆیدا لە ئازادی بەولاوە شتێکی دیکە نییە و بەختەوەری درێژخایەن و دڵنیایی دەستەبەردەبێت. لێرەوە پێش هەمو شتێك بۆ دەستەبەربوونی زانینی دروستی دڵنیاییلێکراو:

پەیوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی لەنێوان ئـازادی، ژیر و زانیندا هەیە، هەر یەکەیان ئەوی دیکەیان تەواودەکات، زانین خۆی لە خۆیدا لە ئـازادی بـەولاوە شتێکی دیکە نییە و بەختەوەری درێژخایەن و دڵنیایی دەستەبەردەبێت. لێرەوە پێش هەمو شتێك بۆ دەستەبەربوونی زانینی دروستی دڵنیاییلێکراو، دەبێت بیر لە ئامرازێکی پاککردنەوە و چاککردنی تێگەیشتن و VERSTAND ژیر بکرێتەوە، بۆئەوەی لە خەوش و گەرد و بۆماوەیی لە رۆژگار خاوێنبکرێتەوە. ئەو ئەرکە چۆن جێبەجێدەکرێت و چ هەلومەرجێك دەستەبەری ئەو کارە دەبێت؟!

بەلای سپینۆزاوە ئەو ئەرکە وا پێویستدەکات، بەپێی سروشتی بابەتەکە

هەمو شێواز و جۆرەکانی زانین و گشت تێبینیکردنی هەستەکیانە WAHRENEHMENS لە یەکتری جیابکرێنەوەو یەکە یەکە شرۆڤە بکرێن و لێکبدرێنەوە. بۆ ئەو مەبەستە چوار جۆر پلەی زانینی لەیەکتری جیاکردۆتەوە، ئەو جۆرانە لە تێبینی هەستەکیەوە دەکەونەوە.:-

-زانینی گوێبیست بوون:

ئەو جۆرە زانینە کاڵوکرچە و شایستەی دڵنیاییلێکردن نییە، چونکە هیچ دەربارەی سروشتی راستەقینەی شت ناڵێت. جگە لەوەی لەگوێبیستبوونی قسەی کەسانی دیکەوە کەوتۆتەوە، ئەگەرچی ئەو جۆرە زانینانە گومانیان لێناکرێت، بەڵام هەلومەرج و خەسڵەتی زانینی زانستیانەیان تێدا نییە.

-زانین بە رێگەی تاقیکردنەوەی نیوەچڵەوە:

هەرچەندە ئەو زانینە بە پلەی دووەم دێت و پلەیەك لەسەرو ئەوی پێشوترەوەیە، بەڵام تێگەیشتن (فام) و ژیر ناتوانن راستیەکەی ساغبکەنەوە، ئەگەرچی دیاردەیەك لەبارەیەوە بەرچاونەکەوتبێت، نادروستی ئەو جۆرە زانینە پوچەڵبکاتەوە. بۆ نمونە مرۆڤ دیویەتی کەسانی دیکە مردون بۆیە ئەویش ئەو زانینە پەسەنددەکات، کە دەبێت خۆیشی بمرێت.

-زانینی ئەنجامگیری و لێکەوتنەوە:

ئەو جۆرە زانینە لەوە پەیدابووە، کە سروشت و چیەتی (ماهیەتی) ESSENZ شتێك لە شتێکی تـرەوە دەکەوێتەوە و بە دەستدێت، بەڵام مەرجنییە هەمو جارێك ئەو لێکەوتنەوەیە وەك ئەنجام بە هەمانشێواز روبدات. هۆکار و ئەنجام بابەتێکی بنەڕەتی ئەو جۆرە زانینەن.

-زانینی گەوهەر بە سایەی هۆکاری نزیکەوە:

ئەو زانینە بەرزترین پلەی زانینی دڵنیایی بەخشە، شمەك لەو قۆناغەدا بەسایەی گـەوهـەرەکـەیـەوە، یـان بە سایەی نزیکترین هۆکارەکەیەوە پەیپێدەبردرێت. ئەو زانینە لەهەمو جۆرە هەڵە و گشت بە تەفرەچوونێك دوروو بەدەرە، هەر ئەویشە دەبێتە مایەی خێر، خۆشی و بەختەوەری لە ژیاندا36.

ئەگەر مرۆڤ لەو جۆرە زانینانە وردبێتەوە بەو پێیەی سپینۆزا پۆلێنیکردون، دەتوانێت لە سێ خانەدا، کە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕن پۆلێنیانبکات:

-زانینی وا دانان و وا بۆچوون.

-زانینی ژیرەکی.

-زانینی بۆ هاتن INTUTION

زانینی مرۆڤ بەو سێ قۆناغەدا تێدەپەڕێت، دوا پلەیان زانینە بەهۆی بۆ هاتنەوە. لەو قۆناغەدا مرۆڤ بەهۆی پەیبردن بە چییەتی (ماهیەت)ی رەب، دەتوانێت پوختەی شمەکی دەوروبەر بزانێت و پەیان پێبەرێت37.

**لایبنیتس**

**زانین لە نێوان باوەڕ و ژیردا**

ئەگەرچی لایبنیتس (164-61716ز) پشتئەستور بە سەرچاوەکان دامەزرێنەری تیۆری زانین نییە، بەڵام هاوتەمەنی فەیلەسوفی ئەزمونی ئینگلیز جۆن لۆك (16321704-ز) بووە، کە دامەزرێنەری راستەقینەی ئەو تیۆریەیە. مێژوش ئەو رستە کورت و پوختەی بە زیندویی بۆ تۆمارکردوە، کە لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا وەڵامی جۆن لۆکی داوەتەوە. جۆن لۆك وتەیەکی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە خواستۆتەوە کردویەتی بە دروشم و دەستپێکی ئەو تیۆرییە:-

مێشکی مرۆڤ لاپەڕەیەکی سپییە TABULA RASA تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە شتی لەسەر دەنەخشێنێت.

لە وەڵامی ئەو قسەیەدا لایبنیتس وتویەتی، ئەوە راستە، بەڵام (تەنیا هێز و توانای ژیر خۆی نەبێت.)38

لەو دوو قسەیەوە ئەو راستییە روندەبێتەوە، کە لایبنیتس بە پێچەوانەی لۆکەوە بڕوای بەبوونی بیرۆکەی زگماك هەیە و رۆڵی ژیر لە پڕۆسەی زانیندا بە سەرەکی دادەنێت، بە بێئەوەی رۆڵی هەستەکان پشتگوێبخات. ئەگەر ئەوەی

مرۆڤ پەیپێدەبرێت و دەیزانێت نوێبێت و بەهۆی هەستەکانەوە بەدیهاتبێت، ئەوا توانای شت زانین لەخۆیدا، بە دەستهێنان و لێکجیاکردنەوە و بڕیاردان ئەرکی ژێر خۆیەتی. ئەو ژیرە هەر هەبووە و مرۆڤ بە هیچ ئامرازێك بە دەستینەهێناوە! بۆیە هەستەکان بە بێ چالاکی ژێر ناتوانن ئەرکی سەرشان و ئۆباڵی ئەستۆیان جێبەجێبکەن. لەلایەکی دیکەوە لە مێشك و ناخی مرۆڤدا بنە و بیرۆکە هەیە، کە لەپێش ئەزمونەوە هەن و لەو رۆژەوە مرۆڤ لە دایکبووە و بیریکردۆتەوە ئەو بیرۆکانەی هەر هەبووە ئەو جۆرە بیرۆکانە بە زگماك ناو دەبرێن، کە وابوو بەلای ئەو فەیلەسوفەوە سەرچاوەکانی زانین بە جیاوازی پلە و کارایی سێ جۆرن:

-هەستەکان ئەو ئامڕازانەن لەبارەی بوونی دەرەکی و دەوروبـەرەوە کەرەستەی زانین دەدەنـە دەسـت و هـاوردەی دەکـەن، بـەڵام ئەو جۆرە کەرەستانە ئەگەرچی پشت بە تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە دەبەستن، بەڵام بە تەواوەتی جێگای دڵنیاییلێکردن نین! ئەگەر مۆنادەکان، لایبنیتس وتەنی هیچ پەنجەرەیەکیان39 نەبێت و لە دەرەوەیان کاریان لێنەکرێت، چۆن دەکرێت باسی بابەتی زانین بە گشتی بکرێت؟!

مۆنادەن، ئەوەندەی پەیوەندی بە زانین و پڕۆسەی پەیبردنەوە هەیە، بە پلەی زانین لەیەکتری جیاوازن، ئەو پلە جیاوازییە40 لە پەیپێبردنی تەمومژاوییەوە بەرەو پەیپێبردنی رون و رەوان و لەوێوە بۆ پەیپێبردنی ئاشکراو جیاواز دەچێت. بەوپێیە لە مۆناددا پەیپێبردن و زانینی تێکەڵاو و ناڕون هەیە، کە دەربارەی دیاردەی شمەکە لە کات و جێگەدا. لەشی مرۆڤیش لە کۆی چەندین مۆناد پەیدابووە، لەسەرو هەموویانەوە مۆنادێکی ناوەندی هەیە، کە دەرونی مرۆڤە و ئەو دەرونە پەیپێبردنی تێکەڵاو و ناڕونی تێدایە، جگە لە پەیپێبردنی رون و ئاشکرا. ئەو جۆرە زانینە دەربارەی بوونی دەرەکی، دەربارەی دەوروبەرە، زانینی هەستەکییە، کە بڕیاری بوونی شمەك لە دەرەوەی خودی مرۆڤ دەدات، بۆیە دەبێت ئەو جۆرەی پلەی زانین لە پلەکانی دیکە جیابکرێتەوە.

**-بیرۆکە و بنەمای زگماك:**

لە ناخی دەرونی مرۆڤدا ئیتر هەستپێبکات، یان هەستپێنەکات، چەندین بیرۆکە و بنەمای زگماك هەیە، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری کاری پرۆسەی پەیدابوون و کەوتنەوەی زانین دەکەن. ئەو بیرۆکە و بنەمایانە پێشییانەن، چونکە لە پێش ئەزمونەوە دێن و پەکییان لەسەر تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە نەکەوتوە. دیارە هەندێك بابەت بەهۆی تاقیکردنەوەوە دەزانرێن، بەڵام ئەو بیرۆکە و بنەمایانە بە تاقیکردنەوەدا تێناپەڕن، بەڵکو زگماك لەناخی مرۆڤدا هەبوون! بۆ نمونە مرۆڤ چەندین راستی هەیە دەیانزانێت و گومانیان لێناکات و لەهەمو هەلومەرجێکدا راست و دروستن، ئەو راستیانە دورن لە تاقیکردنەوە، چونکە خەسڵەت و سروشتی رێتێچوونیان نییە، بۆیە دەبێت لە بیرۆکە زگماکییەکانەوە کەوتبنەوە، بنەماکانی بیرکاری لەو بنەمایانەن. ئەوی لێرەدا وەك پرسیار بە بیردا دێت پەیوەندی ئەو بابەتە بە بنەمای بۆ هاتنەوە INTUTION چییە و چۆنە؟! ئایا هەردووکیان لە یەکتری جیاوازن یان تەواوکاری یەکترین! زۆرجار مرۆڤ لە هەڵوێستی چاوەڕواننەکراودا شتی بۆ دێت، بە بێ ئەوەی پێشییانە بیری لێکردبێتەوە! ئایا ئەو بۆ هاتنە لەجیهانبینی فەلسەفەی لایبنیتسدا (مۆنادۆلۆجی)دا دەخرێنە چ خانەیەکەوە! دەکرێت ئەو زانینەی بە هۆ و سایەی ئەو جۆرە بۆ هاتنەوە دەکەوێتەوە خەسڵەتی دڵنیاییلێکردنی هەبێ یان نا؟!

**-ژیر:**

قۆناغێکی باڵا و بەرزی زانینە و بە پلە لەسەرو زانینی هەستەکی و پەیپێبردنی هەستەکانەوە دێت. ئەو جۆرە زانینە، زانینی ژیرەکی بە بۆچوونی لایبنیتس بە دوو بنەمای لۆجیکی پشتئەستورە:

یەك: بنەمای بێناکۆکی:

بەپێی ئەو بنەمایە ئەو زانینەی ناکۆکی تێدابێت، جا ئیتر ئەنجام و

پێشەکییەکان لەگەڵ یەکتری جیاوازبن و پێکەوە نەیەنەوە، بە هەڵە و چەوت دادەنرێت.

**دوو- بنەمای هۆکاری بەس بوو: ZUREICHEND**

ئەو بنەمایە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە هیچ بونەوەرێك، هیچ دەستەواژەیەك، هیچ هەڵکەوتێك بە راست (هەقیقەت)، دانانرێت ئەگەر هۆکاری بەس بەخۆ بوون نەبێت41. بەو پێیە دەبێت دوو جۆر راستی و راستەقینە هەبن:

**-راستی ژیر: VERNUNFTWAHRHEITEN**

ئەو جۆرە راستییانە ناچاریین و دژو پێچەوانەکانیان42 ناگونجێن، نابن و ناشێت هەبن. ناکردنیان ناکۆکی لێدەکەوێتەوە، چونکە پابەندی هیچ جۆرە گۆڕان و کات و شوێنێك نین و هەمیشە هەر راست و دروستن.

-راستی هەڵکەوت (کردەکی): TATSACHENWAHRHEITEN

ئەو جۆرە رێککەوتن و پێچەوانەکانیان گونجاون و دەشێت هەبن. بەپێی رەوش و هەلومەرج گۆڕانیان بەسەردادێت.

بە هۆی پرۆسەی شیکارییەوە دەکرێت بنەما، هۆکاری راستییە ناچارییەکان بدۆزرێتەوە، کە ببرێنەوە سەر بیرۆکە و راستییە سادە و ساکارەکانیان. لێرەوە جێدەستی بیرکاری و لۆجیك لە بیرو بۆچوون و جیهانبینی ئەو فەیلەسوفە بە ئاشکرا هەستیپێدەکرێت.

زانین پلە و پایە و سەرچاوە و جۆری جیاوازی هەیە. پرۆسەکە لەلای لایبنیتس بریتییە لە گوێزرانەوەی بەردەوام لە رەوشی زانینی لێڵ و تەومژاوی بەرەو پلەی زانینی رون و رەوان و بێگەرد.

-گومان لەوە ناکرێت، کە لایبنیتس بلیمەتێکی سەردەمی خۆی بووە و بە جیهانبینیە سەرتاپاگیرەکەی و پێشبینیەکانی بنەمای داهێنانی زانستی و

لۆجیکی و بیرکاری ئەوتۆی کردوە، کە لەدوای خۆی سەرکەوتوانە دروستی خۆیانیان پشتڕاستکردۆتەوە، بەڵام ناکرێت ئەو راستییەش فەرامۆشبکرێت، کە شارەزایی و ئەزمون و تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە سەرچاوەی راستەقینەی شت زانینن. بوونی بیرۆکەی زگماك لە گریمانە بەولاوە شتێکی دیکە نین و ژیر لە لای خۆیەوە بە هیچ پێوەرێك ئامڕازی شت زانین نەبووە و نابێت، بەڵکو ئامڕازی بڕیاردان و بەلایەکداخستن و یەکلاییکردنەوەی کێشە و پرسیارەکانە. مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە، کە لە کات و جێگای خۆیدا بڕیاری راست و دروست دەدات.

لاری لەوە نییە کە کایە و پاوانی زانین دەکرێت بە دوو بەرەوە:

-جیهانی هەستەکان کە جیهانی دەوروبــەرە و بەهۆی هەستێك لە هەستەکان هەر یەکە لە لای خۆیەوە و بە پێی توانای بڕکردنی پەی پێدەبردرێت و هەستپێدەکرێت و دەزانرێت. ئەو کێشە پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە: ئایا ئەوەی مرۆڤ بەو رێگەیە دەیزانێت و هەست بە بوونی دەکات تەنیا دیاردە و روخساری هاوردەی شمەکی دەوروبەرە یان راستی و راستەقینەی شتەکان لە خۆیاندایە؟! ئەو پرسیارە ئەو پریشکەیە ئاگر لە پاوانی دەشتێك بەردەدا، وا بە سوك، ئاسانی خەفە ناکرێت و دانامرکێتەوە. تێگەیشتن و زانینی شت لەخۆیدا چییە، گرێکوێرەیەکە وا بە ئاسانی ناکرێتەوە. ئەوی دەزانرێت تەنیا ئەو روخسارەی شتی دەوروبــەرە، کە مرۆڤ هەستیپێدەکات و پەیپێدەبرێت!

**-جیهانی ژیرو ژیرەکی:**

ئەو جیهانە سروشتی تایبەتی خۆی هەیە، پتر بـەلای پەتیکردنی (ئەبستراکتکردنی) بابەتەکاندا دەچێت و دەکۆشێت لە نمونەی تاکەوە بنەمای هەمەکی گشتی رۆبنێت! لەو جیهانەدا رێککەوتن و رێتێچوون جێگەیان نابێتەوە.

لایبنیتس رابەرێکی بێ رکابەری رێبازی ژیرەکییە لە پڕۆسەی زانیندا

و بە تەواوەتی لەو سەرەوە هاتۆتەوە، کە وتویەتی زانینی راستەقینە ئەو زانینەیە، کە بابەتەکەی نەگۆڕاو و جێگیرە و جێگەی دڵنیاییە و ئەگەر و گومان هەڵناگرێت. ئەوانە راستییەکانی ژیرن، بەڵام راستییەکانی ئەزموون و تاقیکردنەوە ئەو ناچارییە لۆجیکیەیان پێوە دیارنییە، هەمیشە خەسڵەت، سروشتی رێتێچوونیان هەیە، ناگەنە ئاستی دڵنیاییلێکردن، دەکرێت، راستبن و دەکرێت لە هەمانکاتدا چەوتبن، چونکە پشت بە پەیپێبردنی هەستەکی دەبەستن. رەوشی ئەو پەیپێبردنە لە دەستی گۆڕان قوتاری نابێت.

-ئەو خاڵەی دەکرێت لێرەدا قسەی لێبکرێت، بە تایبەتی لە جیهانبینی لایبنیتسدا بابەتی بـاوەڕە، باوەڕپێبوون و باوەڕپێهێنان، بەڵام نەك بە واتا ئاینیەکەی، ئایا ئەو باوەڕە و لەباوەڕدابوونە لە لای ئەو فەیلەسوفە دەخرێتە چ خانەیەکەوە. باوەڕ لێرەدا بە واتای (GLAUBEN)ی ئەڵمانی و (BELIEF)ی ئینگلیزی بەکارهێنراوە. بـاوەڕ لەخۆیدا بیرۆکەیەکە، بنەمایەکە، بۆچونێکە لە دڵ، دەرونی مرۆڤدا پەیدا، جێگیر دەبێت و هانیدەدا بە جۆرێك بڕوات، کردار و رەفتارێك بکات. ئەو رەوشە لەوەوە کەوتۆتەوە، کە مرۆڤ لە دڵەوە، لەناخی خۆیەوە وا باوەڕدەکات ئەو شتەی باوەڕی پێیەتی راستەو گومان هەڵناگرێت، شایستەی داکۆکیلێکردن و پێ لەسەر داگرتنە! کەوابوو ئەو باوەڕبوونە لە دوو خاڵ پێکهاتوە:

-بیرۆکەیەکە، بنەمایەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئینجا لایەنی کردەکی دێت:

-داکۆکیلێکردنی لەسەری بە جواب بوون. ئەو لایەنەی دووەم پەیوەستە بە خواستی مرۆڤەوە. لەوەدا کە باوەڕەکە بە راست و دروست دادەنێت، پێی لەسەر دادەگرێت و وایدادەنێت، کە هۆکاری پاساودانەکەشی لەبەر چاو، لە دڵ و لەبەردەستدایە!

ئەو پرسیارەی لەو بارەیەوە دەکرێت، دەبێتە گرفت و کێشە لەبەردەم ئەو بابەتەدا ئەوەیە ئایا باوەڕێك پشتئەستور بێت بە خواستی مرۆڤ،

دەکرێت بخرێتە خانەی زانینەوە، کە خەسڵەتەکەی جێگیری، نەگۆڕاو و ڕاستیە؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێ بێت بۆ ساغکردنەوەی ئەو لایەنە پێوەر چییە؟!

پشتئەستور بە بنەماکانی لۆجیك، ئەگەر بابەتێك، ئیتر باوەڕبێت، یان بۆچوون، چەند بەڵگەیەك پشتڕاستییان کردەوە ڕاستی و دروستییەکەی ساغدەبێتەوە. خۆ ئەگەر باوەڕپێبوونەکە ئـەو پـێـوەرەی بەسەردا جێبەجێبکرێت و ڕاستیەکەی ڕونبێتەوە، ئەو کاتە باوەڕ نامێنێت! بەڵکو دەبێت بەڕاستییەکی دڵنیاییلێکراوی ژیرەکی. ئایا دەکرێت بـاوەڕ لە خانەیەکی ناوەڕاستی نێوان زانین و زانینی ژیرەکیدا دابنرێت؟! لەوەی وترا دەکرێت وەڵامەکە بە ئەرێ بدرێتەوە.

هەمو زانینێك لەسەرەتادا جۆرە باوەڕ و بڕوا پێبوونە، کە ئەو شتەی زانراوە بەمجۆرەیە، وایە و بە جۆرێکی دیکە نییە، ئیتر لە پلە و هەنگاوی دواتـردا ڕاستییەکەی یان چەوتییەکە پشتڕاستدەکرێتەوە. هەندێکجار مرۆڤ شتێك دەزانێت، بەڵام دڵنیانییە لەوەی ڕاستە، یان وەکو بە ئەزمون و بەڵگە ساغدەبێتەوە. ئەگەر زانین خەسڵەتی ڕاستی هەبێت، ئەوە باوەڕ هەمیشە تاوەکو ساغ دەبێتەوە سروشتی ڕێتێچوونی هەیە. نابێت ئەوەش لە یادبچێت، کە ڕاستی ڕەها تەنیا وێنە و چەمکێکە لە مێشکدا هەیە و ئەوی لە دەوروبەر (واقیعدا) بوونی هەیە، لە ڕێژەیی و ڕێتێچوون بەولاوە نییە. ئەگەر ڕاستیش بێ ئەوە ئەو ڕاستییە ڕێژەییە و بە پێی ڕەوش، کات و جێگە گۆڕانی بەسەردا دێت.

سنوری نێوان زانین و باوەڕ و ژیر وەك بابەتێکی سروشتی پڕۆسەی زانین، هیچ کاتێك سنوری تیۆری نابەزێنێت. لە ڕەوشی هەڵکەوتدا زانین و باوەڕ تەواوکاری یەکترین و باوەڕی ڕاست و دروست لە زانین بەولاوە نییە. دەبێت چ شتێك سروشتی زانینی بەربکەوێت، کە بە باوەڕ پێبوون پشتڕاستنەکرێتەوە.

# ڕەوشی زانین لە بزوتنەوەی ڕۆشنگەریدا لە ئەوروپا

1-ئەگەرچی هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدە بە قۆناغی رۆشنگەری ناودەبرێت، بـەڵام بە پێی سەرچاوەکان و ئەو بەرهەمە هەمەجۆر و فرەڕەنگانەی لەکایە و بوارە جۆربەجۆرەکانی زانست، فەلسەفە و کولتوردا بە گشتی بڵاوکراونەتەوە ئەو راستییە پشتڕاستدەکەنەوە، کە ئەو سەردەمە گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر شێواز و جۆری بیرکردنەوەدا هاتوە. جارێکی تر رونەکراوەتەوە بەرهەمەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، یان فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان و هیچی تر وەك قۆناغی پێشوو نەکراون بە نمونە، بەڵکو هەوڵدراوە، ئەو هەوڵەش بە پێی سەردەمی خۆی سەرکەوتنی بەرچاوی بە دەستهێناوە. کێشەی میتۆدی فەلسەفە لەچاو جاران گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر بهێنرێت، ئەو کۆششەی نیوتن لەفیزیکدا کردویەتی، پەنایبردۆتە بەر بیرکاری و کردبووی بە میتۆدی فیزیك کراوە، بە نمونە لە بوار و کایەی چالاکی فەلسەفەدا بە لقە جۆر بە جۆرەکانییەوە43 سودیلێوەرگیراوە، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بەتوندی بابەتی بۆ ماوەی مێتافیزیك رەخنەبکرێت و پتر روی گوفتار و بایەخدان بکرێتە، هەر دوو بابەتی تیۆری زانین و لۆجیك، بەو پێیە لەجیاتی رامان، سەرنجدان و بیر لێکردنەوە رێبازی شیکردنەوە گیراوەتەبەر، ئیتر بۆ خۆشکردنی رێگەی پرۆسەی زانینی تایبەتمەندی و فاکتە راستەقینەکان، هیچی تر پلە بەپلە بەچەند ئەنجامگیریەکی پەتی (ئەبستراکت) بە رۆنانی چەند بنەمایەك، چەند چەکێکی هەمەکی و رێساو بنەڕەتییە دیار و دەستنیشانکراوەکان دەستپێنەکراوە، هەنگاو هەڵنەگیراوە، بەڵکو بیرکردنەوەکە بە پێچەوانەوە بە رەوت و رێگەیەکی دیکەدا ئاڕاستەکراوە و تەکانیداوە: دیاردەکان بوون بەو کەرەستەیەی هاوردەدەکرێت و بنەماکان بوون بە بابەتی توێژینەوە. ئەو هەنگاوە ئەوەی لێکەوتۆتەوە، کە شارەزایی و ئەزمون و سەرنجدان نەك پەتیکردن و پێناسە، ئەنجامی خوازراو دەستەبەر دەبن. بەو پێیە هیچ جۆرە ناکۆکیەك و کەلەبەرێك لە نێوان ئەزمون (شارەزایی) و بیرکردنەوەدا نەماوە و هەردوو کایەی بیرکردنەوەی بێگەرد

و راستی راستەقینە (فاكت) نەماوە. بەوپێیە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی و فەلسەفە بەهەمو چەشن و جۆرەكانیانەوە لە دیاردەكانەوە دەستپێكراوە و بەرەو چەمك و بنەماكان بەرەو پێش چووە. ئەو ڕەوشە لە كایەی تیۆری زانیندا بەشێوازی بەرچاو كاری لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان خودو بابەت لە نێوان راستی و هەڵكەوتدا كردوە.

-ئەگەر رابەرانی رێبازی ژیرەكی RATIONALISM هەر لە دیكارتەوە تاوەكو سپینۆزا و لایبنیتس لە جیهانبینیە فەلسەفییەكەیاندا هێزی ژیریان بە دەڤەر، كایە، پاوانی راستی، راستەقینە دانابێت، پشتیان بە تیۆری پێناسە و چەمكەكان بەستبێت44، ئەوا رابەرانی بزوتنەوەی رۆشنگەری لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بە گشتی و لە پڕۆسەی تیۆری زانیندا بە تایبەتی ئەو راستیەیان لە دەڤەری ئەزمون و شارەزایی و تاقیكردنەوەدا EMPIRISMUS دۆزیوەتەوە.

2-رۆشنگەری بزوتنەوەیەكی كولتوری، سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆجی، فەلسەفییە لەهەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدە لە سێ وڵاتی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیادا چالاك و كارا بووە. ئەو وشە كوردیە لەبەرامبەر وشەی ئەڵمانی AUFKLÄRUNG و وشەی ئینگلیزی ENLIGHTMENT بەكارهێنراوە.

بزوتنەوەكە بە گشتی لەسەرەتاوە لەبەریتانیا بەرپابووە، ئینجا پەڕیوەتەوە بۆ فەرەنساو لە شۆڕشی سەرتاپاگیری ساڵی (1789ز) دا بەرجەستە بووە، دوایی لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانیادا رەنگیداوەتەوە. ئەگەرچی هەر وڵاتە، كە ئەو بزوتنەوەیە تێیدا سەریهەڵداوە، رەوش و هەلومەرجی خۆیی و بابەتی تایبەتی خۆی هەبوە، بەڵام بزوتنەوەی هەرسێك وڵاتەكە خەسڵەت و سروشتی گشتی هاوبەشیان هەبووە، كە ناوكۆیی پێكەوە كۆیكردونەتەوە:

توێژینەوەی سەرچاوە، رێگە، سروشت، سنوری بڕكردنی زانینی مرۆڤ و تواناكانی تێگەیشتن (فام). بۆیە سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەدەن، كە ئەو

قۆناغە بە دەرکەوتن و چاپبوونی شاکارەکەی جۆن لۆك (توێژینەوەیەك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ ساڵی 1690ز) دەستیپێکردوە و بە بڵاوبوونەوەی کتێبی (رەخنەکردنی ژیری بێگەردی کانت ساڵی 1781ز) کۆتاییپێهاتوە. فەیلەسوفانی ئەو رێبازە لە کایەی تیۆری زانیندا رابەرانی رێبازی ئەزمونی بوون و لەو باوەڕەدابوون، کە هەستەکان سەرچاوەی زانینی جیهانی دەوروبەرە.

3- ئەگەر مرۆڤ لە فەلسەفەی فەیلەسوفانی قۆناغی رۆشنگەری هەرسێك وڵات ئینگلیز، فەرەنسا، ئەڵمانیا وردبێتەوە ئەو راستیەی بۆ ساغدەبێتەوە، کە ئینگلیزەکان سروشتئاسا ئیمپیریستین پشت بە ئەزمون و تاقیکردنەوە دەبەستن.

لە فەرەنسادا بە گشتی رەوت و رێبازی پۆزیتیڤیستی دەستی باڵایە و سەرنجراِدەکێشێت. POSITIVISMUS . ئەو ئاراستەیە بابەتی (پۆزەتیڤ) لە بار و ئەرێ و راستەقینەی گومان هەڵنەگر دەکات بە کەرەستەی توێژینەوە، مێتافیزیك بە لق و بابەتێکی بێسود نیشاندەدات و رەتیدەکاتەوە. شارەزایی و ئەزمون بە رێگەی دروستی گەیشتنە زانینی راست و راستەقینە دادەنێت. رێکخستنی کۆمەڵگە بە ئۆرگانە جۆر بە جۆرەکانیەوە و سنوردانان بۆ بێسەروبەرەیی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆجی و فەلسەفە جیاوازەکان پێویستی بە هێزێکی دیاریکراو هەیە، ئەو هێزە ناکرێت ئاین بێت، دوای هەزار ساڵی سەدەکانی ناوەڕاست دەستە پاچەیی کڵێسەی مەسیحی لەو کایە و دەڤەرەدا ساغبۆوە، بۆیە ئەو هێزە پشتئەستور بەژێر لە زانست بەولاوە نییە! زانستە دەتوانێت هەلومەرج، هۆکار، فاکتەرەکانی نەزم، سەرلەنوێ رێکخستنەوە دابینبکات و دەستەبەرببێت. بەو پێیە ئاین خاڵی سەرەکی لەدەستداوە، چونکە ئەو رێبازە وایداناوە، کە ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، لەدنیادا خۆی لەخۆیدا ئامانجە، بەهاو بایەخی خۆی هەیە نەك ئامرازێك بێ بۆ مەبەستێکی دوارۆژی نادیار و تەمومژاوی، ژیانی دوای مردن. ئەمە سەرەتایەك بووە بۆ سیکۆلار: جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و دەوڵەت.

لە کایەو پاوانی زانیندا ئەو ئاڕاستەیە کۆشاوە مێتافیزیك دوربخاتەوە و دیاردەکان بە پێی بنەمای میکانیکی –چەندێتی رون و لێکبداتەوە. زانینی زانستیانە لەسەرنجدانی دیاردەکان بەولاوە شتێکی دیکە نییە: رونکردنەوەی گەوهەری شتەکان بابەتی زانین و زانست نییە، چونکە لە کایەی سەرنجدانی دیاردەکان دەچێتە دەرێ و دەبێت بە کەرەستە و بابەتی باوەڕ (ئیمان) و ئاین. بایەخ و گرنگی ئەو جۆرە چالاکییە لەوەدا دەبێت جیهانی دیاردەکان بە رێکوپێکی لێکبدرێتەوە، رون و ئاشکرا بکرێت بۆ ئەوەی پەیپێببرێت و تێیبگەیشترێت[45]، جیاکردنەوەی کێشەی مێتافیزیك لە بابەتی زانستی زانستییانە خەمی رێبازی پۆزەتیڤیزم بووە. سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی زانستی سروشتی فیزیك ئەوەندە بەلای ئەو رێبازەی فەلسەفەوە پەسەندبووە، کۆشاون میتۆدەی ئەو زانستە بەکاربهێنن و بیگرنەبەر، بۆیە دەکرێت ئەو قۆناغە بە قۆناغی بەرامبەر یەکتری دانانی سروشت و ژێر ناوببرێت.

لەچوارچێوەی فەلسەفەی زانستی زانینی زانستیدا بە پێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە کۆششکراوە گەوهەر و دیاردە لەیەکتری جیاببنەوە و بە تەواوکاری یەکتری دابنرێن، چونکە وا دانراوە، کە توانای زانینی راستەقینەی مرۆڤ هەر ئەو دیاردانەیە، کە دەیانزانێت. دیاردە جیاوازەکان، کە لە پەیپێبردنی هەستەکی دێن و دەکرێت پەیانپێببرێت دیاردەی هەڵکەوتی راستەقینەن و ڕاستەوخۆ لەوە بـەولاوە زانینی هەستەکی ناتوانێت بیانزانێت و پەیانپێبەرێت. ئەو هەڵوێستە، کە جۆرە مێتافیزیکێك رەوا دەکات لەچوارچێوەی پڕۆسەی زانینی پۆزەتیڤیستیدا ئەوەی لێکەوتۆتەوە، کە بابەتی گەوهەر SUBSTANZ (بنەمای بنەڕەتی، سروشتی هەمیشە ماوە و نە گۆڕاو)، فۆڕمی گەوهەری خەسڵەتە لێڵ و تەمومژاوییەکان لە کایە، پاوانی زانین و توێژینەوەی زانستی دوربخرێنەوە، ئەو هەنگاوە بڕیارێکی بەلایەکداخەرانەی بەدوای خۆیدا هێناوە: پەسەندنەکردنی بڕیاری جیاکردنەوەی مادە لە گیان! ئەگەرچی ئەو بابەتە پتر دەستوەشاندنە

له لاهوت، بەڵام جێدەستی خۆی لەچوارچێوەی پڕۆسەی زانیندا بەجێهێشتوە. پۆزیتیڤیستەکان لەو باوەڕەدابوون، کە ناکرێت و ناشێت دیاردەکان بەهۆی هەبوونی گریمانەیی چەند بونەوەرێکی نادیار و شاراوە رونبکرێنەوە، یاخود لێکبدرێنەوە ئەو بونەوەرانە، کە ناکرێت بە پێی ئەو ئامرازانەی لەبەردەستی مرۆڤدان و هەیەتی ئیتر لە هەستەکانەوە بیگرە تاوەکو ئەزمون و شارەزایی ERFAHRUNG پـەردە لەسەر بوونی راستەقینەیان لا نادرێت و بە دڵنیاییلێکراوی پشتڕاستناکرێنەوە، ئەو بونەوەرانە بریتین لە گیان و مادە.

بەلای رێبازی پۆزەتیڤیستیەوە هیچ هێزێك ناتوانێت جیاوازی نێوان بوون و جیهانێکی گیانداری بە گیان و بە دەرون، لە جیهانێکی بێگیان و بێدەرون جیابکاتەوە. لەو سۆنگەیەوە ئەگەر مادە لەتێکڕای ئەو خەسڵەتە سروشتیانەی پەیانپێبراوە جیاواز بێت، بوونەکەشی کە بۆ مرۆڤ وەك دیاردە دەرئەکەوێت نەتوانرێت بە تەواوەتی، باشتر و بەبێ یارمەتی چەند چەمك و بۆچونێك رون بکرێتەوە، ئیتر بوونە گریمانکراوەکەی بە هیچ بنەمایەکی ژیر ساغ و پشتڕاست ناکرێتەوە46، کەوابوو بەوپێیە ئەو زانینەی لە دەستەواژەدا بە سایەی چەند چەمکێکی هەمەکی گشتییەوە فۆرمۆلە دەکرێت، ناکرێت لەبەرامبەریدا لە دەوروبـەری هەڵکەوتدا هیچ بەرامبەرێکی هەبێت. ئەو بۆچوونە رێبازی نۆمینالیستی سەدەکانی ناوەڕاست دێنێتەوەیاد، کە پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە چەمکە گشتییەکان تەنیا ناوی روت، پەتین و هیچ بەرامبەرێکیان نییە. مرۆڤ چەمکێکی گشتییە، ناوە، وێنەیە، لە مێشکدا ئەوی بوونی هەیە تاکەکانن لارە، لەنجە، میران، هانا، پشتیوان.

4-رابەرانی قۆناغی رۆشنگەری بە تایبەتی لە بواری فەلسەفەدا بە جۆرێك تەماشای قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستیان کردوە، کە سەردەمی تاریکی و دواکەوتویی بووە، بۆیە بە تەواوەتی پشتیانتێکردوە، کۆشاون ژیر، زانست رزگار بکەن و لە لایەکی دیکەوە سیاسەت و ئاین لەیەکتری جیابکەنەوە، ئەو

هەنگاوە لەسەدەی هەژدە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا هەڵیگرتوە. ئەو هەڵوێستە ژێرییە زانستییە لە دوو لاوە چالاك بووە:

- لە لایەکەوە هەوڵیداوە بنەما بنەڕەتییە ئاینییەکانی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی لاواز و بێتوانا بکات و مێشکی هاوڵاتیان بەوە روناکبکاتەوە، کە بوونی ئاین لە کۆمەڵگەدا هیچ پێویستییەکی ژیانی رۆژانە نییە و دەکرێت جێگەی ئاین پڕبکرێتەوە.

-لە خاڵی دووەمدا بوێرانە کار کراوە بۆ پوچەڵکردنەوەی بنەماو پشتیوانە فەلسەفییەکانی لاهوت و هەوڵدراوە ساغبکرێتەوە، کە رێساکانی لاهوت و دۆگمەکانی کڵێسەی مەسیحی بە هیچ فەلسەفەیەك پاساونادرێتەوە. ئەو ئاڕاستەیە تاوەکو رادەی توندڕەویی و سنوربەزاندن پێیداگرتوە، بەو رادەیە پەیوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام نکوڵیلێکراوە و بوونی شمەك ئیتر مادە، یان قانونی گشتی بووبێت، کە لەدواوەی فاکتەکانی تاقیکردنەوەی هەستەکی و ئەزمونەوە بن، دانیپێدانەنراوە!

5-ئەگەر لەچوارچێوەی زانستدا، لەسەردەمی رۆشنگەریدا، فیزیك بە بیرکاری ئاوێتە کرابێت، وەك زانست بە هەنگاو بـەرەو تەواوەتی بوون بەرەوپێش چووبێت، بە پێی ئەو سەردەمە لەبواری فەلسەفەدا فەیلەسوفەکان، دوای پەسەندکردنی پێکەوەگونجان و بە یەکەوە هاتنەوەی سروشت و ژیر، کۆشاون زانستێك، کە لەسەرچاوەی زانینەوە هەڵقوڵابێت دەربارەی سروشتی توانای تێگەیشتنی (فامی) مرۆڤ دابنێن و جۆن لۆکی ئینگلیز لەو کۆششەیدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە!. ئیتر زانین هیچیتر خەمی تێگەیشتنی (بوونی) نەماوە، بەڵکو بووە بە ئامرازێك بۆ ئاڕاستەکردنی کرداری مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا لێرەوە دڵنیایی تەواوەتی تەنیا لە بیرکاری و هاوکێشەکانیدا بەدیکراوە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت: ئەگەر ژیر و سروشت هەماهەنگبن، پێکەوەبێنەوە، ئایا ئەو وێنەیەی ژیر پشتئەستور بە ئەزمون دەیکێشێت و رەنگی

دەڕێژێت وەك ئەو وێنەیەی جیهان وایە، کە زانست دەربارەی جیهان دەیداتە دەست؟! ئەو پرسیارە تاڕادەیەك کاڵدەبێتەوە، ئەگەر مرۆڤ ئەوە بزانێت، کە جیهانی هەڵکەوتی راستەقینە بابەتی زانست نییە، بەڵکو کەرەستەی زانست وێنەی ئەو جیهانەیە، کە لە مێشکی مرۆڤدایە.

لەسۆنگەی تیۆری زانینی زانستیانەوە دەڤەر و پاوانی جیهانی هەڵکەوت ئەوەندەی بابەتی توێژینەوەی زانستە دەکرێت، بە سێ بەشەوە، هەر بەشە جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام پێکەوە بە تێکڕایی ئەو پێکهاتەیە پێکدەهێنن، کە بە وێنەی جیهانی زانستی سروشت ناودەبرێت: WELTBILD دەڤەرەکان ئەمانەن:

**یەك:-** جیهانی دەوروبەری هەڵکەوت (کۆی خەسڵەت و چۆنێتییەکان، شمەك و شت لە خۆیدا).

**دوو:-** چەمکە چەندێتیەکانی زانستی سروشت (فیزیك)، کە لە جیهانی هەڵکەوتەوە WIRKLICHKEIT کەوتونەتەوە و پشتی پێیان دەبەستێت-بە مەبەستی توێژینەوە – کۆی ئەو چەمکانە بە تێکڕایی جیهانی بۆچوون و چەمکی فیزیك پێکدەهێنن.

**سێ:-** وێنەو بۆچوونەکان کە بە هۆیانەوە چەمکەکانی بڕگەی47 دوو لە نێو هۆش و هۆشیاریدا بەرجەستە دەبن، ئەو سێ دەڤەرە بە تێکڕایی، کە هەڵکەوتی راستەقینەیان لێپێکدێت، تاونوپۆی ئەو چالاکییەیان لێدەکەوێتەوە، کە بە هۆش-هۆشیاری BEWUSSTSEIN ناودەبرێت.

6-دیارترین خەسڵەتی فەلسەفەی قۆناغی رۆشنگەری بە گشتی و تیۆری زانین بە تایبەتی هەڵوێست، ئاڕاستە رەخنەگری و رەخنەگرتن بووە:

-ئەو رەخنەگرتنە لە لایەکەوە روی لە فەلسەفەی باوی بۆماوە کردوە و پێی لەسەر ئازادی و بیرکردنەوە داگرتوە. هەر ئەو ئازادی بیرکردنەوەیە، بۆتە مایەی رۆنانی کولتور و بنەمای ئەو شارستانیەتەی، لەو سەردەمەدا جێگەی شانازی تێکڕای مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازە.

-ئازادی AUTONOMIE تاکە کەسان لە کرداری ژیاندا48. ئیتر مرۆڤ لەهەمو بوارەکانی ژیانیدا خواستی ئازادی هەیە چی هەڵدەبژێرێت و پشت دەکاتە چی. بەو پێیە ئەو هەڵوێستە دوو ڕەهەندی لێکەوتۆتەوە:

**شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن:**

-شیکردنەوەی زانینی مرۆڤ بە هەمو ڕەهەنەدەکانییەوە.

-ڕەخنەکردنی ژێر خۆی ئینجا ڕەخنەگرتن لە ئاین و ڕەوش و نەزمە کۆمەڵایەتییە سیاسییە دەستبەکارەکان لەژیانی کۆمەڵگەدا.

لەچوارچێوەی ئەو ڕەوشەدا دوو ئاڕاستە دەرکەوتون و دەستبەکاربوون

-ئاڕاستەی ژیرەکی-ئایدیالیستی. ئەو لایەنە بەوپەڕی کاراییەوە ڕۆڵی هەستەکان، ئەزمونی ڕەتکردۆتەوە و پشکی شێری، لە پڕۆسەی زانیندا، کە جێگەی دڵنیاییلێکردن بێت، بەژێر بەخشیوە و پێی لەسەر ئەوە داگرت، کە بوونی شت ئەوەیە پەیپێبردرێت و بزانرێت، بۆیە ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەزانرێت تەنیا بیرۆکە و بۆچوونەکانن.

-ئاڕاستەی هەستەکی-ئەزمونی: ئەو ڕێبازە کۆشاوە ساغیبکاتەوە، کە شتێك بوونی نییە پێی بوترێت بیر، بنەمای زگماك، چەمك و بۆچوونی گشتی هەمەکی، ئەوی هەیە تاکە و ئەو چەمکە گشتییانە لەناو بەولاوە شتێکی دیکە نین. شتێك لە مێشکی مرۆڤدا نییە ئەگەر پێشتر بە هەستێك لەهەستەکاندا تێپەڕنەبووبێت. ئەو ڕەوشە بۆتە مایەی بەگژداچوونەوەی مێتافیزیك و هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی لەکایەی فەلسەفەدا. هەڵوێستەکەی هیوم، کە داوایکردبوو کتێبی مێتافیزیك فڕێبدرێتە ناو ئاگردانەوە نمونەی ڕاستی ئەو ئاڕاستەیەیە.

7-ڕابەرانی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری، لە کایەی فەلسەفەدا بە گشتی و لە بابەتی تیۆری زانیندا لەوە گومانیان نەبوو، کە ڕاستی (هەقیقەت) ڕون و ئاشکرایە و مرۆڤ دەتوانێت پەیپێبەرێت و دەستی بیگاتێ و لە ناڕاستی و

چەوتی جیایبکاتەوە، بۆیە هەوڵیانداوە مرۆڤ ئازاد بێت، پێیان لەسەر توانای مرۆڤ ژیری مرۆڤ داگرتوە و رونیانکردۆتەوە، کە مرۆڤ پێویستی بەوە نییە ملکەچی هێزێکی سەرو سروشتی ترانسندێنتاڵی بێت، چونکە توانای پەیبردنی بە راستی و زانینی هەیە و نابێت و ناکرێت دەسەڵاتێکی بەسەردا بسەپێنرێت و رێنماییبکات بەو بیانوەوە کۆی رێگەی راستی گەیشتنە راستی نیشاندەدات. مرۆڤ ژیرە و بەو توانایەی زانستی داهێناوە. هەر دوولا (ژیر و زانست) ئەو رێگەیەن دەستەبەری بەرەوپێشچونی نەپساوە و پەرەسەندنی بەردەوام، کولتور، شارستانیەت و زانینی زانستیانە دەکەن! ئەو زانست و زانینە سروشتێکی مرۆڤی هەڵکەوت و راستەقینەیان هەیەو پەکییان لەسەر هیچ رێنماییەکی ترانسندێنتاڵی سەرو سروشتی نەکەوتوە!

-بەو پێیە ئەو رێبازە پاساوی پەیدابوونی زانین و تیۆری زانستی داوەتەوە و پێی لەسەر توانای لە بنەهاتوی مرۆڤ داگرتوە. بێگومان ئەو توانایەش بەندە بە دوو فاکتەری گرنگەوە:

**-یەك: تێبینی و ئەزمون و تاقیکردنەوە:-**

لایەنگرانی ئاراستەی ئەزمونی، کە ئاراستەیەکی سەرەکی بزوتنەوەی رۆشنگەری بووە، لەو باوەڕەدابوون و هەوڵیانداوە ئەو باوەڕەیان ساغ و پشتڕاست بکەنەوە، کە لەپێناو گەیشتن بە زانینی زانستییانە ناکرێت ژیر دەستبەرداری تاقیکردنەوە و ئەزمون ببێت. زانست بەندە بە بنەمای هۆکار و ئەنجامەوە AUSALITÄT. تاقیکردنەوەش دەریدەخات، کە دیاردەکان بەناچاری بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەو بەیەکەوە بەسترانەوەیە لە بەندی هۆکار و ئەنجام بــەولاوە نییە. لێرەوە بنەمای ئیندەکشن (ئیستقراء) دەکەوێتەوە و ئەو بنەمایەش پشت بە ئەزمون و تاقیکردنەوە دەبەستێت. کەوابوو ژیرو زانست هەرگیز ناتوانن بەبێ ئەزمون کاراو چالاك بن و ئەنجامی خوازراو دەستگیربکەن. زانست پشت بە بنەمای هۆکار، ئەنجام و ئیندەکشن

دەبەستێت و ئەم دوانەش بەهۆی تاقیکردنەوەوە رەوایی کارو چالاکیەکانیان پشتڕاستدەکەنەوە.

**دوو: رێباز و ئاڕاستەی ژیرەکی RATIONALISMUS.**

لەڕوانگەی ئەم رێبازەوە بیرکردنەوەی ژیریانە تاکە رێگە و سەرچاوەی زانینی راستەقینەی زانستییە! راستە زانینی زانستییانە، بەلای رێبازی ژیرەکییەوە پشت بە بنەمای هۆکار، ئەنجام (هۆیەکی) و ئیندەکشن دەبەستێت، بەڵام ئەم دوانە پابەندی ئەزمون و تاقیکردنەوە نین، بەڵکو هەردوکییان بنەمایەکی ژیریان هەیە و ئەو بنەمایە پێشییانە APIRIORI لەمێشکی مرۆڤدا هەیە و لە تاقیکردنەوەوە نەکەوتۆتەوە49! ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت، چۆن بوونی ئەو دوو ئاڕاستە رکابەرە، کە لە یەکتریدا لە سەنگەردان لە قۆناغێکدا کە لافی زانستییانە لێدەدات پاساودەدرێتەوە؟!

وردبوونەوەیەکی قووڵ بە چاوێکی رەخنەگرانە لە هەلومەرج، رەوشی کولتوری، ئابوری، ئایدیۆلۆجی، زانستی وڵاتانی ئەوروپا و ئینگلتەرەی ئەو سەردەمە، ئەو پرسیارە کاڵدەکاتەوە و مرۆڤ لە وەڵامەکەی نزیکدەبێتەوە. شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا بەرپابووە. ئەو رەوشە هەمیشە پشتئەستورە بە هەلومەرج و رەوشی راستەقینەی لەئارادابوو، بۆیە فەیلەسوفەکان، هیچ کاتێك سنوری ئەزمونیان نەبەزاندوە. بە پێچەوانەوە شۆڕشی سیاسی، شۆڕشی فەرەنسای ساڵی (1789ز)، رەنگی جۆری بیرکردنەوە و کولتوری ئەوسای ئەوروپای بەلای ژیردا بردوە. خۆ ئەگەر مرۆڤ پەرەسەندن و ئەنجامەکانی ئەو شۆڕشە، کە سەرتاپای ئەوروپای هەژاندوە لەبەرچاو بگرێت، ئەو راستیەی بۆ روندەبێتەوە.

-لە رکابەرێتی هەر دوو ئاڕاستەی ئەزمونی و ژیرەکی، رێبازێکی گومانکردنی میتۆدیی پەیدابووە و بڵاوبۆتەوە، بە تایبەتی گومانکردن لەتوانا، دروستی زانینی زانستییانە، بنەما و بنەڕەتەکانی، وەك بنەمایەکی هۆیەکی،

بنەمای پەیوەستی ناچاریی نێوان هۆکار و ئەنجام. ئەو گومانە بە تەکانی بەهێز فەلسەفەو زانستی بەرەو پێش بردوە، تەنانەت فەیلەسوفی ئەڵمانی کانتی لە خەوی غەفڵەت بە خەبەرهێناوەتەوە و بیرکردنەوەکەی بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا بردوە50.

# جۆن لۆك
# سروشت و سەرچاوەكانی زانین

1-تیۆری زانین، کە لقێکی سەربەخۆی فەلسەفەیە روخسار و ناوەڕۆکی تایبەتی خۆی پێبڕاوە، بە پرسیارێکی باو دەست بەکارو چالاکییەکانی دەکات:

-چۆن ئەو شتانەمان زانییوە، کە ئێستا دەیانزانین؟

ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی شیکاری رەخنەگرانە سەرنجی ئەو پرسیارە بدات بۆیدەردەکەوێت، کە چەند خاڵێکی گرنگ لەخۆدەگرێت:

-رێگەکانی زانین کامانەن، هەست، ژیر؟ هەر یەکەیان بە جیا یان هەر دووکیان پێکەوە؟ کامیان لەو کارەدا هەستەکان یان ژیر پشکی شێریان بەردەکەوێت؟

-سروشتی زانین چییە؟ ئایا ئەو شتانەی دەیانزانین چ خەسڵەت و تایبەتمەندیەکیان هەیە، گومانهەڵگرن؟ رێتێچوونن، یان بە تەواوەتی دڵنیاییان لێدەکرێت؟

-تا چەند زانین لەکردن دێت و شیاوەکییە؟ سنورەکانی زانین و بابەتەکانی کامانەن؟

لە چوارچێوە گشتیەکەدا، بە بێئەوەی هەندەکییەکان بە گرنگ و بەهەند دابنرێن، بابەتی تیۆری زانین ئەو سنورە نابەزێنێت و بە پێی پێناسەکەی لەو خاڵانەدا هاتووە، جۆرە سەربەخۆییەکی لەچاو بابەتەکانی دەرونزانی و ئۆنتۆلۆجی پێدەبەخشێت. هەر پشتئەستور بەو پێناسەیە، دەکرێت جۆن لۆك (21804-172ز) بە رابەرو دامەزرێنەری راستەقینەی ئەو تیۆرییە دابنرێت، چونکە ئەو فەیلەسوفە هەمە رەهەندە لە بەرهەمەکانیدا بەرێکوپێکی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، روخسار و ناوەڕۆکی تایبەتی بەبابەتەکە بەخشیوە و لەسەر دەستی ئەو بووە بە لقێکی سەربەخۆی فەلسەفە.

2-وا لە سەرچاوەکاندا هاتوە بزوتنەوەی رۆشنگەری ئەوروپا لەکایەی فەلسەفەدا بە شاکارەکەی جۆن لۆك (هەوڵێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ)، ساڵی 1667ز دەستپێکردوە و بە بڵاوبوونەوەی کتێبی رەخنەکردنی ژیری بێگەردی کانت ساڵی 1781ز کۆتاییهاتوە.

شاکارەکەی لۆك ئەو بەرهەمە بووە، بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی رێکوپێك

پرۆسەی زانینی کرد بە تیۆرییەکی سەربەخۆ لەنێو لقەکانی فەلسەفەدا و ناوی تیۆری زانینی پێبەخشراوە. ئەگەر مرۆڤ لەو بەرهەمە وردبێتەوە بەتایبەتی لەپێشەکییەکە، لە دەستپێکێکی بەرهەمەکەیدا بۆیدەردەکەوێت، نوسەر لە نێو جیاوازی بیروبۆچوون و ئاڕاستە هەمە رەنگییەکانی فەلسەفەی باوی سەردەمی خۆی، رێگەیەکی تری گرتبێتەبەر، رێگەی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی سروشت و سەرچاوەو توانای بڕکردنی زانینی مرۆڤ. لۆك لە سەرەتای بەرهەمەکەیدا ئەو لایەنەی بەو شێوەیە رونکردۆتەوە:

(دەمەوێت خوێنەر لەچۆنێتی و بەسەرهاتی نوسینی ئەم بەرهەمە ئاگاداربکەم، بۆیە دەمەوێت ئەوە بگێڕمەوە:

پێنج شەش هەڤاڵ و دۆست لەماڵەکەی مندا کۆدەبوونەوە بابەتێکیان شرۆڤە دەکرد، کە لە رەوشی ئەو سەردەمەمان دابڕاوە و ئەوپەڕی دوربوو. لە ناکاو روبەڕوی چەند کێشە و گرفتێك دەبوونەوە، کە لەهەمو لایەکەوە سەریانهەڵدەدا و دەگەیشتنە خاڵێکی مردوی بێگیان. دوای ئەوەی ئێمە ماوەیەکی دورودرێژ کۆششی بێهودەمان کرد، بە بێئەوەی بۆ ئەو گومان و ئەگەرەی ئێش و ئازاری دەداین، چارەسەرێك بدۆزینەوە و لێی نزیك ببینەوە، ئەو بیروبۆچوونە بە مێشکمدا هات: ئێمە تا ئێستا بە رێگەیەکی هەڵە و چەوتدا رۆیشتوین. پێشئەوەی دەست بەوجۆرە توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە بکرێت، ئەوپەڕی پێویستە ئەندام و ئامڕازە گیانییەکانمان تاقیبکەینەوە و لێیانبکۆڵینەوە، بۆئەوەی بزانین ئایا تێگەیشتن (فام)مان، خۆی بە چ بابەتێکەوە خەریکبکات و پەیپێبەرێت، سودبەخش دەبێت و سودمان پێدەگات.

ئەوەم لەگەڵ گروپەکەدا باسکرد قسەمانلێکرد، هەمویان بەیەك دەنگ ئەو قسەیەیان پەسەندکرد، رێککەوتین لەسەر ئەوەی ئەو بابەت و پرسیارە دەبێت یەکەمین کەرەستەی توێژینەوەمان بێت51.

لەو تێکستەدا لۆك چەند خاڵێکی گرنگی تیۆری زانینی هێناوەتە سەر خوانی باسکردن و قسەی لێوەکردون:

پێش ئەوەی هزرمەند بیربکاتەوە پێویستە شێواز و ئامڕازی کارکردنەکەی تاقیبکاتەوە بۆئەوەی پێش دەستبەکاربوونی لێیان دڵنیابێت! ئەو بڕیارە لە خۆیدا بارگۆڕین و خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەیە لە کایەو گۆڕەپانی فەلسەفەدا، چونکە پێ لەسەر دوو لایەنی سەرنجڕاکێش دادەگرێت:

-یەك: بیرکردنەوە، توانای زانینی مرۆڤ سنوردارە و ناتوانێت ئەو سنورە ببەزێنێت.

-دوو: هەستەکان ئامڕازی شت زانینن، بەڵام ناتوانن بابەتەکان لەخۆیاندا چۆنن وا نیشانمانبدەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەبارەیانەوە زانیاری و داتاو هاوردەمان پێشکەشدەکەن، ئایا ئەو کەرەستە و بابەت و زانیارییە هاوردانەی هەستەکان سودمان پێدەگەیەنن، یان دەبنە مایەی زیان پێ بەخشینمان52.

## بیرۆکەی زگماك

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە و دانانی بەردی بناغەی ئەو کۆشك و تەلارەی بە تیۆری زانین ناو دەبرێت، لۆك کۆشاوە ساغیبکاتەوە: هیچ جۆرە بیرۆکەیەکی زگماك لە مێشك، ناخ و (فامی) مرۆڤدا نییە. مێشك هەر لەکاتی لە دایکبوونەوە لاپەڕەیەکی سپی بێگەرد و خەوشە. هیچی لەسەر نەنوسراوە. TABULA RASA . تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە ئەو لاپەڕە سپییە پڕدەکاتەوە و شتی لەسەر دەنوسێت.

-ئەو رستە و دەستەواژە و بڕیارانە (حوکمەکان)، دەربارەی راستی و راستەقینەکان TATSACHEN تەنیا هەر بەهۆی تاکە رێگەی ئەزمونەوە ساغ و پشتڕاست دەکرێنەوە، ئایا راستن یان چەوتن؟!

3-لەسەردەمی لۆکدا لەپاوانی تیۆری زانیندا دوو ئاراستەی رکابەر لە ئـارادا بوون و هەر یەکە سەرگەرمی پاساودانی راستی و دروستی بیروبۆچوونی خۆی بووە:

-**ڕێبازی ژیرەکی.**

-**ڕێبازی ئەزمونی (ئیمپیری).**

ڕێبازی ژیرەکی ناوەکەی لە وشەی لاتینی RATIO کەوتۆتەوە. ئەو ئاڕاستەیە ئەوەندەی پەیوەندی بە پرۆسەی زانینەوە هەیە، دیکارت، سپینۆزا و لایبنیتس بە هەندێك جیاوازی ڕابەرییانکردوە، جیاوازی لەنێوان هەرسێك چەمکی: زانین، باوەڕ، بیروبۆچووندا دەکات. ژیر بە ئامرازی سەرەکی زانینێك دادەنێت، کە گومان هەڵنەگر بێت و دڵنیاییلێبکرێت (یەقینی بێت)، ئەگەرچی ئەو ئاڕاستەیە تاوەکو گەیشتۆتە لای دیکارت لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا پڕیشکی گۆڕانی پێداهەڵپڕژاوە، بەڵام لە پوختە و گەوهەردا، ڕابەر و لایەنگیرانی لەسەر چەند خاڵێك سوربوون و پێیان لەسەر داگرتوە:

-بە هیچ جۆرێك ناکرێت هەستەکان ڕێگە و سەرچاوەی دڵنیاییلێکراوی زانین بن. ئەو بڕیارە بەوە پاساو دراوەتەوە گوایە هەستەکان بە پێی کەسایەتی، ڕەوش، کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردادێت، زانین لەلای خۆیەوە دەبێت جێگیرو لە گۆڕان و گومان بەدور بێت. لە لایەکی دیکەوە زانین بەوە باوەڕ GLAUBE جیادەکرێتەوە، کە دەکرێت بە پێوەری تایبەتی ڕاست و دروستی و ناڕاستیەکەی ساغ و پشتڕاستبکرێتەوە. ئەو پێوەرە بەسەر باوەڕدا جێبەجێناکرێت و نایگرێتەوە.

-ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکی لەجیهانبینیەکەیاندا سورن لەسەر ئەوەی مرۆڤ لەو ڕۆژەوە لەدایکدەبێت، لە مێشك و ناخ و فامیدا چەند بیرۆکەی زگماك هەیە، ئەو بیرۆکانە بنەڕەتین، هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان بە شارەزایی، تاقیکردنەوە و ئەزمونی ژیانی ڕۆژانەوە نییەو پەکییان لەسەر هەستەکان نەکەوتوە، ئەو بیرۆکانە لەلایەن مرۆڤەوە، بەبێ ئەگەر و گومان وەك ڕاستی و ڕاستەقینە پەسەندن، بۆ نمونە بیرۆکەی: ڕەب، لەش، گیان، دەرون، ژیان، مردن، توانای ئامادەیی فێربوون و شت زانین.

4-جۆن لۆك لە چاکییە فەلسەفییەکاندا خۆی لە سەنگەرێکی دیکەدا

دیووەتەوە بەلایەوە شتێك نییە پێیبوترێت بیرۆکە و بنەمای زگماکی. ئەو پرسیارەی هێناوەتە سەر خوانی باسکردن:

چۆن بیرۆکە و بۆچوونەکان لە مێشکدا پەیدا دەبن53 .

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە کێچی خستۆتە کەوڵی رابەرانی رێبازی ژیرەکی و پڕیشکێك بووە ئاگری لەپاوان و قەدەغەی دەشتەکەیان بەرداوە، لۆك وتویەتی:

لـەلای هەندێك کەس ئەو کێشەیە بـڕاوەتـەوە گوایە چەند بیرۆکەو بنەمایەکی زگماکی ANGEBORENE لە مێشك و تێگەیشتندا (فام) دا هەیە. چەند چەمکێکی سادە، ساکار و سەرەتایی، چەند سیمبۆڵە پیتێك هەیە، کە دەرون و گیانی مرۆڤیان نەخشاندوە. دەرون هەر لەسەرەتاو دەستپێکی بوونیەوە ئەوانەی پێگەیاندوە و هێناونی بۆ سەر دنیا. بۆ ئەوەی خوێنەری بێلایەن لە هەڵە، چەوتی و نا دروستی ئەو گریمانەیە دڵنیابکەم و بڕوا بهێنێت، تەنیا ئەوەندە بەسە کە من نیشانی بدەم، چۆن مرۆڤ تەنیا هەر بەهۆی بەکاربردنی توانا سروشتیەکانیەوە، بە بێ کۆمەك و یارمەتی هیچ کامێك لەو وێنە زگماکییانە، بەو زانینانە دەگەن، کە دەیانزانن، بە بێ ئەو چەمکە بنەڕەتییانە، یان بەبێ بنەماکان بە دڵنیایی دەگەن54.

لۆك لەو تێکستەدا وا نیشانیداوە، کە لایەنگرانی رێبازی ژیرەکی باوەڕیان بە بوونی بیرۆکەی زگماك هەیە و بە بێ پشتبەستن بە ئەزمون تەنیا، بە سایەی ئەو بیرۆکە زگماکانە دەکرێت مرۆڤ شت بزانێت، بەڵام بەلای ئەو فەیلەسوفەوە، لەتوانای مرۆڤدا هەیە تەنیا بە رێگەی ئەزمون و بە بێ کۆمەکی ئەو بیرۆکە زگماکییانە شت بزانێت! لە لایەکی دیکەوە زانین و باوەڕبوون دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن.

5-کەوابوو، پشتئەستور بەوەی تا ئێستا قسەی لێکرا، بە دواداچوونی بنەڕەت، بنج، بناوانی بیرۆکە و بۆچوون، کە ناوەڕۆك و پوختەی هۆش و هۆشیاری پێکدەهێنن، ئەو سنورەیە هەر دوو رێباز و ئاڕاستەی فەلسەفەی

ژیرەکی و ئەزمونی لە یەکتری جیادەکاتەوە. ئیتر لەو سۆنگەیەوە لۆك کۆشاوە ساغیبکاتەوە:

-بیرۆکە و بۆچوونی زگماکی بوونیان نییە.

-سەرجەم و تێکڕای ناوەڕۆکی هۆش و هۆشیاری و هەستەکان لە بنەڕەتەوە، کە کەرەستەی ئەزمون و شارەزایین و بەسایەی ئەوانەوە پەیدابوون و کەوتونەتەوە55.

بۆ ساغکردنەوەی ئەو ئەرکە، لۆك لەدوو لاوە کۆشاوە، کە هەردووکیان تەواوکاری یەکترین:

-لایەکی نالەبار (نێگەتیڤ)، لێرەدا بە گژ رابەرانی رێبازی ژیرەکیدا چۆتەوە. بیرۆکە و بنەما زگماکیەکانی تاوتوێکردوە بە مەبەستی پوچەڵکردنەوەی بنەڕەت و بەڵگەی بوونەکەیان.

-لایەکەی دیکە لەبار (پۆزەتیڤ) بووە، بە پشکی رۆنان و دامەزراندن دادەنرێت، دوای پوچەڵکردنەوەی گریمانەی بوونی بیرۆکەی زگماك، سیستمییانە، هەوڵیداوە بنج و بناوانی دروستی و راستی رێبازی ئەزمونی ساغ و پشتڕاست بکاتەوە، ئینجا هاتۆتە سەر ئەوەی رونیبکاتەوە، کە چەمکی پەتی و دەستەواژە ئەبستراکتەکانیش بە واتای کات-زەمەن- زگماك نین.

کەواتا ئەو پرۆژە و کۆششەی لۆك چۆنە و بە چ ئاڕاستەیەکدا تەکانی داوە و هەنگاوی هەڵگرتوە؟!

6-لۆك هەوڵیداوە ساغیبکاتەوە مێشك، فام، ژیر، لاپەڕەیەکی سپی بێگەردە تاقیکردنەوە و ئەزمونی ژیانی رۆژانە بە رێگەی هەستەکانەوە زانینیان پێدەدرێ، بۆیە وتویەتی:

- لە مێشکدا شتێك نییە، ئەگەر پێشتر بە هەستەکاندا تێنەپەڕی بێت. بۆ ساغکردنەوەی ئەو بڕیارە بەڵگەی رێبازی ژیری بەو جۆرە تاوتوێکردوە، بێگومان بە مەبەستی پوچەڵکردنەوەی:

بەلای ئەو فەیلەسوفەوە قسەی ژیرەکییەکان راست نییە، چونکە هیچ زارۆك و منداڵێك، هیچ نەزانێك تاکە بۆچونێکی سادە و ساکاری لە بارەی ئەو بنەماو بیرۆکە زگماکیانەوە نییە56.

خۆ ئەگەر ئەو بیرۆکانە بۆ نمونە: بنەماکانی لۆجیك و بیرکاری بنەمای هەمەکی-گشتی بوونیان هەبوایە دەبوو بە بێ جیاوازی هەمو کەسێك بیزانیبانایە، بەڵام وانییە و رەوشەکە بە تەواوەتی بە جۆرێکی دیکەیە. خۆ ئەگەر ئەو بیرۆکە و بنەمایانە گشتی-هەمەکی (کلی) بوونایە ئەو گشتی-هەمەکیەتە بە هیچ جۆرێك نابێت بەو بەڵگەیە زگماکی ئەو بنەماو بیرۆکانەی پێ پشتڕاستبکرێتەوە57.

## سروشتی زانین

1-بە مەبەستی گەیشتن بە دڵنیایی (یەقین) و خۆ پاراستن لە گشت ئەگەر، گومانێك و جیاکردنەوەی زانین لە باوەڕ، بازوی توێژینەوەی زانینی توانای هزرو بیری مرۆڤی لێهەڵماڵیوە:-

-ئەگەر مرۆڤ بتوانێت بە رێبازو میتۆدەیەکی دروست پەیی بە راستی بنەماکانی زانینی مرۆڤ بەرێت و لێی دڵنیابێت بۆی ساغدەبێتەوە، کە بنەما بنەڕەتییەکانی ئاڕاستەی ژیرەکی نا دروست و چەوتن.

-دڵنیابوون لە تواناو سنوری زانینی مرۆڤ دەستەبەری ئەوە دەبێت، مرۆڤ دەستبەرداری توێژینەوەی ئەو بابەتانە ببێت، کە سنوری زانین و پەیپێبردن دەبەزێنن، ئەگەر مرۆڤ لە سروشتی مرۆڤ وردبێتەوە بۆیدەردەکەوێت دوو جۆر زانین هەیە:

یەك: ئەو جۆرە زانینەی، کە دەکرێت بگاتە ئاستی دڵنیاییلێکردن و هەمو جۆرە ئەگەر و گومانێك دەڕەوێنێتەوە.

دوو: زۆربـەی هەرە زۆری ئەو شتانەی مرۆڤ دەیانزانێت و زانیونی

هیچ پەیوەندیان بە بنەما زگماکییەکانەوە نییە، بگرە تایبەتمەندی و خەسڵەتی رێتێچوونیان هەیە، دورنییە تاقیکردنەوەی دوارۆژ پێچەوانەکەیان پشتڕاستبکاتەوە. لەو دوو خاڵە ئەنجامێك دەکەوێتەوە وا سوك و ئاسان نییە، لەلایەن هەمو کەسێکەوە پەسەندبکرێت:

ئەگەر بشێت و راستبێت زانین پشت بە ئەزمون و تاقیکردنەوە ببەستێت، هەروەك جۆن لۆك هەوڵی جێگیرکردنی ئەو بۆچوونەی داوە، ئەوا هیچی تر دەرفەتی قسەکردن لەزانینێکی پێشییانەی جیهانی ترانسندێنتاڵی سەرو سروشت نامێنێت، چونکە زانین بە ئامرازی ئاسایی تەنیا هەر لە رادە و سنوری زانینی سروشت و جیهانی دەوروبەری مرۆڤدا کاراو چالاك، دەستبەکاردەبێت. ناکرێت و ناتوانێت سنوری جیهانی ئاسایی ببەزێنێت.

-مرۆڤ تەماشادەکات، سەرنجدەدات و بیردەکاتەوە، ئەو چالاکییە بە دوو ئاڕاستەدا هەنگاو دەهاوێژێت:

یەك: لەلایەکەوە راستەوخۆ روو لەو کەرەستە و شمەك و بابەتانەی دەوروبەر دەکەن، کە دەکرێت بزانرێن و بەپێی هەستەکان پەیانپێببردرێت و هەستیانپێبکرێت، یان:

دوو: رو لە پرۆسەی ناوەکی ناخ و دەرون و مێشك دەکەن.

ئەوەی ئێمە هەستیپێدەکەین، یاخود لە بارەیەوە بیردەکەینەوە، ئەوانە هەر دوکیان سەرچاوەی زانینن.

بیرۆکەو ئایدیاکان، کە ئێمە سروشتئاسا هەمانن، یان لە مێشك و ناخی دەروماندان لێیانەوە هەڵدەقوڵێین.

2-هەستەکانی مرۆڤ لەگەڵ شمەك و بابەت و کەرەستەکانی دەوروبەر، کە دەکرێت هەستیانپێبکرێت جۆرە پەیوەندیەکی پردئاسا هەڵدەبەستین، بە پێی ئەو کارەی بابەتەکانی دەوروبەر لە هەستەکانی دەکەن، زنجیرەیەك هەستکردن، تێبینی، بۆچوون، بیرۆکە، وێنای جیاواز لە مێشك، فام و دەروندا

دەنەخشێن. بەو پێیە بیرۆکە (ئایدیا)کان کە ئێمە لە بارەی ڕەنگی زەرد، سپی و ڕەش، دەربارەی چۆنیەتییەکان: گەرم و سارد، تەڕ و وشك، نەرم، سەخت، چیڕ، تاڵ، شیرین، ئەمانە پەیدادەبن و دەکەونەوە. ئەوانە گشتییان بە کۆی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەن، کە بەهۆی هەستەکانەوە پەیانپێدەبردرێت و دەزانرێن ناودەبرێن. ئەوە لایەنی هەستەکییە.

سەرچاوەیەکی دیکەی بەخشینی بیرۆکە و ئایدیا بە مێشك و فام: تێبینی و هەستکردنە بە پرۆسەی چالاکی دەرونی و گیانی مرۆڤ خۆی. ئەگەر دەرون و مێشك بکەونە ڕەوشی بیرکردنەوە و ڕامان و سەرنجدان، بیرۆکە و ئایدیا لە نێو مێشك و تێگەیشتن (فام)دا گەڵاڵەدەبن وەك نمونە:

تێبینی، هەستکردن، هزرو بیرکردنەوە، ئەگەر و گومان و دڵکرمێ بوون، بڕوا و باوەڕکردن، بڕیار (حوکمدان) و ئەنجامگیریی، خواستن، زانین.

سەرچاوەی بیرۆکەکان تەنیا هەر لەنێو ناخی دەرونی ناوەوەی مرۆڤدایە، پەیوەندی هەستەکی و هەستییانەی بە جیهانی شمەکی دەوروبەرەوە نییە. ئەو لایەنە بە هزر و ڕامان و قووڵبوونەوە58 بە ناخدا REFLEXION ناودەبرێت.

3-بەو پێیە هەر کاتێك لە هەر شوێنێك تێبینی و هەستپێکردن هەبوو هەر لەوێ زانین پێکدێت و پەیدادەبێت، بەڵام کە باسی زانین دەکرێت مەبەست لە چ جـۆرە زانینێکە؟ بـەلای لۆکەوە زانین ئەگەرچی پلەی جیاوازی هەیە، بەڵام بە گشتی دەکرێت بە سێ جۆری لە یەکتری جیاواز، لە هەمانکاتدا یەکتری تەواوکار:

یەك: زانینی بۆ هاتن: INTUITIVE. ئەو زانینە لەچاو جۆرەکانی تری زانین پتر جێگەی دڵنیاییە، خۆی لە خۆیدا بەڵگەنەویستە و پەکی لەسەر ساغکردنەوە نەکەوتوە.

مێشك ڕاستەوخۆ بۆخۆی بە ڕێگەی پێکەوەگونجان، یان پێکەوەنەگونجانی دوو بیرۆکە بە بێ یارمەتی بیرۆکەیەکی دیکە ئەو زانینەی59 دەستگیردەبێت.

بۆ نمونە مێشك پێویستی بەوە نییە ساغیبکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت، سپی هەر سپییە!.

دوو: زانین بەهۆی ساغکردنەوە و سەلمێنە: DEMONSTRATION. ئەو جۆرە زانینە ئەو کاتە پەیدادەبێت و سەرئاودەکەوێت، کاتێك ژیر، مێشك، پەی بەوە دەبات بە بێ کۆمەك، یارمەتی و ناوبژی بیرۆکەی دیکە ناتوانێ پێکەوەگونجان و پێکەوەنەگونجانی دوو بیرۆکە بزانێت. کاتێك مێشك ناتوانێت دوو بابەت پێکەوە بەراوردبکات، پەنادەباتە بەر بابەتێکی دیکە، ئەو پەنابردنە بەر بابەتی تر، دەکرێت بە سەلمێنە و ساغکردنەوە دابنرێت60.

**سێ: زانینی هەستەکی: SENSITIVE .**

نزمترین پلەی زانینە لە چاو دووەکەی تردا. ئەو جۆرە پەیوەندی بە پەیبردن بە جیهانی دەوروبەرەوە هەیە، بەڵام لە دڵنیاییلێکردندا، بە پێی سروشتەکەی، ناگاتە ئاست و پلەی ئەوانی تر61.

زانین پرۆسەیەکە لە پەیپێبردن بە پێکەوەگونجان، یان بەیەکەوە نەهاتنەوە، نەگونجان و هەڵنەکردنی پێکەوەی بیرۆکە و بۆچوونەکان، کە بە ڕێگەی بڕیار (حوکم)دان دەردەبڕدرێت، بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

جۆن لۆك لە بەرهەمەکانیدا ئەرکی فەلسەفەی لەوەدا دۆزیوەتەوە، کە دواتر بوو بە تیۆری زانین، توێژینەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ. ئەو لایەنە لەتوێژینەوەی سەرچاوە، بنج و بناوان و پلەی دڵنیاییکردن، سنور و سروشتی زانینی مرۆڤدا پێکدێت، ئینجا تاوتوێکردنی بنەما، هۆکار، پلەو ڕادەی باوەڕ و بڕواو بۆچوون. ئەم کۆششە لۆکی کردوە بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی تیۆری زانین.

لەو سەردەمەماندا تیۆری زانین، کە بەشێکە لە ڕێبازی زانینی زانستییانە و تیۆری زانست، شانبەشانی لۆجیك بووە بە کەرەستەو بابەتی سەرەکی فەلسەفە.

# جۆرج بارکلی
# پەیپێبردن و ڕێبازی نامادیەت!

1- لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی فەلسەفەدا فەیلەسوفێك بەهۆی بابەتێك، پرسیارێك، کێشەیەك کە وروژاندوێتی و بە ناویەوە تۆمارکرابێت، گرەوی بردۆتەوە و قۆناغەکە بەناوی ئەوە ناوبانگیدەرکردوە. فەیلەسوف و کەشیشی ئینگلیزی بارکلی (16-851753ز) نمونەیەکی بەرچاوی کۆتایی سەدەی حەڤدە و ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیە و ئەو رۆڵەی گێڕاوە. بارکلی لەو باوەڕەدا بووە، کە بێئیمانی (کوفر و ئیلحاد)، گومانکاری و دوژمنایەتیکردنی ئاین، سەرچاوەی سەرەکی هەڵە، چەوتی و کێشە سەختەکانی زانستن. بارکلی وتویەتی:

(لە هەر جێگەیەك کێشە و سەختی زانست و هەڵە هەبوو، دەبێت لە رەگوریشەی گومان، (ئیلحاد) و دوژمنایەتیکردنی ئاین بکۆڵرێتەوە62 . ئەو رەگوریشەیە لە هەبوونی گەوهەری مادیەت بەولاوە نییە!)

لەو تێکستەدا ئەو فەیلەسوفە لە بنەڕەتدا کەشیشی کڵێسەی ئاینی مەسیحی، بوونی رێبازی گومانی بە مەترسی لەسەر زانست و بێئیمانی بە مەترسی لەسەر ئاین، بەرامبەر بە یەکتری داناوە و هەردوکیانی خستۆتە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە. ئەو بڕیارە سەرنجڕاکێشە بە چ بنەمایەك پشتئەستورە؟ چۆن پاساو و لێکدەدرێتەوە؟ لە کایەی تیۆری زانیندا چ ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟ دەکرێت ئەو ئەنجامەی لێبکەوێتەوە، کە دواتر بە نامادیەت ناو براو و ناسراوە؟

ئەو رەخنە رادیکاڵیەی لۆك لە توێژینەوەکانیدا، پشتئەستور بە زانستە ئەزمونییەکان لە مێتافیزیکی بۆماوە و تیۆری زانینی گرتوە لە سەدەی هەژدەدا لە لایەن بارکلی و دواتر لە لایەن هیوم، درێژەپێیدراوە و پتر توند و رادیکاڵتر کراوە. تەنانەت لە لای بارکلی رەخنەکرنی زانینی ئیمپیری63، بۆتە مایەی پاساودانەوەی شایستەیی لاهوت! کەچی لای هیوم نەك هەر مێتافیزیك، بەڵکو فەلسەفەی بۆماوە بە گشتی بۆ سود و قازانجی توێژینەوە زانستییەکان پاشەکشەیکردوە.

2-ئەو هەڵوێستەی بارکلی، کە بە سود، قازانجی لاهوت و ئاینی کڵێسەیی تەواوبووە، شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبووە، چونکە خۆی لە بنج و بنەڕەتدا رابەرێکی ئاینی بووە!

لە کایەو پاوانی تیۆری زانیندا درێژەی بە ئاڕاستەکەی جۆن لۆك داوە و کۆشاوە ساغیبکاتەوە، کە بۆچوونەکان (IDEAS) بە شارەزایی ناوەکی (ناخ) و دەرەکییەوە بەندن و ئەوەی مرۆڤ دەیزانێت تەنیا هەر راستەوخۆ بۆچوونەکانن و هیچ دەربارەی شمەکی دەوروبەر نازانێت.

ئەو هیچ نەزانینە دەربارەی دەوروبەر گەیاندویەتییە ئەو رادەیەی بوونی گەوهەری مادیەت (مەتریاڵی)، نابکات. ئایا ئەو ناکردنەی مادە دەکرێت وا لەخاوەنەکەی بکات بەکۆنەپارێز، ئایدیالیست و ئەنتی مەتریالیست دابنرێت؟ یان ئەو ناوانە ناتۆرەن نا حەزانی بۆیان هەڵبەستوە؟ باشە ئەنتی مەتریالیست خۆی لەخۆیدا چییە؟ بەچی لە پێچەوانەکەی جیادەکرێتەوە؟!

-هیچ ئەگەر و گومانێك هەڵناگرێت، کە بوونی شت لە خەسڵەت و تایبەتمەندی بەولاوە نییە. بەلای جۆن لۆکەوە ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە دەکرێت سەرەکی بن یان لاوەکین (بەرامبەر بە وشەی ئەڵمانی SEKUNDÄR)، ئەو جیاکردنەوەیەی خەسڵەتەکان لە کاتی خۆیدا بۆتە مایەی گازندەکردنی ئەو فەیلەسوفە گوایە نەك هەر دەرگەی لەبەردەم گومان خستۆتە سەرپشت، بگرە کەلەبەرێکی قوڵ و بەرینی کردۆتە نێوان زانین و جیهانی دەوروبەر! چونکە ئەو دابەشکردنەی خەسڵەتەکانی خستۆتە نێو پاوانی ئۆنتۆلۆجییەوە بەوەی هەندێکیانی کردوە بە گەوهەری مادەیی، هەندێك کەرەستە، بابەت و هەندێکی دیکەی کردوە بە خەسڵەتی خودی. بەلای بارکلییەوە ئەو جۆرە دابەشکردنە چەوت و چەواشەکردنە. بەوەش خواستویەتی بوون لە گەوهەری مادەیی زەوتبکات! چونکە ئەگەر مرۆڤ باسی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکان EIGENSCHAFTEN بکات، کە بابەت، کەرەستە و شمەکان هەیانە دەرفەتی بوونی بابەتەکان دەستەبەردەبێت و ئەو بوونە پەسەنددەکرێت. بەلای بارکلییەوە خۆ ئەگەر مرۆڤ بتوانێت بیر لەو بابەتە بکاتەوە یان بە بیری خۆیاندا بهێنێت، دەبێت ئەو توانایەی هەبێت لە بارەیانەوە چەند بیرۆکەیەك IDEEN لە ناخیدا بنەخشێنێت، ئەمەش وا دەگەیەنێت، کە ئەوان تەنیا لە خەسڵەتە سەرەکییەکان پێکبێن، ئیتر دەبێت مرۆڤ کۆی بیرۆکەکان

وێنا بکات، کە لەتێکڕای ئایدیای خەسڵەتە سەرەکییەکان دەکەونەوە64، بەڵام وردبوونەوە و ڕۆچوون بەناخی دەروندا INTROSPEKTION دەریدەخات و نیشانیدەدات ئەو کارە لە کردن نایەت بۆ؟

3-بە باوەڕی بارکلی ئەوی وایدابنێت، کە روخسار، وێنە، بزوتنەوە و خەسڵەتە سەرەکیەکانی دیکە، کە بنەڕەتین لە دەرەوەی گیان و دەرون لە گەوهەرێکی بیرنەکەرەوەدا بوونیان هەیە دان بەوەدا دەنێت، کە ئەو بڕیاردانە رەنگ و دەنگ، گەرمی و ساردی و خەسڵەتە لاوەکییەکانی دیکە ناگرێتەوە و بەسەریاندا جێبەجێناکرێت، بەو جۆرە نییە. لە دوایدا رونیدەکاتەوە، کە ئەوانە چەند هەستپێکردنێکن تەنیا هەر لە گیان و ناخی دەروندا بوونیان هەیە! پابەندی چەند قەوارە و خەسڵەت و بزوتنەوەیەکی چەند بەشێکی بچوکی مادەن و هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە دەوروژێنرێن. ئەوان ئەوە بە راستییەك دادەنێن، کە بواری هیچ گومان لێکردنێك نادات و لەو باوەڕەدان دەتوانن ئەمە بە وردی و دڵنیاییەوە ساغ و پشتڕاست بکەنەوە. خۆ ئەگەر ئەمە وابێت و جێگەی دڵنیایلێکردن بێت، ئەو خەسڵەتە بنەڕەتیانە لەگەڵ خەسڵەتەکانی دیکە، کە دەکرێت هەستیانپێبکرێت، یەکیانگرتوە و ناکرێت بە ڕێگەی پەتیکردنیانەوە لە یەکتری دابڕێن و جیابکرێنەوە، بە ئاشکرا ئەوە دەکەوێتەوە ئەوان تەنیا هەر لە گیاندا GEIST بوونیان هەیە. بارکلی وتویەتی:

من داوادەکەم بە ناخی خۆیاندا قوڵببنەوە و تاقیبکەنەوە: ئایا دەتوانرێت بە ڕێگەی پەتیکردنی بیرییەوە کشان و بزوتنەوەی لەشێك بە بێ گشت خەسڵەتە هەستپێکراوەکانی دیکە تێیانبگەیشترێت و پەیانپێببردرێت؟ من لە لای خۆمەوە هۆشیار و بەرچاورونم، کە لەتوانامدا نییە بیرۆکەی لەشێکی کشاو و جوڵاوە بنەخشێنم و ڕۆبنێم، بە بێئەوەی لە هەمانکاتدا رەنگێك، یان خەسڵەتێکی تری هەستەکی پێ ببەخشم، کە هەر تەنیا وەك دانیپێدانراوە، لە نێو گیاندا بوونی هەیە. بە کورتی:

کشان، روخسار (وێنە)، بزوتنەوەی دابڕاو، پەتیکراو لە هەمو خەسڵەتەکانی دیکە وێناناکرێت و ناکرێت بە بیردابێن. ئیتر لەو جێگەیەی ئەو خەسڵەتانەی

بە ڕێگەی هەستەکانەوە دەکرێت بزانرێن و پەیانپێببردرێت، دەبێت ئەوانی دیکەش هەبن بە تایبەتی لە نێو گیاندا و نەك لە جێگەیەکی دیکەدا65، لەو تێکستەی بارکلییەوە دوو خاڵ دەکەوێتەوە، ئەگەرچی تیۆری زانین و مێتافیزیك و ئۆنتۆلۆجی تێکەڵاوی یەکتری دەکەن، بەڵام بوونەتە مایەی کێشە و بەرەیەکی زەبەندە لە نێوان هزرمەند و فەیلەسوفەکاندا.

یەك: بوون پەیپێبردنە: ESSE EST PERCIPI .

دوو: بوونی جیهانی دەوروبەر پابەندی خۆیەکە، کە پەیپێبەرێت، ئەو بنەمایە لە هەندێك سەرچاوەدا بە نامادیەت ناوبراوە.

ئەگەرچی ئەو دوو خاڵە وادێتە بەرچاو، کە تاڕادەیەك سەربەخۆن و هەردووکیان دەچێتە خانەیەکی تایبەتیەوە، بەڵام هەردووکیان تەواوکاری یەکترین، تانوپۆی ئەو کۆشکە - جیهانبینیەن، کە بە فەلسەفەی ئایدیالیستی خۆیی جۆرج بارکلی ناودەبرێت.

4-لە روبەڕوبوونەوەی بیرۆکەی هەندەکی و هەمەکی (گشتی) و پەتی (ئەبستراکت)، بارکلی گەیشتۆتە ئەوەی بڕیاربدات، کە بوونی شت کاتێك ساغ و پشتڕاست دەبێتەوە، کە لە لایەن خۆیەکەوە (مرۆڤێکەوە)، بزانرێت، پەیپێببردرێت، بابەت و شمەکی جیهانی دەوروبــەریــش لە کۆی چەند بیرۆکەیەك (COLLECTIONS OF IDEAS) بەو لاوە نین. ئەو دوو بڕیارە سەرسوڕهێنەرە چۆن کەوتونەتەوە و پاساو دەدرێنەوە؟!

-بوونی بیرۆکەی هەمەکی (گشتی) پەتی، پشتڕاستناکرێتەوە. ئایا دەکرێت بزوتنەوە لەخۆیدا وەك بیرۆکەیەکی هەمەکی پەتی بەبێ لەشێك، کە دەبزوێتەوە بە بێ دیاریکردنی ئاڕاستەو خێراییەکەی وێنابکرێت و بە بیر و بۆچووندا بێت؟! بیرۆکەیەك گشتی دەبێت، کە لە کات و جێگە دابڕێندرا. هەمەکی دەبێت ئەگەر خەسڵەت و تایبەتمەندی گشت تاکەکانی گرتەخۆی و خەسڵەتی هەندەکی تاك، کە تاکەکان لە یەکتری جیادەکاتەوە دوریخستەوە. ئایا ئەو ئەنجامەی لەو پڕۆسە ئاڵۆزە دەکەوێتەوە بیرۆکەی هەمەکی رۆدەنێت،

یان وێنەیەکی هەمەکیپەتی دەنەخشێنێت؟! ئایا دەکرێت ئەو بیرۆکە وێنەیە لە پەیپێبردنی هەستەکیدا بوونی هەبێت یان نا؟! بەلای منەوە بارکلی لەو سەرەوە هاتۆتەوە، کە لەو باوەڕەدا بووە ناکرێت، سێگۆشەیەك، مرۆڤێك وێنابکرێت و خەسڵەت و تایبەتمەندی66 هەندەکی (تاکی) خۆی نەبێ و لەوانی دیکە جیاینەکاتەوە!

کەوابوو بوون ئەوەیە، کە پەیپێببردرێت، لە تێبینی و پەیپێبردن و زانینی هەستەکیدا بوونی ئامادەگی هەبێت. بەکارهێنانی چەمکی (بوون)، بۆ ئەو شمەکەی هەستەکی، کە هەست بە بوونیاندەکرێت ئەوە دەگەیەنێت، کە من ببینم، دەستیلێبدەم، هەست بە بوونی بکەم. بارکلی وتەنی من لەسەر کورسییەکەم دانیشتوم، مێزەکەم لەبەردەمم دایە و لەسەریدەنوسم، دەیبینم و دەستیلێدەدەم، هەست بە بوونی دەکەم. بوونەکەی لەپەیپێبردنی هەستەکانمدا هەیە، ئامادەیە، لەبەر چاو و دەستدایە. خۆ ئەگەر هەستم و ژورەکەم بەجێبهێڵم و بچمەدەرێ، چی رودەدات؟ وشەی (بوون)، واتاو بوونی دەمێنێت؟! ئەو واتایەی جارانی دەمێنێت، کە من لەژورەکەمدا لەسەری دەمنوسی؟ هەستم بە بوونی دەکرد؟ وێنەکەی بە چاو دەمبینی و لە مێشکمدا بوو؟

بوونی شت، هەبوونی شمەك ئەگەر بە بیردا نەیەت و کار لە هەستەکان نەکات و نەیانوروژێنێت، بەهیچ جۆرێك لەو بوونە ناگەیشترێت، کەوابوو (بوونی شت، بوون ئەوەیە پەیپێببردرێت، هەستیپێبکرێت و بزانرێت)67، ناکرێت، ناشێت و لە کردن نایەت (بوونێك DASEIN) لە دەرەوەی ژیر و گیان یان بە بێ بیرکەرەوەیەك، کە هەست بە بوونی دەکات و پەیپێدەبات هەبێت، کەوابوو ئەگەر بوونی راستەقینە ئەوە بێ هەستیپێبکرێت و پەیپێببرێت، هەمو ئەو بابەت، کەرەستە و شمەکانەی هەست بە بوونیان دەکرێت و وشەی بوونیان بۆ بەکاردەهێنرێت، بیرۆکەن و لە مێشکدا هەن! ئایا دەکرێت ئەو بیرۆکانە وێنەبن و ئاماژە بە بابەتەکان بدەن لە دەرەوەی مێشك و گیاندا؟

ئەگەرچی بارکلی لە چوارچێوەی جیهانبینیە فەلسەفیەکەیدا، کە هەتا بڵێی سەرنجڕاکێشە و شایستەی رامان و بیرلێکردنەوەیە، تیۆری زانین و مێتافیزیکی زیرەکانە تێکەڵاوی یەکتری کردون و بە ئاسانی لە یەکتری جیاناکرێنەوە، بەڵام ئەو کێشەیە تاڕادەیەك کاڵدەبێتەوە ئەگەر مرۆڤ بۆی ساغبێتەوە، کە چوارچێوە و پاشخانی جیهانبینی ئەو کەڵە فەیلەسوفە پەروەردە و پێگەیاندنە ئاینیەکەی کڵێسەی مەسیحیە، بۆیە پاشخانەکە لێرەدا لاهوتە نەك فەلسەفە!

6-ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی وردبینانەی رەخنەگرانە بیروبۆچونی ئەو فەیلەسوفە هەڵبسەنگێنێت، چەند ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە، هەر لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانییەوە مایەی بگرەوبەردە بوون و کێشەیان وروژاندوە و پرسیاریان بەرپاکردوە.

ئایا بارکلی بەراستی گومانی لەبوونی جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر کردوە، یان مەبەستی جیهانی دیاردەکان بووە PHÄNOMEN؟ دەکرێت گومان لەو بیرۆکانە بکرێت، کە دەربارەی دەوروبەر کەوتونەتەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بە ئا بێت، ئەی ئەوان لە کوێوە هاتون؟ دورنییە بوترێت ئەوان بەشێك لەئەندێشە، (فەنتازی) مرۆڤ هەر لە سەردەمی یۆنانەوە زیندەوەری ئەوتۆی وێناکردوە، کە بە لەش ئەسپە و سەرەکەی سەری مرۆڤە؟! ئەو پرسیارە بە بنەمای لۆجیك پشتڕاستناکرێتەوە، چونکە خۆی لەخۆیدا بوون وەك گەوهەر ساغدەکاتەوە! ئەگەر مرۆڤ و ئەسپ بوونی گەوهەریی (راستەقینەیان) نەبووبایە، ئەو وێنە دو رەنگییە نە دەنەخشێنرا.

بڕوا نەبوون بە بوونی مادە یان ئەگەر بوون تەنیا کاتێك مافی بوونی دەبێت، کە پەیپێبرا و هەستپێکرا، دەکرێت سنورەکەی فراوانتربکرێت و بوترێت:

چۆن بارکلی لەو سۆنگەیەوە بوونی هێزێکی سەرو سروشتی، دەسەڵات لەڕادەبەدەر و سنوربەزێن پشتڕاستدەکاتەوە، لە کاتێکدا خۆی باش زانیویەتی، کە هیچ هەستێك و بگرە ژێر خۆیشی راستەوخۆ توانای دیتن و پەیپێبردنی ئەو هێزەیان نییە؟!

خۆ ئەگەر پەنابەرێتە بەر ئەو بەڵگەیەی کە دەڵێت بەهۆی بوونی کار، بەرهەم، ئەنجام و داهێنانەکانەوە بوونی داهێنەر پشتڕاستدەکرێتەوە. دیسانەوە رەخنەکە لەسەری دێڕەوە دەستپێدەکاتەوە. ئەوەنییە تۆ گومان لە بوونی راستەقینەی دەوروبەری هەڵکەوت دەکەیتەوە و تەنیا هەر بە چەند بیرۆکەیەکی دادەنێی، کە لەبارەی دیاردە دەرکەوتەکانیانەوە، نەك لەبارەی بوونی راستەقینەیانەوە، کەوتونەتەوە؟! لێرەدا تەنیا یەك رێتێچوون دەمێنێتەوە: شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بیروبۆچوون و جیهانبینی ئەو کەڵە فەیلەسوفە لەو سۆنگەیەوە کە پێشەکی شرۆڤەکار بۆ لێکدانەوەکەی هەڵیبژاردوە!

7-نکوڵیکردن لە بوونی مادە بە تایبەتی و جیهانی دەوروبەر بە گشتی خۆی لەخۆیدا بڕیارێکی ناکۆك و چەواشەیە.

ئەو جیهانەی بوونەکەی دەخرێتە نێو کەوانەی گومان و دڵکرمێبوونەوە هەر هەبووە و هەر دەمێنێت. مرۆڤ بیەوێت و نەیەوێت جیهان هەبووە و دوای پەیدابوونی مرۆڤیش ئەو جیهانە لە بووندا بەردەوامبووە، ئێستاش هەیە و لە دوارۆژیشدا هەر دەمێنێت. ئەو هەڵوێستە ناکۆکەی PARADOX بارکلی لەگەڵ ئەو چەمکەدا نایەتەوە، کە فەیلەسوفەکەی پێش خۆی جۆن لۆك (تێگەیشتنی ساغ و سەلیمی مرۆڤ)ی داناوە!

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت و دورنییە وەڵامەکەی بە سود و قازانجی بارکلی بشکێتەوە: کە مرۆڤ دەڵێت (بوون) باسی چیدەکات؟ ئایا بوون خەسڵەتە و تایبەتمەندییەATTRIBUT یان گەوهەرە DAS WESEN یان بیرۆکەیە IDEA ؟ هەر یەکەیانە بە جیا یان هەرسێکیانە پێکەوە؟ دەکرێت بوترێت بوون یەك جۆرە، یان هەمەجۆرە؟

هەر لەسەردەمی سپینۆزا ئەو بۆچوونە جێگیربووە، کە پێناسەکردن لەخۆیدا کار و پڕۆسەیەکی نالەبارە، چونکە خەسڵەت لە پێناسەکراوەکە

زەوتدەكات. ئەگەر بڵێی ئەو قوتابییە زیرەكە، یان ئازایە، خەسڵەتێكی پێدەبەخشی، خەسڵەت و تایبەتمەندیەكانی دیكەی لێ زەوتدەكەی و بێبەشی دەكەی لێیان. ئایا ئەو رەوشە پێناسەی بوون دەگرێتەوە یان نا؟

پشتئەستور بە بنەماكانی لۆجیك، كانت لەلای خۆیەوە ئەوەی زانیوە و تیشكی خستۆتەسەر، بوون خەسڵەت نییە بدرێت بە بونەوەر یان لێی زەوتبكرێت، بەڵكو گەوهەرە.

ئەگەر مرۆڤ باسی نەبوون دەكات، بوونەكەی زەوتنەكردوە، بەڵكو تەنیا لە رستە و دەستەواژەی قسەكردن و دەربڕیندا بوونەكەی (ناكردوە)، ئەمەش بە هیچ جۆرێك لێی ستاندنەوە و زەوتكردن ناگەیەنێت.

-بەلای باركلییەوە بە پێی نوسراوە بڵاوكراوەكانی، بوون دەكرێت بە دوو جۆرەوە:

بوونی هەستپێكراو و پەیپێبراو.

-ئەو بوونەی دەزانێت و هەستدەكات و پەی بە شت دەبات!

خۆ ئەگەر گومان لە بوونی راستەقینەی یەكەمیان بكرێت و بە چەند دیاردەیەكی دەركەوت دابنرێت، كە هەست پەییانپێدەبات، ناكرێت دووەمیان بخرێتە نێو كەوانەی گومانەوە، چونكە ئامڕازی چالاكییەكەیە، كە بە هەستپێكردن یان پەیپێبردن دانراوە!

لە بەشی یەكەمی شاكاری (توێژینەوەیەك لەبارەی بنەڕەتەكانی زانینی مرۆڤەوە)، باركلی بەپێی (هەست، ژیر و ئەندێشە) بوون و زانین دەكات بە سێ بەشەوە، شت بە بیرۆكە و هەست، كە لەژێر –گیان- دا بوونیان هەیە، بۆیە بیروبۆچوونی مرۆڤ لەلای خۆیانەوە (بوون) یان دەبێت، كە لە هزردا پەیانپێببرێت و وێنابكرێن، كەوابوو وشەی بیرۆكە ئاماژەیە بە بوون، كە پەیپێبراوە. باركلی وتویەتی:

ئەگەر مرۆڤ لە کەرەستە و بابەتی زانین ورد بێتەوە، بۆی روندەبێتەوە، کە لە سێ جۆر تێناپەڕێت:

-چەند بیرۆکەیەکی لە ئارادابووی لەنێو هەستەکاندا نەخشاون یان:

-چەند شتێکن پەیانپێدەبردرێت و دەزانن، ئەگەر بێت و ناخی دەرون و چالاکییەکانی ژیر (گیان) بوروژێنن.

-لە کۆتاییدا ئەو بیرۆکانە IDEEN کە بە رێگەی وەبیرهاتنەوە و ئەندێشە رۆدەنرێن68.

بە پێی ئەو پۆلێنکردنە، بارکلی جیاوازی لەنێوان سێ ئاستی بوون و زانین دەکات، کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی و کایەی خۆی هەیەو توندوتۆڵیش بەیەکەوە بەند و هاوکارن:

-بوونی هەستپێکراو، کە بریتین لەو بیرۆکانەی لە نێو هەستەکاندا نەخشاون.

-بوونی ژیر، کە ئەو بابەتانەی پەیانپێدەبات، بریتین لە چەند جۆری واتا، ئیتر ژیر سنوردار بێ یان بێسنور.

-بوونێك کە ئەندێشە رەنگیدەرێژێت.

بارکلی بەو جۆرە هەڵاواردن و جیاکردنەوەیە مەبەستی بووە دەریبخات، کە بیرۆکەی هەستپێکراو شتە هەستپێکراوەکەیە، کە کەرەستەی راستەوخۆی پەیپێبردنی هەستەکییە، بیرۆکەش بە هیچ جۆرێك وێنە، یان کۆپی بابەتی دەرەکـی نییە، بەڵکو خۆی بابەتەکەیە. بیرۆکە لەخۆیدا هۆکاری هەیە، هۆکارەکەی و هۆکاری هەمو شتە سروشتییەکان69 رەب خۆیەتی.

8-لە چوارچێوەی تیۆری زانین، دەکرێت بیروبۆچوونە کێشە ئامێزەکانی بارکلی بە جۆری جیاواز شرۆڤە و لێکبدرێنەوە. بە گشتی ئەو دەچێتە نێو خانەی رێبازی تیۆری هاوردە هەستەکیەکانەوە. بە پێی ئەو تیۆرییە پەیپێبردنی هەستەکی و زانینی شمەکی جیهانی راستەقینەی دەوروبەر (دەرەکی)، لە

ڕێگەی هەستەکانەوە دەبێت و ئەزمونیش ڕۆڵی خۆی لەو پڕۆسەیەدا دەگێڕێت.

ئەوی مرۆڤ ڕاستەوخۆ دەیزانێت و پەیپێدەبات شمەك و شتی دەوروبەر نییە، بەڵکو بیروبۆچوونی خۆیەتی. ئەوی ڕاستەوخۆ دەیزانێت ئەو بیرو وێنانەیە، کە لەبارەی شتەکانەوە گەڵاڵەیکردون، هەر بەو ڕێگەیە شت دەزانێت. بۆچوونمان دەربارەی شمەکی مادی جیهانی سروشتی دەوروبەر بریتییە لە کۆی ئەو بیرۆکانە ئەو هاوردە هەستەکییانە لەبارەی ئەو شتانەوە هەمانە. شتێك، لە شێك، بونەوەرێك بوونی دەبێت، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بزانرێت، هەست بە بوونی بکرێت، پەیپێببرێت!

ئەو بڕیارانەش کە دەربارەی بوون دەدرێن و لە چوارچێوەی دەستەواژەی زماندا دادەڕێژرێن، لەبڕیاری پەیپێبردنی هەستەکی بەولاوە نین. ئەو پرسیارە ڕەخنەیەی لێرەدا ئاڕاستەی بارکلی کراوە: ئایا ئەمە جۆرە ئەنتی و مەتریالیستێك نییە و ئەو ئەنجامەی لێناکەوێتەوە، کە شتی دەوروبەر لەبەرچاو بزربن و گومان لە بوونیان بکرێت؟! بارکلی لەوەڵامدا پێی لەسەر ئەوە داگرتوە، ئەگەر من ئەو شتانە نەبینم و پەیانپێنەبەم، کەسانی تر هەن پەیانپێدەبەن و دەیانزانن، بوونەکەشیان لە بیرو ژیری ڕەب دا هەیە. ئەوی بارکلی هەست بە بوونی دەکات و پێی لەسەر زانینی دادەگرێت، جیهانی هەڵکەوتی ڕاستەقینە (ڕیالیستی) نییە، بەڵکو جیهانی دەرەوەی دیاردە و ڕوخسارەکانە PHÄNOMENALE، ئەو جیهانەی چۆن بۆمان دەردەکەوێت، چۆن دەیبینین و پەیپێدەبەین.

بەو پێیە بوون لەخۆیدا لەپەیپێبردن بەولاوە شتێکی دیکە نییە! شتێك کە مرۆڤ هەستیپێنەکات، دەبێت جیاوازی نێوان بوون و نابوونەکەی چیبێت؟ ئایا بوون خەسڵەتە، دەکرێت زەوتبکرێت و ببەخشرێت؟ یان بوونە، کە لەڕستەیەکدا (ئا) و لەیەکێکی تر (نا) دەکرێت؟!

# دیڤید هیوم:
# زانین و ئەزموون و گومان

1-بۆچوونێك، كە گومان هەڵنەگرە لەنێو كۆڕو كۆمەڵە فەلسەفییەكاندا بڵاو و باوە، بریتییە لەوەی فەلسەفەی ئینگلیز بەتایبەتی لە دورگەكانی بەریتانیادا سروشتئاسا ئەزمونی (ئیمپیری)یە. ئەگەر جۆن لۆك بەردی بناغەی تیۆری زانینی دانابێت، دیڤید هیوم (17-111776ز) لە لای خۆیەوە پەرەی بەرەوتی ئەو دابونەریتە ئەزمونییە داوە و سەركەوتوانە گەیاندویەتییە ئەو پلەیەی، كە لە كردن هاتوە پێبیگەیەنرێت.

مێژوی فەلسەفە چەند داهێنانێكی ئەو فەیلەسوفەی تۆماركردوە، كە دەكرێت بە خاڵی وەرچەخان لە فەلسەفەدا تۆماربكرێت. بە تایبەتی هەڵوێستەكەی لەبەرامبەر كێشەی هۆیەكی KAUSALITÄT، پەیوەندی نێوان هۆكار و ئەنجام، بۆیە سەیرنییە، كە بەوپەڕی ڕێـزەوە كانت، فەیلەسوفی ترانسندێنتاڵی ئەڵمان ناوی هیومی هێنابێت و دانیپێدانابێت، كە نەك هەر لە خەوی غەفڵەت بە خەبەریهێناوە، بگرە ئاڕاستەی فەلسەفە و بیركردنەوەی بە لایەكی دیكەدا بردوە. كانت وتویەتی:

(من بەڕاشكاوی پێلێدەنێم ئاگاداركردنەوەكەی دیڤید هیوم بوو چەند ساڵ پێشتر بۆ یەكەمجار لە خەوی غەفڵەت (دۆگماتی) بە خەبەریهێنامەوە و لێكۆڵینەوە و توێژینەوەكانمی لەبوار و كایەی فەلسەفەی تیۆریدا بە تەواوەتی بە ئاڕاستەیەكی دیكەدا برد)70.

ئەو بڕیارەی كانت لە خۆیدا دانپێدانانە بە ڕۆڵی فەلسەفەی هیوم و ئەو هەڵوێستە بوێرانەی دژی مێتافیزیك بە گشتی و دژی بنەمای پەیوەندی هۆكار و ئەنجام (بنەمای هۆیەكی) تۆماریكردوە. هیوم بوێرانە دەستیخستۆتە سەر ئەو خاڵە گرنگە، كە دواتر لە تیۆری زانستی كوانتەمی ماكس پلانك و ڤێرنێر هایزنبێرگ هاتەبەر. بنەمای هۆكار و ئەنجام بە هیچ بنچینەیەكی لۆجیكی پشتئەستور نییە.

2-لە تیۆری زانیندا، كە لەسەر دەستی جۆن لۆك خەتوخاڵی داوە، دوا

روخسار و ناوەڕۆکی پێبەخشرا، ئینجا بارکلی تاڕادەیەك پەرەیپێداوە و شتی تری خستۆتەسەر، هیوم لە پەرەپێدانیدا رۆڵی کارای گێڕاوە، سوربووە لەسەر ئەوەی هەمو بۆچوونەکانی مرۆڤ (ئایدیایەکان)، پشتئەستور بە شارەزایی، ئەزمون، تاقیکردنەوە، لەهەستەکانەوە سەرچاوەدەگرن و دوپاتیکردۆتەوە شتێك نییە لەمێشکدا، ئەگەر پێشتر بە هەستەکاندا نەهاتبێت. هیوم بابەتی هۆیەکی بە جۆرێك تاوتوێکردوە، دەکرێت بخرێتە خانەی تیۆری زانینەوە. بۆ نمونە بەلایەوە هۆیەکی وەك بنەما هیچ سروشت و بنەڕەتێکی زگماکی نییە، خۆ ئەگەر پەیوەندی هۆکار و ئەنجام بە لایەکەی تریدا، وەك گریمانە، بە بۆچوون دابنرێت، ناکرێت بەو جۆرەی هەیە لەنێو مێشك، لەژێردا پەیدابببێت و بنەخشێت، چونکە ناکرێت ژێر، مێشك بەهۆی بۆچوونەوە بەشێوەی پێشییانە APRIORI بیر لەو پەیوەندییەی هۆکاری بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو پەیوەندییە بە هیچ بنەمایەکی ناچاریی پشتئەستور نییە. ئەو بڕیارە پێداگرییەی ئەو فەیلەسوفە دەچێتە خانەی دووەمی پرۆسەی زانینەوە. دوو جۆرەکەی زانین بەو شێوەیەن:

یەك: ئەو زانینەی بە رێگەی لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان بۆچوونەکانەوە دەکەوێتەوە. ئەو جۆرە لەنێو کایە و پاوانی زانستە روخسارییەکان (لۆجیك و بیرکاری)71باوە. ئەو دوو زانستە بایەخ بە روخساری پەیوەندییەکانی هاوکێشە و دەستەواژەکان دەدەن و ناوەڕۆك و واتاکانیان بە زانستەکانی تردا دەسپێرن. بابەتی دەستەواژە هاوکێشەکانیان شیکارین، هەمانگۆیین، ئەوەی لە پێشەکییە گریمانەکراوەکاندا هاتوە، لەئەنجامدا دوبارەدەبێتەوە، بۆیە هیچ جۆرە زانیاریەك نادەنە دەست و شتێك ناخەنە سەر خەرمانی زانینی مـرۆڤ، بـەڵام لە لایەکەی تـرەوە ئەوپەڕی ورد، رێکوپێکن و دەرفەتی هیچ جۆرە ئاڵۆزی، تەمومژییەك نادەن، ئەنجامەکانیشیان ئەگەر، گومانهەڵنەگرن، هەمیشە راست و دروستن. ئەمەش هۆکارێك بووە هەر

لەگەڵ کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست سەرکەوتوانە هەوڵدراوە فیزیك و زانستە سروشتییەکان لە چالاکی زانستییاندا پشت بە بیرکاری ببەستن و سود لە لۆجیك وەربگرن. ئەوە بەسەرکەوتن بۆ نیوتن تۆمارکراوە، بیرکاری وەك میتۆدەی توێژینەوەی زانستی بەکاربرد.

دوو: ئەو زانینەی پشتئەستور بە پەیوەندییەکانی هۆکار و ئەنجام (بنەمای هۆیەکی)، بەشێکی پێکدێت و پەیدادەبێت. ئەو بابەتە سنوری هاوردە و داتاکانی هەستەکان دەبەزێنێت و پتر لەوە خەمی راستکردنەوەی شتێکی هەیە، کە لە لایەن هەستەکانەوە دەزانرێت و پەیپێدەبرێت، پشتڕاست و ساغبکاتەوە. ئەو کێشەیەی بە بنەمای هۆیەکی ناودەبرێت.

-بیر، چ وەك چالاکی، چ وەك بڕیار و ئەنجام، بە واتا گشتیەکەی، لە سایە و سێبەری کولتوردا گەشەدەکات، ئەگەر گەشەکردنەکەش هەبوونی کات و جێگەی دیاریکراو پێویستدەکات، ئیتر لە هەردوو رەوشی کات و جێگەی لە ئارابوودا بە ئاشکرا کار لەبیردەکرێت، خۆشی کاریانتێدەکات و جێدەستی خۆی لەسەریان بەجێدەهێڵی. بیروبۆچوون کۆرپەی رەسەنی هەلومەرجی خۆیانن.

لەسەردەمی هیومدا، هەلومەرجێك لە ئارادا بووە، جگە لە دابونەریتی باوی دورگەکانی بەریتانیا، میتۆدەی زانستی بە تایبەتی زانستە سروشتیەکان لە برەودا بوون. سێر ئیسحاق نیوتن نمونەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەو رەوش و هەلومەرجەیە. ئەو زانا سروشتییە تیۆری کێشەکێی داهێناوە. بە بیرکاریکردنی فیزیك و ئاوێتەکردنی هەردوو میتۆدەی دیدەکشن و ئیندەکشن ئەنجامی شۆڕشئامێزی لێکەوتۆتەوە. ئەو میتۆدە زانستییە، دەکرێت بەمیتۆدەی پەیوەندی نێوان دیاردەکانیش ناوببرێت، لە لای دیڤید هیوم بووە بە میتۆدەی جیهانبینیێکی سەرتاپاگیر، کە پتر لەپاوان و چوارچێوەی تیۆری زانیندا رەنگیداوەتەوە: میتۆدەی کێشەکێی: ANZIEHUNGSKRAFT،

نێوان بۆچوونەکان، کە دواتر لەبیرۆکە و بۆچوونی بەدوای یەکتردا هاتنی بۆچوونەکان بەرجەستەبووە72. بەوپێیە هیوم هەوڵیداوە لەداهێنانە فیزیکیەکەی نیوتن لەچوارچێوە، کایە و دەڤەری توانای زانینی مرۆڤ و لەبواری سروشتی مرۆڤدا بە گشتی سود وەربگرێت و جێبەجێبکات.

3-لە سۆنگەی رێبازی ئیمپیریدا هیوم لەسەرەتای (توێژینەوەیەك دەربـارەی تێگەیشتنی مـرۆڤ)دا رەهەند و تواناکانی سروشتی مرۆڤی تاوتوێکردوە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە لێکۆڵینەوەی سروشتی تێگەیشتنی مرۆڤ بە رێگەی شیکردنەوەیەکی ورد و رێکوپێکی زانستیانە بە تایبەتی توێژینەوەی ئەو هێزو توانایانەی ئەرکێکە دەبێت فەیلەسوف بچێتە ژێر باریەوە و بیگرێتە ئەستۆ. هیوم لەو بارەیەوە وتویەتی:

دەکرێت بە دوو جۆری جیاواز قسە لە فەلسەفەی سروشتی مرۆڤ بکرێت، هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا بەشداریدەکات:

یەکێکیان بەگشتی وا سەرنجی مرۆڤ دەدات، کە تەنیا هەر بۆ کارکردن لە دایکبووە. لە کرداریدا بەهۆی چێژو هەستەوە کاریتێدەکرێت، سەرگەرمی شتێکە بە دوایدا وێڵە و لەیەکێکی دیکە خۆی دەبوێرێت، ئەویش بە پێی ئەو بایەخانەی ئەو بابەتانە هەیانە.....

لە لایەنی دووەمدا فەیلەسوفەکان لەڕوانگەی ژیرەوە سەرنجی مرۆڤ دەدەن گەوهەر و بونەوەرێکی چالاکە، هەوڵدەدات فام و تێگەیشتن و مێشکی خۆی بنیاد بنێت. ئەوان بەو جۆرە تەماشای سروشتی مرۆڤ دەکەن، وەك ئەوەی بابەتێکی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی تیۆری و رامانە، بۆئەوەی ئەو هۆکارە بدۆزنەوە بۆچی چۆن و چی دەبێتە مایەی وروژاندنی مرۆڤ73. بابەتێك پەسەندبکات و یەکێکی دیکە رەتبکاتەوە.

هیوم خانەی دووەمی هەڵبژاردوە، هەوڵیداوە لە چوارچێوەی هەردوك

بابەتی پرۆسەی زانین و بەرەنگاربوونەوەی مێتافیزیکدا، سروشتی تێگەیشتنی مرۆڤ لە رێگەی شیکردنەوەیەکی ورد، هێز و تواناکانی تاوتوێیکات.

ئەو فەیلەسوفە سکۆتلەندییە، کە درێژەپێدەری ئاڕاستەی ئیمپیرییە لەو باوەڕەدابووە ئەزمون، شارەزایی و تاقیکردنەوە لە رێگەی هەستەکانەوە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانینن، بەڵام لە هەندێك خاڵدا دەکرێت هەست بە جیاوازی دیدی ئەو لەگەڵ رابەرانی تری ئەو ئاڕاستەیەدا بکرێت ئەوەشە، کە کەسایەتی دیاری فەلسەفەی ئەو فەیلەسوفەی دەرخستوە و پلە و پایەی تایبەتی پێبەخشیوە. هەڵوێستەکەی کانت لەبارەیەوە بەڵگەیەکە ئەو قسەیە پشتڕاستدەکاتەوە. بۆ نمونە لە لای جۆن لۆك باسی بیرۆکەی ناوەکی ناخ و رامان REFLEKTION کراوە، ئەو جۆرانە بەهۆی قوڵبوونەوە بە ناخی مرۆڤ خۆیدا پەیدادەبن و دەکەونەوە، بەڵام ئەو بیرو کارانە لە لای هیوم بە پەیپێبردن PERZEPTIONEN ناوبراون و تەنیا هەر لە ئەزمون، شارەزایی و تاقیکردنەوەوە پەیدادەبن. ئەو پەیپێبردنە لە لای خۆیانەوە دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

**-بۆچوون (بیرۆکە، ئایدیا).**

-ئیمپریشن لە بەرامبەر وشەی ئەڵمانی EINDRUCK و وشەی عەرەبی (انطباع) ئەو جۆرە (کە لە کوردیدا وشەیەکمان نییە پڕ بە پێستی خۆی بێت) تێگەیشتن و وەرگرتنێکی راستەوخۆی هاوردە و داتاو تێبینیکردنی ناخی مرۆڤ خۆیەتی. بەو پێیە لە جیهانبینی ئەو فەیلەسوفەدا پەیپێبردن لە پرۆسەی زانیندا پشکی شێری بەردەکەوێت.

ئەو دوو جۆرەی پەیپێبردن، هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە دەکرێت بە دوو جۆر ناوەکی و دەرەکی لە سادە و لێکدراو پێکهاتون و بریتین لە هەستکردن و رامان.

4-پشتئەستور بەوەی تا ئێستا وترا، لە سۆنگەی هیومەوە، زانینی مرۆڤ

لە پەیپێبردن بەو لاوە شتێکی تر نییە. ئەو بڕیارە دوو خاڵی گرنگ دوو پات دەکاتەوە، کە لە فەلسەفەی ئیمپیریزمدا بە بنەمای سەرەکی هەژمار کراون:

یەك: لە توانای زانینی مرۆڤدا نییە سنوری ئەزمون و تاقیکردنەوە ببەزێنێت و لەوە بەو لاوە پتر بڕ ناکات.

دوو: هەر شمەکێك جا مادە بێت یان گیانی بێت ئەگەر لە دەرەوەی سنوری پەیپێبردنی توانای مێشکی مرۆڤدا بێت، کە لە هەندێك ڕێبازی فەلسەفەدا ناوی (گەوهەری) لێ نراوە، لە تواناادا نییە بزانرێت!.

مرۆڤ تەنیا هەر ئەو شتانە دەزانێت، کە هەستەکان لەتواناياندايە بيانگاتێ و لە بارەیانەوە داتا بداتەدەست، بەڵام ئەوەی پێی دەوترێت گەوهەری شت هەمیشە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، چونکە لەدەرەوەی توانای بڕکردن و سنوری پەیپێبردنی هێز و توانای زانینی مرۆڤدایە، ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت: ئەو بۆچوونە بوێرەی هیوم، تا چەند پەیوەندی بە بابەتی (شت لەخۆیدا)ی کانتەوە هەیە؟!

-ئەگەر بۆچوونی هیوم دەربـارەی وردەکارییەکانی پرۆسەی زانین پەسەند بکرێت، کە بیرۆکە و بۆچوونەکان لە هەستەکانەوە کەوتبنەوە، ناکرێت بیرۆکەو بۆچوونەکان سروشتێکی پێشییانەیان هەبێت APRIORIE لە پێش ئەزمون و تاقیکردنەوە بێن و پەیدا بووبن. لە لایەکی دیکەوە ناکرێت هەمەکی و گشتی بن، بەڵکو دەبێت هەندەکی و تاك بن. ئەوەی لێرەدا دەپرسرێت: چۆن بیرۆکە لێکدراوەکان پەیدا دەبن و بیرۆکەی رووت و پەتی (ئەبستراکت) چۆن لێکدەدرێتەوە و بوونەکەی پاساو دەدرێتەوە.

-لە تیۆری زانینی هیوم دا بوونی شت، شمەك لە دەرەوەی مێشکدا و لەدەرەوەی مرۆڤ، لە دەوروبەردا بایەخی نییەو سەرنجڕاناکێشێت، بگرە بوون و نەبوونەکەی کێشەیەك نییە فەلسەفە لێوەی بکۆڵێتەوە! ئەوەی گرنگە و لەجیهانبینی تیۆری زانینی ئەو فەیلەسوفەدا بایەخی پێدەدرێت،

خەسڵەت، تایبەتمەندی، سروشتی بیرۆکە، ئایدیای ئەو بابەتانەیە، هەر ئەوانیش دەکات بە کەرەستەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە!

5-لە چوارچێوەی تیۆری زانیندا، بەپێی هەردوو سەرچاوە: ژیر، ئەزمون، کە ڕێبازی ژیرەکی- ئیمپیری کردویانن، هەر یەکە بە جیا بە سەرچاوە و ڕێگەی شت زانین دەکرێت دوو جۆرە زانین هەبێت، کە سروشتەکەیان دیار و دەست نیشان دەکات.

یەك:- زانینی دڵنیایی لێکراو، لەجیاتی وشەی عەرەبی (یەقینی)، بەکارهێنراوە. ئەو جۆرە زانینە بە بنەماکانی ژیر پشتئەستورە و هیچ جۆرە ئەگەر، گومانێك هەڵناگرێت، لە هەمو سەردەمێکدا ڕاستە، ناکردن و پێچەوانەکەی ناکۆك دەبێت. لە کایەو دەڤەری لۆجیك و بیرکاری زانستە روخسارییەکاندا ئەو جۆرە زانینە پەیدا دەبێت و ئەو دەستەواژانەی دەریان دەبڕن شیکارییین.

دوو: زانینی ڕێتێچوون، وەك لە وشەکەدا دەردەکەوێت هەر دووك لای بەرامبەرن، دەکرێت ڕاست بێت و بە پێچەوانەکەشی دەکرێت بشێت و بگونجێت. ئەو جۆرە زانینە پشت بە ئەزمون و تاقیکردنەوە و شارەزایی تێبینی کردن دەبەستێت.

ئەگەر بە لای هیومەوە پەیپێبردن، گەوهەر و پوختەی زانین بێت و ئەو چالاکییە بە ڕێگەی بوونی شمەکی دەوروبەرەوە، کە کاری تێدەکەن و بوونەکەیان پابەندی بوونی بیرو هۆش نەبێت، چۆن دەکرێت باسی زانینێك بکرێت، کە هیچ دەرفەتی ئەگەر و گومانێك نەدات و هەمیشە ڕاست و دروست بێت؟!

ئایا ئەو کارلێکردنە ورووژانـدنـە یان شوێنکەوتن و پابەندبوونە؟ پەیوەندی پەیپێبردن بە بۆچوون، وێناکردن و بیرۆکەکانەوە چۆنە؟! بەلای هیومەوە پەیپێبردن بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بە ورووژاندنەوە نییە، ئەوی

هەیە و لەو پەیپێبردنەوە پەیدا دەبێت: ئیمپریسیون و بۆچوونەکانن، ئەو دوانە بەوە لەیەکجیادەکرێنەوە، یەکەمیان زیندوو، گەرموگوڕ، ئاشکرایە و بەوپەڕی رێکوپێکییەوە نەخشاوە، دارێژراوە و DUSGEPRÄGT ورد و بەرچاوە، بەڵام بە پێچەوانەوە بۆچوونەکان لە لای خۆیانەوە تا رادەیەك تەمومژاوی و نا روون و لاوازن، بۆیە بە بیرۆکە، ئایدیا (IDEAS) ناو دەبردرێت.

ئایا ئەو پێناسەیە نابێت بە مایەی ئەوەی مرۆڤ باسی بە تەفرەچوون بکات، کە لە لایەن هەستەکان و پەیپێبردنەوە دوچاری دەبێت؟ تا چەند ئەو پرسیارە هەڵوێستی هیوم دەخاتە خانەی گومانی ئامانجەکی – میتۆدە. هیوم لە بەرهەمەکانیدا هەستی بەو خاڵە کردووە، هەوڵیداوە ئەو کێشە گومانە یەکلایی بکاتەوە، دەکرێت مرۆڤ ئەگەر بە هەستەکان بە تەفرە بچێت، دڵنیایی کردن لە تێبینی هەستەکی بخاتە نێو کەوانەی گومان و ئەگەرەوە، بەڵام بە رێگەی کۆنترۆڵی تاقیکردنەوە و ئەزموونییەوە، دەکرێت ئەو تەفرەدان و مەترسیەکەی دووربخرێنەوە، بە پێچەوانەی دیکارتەوە هیوم لەو باوەڕەدا بووە، کە گومانکردن لە بوونی راستەقینەی REALITÄT جیهانی دەرەکی لە سۆنگەی تیۆرییەوە نا بەزێنرێت و کاڵ نابێتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەلایەوە ئەو قسەیەی دەڵێت بیرۆکەکان شمەك دەردەبڕن پووچ و بێ واتایە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو بڕیارە ناکرێت پشتڕاست بکرێتەوە.

بۆ ئەوەی ساغ بکرێتەوە ئایا بۆچوونەکان VORSTELLUNGEN شمەکی دەوروبەر دەردەبڕن دەبێت بتوانرێت بۆچوون و شمەکەکان لەگەڵ یەکتری بەراورد بکرێن، بەڵام ئەو بەراوردکردنە لە کردن نایەت، چونکە مرۆڤ بیرۆکە بە رێگەی بیرۆکەوە IDEE نەك بەهۆی شتەوە دەزانێت. بیرۆکە لە پشتیەوە تەنیا بیرۆکە هەیە نەك شمەك. بەو پێیە بڕیار (حوکم) دانیش URTEIL خەسڵەتی رێتێچوونی هەیە، تەنانەت ساغکردنەوە

تایبەتمەندی ڕێتێچوونی بڕیار خۆی لەخۆیدا سنوری ڕێتێچوون نا بەزێنێت. ئەو رەوشە، کە ئەو بڕیارەی تێدا دراوە، ئەزمون و شارەزایی پشتڕاستی دەکەنەوە!

ئەو گومانە میتۆدەییەی، کە هیوم هەیەتی و کردوویەتی (دەکرێت بە گومانی میانڕەو ناوبرێت) مەبەستی روون و ئاشکرای هەبووە، بە گژداچوونەوەی هەمو بیروبۆچوونێکی چەق بەستوی (دۆگم) بۆ ماوە، دیار و دەستنیشانکردنی ئەو کایەو دەڤەرەی تیۆری زانین تێیدا دەکرێت پیادە بکرێت و دەستبەکاربێت74، گومان خۆی لەچوارچێوەی فەلسەفەدا بە گشتی و لە سۆنگەی تیۆری زانیندا بە تایبەتی هەڵوێستێکە سروشتەکەی سڵکردنەوە و پارێزە! ئەوەش لـەوەدا بەر جەستەدەبێت، پێش ئەوەی بڕیارەکە ساغ بێتەوە تاقیبکرێتەوە نابێت بدرێت! ئەو ساغکردنەوەیەش پێویستی بە پێوەری دیارو دەستنیشانکراو هەیە. بێگومان ئەو جۆرە گومانە چەند هۆکار و هاندەرێکی هەیە بە تێکڕایی دەبنە مایەی ئەو هەڵوێست نواندنە. هۆکارێك لەو هۆکارانە لە دەستدانی باوەڕبوونە (بە واتا فەلسەفییەکەی) لە ژیانی رۆژانەدا، بۆیە ناکرێت و ناشێت، لەڕوانگەی ئەو جۆرە گومانەوە بڕیاری راست و دروستی دڵنیایی لێکراو بدرێت، بەڵام ئەو خۆبواردنە لە بڕیاردان نابێتە مایەی ئەوەی نکوڵی لە هەبوونی هەمو جۆرە راستییەك و زانین بکرێت. چونکە ئەو بڕیارەی دەڵێت (راستی نییە)، خۆی لەخۆیدا ناکۆکە بۆ؟ ئەو بڕیارەی گومان لە بوونی راستی دەکات، دەبێت خۆی راست یان نا راست بێت. ئەگەر بڕیاری نکوڵیکردن، کە لە بوونی راستی (راست بێت) (ئەوا ئەمە یەکەم راستییە لەخۆیدا) کەوابوو، راستی (هەقیقەت) هەیە، خۆ ئەگەر بڕیارەکە ناڕاست بێت ، ئەوا بڕیاری ناڕاست ناتوانێت بوونی راستی نا بکات! کەوابوو راستی هەیە و ناکرێت بەڕەهایی بوونی راستی نا بکرێت!

هیوم خۆی و لەو سەردەمەدا، کە تێیدا ژیاوە سەردەمی بە هەند زانینی زانستی، ژیر و ئەزمون بووە، بۆیە بە پلەی یەکەم پێ لەسەر رۆڵی ئەزمون و پەیپێبردنی هەستەکی و تێبینی داگیراوە. ئینجا وا دانراوە، کە زانستی سروشتی و میتۆدەکە باشترین ئامراز و رێگەی گەیشتنە راستی و دەستگیربوونی دەستکەوتی ئەو تۆیە لە ژیانی مرۆڤدا.

جیهان و سروشت هیچیتر سەرچاوەی بەدکاری و نەهامەتی نەماون، بەڵکو کۆنترۆڵکردنیان مایەی خۆشی و بەختەوەرییە. ئەو جیهانبینیە لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا بووەتە مایەی زاڵبوون و بەهێزبوونی ئاراستەی زانستی و بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی مەتریالیستی (مادیەت)، بەو پێیە بە پێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە فەلسەفەیەکی نوێ ئازاد لە دەستەڵاتی ئاین و کڵێسەی بۆ ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست، سەرئاوکەوتووە. زانست لە لای خۆیەوە بە هەنگاوی گەورە بەرەو پێشچووە و بوو بە کاراترین ئامرازی زانینی راست و راستەقینە دەربارەی ژیان و کۆمەڵگە و شمەکی دەوروبەر و جیهان.

ئەو جۆرە ئاراستەیە پشتی بە رێبازێکی زانستی بەستووە، کە بە ئاراستەی میکانیزم ناسراوە و وا تەماشای بوونی جیهانی کردووە کە لە (مادە و بزوتنەوە) پێکهاتووە، بە پێی ئەو بۆچوونە شتێك نییە لەژیاندا، لەبووندا، لەسروشت و شمەکی دەوروبەردا، کە بە داهێنان (خەلق) و لەناوچوون ناوببرێت! گۆڕان هەیە، بەڵام ئەو گۆڕانە ئەگەرچی روخسار و خەسڵەتی چۆنێتی پێوە دیار بێت لە پوختە و گەوهەردا گۆڕانە لەچەندیەتیدا. لەو رێبازە فەلسەفەییە، زانستییە، سروشتییە ئەو رێبازە کەوتۆتەوە، کە ناوی سیکۆلاریزمی لێنراوە. بەو پێیە تیۆری زانین بە تایبەتی و فەلسەفە بە گشتی لە لای هیوم و لە سەردەمی رۆشنگەری و لە چوارچێوەی ئاراستەی ئەزمونی ئیمپیریدا، لە دورگەکانی بەریتانیادا لە نێوان کەوانەی (هەست و ئەزمون و

ژیردا)، کاراو چالاك بووه! تای تەرازو بە لای هەر کامێك لەمانەدا لاسەنگ کرابێت، ئەو ناوەی بەسەردا بڕاوە! ئەو فەیلەسوفە رابەرێکی چالاکی هەلومەرجی سەردەمی خۆی بووە، سەرکەوتووانە کۆشاوە بنەماکانی میکانیکی نیوتن لە کایە و بواری (توێژینەوەی مێشکی مرۆڤدا) پیادە و جێبەجێبکات، ئەگەر لە گەردوندا قانونی کێشەیەکی هەبێت، ئەوا چەند قانونێکی بنەڕەتی هەیە، کە نەزم و چالاکی و کارایی کاری مێشك و ژیر دەپارێزن.

ئەگەرچی هیوم بە رابەرێکی رێبازی ئیمپیری (ئەزمونی) و دژە مێتافیزیك ناسراوە، بەڵام چەند چەمکێکی بەکارهێناوەو پێی لەسەر داگرتون، وەك: مادە، هێز، یەکڕەنگی، هەمەڕەنگی و فرەیی، گشتی و هەمەکی، بێ کۆتایی، ئەگەر ئەو چەمکانە نەچنە خانەی مێتافیزیکەوە چۆن و لە کوێ پۆلێندەکرێن؟

# ئێمانوێڵ کانت
# بارگۆڕینی کۆپەرنیکۆسییانە!

1-تاوەکو سەردەمی فەیلەسوفی ترانسندێنتاڵی ئەڵمانی ئێمانوێل کانت ( KANT ( 41804-172ز ، دوو ڕێبازی بەرچاوی تیۆری زانین – ئەوەندەی پەیوەندی بە سەرچاوە و ڕێگەکانی زانینەوە هەبووە- لەیەکتری لە سەنگەردا بوون و شیر و تیریان لەیەکتری سوە: ڕێبازی ژیرەکی و ڕێبازی ئەزمونی (ئیمپیری).

کانت دەچێتە چ خانەیەکەوە؟ یان ئایا ئەو ڕێبازێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی ڕەنگڕشتوە؟!

بە پێی سەرچاوەکان ئەگەر کتێبەکەی جۆن لۆك (هەوڵێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ 1667ز )، بەدەستپێکی بزوتنەوەی شۆڕش ئامێزی ڕۆشنگەری ئەوروپا دابنرێت (لەکایەی فەلسەفەدا)، ئەوە کانت بە شاکاری (ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد 1781ز) کۆتایی بەو قۆناغە هێناوە و قۆناغێکی نوێی فەلسەفە دەستپێکردوە. قۆناغی ڕەخنەکردنی ژیر دور لە هەست و سۆزەوە، کە ئەو بە (ژیری بێگەرد) REINEN VERNUNFT ناوی بردوە!

دەکرێت ژیر لە هەست و سۆز دابڕدرێت؟ ئەوی پتر مرۆڤ دەخاتە نێو گێژاوی سەرسوڕمان و وا بە ئاسانی ناکرێت و ناتوانێت سەرئاوبکەوێت و رزگاری ببێت: ئایا دەکرێت ژیر لە یەك کاتدا دوو ڕۆڵ بگێڕێت: ڕەخنە لێگیراو بێت و هەر خۆیشی ڕەخنەگر بێت؟ لە چ سەردەم و جێگایەکدا شیاوە دادوەر دادگایی خۆی بکات؟ ئایا ئەمە گەمەکردنە بە وشە یان قۆناغێکی نوێ و سەردەمی گۆڕانی ریشەیی سەرتاپاگیر بەرجەستە دەکات؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەگەرچی تا ڕادەیـەك لەچوارچێوەی بابەتەکە دەچێتە دەرەوە، بەڵام هەوڵدەدەین لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا تیشکییان بخەینەسەر.

ئەگەر مرۆڤ ئەو (بارگۆڕینە کۆپەرنیکۆسییانە)، کە کانت خۆی باسیکردوە بخاتە سەر ڕەخنەکردنی ژیر و ئەو چارەنوسەی ژیر، کە لەسەرەتادا کانت ئاماژەپێداوە، پێکەوە سەرنجبدات و لەڕوانگەیەکی وردبینانەوە تاوتوێیانبکات، دەروازەی جیهانبینیە سەرتاپاگیرەکەی کانتی بۆ دەکرێتەوە یان نا؟! کەواتە با

لەسەرەتاوە بزانین مەبەستی کانت لە رەخنە بە گشتی و رەخنەکردنی ژیر، بارگۆڕینی کۆپەرنیکۆس و چارەنوسی ژیر لە لای ئەو فەیلەسوفەی داهێنەری رێبازی ترانسندێنتاڵی چییە؟

2-لە شاکاری رەخنەکردنی ژیری بێگەرددا، کە دەکرێت بەسەرچاوەیەکی لە بن نەهاتوی تیۆری زانین هەژماربکرێت، وەڵامی ئەو پرسیارانە دەستگیردەبێت:

کانت وتویەتی:

یەك: چارەنوسی ژیر: ژیری مرۆڤ لەجۆرێکی زانینەکانیدا چارەنوسی تایبەتی هەیە، باری سەرشانی بە چەند پرسیارێك قورسدەکات و ناتوانێ لێیان لابدات، چونکە بەهۆی سروشتی ژیر خۆی بەسەریدا سەپاون و ناشتوانێ وەڵامیانبداتەوە، چونکە هەمو سنورێکی توانای ژیری مرۆڤ دەبەزێنن75.

دوو: بارگۆڕینی کۆپەرنیکۆسییانە: ئەوی شارەزای مێژوی زانست بێت، دەزانێت ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرییە (جیۆسێنترییە) چییە ئەو زانا گەردونناسە کردویەتی. کانت وای بۆ چـووە، کە ئەویش لە توانایدا هەیە لە پاوانی فەلسەفەدا ئەو گۆڕانە بکات. کانت وتویەتی:

تا ئێستا ئەو بـاوەڕە لەئارادا بووە، کە هەمو زانینمان دەبێت بەپێی بابەتەکان رێکبخرێن، هەمو کۆششەکان لەبارەیەوە، بۆئەوەی پێشییانە بەڕێگەی چەند چەمك و بۆچوونێکەوە شتێك تێبگەیشترێت، کە ببێتە مایەی فراوانکردنی زانینمان، لەو هەلومەرجەدا دوچاری شکست بوون، دەبێت جارێك تاقیبکەینەوە، بزانین ناتوانین باشتر ئەرکی مێتافیزیك بەرەو پێش بەرین، بەوەی وایدابنێین، کە دەبێت بابەتەکان بەپێی زانینەکەمان رێکبخرێن76.

سێ: سەردەمی رەخنەگرتن: ئیتر سەیر نییە کانت هەرسێك شاکارەکەی بە چەمکی رەخنەگرتن دەستپێکردبێت. رەخنەگرتنی چی؟ مەبەست لە رەخنەگرتن چییە و چی دەگرێتەوە؟ ئاین، دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ژیر؟!

کانت وتویەتی:-

ئەو سەردەمەمان بە تایبەتی سەردەمی رەخنەگرتنە، کە دەبێت هەمو شتێك ملکەچی بێت، تەنانەت ئاین بە هەمو پیرۆزی و قانون و رێنمایی بە

شكۆمەندییەکەیەوە ناتوانن خۆیانی لێدەربازبکەن77.

-لەبارەی ئەو رەخنەو رەخنەگرتنەوە، کە مەبەست چییە و چی دەگرێتەوە کانت وتویەتی:- من لەو وا تێدەگەم، کە رەخنەگرتنی چەند کتێب و سیستمێك نەبێت، بەڵکو رەخنەکردنی توانای ژیر بێت بە گشتی سەبارەت بە هەمو ئەو زانینانەی، کە دەکرێت بەبێ هەمو ئەزمون و شارەزاییەك بتوانی کۆششی بە دەستهێنانیان بکەی.

3-ئەگەرچی کانت لەو سێ خاڵەدا، کە سروشتی سەرەکی جیهانبینیە سەرتاپاگیرە ترانسندێنتاڵەکەی بەرجەستە دەکەن، تیۆری زانین و مێتافیزیکی ئاوێتەی یەکتری کردوە، ئەوا ئەگەر خاڵێکی تری گرنگ هەیە و هەر خۆی لە شاکاری رەخنەکردنی ژیری بێگەرددا قسەیلێکردوە بیخەینە سەر ئەو سێ خاڵە تانوپۆی هەڵوێستەکەی دەربارەی تیۆری زانین روندەبێتەوە و ئاسانتر دەتوانرێت بخرێتە خانەیەکەوە، کە نە ژیرەکییە و نە ئەزمونی، بەڵکو بریتییە لە ئاوێتەکردنی هەردوو رێبازە – ئاڕاستەکە، کە دەکرێت بە سونتێزەی ژیری- ئیمپیری ناوببرێت. کانت دەربارەی رۆڵی شارەزایی و ئەزمون لەچاو ژیردا لە پرۆسەی زانیندا وتویەتی:

هەمو زانینێکمان بە ئەزمون و شارەزایی دەستپێدەکات، ئەمە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، کەوابوو دەبێت بەهۆی چییەوە توانای زانینمان کارا و چالاك بکرێت، ئەگەر بەهۆی بابەتەکانەوە نەبێت، کە بەرهەستەکانمان دەکەون، کە لە لایەکەوە دەبنە مایەی کەوتنەوەی بۆچوونەکان و لە لاکەی دیکەوە چالاکی تێگەیشتن بەگەڕدەخەن78.

بە پێی کات زانین لەئێمەدا لەپێش تاقیکردنەوە و شارەزاییەوە نایەت، بەڵکو لەگەڵ ئـەودا هەمو دەستپێدەکەن. ئەگەرچی هەمو زانینێکمان بە شارەزایی و ئەزمون دەستپێدەکات، بەڵام هەموی هەر لە شارەزایی و ئەزمونەوە هەڵناقوڵێت.

-ئەگەر مرۆڤ بونەوەرێکی ژیر بێت، ژیریش چارەنوسێکی دیار و

دەستنیشانکراوی هەبێت، کە لەسروشتی تایبەتی خۆیەوە کەوتبێتەوە، ئەزمونیش تاکە سەرچاوەی زانین نەبێت، ئینجا ئەو هەڵوێستە وەرچەرخانێکی جۆر و نمونەی کۆپەرنیکۆسی بەسەردا هاتوە، ئەو رەوشە چۆن لێکدەدرێتەوە، جیهانبینیەکە لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا لە چ خانەیەکدا پۆلێنبکرێت.

لەتێکستەکاندا دەرکەوت کانت نە بەلای رێبازی ئەزمونی و نە بەلای ئاڕاستەی ژیریدا نایشکێنێت. بۆ رونکردنەوەی ئەو لایەنە و کردنەوەی ئەو گرێیە، کە رێگەی بەرەو پێشچوون تەختدەکات، وا پێویست دەکات ئەو دوو رێبازە سەرەکییەی تیۆری زانین رۆشنبکرێتەوە:

**رێبازی ژیرەکی**

ژیر لێرەدا بە واتای (VERNUNFT) ی ئەڵمانی و (RATION) ی لاتینی بەکارهاتوە. رێبازێکی سەرەکی تیۆری زانینە. باوەڕی بە توانای لەسنور بەدەری ژیر هەیە، جا ئەو توانایە رێکخستنی بیروبۆچوون بێ بەشێوەیەکی پتەوی رێکوپێکی لۆجیکییانە، یان دور لە ئەزمون بێت و بە بێ پەنابردنەبەر تاقیکردنەوە، بگاتە راستی و پەی بە هەڵکەوتی دەوروبەری دەرەوەی مرۆڤ بەرێت. هزر و بیرکردنەوەی ژیرانە تاکە سەرچاوەی راستەقینەی زانینە. لەو پێناسەیەوە ئەو خاڵانە دەکەونەوە:

-زانین لەتاقیکردنەوە، شارەزایی و ئەزمونی هەستەکانەوە ناکەوێتەوە. هەست جێگەی دڵنیاییلێکردن نییە، چونکە بەپێی هەلومەرجی لە ئارادا بوو گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو داتا و زانیاری و هاوردانەی دەیداتە دەست بە پێی رەوش دەگۆڕێت و گومانیان لێدەکرێت.

-لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا بنەما، ئاڕاستەیەك دانیپێدا نانرێت بە ناوی رێژەیی، چونکە ئەو زانین و زانیاریانەی بە رێگەی هزری رووت و ژیرەوە دێن و دەستگیردەبن، بە پێی ئەو رێبازی ژیرییە دەبێت، هەمەکی و ناچاری بن و دەرفەتی هیچ جۆرە گۆڕان و رێتێچوونێك نەدەن.

-لە مێشك و بیری مرۆڤدا چەند بیرۆکەیەك، راستییەك هەیە لەپێش

ئەزمون و تاقیکردنەوەوە دێن، زگماکی وەك: کات، جێگە. ئەوانە لەخۆیاندا ئەو هەلومەرجە دابیندەکەن زانیاری و داتا هاوردەکانی هەست- تاقیکردنەوە بەبێ ئەوان پوختە و ڕێکوپێك ناکرێن.

**ڕێبازی ئەزمونی**

وشەی ئەزمون، کە ئاماژەش بە ناوەڕۆك و روخساری ئەو ڕێبازە، ئاڕاستەیە دەکات بەرامبەر بە وشەی عەرەبی (تەجرەبە) بەکارهاتوە: خۆی لەخۆیدا ئاڕاستەیەکە لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا هەڵوێست دەربـارەی سروشت، سنور، بنەماکانی زانین دەردەبڕێت. لەڕوانگەی ئەو ڕێبازەوە زانینی مرۆڤ پابەندی تاقیکردنەوەیە، سەرجەم لەشارەزایی و تاقیکردنەوە، ئەزمونی هەست و هەستەکییەوە پەیدادەبێت. دەکرێت لەو ئاڕاستەیەدا ئاماژە بەسێ خاڵی سەرەکی بکرێت:-

یەك: زانینی مرۆڤ بە هیچ جۆرێك ملکەچ، پابەندی چەند بیرۆکە و بنەمایەك نییە، کە بە زگماك ناو دەبرێن و لە پێش شارەزایی و ئەزمونەوە دێن و گوایە لەناخی مرۆڤدا هەر لەسەرەتای ژیانییەوە جێگیرن.

مێشکی مرۆڤ لە لاپەڕەیەکی سپی دەچێت، هیچی لەسەر نەنوسراوە، ئەزمون، تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە شتی لەسەر تۆماردەکات79.

دوو: پێوانە کە پشکی سەرەکی لۆجیکی ئەرستۆیە، ناکرێت بکرێت بە میتۆدەی ڕاستەقینەی زانین، چونکە خۆی هیچ شتێکی نوێ ناداتەدەست، ئەوی لەئەنجامدا دەکەوێتەوە لەسەرەتادا لەپێشەکیەکەدا گریمانەکراوە، بۆیە دەبێت وەك میتۆدە پەنا بۆ ئیندەکشن- تێبینی ببرێت.

سێ: توانای زانین لەخۆیدا سنوردارە. پێش هەمو شتێك پێویستە دەستپێك بریتیبێت لە توێژینەوە لەتوانا، دروستی و کارایی ئامڕازەکانی زانین، بۆ ئەوەی دەرفەتی گومان و ئەگەر بڕەوێنرێتەوە.

-ئەو دوو ڕێبازە ئەو سەرچاوە سەرەکییە بوون رابـەری فەلسەفەی ترانسندێنتاڵی ئەڵمانی لێوەی هەڵێنجاون، بەڵام پشتئەستور بەژێر خۆی!

ڕەخنەیەکی سەرەنجڕاکێشی لە هەردوو ڕێبازەکە گرتوە، لایەنی ڕاستی و کەموکوڕی هەر یەکێکیانی بە جیا لەویتر نیشانداوە. لە فەلسەفەکەیدا کانت هەمو لقەکانی بە جۆرێك تاوتوێکردوە، کە هەر یەکەیان سەربەخۆیە، لە هەمانکاتدا تەواوکاری یەکترین و ناکرێت، دەستبەرداری یەکتری بین. بۆ نمونە تیۆری زانین لەگەڵ لۆجیك، بابەتی بڕیاردان (حوکم) و جۆری دەستەواژەکانی خستۆتە نێو دوو تای یەك تـەرازوەوە، بەڵام ئایا تا چەند لەو کۆششەیدا سەرکەوتوبووە؟!

4-جگە لە تێپەڕکردنی هەردو بابەتی لۆجیك و تیۆری زانین پێکەوە، مێتافیزیکیش هێنراوەتە ناوەوە. لە شاکاری ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا کۆشاوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: چۆن مێتافیزیك وەك زانست شیاوەکی دەبێت؟!

بۆ وەڵامـدانـەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییە کانت پەنای بۆ لۆجیك و ئیپستمۆلۆجی بـردوەو دەسـتـەواژەی هێناوەتە سەرخوانی توێژینەوە و بەپێچەوانەی دابەشکردنی باوەوە، دەستەواژەکانی بۆ سێ جۆر دابەشکردوە:

-دەستەواژەی شیکاری.

-دەستەواژەی لێکدراو.

ئەمە دابەشکردنە ئاساییەکەیە، کە کانت تێیپەڕاندوە. بـەلای ئەو فەیلەسوفەوە دەبێت دەستەواژەکان بەو شێوەیە لەیەکتری جیابکرێنەوە:

-دەستەواژەی شیکاری پێشییانە.

-دەستەواژەی لێکدراوی پاشییانە80.

ئەو گۆڕانەی کانت کردویەتی و وەك پڕیشك ئاگری لەپاوانی لۆجیك بەرداوە، بریتیبووە لەوەی جۆری سێیەمی دەستەواژەی پێشنیازکردوە:

-دەستەواژەی لێکدراوی پێشییانە.

ئەو بابەتە کێشەئامێزە دەکرێت بەو جۆرە ڕون و شڕۆڤە بکرێت: دەستەواژەکە لەخۆیدا لێکدراوە. لە چەند دەستەواژەیەکی سادە و ساکار پێکهاتوە، دەکرێت ببرێتەوە سەر بنج و بناوانی، کە دەستەواژەی ساکارە. ئەوی لێرەدا کێشەی وروژاندوە، گوایە ئەو جۆرە دەستەواژانە پێشییانەن پێش ئەزمون

و تاقیکردنەوە و شارەزایی دێن. ئایا دەکرێت دەستەواژەیەکی لێکدراو پەکی لەسەر تاقیکردنەوە نەکەوێت؟ ئەو پرسیارە ئەو کێشەیە بووە ئەو بڕیارەی کانت وروژاندویەتی، لەدوای خۆی بە دەگمەن فەیلەسوف و ڕێبازی فەلسەفە هەبووە بەشێوەیەك لەشێوەکان هەڵوێستی لەبارەیەوە نەبووبێت، ئیتر ئەو هەڵوێستە پەسەندکردن، ڕەتکردنەوە، یان پاساودان و دەستکاریکردن بووبێت، ئەو جۆرەی دەستەواژە هۆکارەکەی بووە.

-دەستەواژەی شیکاری پێشییانە ئەو دەستەواژانەن، کە لە لۆجیکدا بە هەمانگۆیی ناودەبرێن، چونکە ئەنجامەکەیان لەلایەکەوە شتێکی نوێ ناداتە دەست و نابێتە مایەی فراوانترکردنی زانین و زانیاری، لە لایەکی دیکەوە ئەنجامەکە هەر لەسەرەتاوە لە پێشەکییە گریمانکراوەکەدا بەشێوەیەك لەشێوەکان هەیە و لەئەنجامدا دوبارە و دوپاتکراوەتەوە. ئەنجامەکەش لەهەمو سەردەم و جێگایەکدا ڕاستە و دەرفەتی هیچ جۆرە ئەگەر و گومانێك نادات. دەستەواژەکانی لۆجیك و بیرکاری لەو جۆرەن. پێشییانەن، چونکە لە پێش ئەزمون و شارەزاییەوەن.

-دەستەواژەی لێکدراوی پاشییانە: بەپێچەوانەوە ئەو جۆرەی دەستەواژە لە چەند دەستەواژەیەکی ساکار و سادە پێکهاتون و دەکرێت ببرێنەوە سەر بنج و بناوانیانەوە و پشت بە ئەزمون و شارەزایی دەبەستن و پاش تاقیکردنەوە دەکەونەوە، بۆیە بە پاشییانە ناو دەبرێن. لە زانستە ئەزمونیەکاندا فیزیك، کیمیک، ئەو جۆرە دەستەواژانە هەیە. ڕاستییەکەیان هەمیشە ڕێتێچوونە. ڕاستە تاوەکو ڕەوشێك، کە پێچەوانەی بنەماکە بێت دەردەکەوێت و دەبێت جارێکی دیکە چاو بە قانون-بنەما- ئەنجامەکەدا بخشێنرێتەوە.

ئەو دوو جۆرە دەستەواژەیە پەسەندن و کێشەیان لەسەر نییە، بەڵام ئایا دەکرێت دەستەواژەی جۆری سێیەم هەبێت – بۆ نمونە لە کایە و بواری مێتافیزیکدا- کە لێکدراو بێت و پێشییانەش بێت، پەکی لەسەر ئەزمون و تاقیکردنەوە نەکەوتبێت؟ دەستەواژەی لێکدراو ناکرێت پێشییانە بێت، چونکە بە بێ پێوەری دیار و دەستنیشانکراو ناکرێت ڕاستی و چەوتییەکان ساغ و

پشتڕاست بکرێتەوە. ئەو قسەیەی کانت لێرەدا کردویەتی ناکرێت بە هیچ بنەمایەکی لۆجیك پشتڕاستبکرێتەوە، چونکە بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی سێنتاکس و سێمانتیکسی زمانە. دەستەواژەی سادەی شیکاری هەمیشە پێش شارەزایی و ئەزمون راستییەکەی دەردەکەوێت، خۆ ئەگەر ئەو جۆرە نا بکرێت، جۆرە ناکۆکیەك دەکەوێتەوە، بەڵام دەستەواژەی لێکدراو ناکرێت شیکاری بێت و دەبێت پشت بە ئەزمون و شارەزایی ببەستێت. کۆکردنەوەی خەسڵەتی شیکاری و پاشییانە، یان لێکدراو و پێشییانە خۆی لە خۆیدا ناکۆکە و ناشێ و ناگونجێت! ئەو پۆلێن و دابەشکردنە دەخرێنە چ خانەیەکەوە؟ چ رۆڵێك لە پاوانی تیۆری زانیندا دەگێڕن؟!

-چۆن زانین لەبۆچوونی کانتەوە لە ناخی مرۆڤدا پێکدێت و دەکەوێتەوە؟ سەرچاوەکانی زانین کامانەن؟ ئەگەر قسە لە دەستەواژەی شیکاری پێشییانە بکرێت، دەکرێت زانینی پێشییانە هەبێت؟!

گومان لەوەدا نییە، کە دەستەواژە بەشێوە و پشکە جۆر بەجۆرەکانییەوە، بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی زمانە. زمانیش ئامڕازێکی لێکتێگەیشتن و دەربڕینە. زانینیش لەلای خۆیەوە بۆیناکرێت و نالوێت دەستبەرداری زمان ببێت، بەڵام پرسیارەکە هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوە: ئەگەر زانینێك پێشییانە بێت، پێش ئەزمون و تاقیکردنەوە و شارەزایی بکەوێت، دەبێت چی پێبێت و چ جۆرە زانینێك بێت؟. ئایا ئەو زانینە چ کەرەستە و بابەتێکی هەیە؟ لە نێو فەیلەسوفەکاندا جۆرە لێکچواندنێك بە نمونە باوە و زانراوە. جۆرەکانی زانین بە قسەی فەیلەسوفەکان بێت، دەکرێت لەگەڵ چالاکی و بەرهەمی هەنگ و مێروله بـەراورد بکرێن و لێکبچوێنرێن. جۆری یەکەمی زانین بەرهەمی هەنگەکە شیلەی گوڵ (داتا) دەمژێ و لەناخی خۆیدا هەنگوین دروستدەکات. جۆری دووەم مێرولەکە لە دەوروبەری خۆراك (داتا) کۆدەکاتەوە.

-راستییەکی گومان هەڵنەگرە، کە بیرکردنەوە، هەستکردن و تێبینی، هەمیشە هەر وابووە و هەر وادەبێت، چالاکی رەسەنی مرۆڤن و بە هیچ

جۆرێك لە گەوهەری بوونی جیاناکرێنەوە، بەڵام شمەکی دەوروبەر (بەرامبەر بە وشەی ئەڵمانی GEGENSTÄNDE) هەمیشە لەبەرامبەر بیرو بۆچووندا کەرەستەیەکی دەرەکی گیانی و نامۆبوون و هەرواش دەمێننەوە. ئەوی ئاساییە و ئەو نامۆیەی کاڵکردۆتەوە چەمك و بۆچوونی وێناکردوی ئەو کەرەستە و شمەکە دەرەکییانەیە لە ناخ و مێشك و دەرونی مرۆڤدا. بۆیە لە راستی دورناکەوینەوە ئەگەر بڕیاربدەین، کە چەمکی نەریتی بابەت وەك شتێك بە هزر نامۆیە و هەر خۆیشی دەستەبەری لەناوبردنی رەوشی بابەتیەتی زانین دەبێت!. رونتر: لەبەرامبەر (من)، کە بونەوەرێکی گەوهەرییە بوونی جیهانێك گریمانەکراوە و دەبێت ببێت بە بەشێك لە هۆش و هۆشیاری ناخی دەرون! باشە چۆن خەسڵەت و تایبەتمەندی شمەکەکانی: بۆ نمونە کشان، بزوتنەوە، دەبن بە ناوەڕۆکی هەست و بۆچوون؟ چۆن تایبەتمەندی بوونیان پێدەبڕێت؟ لەبەردەم ئەو رەوشە سەرسوڕهێنەرەدا، ئەوەندەی پەیوەندی بە پڕۆسەی زانینەوە هەیە، دەبێت جارێکی تر بچینەوە بۆ لای کانت، کە هەردوو رێباز- ئاڕاستەی ئیمپیری و ژیری تێکەڵکردوە و رێگەی سێیەمی گرتۆتەبەر. کانت وتویەتی:-

زانینی ئێمە لە دوو سەرچاوەی بنەڕەتی ناخەوە هەڵدەقوڵێن، یەکەمیان پێشوازیکردنی بۆچوونەکانە، دووەمیان توانای زانینی بابەتێك بەهۆی ئەو بۆچوونانەوەیە. بەهۆی یەکەمیانەوە بابەتێك هاوردەدەکرێت و دەدرێت، بەڕێگەی دووەمەوە، ئەمە، لە پەیوەندیدا لەگەڵ بۆچونەکە بیری لێدەکرێتەوە. ئیتر سەرنجدان و چەمکەکان (بۆچونەکان BEGRIFFE) هەمو کەرەستە و رەگەزەکانی زانین پێکدەهێنن81.

ئیتر چەمك و بۆچوونەکان بەبێ سەرنجدانی گونجاو لەگەڵیاندا و سەرنجدانەکان بەبێ چەمك و بۆچوونەکان زانین پەیدانابێت و پێکنایەت.

هەردووكیان بێگەردن یان ئەزمونین (ئیمپیرین). ئەزمونی دەبێت ئەگەر هەستی تێدابێت، ئەوەش (بوونی لە ئارادا بووی بابەت دەكات بە مەرج). بێگەرد دەبێت ئەگەر بۆچوونەكان هیچ هەستێكیان تێكەڵنەبووبێت. دەكرێت ئەوەی دوایی بە كەرەستەی زانینی هەستەكی ناوببرێت. لێرە سەرنجدانی بێگەرد یان چەمك و بۆچوونەكان دەكرێن پێشییانە بن، بەڵام ئیمپیری پاشییانەیە. كەوابوو، بە پێی ئەوەی تا ئێستا وترا:

(بیروبۆچوونەكان بە بێ ناوەڕۆك بۆش و بە تاڵن، سەرنجدانەكان بە بێ چەمك و بۆچوونەكان كوێر و نابینان)82.

لەو روانگەیەوە دەكرێت قسە لە دوو مەرجی زانینی بابەتێك، كەرەستەیەك بكرێت:

یەكەم: سەرنجدان: ANSCHAUUNG. كە بەهۆیەوە بابەت تەنیا وەك دیاردە هاوردەدەكرێت.

دووەم: چەمك و بۆچوونەكان: لە رێگەیانەوە بابەتەكە بە بیردادێت، بیریلێدەكرێتەوە بە جۆرێك كە لەگەڵ ئەو سەرنجدانەدا بگونجێت و بێتەوە.

-ئەو جۆرە دیارو دەستنیشانكردنە دوو رەنگییەكی لێدەكەوێتەوە، كە سروشتی تایبەتی فەلسەفەی كانت دەردەخات. دوو رەنگی (دیاردە و شت لەخۆیدا). ئەو دوو رەنگییە چی دەگەیەنێت؟ ئەو دوو رەنگییە ئەنجامێكە لەوەوە كەوتۆتەوە، كە كانت وایداناوە، جیهانی دەوروبـەر، هەڵكەوتی لەئارادا بوو ناكرێت خۆی لەخۆیدا چۆنە بزانرێت و پەیپێببردرێت، بەڵكو مرۆڤ دەتوانێت تەنیا هەر دیاردەكان بزانێت و پەیانپێببەرێت. راستی شت لەخۆیدا چییە و چۆنە، هەمیشە بە شاردراوەیی و نەزانراوی دەمێنێتەوە!.

ئەو بڕیارە لەپڕۆسەی زانینەوە كەوتۆتەوە، كە كانت رەنگیڕشتوە: بابەتێك، شتێك دەبێتە كەرەستەی شارەزایی، ئەگەر بە رێگەی فۆڕمەكانی سەرنجدان و چەمكەكانەوە، یان لەچوارچێوەی بنەما بنەڕەتییەكانی تێگەیشتنی، (فامی)

بێگەردەوە لێکبدرێتەوە، ئەوەش وادەگەیەنێت کە هەڵکەوتی راستەقینە (دەوروبەر) ئەوەندەی، کە پابەند و ملکەچی رونکردنەوە نەبێت و سەربەخۆ بزانیٚ لە بنەڕەتدا ناکرێت بزانرێت و پەیپێببرێت. کەوابوو ئەو جۆرە شمەکانە کە ناکرێت بزانرێن بە (شت لە خۆیدا) ناودەبرێن و ئەوانەش، کە دەکرێت پەیانپێببرێت و لێکبدرێنەوە بە دیاردە PHÄNOMENA ناودەبرێن.

دیاردەکان دەکرێن بە ناوەڕۆکی هۆشیاری و بە بۆچوون دەستنیشانبکرێن، چونکە لە کات و شوێندا دەکرێت لێکبدرێنەوە. شت لە خۆیدا ملکەچی هۆشیاری نییە و سەربەخۆیە. کەوابوو دیاردە و شت لە خۆیدا دەکرێت بە ناوەڕۆکی ناوەکی هۆشیاری و سەربەخۆ هەبوون لە هۆشیاری دیارییبکرێن.

ئەو دوو رەنگییەی جیهانبینی کانت لەسەرەتاو دەستپێکی سەرئاوکەوتن، بۆتە مایەی کێشە و بێنە و بەرەی فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە و دواتریش، ئەگەر مرۆڤ توانای زانینی شت لەخۆیدا بزانێت، چۆن ئەو بڕیارەی داوە، کە شت لەخۆیدا هەیە و ئەو هەبوونەش پابەندی هیچ پڕۆسەیەکی زانین و پەیپێبردن نییە. بڕیاردان دەربارەی هەبوونی شت لەخۆیدا بریتیە لەزانین و پەیپێبردن و بڕیارەکەی کانت، ئەگەر پوچەڵی نەکاتەوە ئەوە تاڕادەیەکی سەرنجڕاکێش بەرەو کاڵبوونەوەی دەبات:

لەکۆتایدا، لەجیهانبینی کانتدا هەستەکان و ژیر پێکەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی بەشداری لە پڕۆسەی زانیندا دەکەن. هەستەکان کەرەستەی خاو هاوردە دەکەن، ژیر ئەو کەرەستە خاوە رێکوپێکدەکات بەوەی چەمکەکانی بەسەردا جێبەجێدەکات، بە تایبەتی چەمکی کات و جێگە بەو جۆرە زانین پەیدادەبێت.

# تیۆری زانین لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵماندا

1-مەبەست لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی ئەو جیهانبینیەی فەلسەفەیە، کە هەرسێك فەیلەسوف فیختە ( 17621814-ز) و شیلینگ ( 17-751854ز ) و هیگڵ (1770-1831ز) رەنگیانڕشتوە. رێبازەکە خۆی دەکرێت بە دوو بەشەوە:-

-فەلسەفەی ئایدیالیستی خۆیی (فیختە): SUBJEKTIVE

-فەلسەفەی ئایدیالیستی رەها (هیگڵ): ABSOLUT.

ئەگەرچی ماوەیەکی دورودرێژ فیختە و هیگڵ پێکەوە نەهاتونەتەوە و لەگەڵ یەکتریدا هەڵیاننەکردوە، ئـەوا لەهەندێك بابەتی جیهانبینیە فەلسەفییەکەیاندا دەکرێت خاڵی ناوکۆیی و بیروبۆچوونی هاوبەش و لەیەکچوون لەلای هەردووکیان بەدیبکرێت. راستە هەردووکیان هەڵوێستی تایبەتی خۆیان بەرامبەر بە بزوتنەوەی سەرتاپاگیری رۆمانتیکی هەبووە، بەڵام هەردوکیان بەشێوەیەك لە شێوەکان سودیان لەسەرچاوەی فەلسەفەی سپینۆزا وەرگرتوە. شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ساڵی (1789ز)، ئەو پڕیشکە بوو. ئەگەرچی ئاگری لە پاوانی هزرو بیرکردنەوەیان بەرداوە، بەڵام کون و کەلەبەرە تاریکەکانی جیهانبینیەکەیان وەك مۆمی تیشك پژێن روناککردۆتەوە، بەڵام لەلای هەر یەکەیان بە جۆرێك و بە ئاڕاستەیەکی جیادا. هەستی نەتەوەیی لای فیختە، کە لەو هەشت پەیامەدا بۆ نەتەوەی ئەڵمانی نوسیویەتی، پیادە و جێبەجێکردنی ئازادی، داد و یەکسانی بەشێوەی ئەو سەردەمەی خۆی، کە دروشمی سەرەکی شۆڕشەکە بوون لەلای هیگڵ و لە فەلسەفەکەیدا رەنگیانداوەتەوە و بەرجەستەبوون، تەنانەت لە یادی شۆڕشی فەرەنسادا هیگڵ شۆڕەسواری مەیدانی فەلسەفە بە بێ رکابەر لە شاری (تریر) نەمامی ئازادی ناشتوە!

2-ئایدیالیزم وەك وشە (چەمك) و وەك بابەت و ناوەڕۆك دەکرێت بە دوو جۆر شرۆڤە بکرێت، لە بنەڕەتدا وشەکە خۆی یۆنانی – لاتینیە IDEALISM ئاماژەیە بۆ رێبازێکی فەلسەفە (جیهانبینیێکە)، پوختەکەی لـەوەدا بەرجەستەدەبێت گوایە جیهان و بوون بە بیرۆکە، بە گیان، بەژیر، بەوشیاری

لێکدەداتەوە و پێناسە و دیاردە دەستنیشاندەکات، مادە (مەتریا) بە فۆڕمێکی دەرکەوتەی ئەو تێدەگات. لە فەلسەفەی مۆدێرندا بارکلی بە رابەری ئەو رێبازە دادەنرێت، ئەگەرچی ئەو خۆی بە نامادی ناوبردوە. لە ژیانی رۆژانەدا بە کەسێك دەوترێت پەیڕەوی نمونەیەك بکات یان هەمو شتێك لای پێویستە نمونەیی بێت. ئیتر ئەو کەسەی بەو جۆرە کاردەکات یان بیردەکاتەوە پشت بە نمونەیەکی بەرز دەبەستێت، کە لە کۆمەڵگەدا جێگیرە، جا ئەو نمونەیە ئاکاری بێت، یان کۆمەڵایەتی لەخۆیدا ئامڕاز و ئامانجە. ئامڕازەکە پەیڕەویدەکات، هانیدەدات بەرەو ئامانجێك کۆششبکات. بەدیهاتنی ئامانجەکە، بە ئامانج هەژماردەکرێت.

وشەکە دەبرێتەوە سەر دوو بنج و بناوان:

-یا ئەوەتا لە وشەی IDEAL کەوتۆتەوە کە نمونە دەبەخشێت یان:

-لە وشەی IDEE کەوتۆتەوە، کە واتای بیرۆکەی نمونەیی دەگەیەنێت.

بەپێی سەرچاوەکانی مێژوی فەلسەفە، ئەگەرچی ئەفلاتون رابەری ئایدیالیستەکانی جیهانی پانوبەرینی فەلسەفەیە، بەڵام فەیلەسوفی ئەڵمانی، لایبنیتیس (61716-164ز) یەکەم کەسە ئەم وشەیەی بە پێچەوانەی نا مادیەت بەکارهێناوە. بە گشتی ئایدیالیستەکان لەو باوەڕەدان، کە «بوون»ی مەتریالیستی جیهانی دەوروبەر بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەخودی لە (منی) هەستپێکار گومان هەڵدەگرێت و ناکرێت ساغبکرێتەوە. دەربارەی ئایدیالیزم کانت وتویەتی:

ئایدیالیزم (من وا لە ئایدیالیزمی مادەیی دەگەم)، کە تیۆرییەکە بوونی شمەك لەجێگادا، لەدەرەوەی ئێمەدا، یان بە گومانهەڵگری رووت و پاساونەدراو یان بە چەوت و هەڵە و ناشیاوەکی روندەکاتەوە83.

بەلای کانتەوە ئاڕاستەی یەکەم دەچێتەوە سەر دیکارت، کە تەنیا یەك بنەمای بە راست و دڵنیاییلێکراو داناوە: من بیردەکەمەوە.

بارکلی بە نوێنەری ئاڕاستەی دووەم هەژمارکردوە، کە جێگە، ئەو شمەك و

شتانەی تێیدان و ناکرێت لەیەکتری دابڕێن و مەرجەکانی ئەون، لەخۆیدا بە تەواوەتی ناشیاوەکییە و ئیتر شمەك و شتەکان لە جێگەدا لە ئەندێشەی رووت بەولاوە نیین.

بەپێی ئەو رێبازە بە تایبەتی (خۆییەکە)، ساغکردنەوەی بوونی شمەکی دەوروبەر و جیهانی دەرەکی لـەدەرەوەی (منی) پەیبەر بە تاقیکردنەوەی راستەوخۆ لە کردن نایەت!

## فیختە، تیۆری زانست

1-بە فەیلەسوفی ئایدیالیزمی خۆیی و (من و نامن)، تیۆری زانست ناسراوە. کۆشاوە کەلەبەرەکانی فەلسەفەی کانت پڕبکاتەوە، بە تایبەتی پەیوەندی نێوان هەست و تێگەیشتن (فام)، لەپەیبردن بە بابەتەکانی جیهانی دەوروبەردا، سەرەڕای بیرۆکەی کێشەئامێزی (شت لەخۆیدا). ئەگەر بە پێی بۆچوونی رێبازی ئایدیالیستی، هزر- بیر لە چالاکی وێناکردن و بیرکردنەوە بەولاوە نەتوانێت پەی بە شتێکی دیکە بەرێت، دەبێت چی بۆ تیۆری زانین بمێنێتەوە، کە لەلای فیختە بووە بە تیۆری زانست WISSENSCHAFTSLBHRE. پشتئەستور بە بنەما بنەڕەتییەکانی ئەو رێبازە، چالاکی ئەو تیۆرییە بریتیە لەڕونکردنەوەی ئەوەی چۆن وێنەی شتەکان (شمەك) و بۆچوونەکانیان بەڕێکوپێکی لە چوست و چالاکی بیردا پەیدادەبن و دەکەونەوە؟! ئەو پرسیارە لەخۆیدا ئەو بنەما ئایدیالیستیە دوپاتدەکاتەوە، کە ئەوەی هەیە و لەناخی دەرون و مێشك و بیری مرۆڤدا هەیە، کە فیختە بە (من) ICH ناوی دەبات، لەئەنجامی چالاکی و دەرکەوتەکانی (من) بەو لاوە شتێکی دیکە نییە. فیختە لەو کایەیەدا دوو بۆچوون- هەڵوێستی لەبەردەمدا بووە:-

-هەڵوێستی نامادی بارکلی، کە بوون تەنیا هەر پەیپێبردنە!

-کانت: بەلایەوە ئەوی مرۆڤ پەیپێدەبات تەنیا هەر دیاردەکانن، شت لەخۆیدا چۆنە، هەرگیز و هەرگیز نازانرێت و پەیپێنابرێت!

وا پێدەچێت بەلای بارکلیدا شکاندبێتی، بێئەوەی بە تەواوی بۆچوونەکانی

ئەو فەیلەسوفە ئینگلیزەی پەسەندکردبێت، بۆچونەکەی کانتی بە ناتەواو و بگرە لەخۆدا ناکۆك داناوە. فیختە لەو بوارەدا تیۆری زانین، لۆجیك، مێتافیزیکی ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر کردوە، بۆچوونێکی لێکەوتۆتەوە و رەنگڕشتوە تاڕادەیەك لەگێژاوی سەر لێدەرنەکردن و تەمومژاویدا نقوم بووە! بۆیە پێشکەشکردنی وێنەیەکی روون و رەوان دەربارەی جیهانبینی ئەو فەیلەسوفە بە تایبەتی تیۆری زانین وا سوك و ئاسان نییە، هەر ئەوەش هۆکارێکە لەو هۆکارانەی، کە لەچاو کانت و هیگڵ لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی فەلسەفەدا پاشەکشەیپێکراوە!

2-بەپێی سەرچاوەکان فیختە لەسەرەتای ژیانی ئەکادیمیدا و لەبەرهەمە نۆبەرەکانیدا لایەنگیری سپینۆزا بووە، لەو باوەڕەدابووە هەرچی رودەدات تەنانەت روداوە گیانیەکانیش پابەندی هۆکاری ناچارین و DETERNINIERT، شارەزایی و ناوەڕۆکی ئەزمون ئەنجامی ئەو کارانەن، کە شتی دەوروبەر، شمەك تێیدەکەن، بۆچوون و بڕیارەکان (حوکمەکان)، ئەنجامی هەڵکەوتی راستەقینەی دەوروبەر و روداو قەوماوەکانن، کە بە بنەمای پڕۆسەی مەتریالی (مادەیی) پشتئەستورن و دیاردە و دەرکەوتی ئەو جیهانەن. بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیەوە ئایدیالیستەکان، هەبوونی جیهانێکی مەتریالی سەربەخۆ و پابەندنەبوو بە بیررەتدەکەنەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە بابەت و کەرەستە راستەقینەکان ئەوانەن بوونەکەیان لەلایەن (منی بیرمەندەوە)، داهێنراون و پەیدابوون. لێرەوە دەچینە نێو جیهانە جەنجاڵ ئامێزەکەی فیختەوە، کە بە سایەی بەرهەمەکانی کانتەوە، کە بە ئاشکرا کاریانتێکردوە، لە بۆچوونەکانی پێشوی سپینۆزا دورکەوتۆتەوە84.

بە جۆرێك گۆڕین و دەستکاریکردنەوە بۆچوونی کانتی لەبارەی پڕۆسەی زانینەوە پەسەندکردوە. تێزەی (ناوەڕۆکی ئەزمون و شارەزایی کە پابەندی خودە) و کانت پێی لەسەر داگرتوە، فیختە دەستکاریکردوە و بەو لایەدا تەکانیپێداوە بابەتەکان (کەرەستە و شمەکی دەوروبــەر)، بە تەنیا هەر بوونەکەیان پابەندی (من)ە، ئیتر دەبێت گریمانەی کارکردنی شت لەخۆیدا لە (من) بە دوربگیرێت! بەو شێوەیە نەك هەر فۆڕم (روخسار)، بەڵکو ناوەڕۆکی

هەمو کەرەستە و بابەتەکانی شارەزایی و ئەزمون دەچنەوە سەر (من). ئەوەش بە ئاشکرا گۆڕانێکە فیختە لە تیۆری زانینی کانتدا کردویەتی، چونکە بەلای کانتەوە، وەك لە شاکاری رەخنەکردنی ژیری بێگەرددا هاتوە:-

بوونی فۆڕمی بابەت و کەرەستەکان دەچێتەوە سەر خۆ SUBJEKT، بەڵام دیارو دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکەکەی دەچێتەوە سەر ئەو کارەی (شت لەخۆیدا) دەیکات. ئەو بەشەی دوایی دەستەواژەکە بەلای فیختەوە پەسەندنەبووە، چونکە پاساودانی بوونی هەست و هۆشیاری ئازادی کاتێك تێدەگەیشترێت و دەستەبەردەبێت، ئەگەر مرۆڤی هزرمەند بچێتە نێو سەنگەری ئایدیالیستەکان و لە سۆنگەی ئەوانەوە سەرنجبدات و رابمێنێت.

3-چۆن دەکرێت شارەزایی، ئەزمون وەك بابەتی شیاوەکی پەیپێبردرێت؟ ئەو پرسیارە فیختە لەخۆی کردوە و لە چوارچێوەی سیستمێکی تەمومژاوی و بە زمانێکی وشك و برینگ کۆششی وەڵامدانەوەی کردوە، لە ئەنجامدا دەرگای چوونە ناو جیهانی تیۆری زانستی خستۆتە سەرپشت، کە بابەت و کەرەستە سەرەکییەکانی چەمکی (من) بووە. ئەو چەمکە لەجیهانبینی ئەو فەیلەسوفەدا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، بۆیە پێی لەسەر ئەوە داگرتوە، کە ناوەڕۆکی هۆشیار راستەوخۆ، بەڵام نەك شت لەخۆیدا لە دەرەوەی سنوری هۆشیاری لەمندا بوونی ئامادەگی هەیە. خۆ ئەگەر مرۆڤ درەختێك بەدیبکات و لەبەردەمی خۆیدا ببینێت، چی رودەدات؟ ئەوا مرۆڤ هۆشیارە لەوەی، کە بیرکردنەوەی هزری هۆشی لەبوونی ئەو درەختە هەیە.

-بەلای فیختەوە چەند جۆرێك بۆچوون هەیە، جۆری یەکەمیان بۆچوونی ئەندێشەییە PHANTASIE. ئەو جۆرە دەگۆڕێت. لەبەرامبەریدا جۆری ناچاری هەیە. گرنگترین جۆری بۆچوونەکان، کە دەکرێت رەنگی نەزم و سیستمێکی لێبرێژرێت، ئەوانەن کە بە (شارەزایی و ئـەزمـون)85 ERFAHRUNG دادەنرێن، ئیتر ئەرکی تیۆری زانین (تیۆری زانست) لەو کایەیەدا ئەوەیە رونیبکاتەوە چۆن ئەو بۆچوونانە پەیدادەبن و دەکەونەوە! بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەی، کە سروشتێکی ناچاریانەیان هەیە!

چەمکی (من)، کە فیختە کردویەتی بە یەکەمین بنەمای بنەڕەتی تیۆری شارەزایی ئەزمون، بریتییە لە یەکڕەنگی هۆشیاری لەچوارچێوەی بۆچوونەکانیدا بەتایبەتی بنەما و باری بڕیار (حوکم) بەیەکەوە توندوتۆڵی گرێدەدات. بەیەکەوە گرێدانی بۆچوونەکان لە پڕۆسەی بڕیارداندا (URTEIL)، ئەو ئەنجامەی لێناکەوێتەوە ئەوەی بڕیاری لەبارەیەوە لەسەردراوە، بوونی سەربەخۆی هەیە. بۆ نمونە لە بنەمای خۆیەتیدا: A=A ئەوا ناڵێ کە A بوونی سەربەخۆی هەیە، بەڵکو هەمانگۆییئاسا ئەوە دەڵێت کە A لەگەڵ خۆیدا تەبایە و یەکە، ئەگەر بێت و A لە ئارادابێت چەمکی بنەوبار دەکرێت بەدوای یەکتریدا بێن، چونکە ئەوان سەر بە هۆشیارییەکی یەکڕەنگین. یەکڕەنگی (من) مەرجی بنەڕەتی پێکەوە گرێدانی چەمکی بنەوبارە لە پڕۆسەی بڕیارداندا. ئەو یەکڕەنگییە بەو جۆرە دەردەبڕدرێت: من یەکسانە بە من (من = من).

4-ئەو پرسیارەی بە بیردا دێت، ئایا ئەو بۆچوونەی فیختە، کە (من)ی کردوە بە خاڵی سەرەکی جیهانبینیە فەلسەفیەکەی، دەکرێت بەو کۆشش و تەقەلایە دابنرێت، کە بۆ کاڵکردنەوەی ناکۆکی و ناتەبایی نێوان هزر و بوون، ژیر و سروشت کردویەتی؟!

ئەگەر بە زمانی فیختە بدوێین دەبێت لەجیاتی وشەی بیر و بوون، ژیر و سروشت هـەردوو چەمکی (من و نامن)، وشیاری خۆ و وشیاری بیانی بەکاربهێنین! (بیانی لەو چەمکەدا لەجیاتی وشەی ئەڵمانی FREMD بەکارهێنراوە). ئەو جۆرە پۆلێنکردنە دەبێتە هۆکار و هاندەرێکی سروشتی، کە لەچوارچێوەی هۆشیاری مندا هۆشیاری دیاردەکانی تر لەنێو هۆشیاریمان، کە دەکرێت بە جیهانێکی دەرەوەی بوونی تاکیمان پەسەندبکەین. بوونی هۆشیاری تاك لەخۆیدا هەڵگری فۆڕم و روخساری بوونی تاکە86 سنورەکە دەبەزێنێت بەرەو بوونی هەڵکەوتێکی راستەقینە هەنگاو هەڵدەگرێت، کە (نامن)ە و هۆشیارییەکی بە من بیانییە!

بەلای فیختەوە سروشتی دەوروبەر، کە بە (نا من) ناوی بردوە، چونکە لەدەرەوەی من هەرچی هەیە و نییە لە (نا من) بەو لاوە نییە، کەوابوو لە

پەیوەندی خۆیەوە بۆ خۆ بەولاوە هیچیتر نییە، چونکە سروشت بوونێکی سەربەخۆی لەدەرەوەی (خۆ)دا نییە. کەوابوو سروشت بابەت و کەرەستەی خودی منە!. ئەو جۆرە بڕیاردانە پڕۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ دێنێتە بەرچاو، کە بوون بە تێزەیەکی ئەرێ- لەبار دەستپێدەکات و بە تێزەیەکی نەرێ- نالەبار خۆی سنورداردەکات و بەرپەرچی خۆی دەداتەوە. فیختە من بەهۆی نا من سنورداردەکات! بۆ ئەوەی خۆ – من – ئەرکی خۆی، کاری خۆی بکات و جێبەجێیبکات، دەبێت لەسەرەتادا بوونی خۆی جێگیربکات، ئینجا دەبێت-ئەوە دووەم هەنگاوە- بوونی بونەوەرێکی تری یەکسان بەخۆی ساغ و پشتڕاستبکاتەوە، چونکە بوونی ئەو بونەوەرە و روبەروبوونەوەی بوونی خودی من ساغدەکاتەوە. چۆن بزانم من هەم ئەگەر نامن لە ئارادا نەبێت و روبەڕوم نەبێتەوە. کەوابوو ئەگەر بە زمانی لۆجیك بدوێین، هاوکێشەیەکمان هەیە لە دوو بەش پێکهاتوە، لە من بەرامبەر بە نا من! بەڵام بڕیاردان لەبارەی بوونی ئەو نامنەوە، کە جیهانی دەرەکی بیانییە، بوونێکە لە دەرەوەی سنوری خودی منە. بوونێکی ناچارییە! دەبێت لەگەڵیدا یەکبگرن، چونکە بمەوێت و نەمەوێت بوونی من دەردەبڕێت.

5-لەو بۆچوونەی ئەو فەیلەسوفەوە ئەو هاوکێشەیە دەکەوێتەوە، کە (من) کاراو چالاکە هەر خۆی بنەماکانی بیر، چەمکی کات، جێگەن، هۆیەکی گەوهەر و روکەش دادەهێنێت. بوونی من راستیەکی هەڵکەوتە لە هەمو ئەزمون و تاقیکردنەوەیەکدا. بە بێ بوونی ئەو منە لەکردن نایەت، هەست بە بوونی تایبەتی و رێکوپێکی جیهانی دەوروبەر بکرێت.

بۆیە پێویست ناکات بوونی شت لەخۆیدا گریمانە بکەین، ئیتر من هەم و بە ئەزمون و تاقیکردنەوە لەو بوونە وشیارم. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەکایەوە: ئایا ئەو بوونەی من، کە خەسڵەتە سەرەکییەکەی ئازادییە، ئەو ئازادییەش لە چوست و چالاکی و کارابیەکەیدا بەرجەستەدەبێت، چۆن لەگەڵ بوونی ئەنتی تیزەکەی کە سروشتە و ئەو بە نامن ناوی بردوە لێکدەدرێتەوە؟ ئەو دوو جەمسەرە بەیەك ناکۆکە چۆن پاساو دەدرێنەوە87؟

هەر لەسەردەمی دیکارتەوە بوونی دەرون، بوونی ناخی من (خۆ) گومان هەڵناگرێت، چونکە پڕۆسە و چالاکی گومانەکە پێویستی بە خۆیەك هەیە گومانەکە بکات. ئیتر ئەو خۆیە، کە لەو فەلسەفەیەدا بووە بە من، بۆئەوەی بوونی خۆی دوپات و پشتڕاست بکاتەوە، دەبێت رکابەرێك لەبەرامبەر خۆیدا گریمانە بکات! چونکە ئەو ناتوانێت بوونەکەی ئەو بونەوەرە دەرەکییە پشتڕاست یان رەتبکاتەوە، یان لە بڕیاردانی بوونیدا سەرپشك بێت. ئەو بوونە دەرەکییە-نامن – لەبەردەم (من)دا بوونی هەیە. ئەگەرچی ئەو رەوشە کێشە ئامێزە و وا بە ئاسانی کاڵناکرێتەوە: چون (من) لەسنوری بوونی خۆی بەرەو ئاڕاستەی دەرەوە تەکان دەدات و گریمانەی بوونی نامن ێك دەکات، کە پەیوەندی بەخۆی (من)ەوە نییە؟! لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گریمانەیە بژارێکە خودی (منەکە) خۆی کردویەتی و هەڵیبژاردوە بۆ ئەوەی وەك رکابەرێك بوونی (من)، خودی خۆی پێ ساغبکاتەوە، ئینجا دەبێتە مایەی چوست و چالاکی و کارایی (منەکە) لەخۆیدا. ئەمەش چالاکییەکی نەپساوی هەمیشە بەردەوامە! کەوابوو (من) پێویستی بە شتێك هەیە لە خودی خۆی جیاواز بێت و جۆرە پردەبازی پەڕینەوە، ئینجا پردی هەڵبەستی پەیوەندی بێت لەڕاستی بوونی (من)ی راستەقینە و راستی بوونی راستەقینەیەکی دەرەکی، کە بە هیچ جۆرێك خودی من نییە88.

**شیلینگ**

1-رابەرێکە لە رابەرانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی، لەدوای فیختە و هیگڵ بە پلەی سێیەم دێت. لەسەرەتادا دۆستی نزیکی (هۆڵدەرلین) رابەری رێبازی رۆمانتیکی ئەڵمانی و هیگڵ بووە، لەدوایدا خۆی لە رابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی رەها دورخستۆتەوە. لە فەلسەفەکەیدا سروشت و گەوهەری بزوتنەوەی رۆمانتیکی ئەڵمانی بە جوانترین شێوە رەنگیانداوەتەوە. کۆشاوە، دوای ئەو هێرشانە ماتریالیستەکان بردویانەتە سەر فەلسەفە، برەو بە فەلسەفەی مەزندەیی SPEKULATIV بدات و تاوەکو رادەیەکی سەرنجڕاکێش لەو هەوڵەیدا سەرکەوتنی بە دەستهێناوە.

فریدریش ڤلهیلم یۆزیف شیلینگ (1775-1854ز)، بە فەیلەسوفی قۆناغی رۆمانتیکی ناوی دەرکردوە، رکابەرێکی سەرسەختی هەردوو هەڤاڵانی بووە، فیختە و هیگڵ. هەوڵیداوە بزوتنەوەی رۆمانتیکی و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی پێکەوە بێنەوە و لەگەڵ یەکتریدا هەڵبکەن. بە پێچەوانەی هەردوو فەیلەسوفەکەی تر مەیلی بەلای فەلسەفەی سیاسیدا نەبووە. بە پێی ئەو بەرهەمانەی لە پاشی بەجێماون و چاپ و بڵاوکراونەتەوە جیهانبینیەکەی دەکرێت بە دوو بەشەوە:-

-**فەلسەفەی سروشت.**

-**فەلسەفەی ئاینی.**

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنج لە هەردوو ئەڵقە بدات لە لای ئەو فەیلەسوفە، نەك هەر جیاوازییەکی ئەو تۆ لەنێوانیاندا هەستپێناکات، بە پێچەوانەوە هەردووکیان تەواوکاری یەکترین. شیلینگ لەو بەرهەمانەیدا بە تەواوەتی سروشتی کەسایەتی رۆشنبیری ئەڵمانی سەردەمی خۆی بەرجەستەکردوە، تاوەکو رەگوریشەی ئایدیالیست، ورد و بنەڕەتی، پێداگرتن لەسەر خودی کەسایەتی، کە لەوێ بە من، خۆم، ناوبراوە. پابەندبوون بە بنەما و دۆگمەکانی ئەو ئاینەی مەسیحی، کە براوە بۆ ئەوروپا و گۆڕانی سەرتاپاگیری لە ناوەڕۆك و روخساردا بەسەرداهێنراوە. هەرچی هەیە و نییە، دەکرێت بە گریمانەکردنی بوونی هێزێکی ترانسندێنتاڵی، کە لەوێ بە رەب ناسراوە لێکبدرێتەوە و رەوایەتیەکەی پاساوبدرێت و هۆکارەکەی رونبکرێتەوە، بەڵام چۆن رەبێك؟! ئەو رەببەی تەنیا لە مێشکی ئەو فەیلەسوفانەدا وێنەکەی نەخشێنراوە و بە هیچ جۆرێك لەگەڵ رەگی هەردوو ئاینە گەردونییەکەی تردا نایەتەوە!

2-لە بەرهەمەکانی شیلینگدا بابەتێکی سەربەخۆی بە ناوی تیۆری زانین بەدیناکرێت، بەڵکو چەند بیروبۆچوونێك بەرچاودەکەون، کە لەچوارچیوەی جیهانبینیەکەیدا و لەنێو هەردوو فەلسەفەی سروشت، ئایندا هاتون، باسکراون و جاروبار قسەیان لێکراوە. وەك لایەنگرێکی رێبازی سەرەنجراکێشی رۆمانتیکی هەڵوێستی دیارو بەرچاوی دەربارەی رۆڵی ژیر و هەست و سۆز و باوەڕ (ئیمان)

هەبووە. لە سەرەتاوە رەخنە لە رۆڵی (من)ی فیختە گرتوە، کە هەڕەمەکی جەمسەرێکی دژ بەخۆی (نا من) دادەهێنێت. بەلای شیلینگەوە ناکرێت (نامن) بابەت یان بێهۆشی بێت، چونکە ناکرێت خۆ (خود)، بە بێ بابەتێك بوونی هەبێت، چونکە هەر ئەو بابەتە، خۆی بوونی خود دیار و دەستنیشاندەکات و بە دەریدەخات، لەلایەکی ترەوە ناکرێت و ناگونجێت بابەت هەبێت بە بێ بوونی خودێك، کە وێنای بکات، کەوابوو من و نا من هەردووکیان هەلومەرجی بوونی یەکتری دەستیاویانە دەڕەخسێنن و هیچ کامێکیان بەبێ ئەوی تر ناکرێت (هەبوو) بێت- وەك فەیلەسوفێکی ئایدیالیستی ئەڵمانی، لەگەڵ فیختە و هیگڵدا هەوڵیداوە، جگە لە سودوەرگرتن لە کانت رێبازی ترانسندێنتاڵی پەیڕەوبکات و پتر بەرەوپێشی بەرێت، بەڵام ئەگەرچی لەگەڵ دووانەکانی تردا جیاوازی هەبووە، بۆ رشتنی جیهانبینیە فەلسەفییەکەی کۆشاوە پەیڕەوی دوو رەنگی DUALISM دوربخاتەوە و بگرە پوچەڵیبکاتەوە، بە تایبەتی دوو رەنگی دیاردە و شت لەخۆیدا. بۆ ئەو مەبەستە لایەنێك، کە پەنایبراوەتە بەر ژیانی گیان و چالاکییەکانی بووە. ئەو چالاکییەی ئەو هێزە بە داهێنەر دانراوە89، بۆیە هونەر بووە بە سەرپشك و جیهانی بە تابلۆیەکی رەنگاورەنگی دڵڕفێنی هونەری دیتوە. ئەو چالاکییە لەبزوتنەوەی بیر لەبیرکردنەوەدا بەولاوە نییە، کە دواتر لەلای هیگڵ سروشتی پرۆسەی لۆجیکی – دیالێکتیکی پێبەخشراوە. ئەو رەوشەی بیرکردنەوە بۆتەمایەی ئەوەی بەلای شیلینگەوە، هونەر، ئاین (بە تایبەتی مەسیحیەت لەدیدی ئەوەوە) لەگەڵ فەلسەفەکە خۆی وێنایکردوە، ئەو سێ پاوان و کایەیەی چالاکی مرۆڤن، کە تێیاندا گیان و بەرز و رەها خۆی بەرجەستەدەکات. ئەو بۆچوونە لە بەرجەستەبوونی یەسوعی مەسیح دەچێت!

-لە چوارچێوەی تیۆری زانیندا ئەو فەیلەسوفە، کە لەگەڵ مێتافیزیك، هونەردا لەپاوان و کایەی فەلسەفەی سروشتیدا ئاوێتەی یەکتری کردون، ویستویەتی رێبازی ئایدیالیزمی ترانسندێنتاڵی بکات بە نەزم و سیستمێکی تێکڕای سەرجەم پرۆسەی زانین. لە ئەنجامی ئەو کۆششەدا ئەوەی

لەفەلسەفەی سروشتدا وەك بابەت و یەکەم بنەما پشکی شێری بەرکەوتوە لە فەلسەفەی ترانسندێنتاڵیدا بووە بە خود و پلەی یەکەمینی پێبڕاوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا چی لە جیهاندا لە دەوروبەری (نا من)دا، راستی و راستەقینەیە؟ بەلایەوە وەڵامەکە لە فەلسەفەی سروشتدا بەدیکراوە، کە بریتیبووە لەوەی لە پەیدابوونی GENESIS سروشتدا و لە پڕۆسەی پەرەسەندنەکەیدا (لە هۆشی مرۆڤدا) بابەت کاڵبۆتەوە و بووە بە خود90، بەڵام لەو بڕیارەدا شیلینگ رونینەکردۆتەوە: ئایا ئەو باڵادەستیەی خود بەسەر بابەتدا پڕۆسەیەکی ناچارییە؟ وەك چۆن لە پڕۆسەی دیالێکتیکی هیگڵدا دەرکـەوتـوە، یان بەهۆی بنەمای ئازادی و سەرپشکبوونی بنەمای هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) دەکەوێتەوە؟! ئەوی لێرەدا هەستیپێدەکرێت ئەوەیە بەلای ئەو فەیلەسوفەوە ژیر و ئەزمون (شارەزایی)، ناکرێت دەستبەرداری یەکتر بن و هەردووکیان لە بڕیاردانی ئەوەی لەجیهاندا بوونی هەیە و نییە، کۆمەك بەیەکتریدەکەن. ئەو جۆرە پەیوەندییەی نێوان بابەت و خود و پڕۆسەی ئاوێتەبوونی یەکترییان، بوونی دوو جۆرە راستی، راستی باوەڕ (ئیمان) و راستی ژیر دەهێنێتەوە یاد، ئینجا رەنگی سنوری نێوان بیر و بوون، هێزەکی و کردەکی لەنێوان شمەکەکاندا دەڕێژێت و لەوێدا لەلایەن هێزی رەببانییەوە دیار و دەستنیشاندەکرێت!.

ئەو بۆچوونە ئەگەر تـاڕادەیـەك نائاسایی بەر گوێ بکەوێت و بدیترێت، ئەوا نائاساییەکە بەوە کاڵدەبێتەوە، کە ئەو فەیلەسوفە لە هەلومەرج و رەوشی باڵادەستی ئەوسای رۆمانتیکی ئەوروپا بە گشتی و ئەڵمانیا بە تایبەتی ژیاوە و چالاك و کارا بووە، بەڵگەش هەڵوێستیەتی بەرامبەر پەیوەندی نێوان ژیر و هەست و سۆز، سروش و سروشت، کە ئەو لەچوارچێوەی ئۆرگانێکی ئۆقرەنەگرتوی بزاوتدا دیویەتییەوە: سروشت بوون و بونەوەرێکی ئارامی تۆکمە و داخراو نییە، بەڵکو بریتیە لەگۆڕانێکی بەردەوامی نەپساوە WERDEN، کە لە هەمو ئان و ساتێکدا پەیدادەبێت و لەپڕۆسەیەکی بەرەو پێشکەوتن و بەرەو پێشچووندا پەرە

بەخۆی دەدات. ئەو بزوتنەوەیەی سروشت بەهۆی هۆکاری ئەرێ و نەرێی هێزە دژەکانەوە دەکەوێتەوە، بە پێی کێشمەکێش و بە یەکترکەوتنەوە فۆڕمە تاکەکان بەدەردەکەون، ئەو دەرکەوتنەیان چەند ئاستێکی هەر ئۆرگانێکە، کە خۆی بەرجەستەدەکەن91، شمەکە تاکەکان تەنیا چەند شێوازی سەرنجدانی ئۆرگانیزمە گشتییە هەمەکییەکەن! ئەم قسەیە چی دەگەیەنێت و چۆن لێکدەدرێتەوە؟ لەو بڕیارەدا هەردوو ئاڕاستەی ئایدیالیستی، کە فەلسەفەیەکی ڕەسەنی ئەڵمانە لەگەڵ بزاڤی ڕۆمانتیکی سەرئاودەکەون.

چۆن دەکرێت سروشت و گیان (ژیر) GEIST، بخرێنە نێو دوو تای یەك تەرازوەوە و بەو چاوە تەماشابکرێن، کە دوو لایەنی سەر بە یەکترین و جیهانی گشتی (گەردون)یان لێپێکدێت؟ ئاشکرایە، کە بابەتی سروشت بێ هۆش و گیان و ژیر، بابەتی بە هۆش و هۆشیارن!

کاڵکردنەوەی ئەو جیاوازییە ناکۆکئامێزە هەوێنەکەی لە کولتوری بۆماوەیی سەدەکانی ناوەڕاست و مەسیحی و ڕۆمانتیکییەوە دەستدەکەوێت! بۆیە شیلینگ بەو پێیە و لەو سۆنگەیەوە باوەڕی بە دوو جۆر جیهانی دەوروبەر، دەرەکی هەبووە. جیهانێك، کە بەرجەستەی گیان و ژیر دەکات. جیهانی دووەمی دەرەکی ئەوەیە، کە خودی مرۆڤ، خۆ بە تایبەتی دایهێناوە! کەوابوو لەو ڕوانگەیەوە سیستم و نەزمی سروشتی مێژوی بەرجەستەبوونی پڕۆسەی چالاکی گیان، ژیرە.

ئەو بۆچوونەی شیلینگ و ئایدیالیستەکانی ئەڵمانی بە هیچ بنەمایەکی ژیر و لۆجیك پاساونادرێتەوە! هیچ گومان لەوەدا نییە، کە مرۆڤ بەو هێز و توانایەی هەیەتی داهێنەرە، داهێنان لە سنورێکی دیارو دەستنیشانکراودا. مرۆڤ خۆی لەخۆیدا لە کۆی چەند هێز و ئـارەزو، خواستێکی جیاوازو تاڕادەیەك بەیەك ناکۆك پێکهاتوە. جۆری هەڵبژاردنی هێزێك لەو هێزانە و سەرپشککردنی کەسایەتی مرۆڤ خۆی دیاریدەکات.

# هیگڵ: ئایدیالیزمی
# ڕەها و پرۆسەی زانین

1-ئەگەرچی لەلای رابەری ئایدیالیزمی رەهای ئەڵمانی، گیۆرگ ڤیلهیلم فرەدریش هیگڵ (1770-1831ز) بەرهەمێکی سەربەخۆی تایبەتی دەربارەی بابەتی تیۆری زانین بە واتا باوەکەی بەدیناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە شاکاری فینۆمینۆلۆجی گیان. (ژێـر)دا لەوبارەیەوە بەشدارییەکی سەرنجڕاکێش لەپڕۆسەی زانیندا هەستپێدەکرێت. لەو بەرهەمەدا لەسیستمێکی سەرتاپاگیری فەلسەفە- لۆجیك دیالێکتیکدا پەرەسەندنی هۆش و BEWASSTSEIN تێپەڕینی بە قۆناغی جیاوازدا تۆمارکراوە. بۆ رونکردنەوەی ئەو لایەنە، جگە لە رۆڵی شۆڕشی فەرەنسا (1789ز)، کە تیۆری سیستمی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی بە گشتی، پێویستە دوو خاڵ، بە کلیلی کردنەوەی دەروازەی چوونە ناو جیهانبینی هیگڵ دادەنرێن، تیشکیان بخرێتە سەر:

-بەهۆی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی کۆشاوە ژێر بکات بە بنەمای سەرلەنوێ رێکخستنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگە، بە جۆرێك ئەو رێکخستنەوەیە، دور لە رۆڵی کڵێسەی مەسیحی و چینی فیوداڵ و ئایدۆلۆجیەکەی، ببێتە مایەی ئەوەی نەزم و سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگە لە ژیاندا لەگەڵ سود و قازانج و ئازادی تاکدا، تەبا بن و بێنەوە! ئەو کۆششە، ئەگەر لە هەندێك رەوشدا ساتمەی کردبێت، ئەوا لە ژیانی مرۆڤدا ئەنجامی شۆڕش ئامێزی لێکەوتۆتەوە:

پلەو پایەی مرۆڤ، جۆری ئیش و کارکردن و خۆشی و ترشیەکەی بەندن بە چوست و چالاکی ئازادی ژێرەوە. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی وا تەماشای مرۆڤ بکرێت، کە خودێکی سەربەخۆیە (ئۆتۆنۆمە) پەرەسەندن و گەشەکردنی تایبەتی خۆی بەدەست خۆیەتی و ئیتر لەتێکۆشان و خەباتیدا دژی سروشت و ئۆرگانە کۆمەڵایەتیەکان بە پێشکەوتنی لەکایەی زانیندا پشتئەستور بووە و بەو پێیە جیهان بووە بە نەزم و رێکخراوێکی ORDNUNG ژێرەکی92.

بۆ تێگەیشتن لەجیهانبینیە فەلسەفەییە سەرتاپاگیرەکەی هیگڵ بەگشتی و پڕۆسەی زانین وەك ئەو لە فینۆمینۆلۆجی گیاندا رەنگیڕشتوە، دەبێت ئەم دوو

خاڵە کە لەژیانی ئەکادیمیدا پێی لەسەر داگرتون و کردونی بە بنەمای جۆری بیرکردنەوەی، لەبەرچاو بگیردرێن:

یەك: پەرەسەندن و بەرەوپێشچون، یاسای بنەڕەتی ژیان و بوونە، ئەو پەرەسەندنە مێژو، سروشت، ئامانجی دیار و دەستنیشانکراوی خۆی هەیە، هەوڵی پێگەیشتنی دەدات. ئەو چالاکییە لە پەرەسەندنی سێ قۆڵی هۆش- گیان- ژیردا، بەرجەستە دەبێت، بەو پێیە و لەو سۆنگەیەوە دەبێت سروشت و گەوهەری هەڵکەوتی لە ئارادا بوو WIRKLICHKEIT نابێت لەخۆیدا و لەگەڵ خۆیدا ناکۆك و نا تەبا بێت، ئەوەیە مەبەستی هیگڵ لەو قسەیەی کردویەتی لە نێو هەمو کایە و کۆڕ و کۆمەڵەکانی فەلسەفەدا باوە و ئاشکرایە، ئەوی ژیرەکییە هەڵکەوتی راستەقینەیە، ئەوی هەڵکەوتی راستەقینەیە ژیرەکییە93. ئەوی لە رابردودا هەبووە و رویداوە ئێستا هەیە و لە دوارۆژدا دێتەدی و سەرئاودەکەوێت، دەبوو هەر هەبێت و هەر روبدات، نە دەکرێت بە جۆرێکی دیکە بێت. ئەو رەوشەش هەلومەرجی تایبەتی هەبووە بوونەکەی بەوجۆرە ناچارکردوە و هۆکاری هاندەر و پاڵنەریش هەبووە، رودان و پەیدابوونەکەی سەپاندوە و بە پێویستکردوە. ئەوەیە مەبەستی هیگڵ لەو قسە شایەدیەی کردویەتی و وتویەتی:

(کوندەپەپوی منیرڤا لەگەڵ هەڵگیرانی سیخوڕدا دەفڕێت- سەرچاوەکە خۆی ل 28) ئەو هەڵکەوتەی هیگڵ مەبەستی ئەوە نییە، کە ڕابەرانی رێبازی ئەزمونی (ئیمپیریستەکان) قسەی لێدەکەن، بەڵکو مەبەستی هەڵکەوتی ژیرەکییە. ئەوی هەمیشە هەیە (هەبوونە- بوونی هەیە) هەمیشە راستە.

دوو: ئەو پەرەسەندنە، ئەگەرچی سروشت و خەسڵەتی ژیرەکی هەیە، بەڵام بە پێی میتۆدەیەکی سێ قۆڵی بەرەوپێشدەچێت، کە ئەو بە دیالێکتیك ناویبردوە94. ئەو پڕۆسەی دیالێکتیکە بەردی بناغەی میتۆدە و رێبازی فەلسەفەی هیگڵە. پڕۆسەکە بە چەند بۆچوونێکی سادە و ساکار دەستپێدەکات، چەمکی (بوون)، ئەو بوونە دژ بەخۆی دادەهێنێت، کە (نابوون)ە، لەهەردوکیان قۆناغی

سێیەم دێتەکایەوە، کە هەردووکیان دەگرێتەخۆ: بونەوەر، ئەو سێ قۆڵیە بەرامبەر بە هەر سێك چەمکی: تێزە- ئەنتی تێزە- سون تێزە- دانراوە.

2-لەچوارچێوەی جیهانبینی فەلسەفەی هیگڵدا هەردوو چەمکی (ناکردن و ناکۆکی)، رۆڵی سەرەکی دەگێڕن. ئەو دوو چەمکە بوون بە بنەمای بنەڕەتی پڕۆسەی زانین. ئەو لایەنە بە رێکوپێکی لەشاکاری فینۆمینۆلۆجی گیان- ژێردا بەرجەستەکراوە، کەوابوو ئەو چەمکانە هەردووکیان چ پەیوەندیەکیان بە ژێرەوە هەیە؟ رۆڵی ژێر لە پڕۆسەی زانیندا لەنەزمی فەلسەفەی هیگڵدا هەمیشە رۆڵی سەرەکی گێڕاوە.

ئەوی راست بێت مرۆڤ کاتێك بەرهەمەکانی هیگڵ دەخوێنێتەوە، دوچاری کێشەیەك دەبێتەوە کەوا بە ئاسانی یەکلاییناکرێتەوە: ئەو فەیلەسوفە بێ سڵ و پارێز چەمکی (GEIST)، بەکاردەهێنێت، بەڵام لە کایە و بوارە جوداکاندا، هەندێکجار واتای گیان و لە هی تردا واتای ژێر دەبەخشێت! ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە وەرگێڕانەکانیشدا بە تایبەتی لە ئینگلیزیدا یەکلایی نەکراوەتەوە، بۆیە ناچارین هەندێکجار هەردوو وشەکە لەتەنیشت یەکەوە بنوسین.

-لە ئینسکلۆپیدیادا هیگڵ وتویەتی:

(وەستا، باشی ئەم کارە بە هــەزاران ساڵە گیان- ژێرێکی زیندوە، کە سروشتەکە بیرکردنەوەیە و ئەوی هەیە بە پلەی هۆشیاری خۆی بگەیەنێت و ئەو هۆشیارییە خۆی دەبێت بە بابەت، لە هەمانکاتدا لەو بەرزتر دەبێتەوە، بۆئەوەی بگاتە قۆناغێکی بەرزتر95 لەخۆیدا)، ئەگەرچی ئەو قسەیە تا بڵێی تەمومژاوییە و لە هەڵبەست دەچێت، بەڵام واتا و دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو واتایەی کاتێك رون و ئاشکرا دەبێت، لە چوارچێوەی ئەو هەلومەرجەدا کە تێیدا وتراوە ببرێتەوە سەر ئەو بنج و بناوانەی، کە لێوەی کەوتۆتەوە و ئەو کایە و پاوانەی، کە وەك زەمینە لەسەریدا شین بووە و هاتۆتەبەر لەبەرچاو بگیرێت. دورنییە لێرەدا ئەو لێکدانەوەی هەیە سەرئاوبکەوێت، گوایە بەلای رابەری فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی ژێر کۆنترۆڵی جیهانی کردوە و دەیکات. ئەمە ئەگەر لە روخسار و روکەش وا پێبچێت، لە گەوهەردا مەبەستی هیگڵ

ئەوەیە، کە بوون لەوەتی هەیە و بە هەمو پێکهاتەکانییەوە پابەندی بنەمای ژیرەکییە، ئەوی قەوماوە و ئێستا رودەدات و لەدوارۆژیشدا دەوقەمێت، بنەمایەکی ناچاری و مێژویی دیالێکتیکی هەیە و نە دەکرێت وا نەبوایە و بە بنەمای ژیر و لۆجیك پاساو دەدرێتەوە.

3-لە (فینۆمینۆلۆجی گیان- ژیردا) هیگڵ پەیڕەوی میتۆدەیەکی کردوە، کە دەکرێت لە دوو خاڵدا پوختەبکرێتەوە:

یەك: مێژو، لە هەر سۆنگەیەکەوە سەرنجبدرێت بە گشتی لە پەرەسەندن و دەرکەوتنی هەمەجۆرەی (ژیر- گیان) لە کایە و پاوانە جیاوازەکاندا بەولاوە شتێکی دیکە نییە. تەنانەت چەمکە جیاکانی هونەر و ماف (قانون) و کولتور ئەو راستیە بەرجەستەدەکەن.

دوو: هەمو ئەوەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بەدیهێناوە بەروبوم و بگرە بەرهەمی ئەو پەرەسەندنە مێژویەیە96.

ئەو دوو خاڵە بە تەواوەتی پەیڕەوی دیالێکتیکی هیگڵ بەرجەستە دەکەن، کە ویستویەتی لە کایە و پاوانی زانین لەژێر ناونیشانی دیالێکتیکی زانیندا لەو شاکارەیدا بەسەر هۆشدا جێبەجێیبکات، بۆیە ئەو قۆناغانەی بە پێی دیالێکتیك- هۆش- هۆشیاری- گیان- ژیر پێیاندا تێدەپەڕێت، کردونی بە سێ قۆناغەوە.

-گیان- ژیری راستەقینە. بەرامبەر بە ژیر- گیانی خودی.

-گیان- ژیری نامۆبوو بەرامبەر بە گیان- ژیری تایبەتی.

-گیان- ژیری لە خۆ دڵنیابوو97. بەرامبەر بە گیان- ژیری رەها.

هۆشیاری خـۆی لەخۆیدا کـارایـە، بـەڵام نارێیە (NEGATIV) ئەو خەسڵەتەی بۆتە مایەی ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی زانین و شارەزایی هەبێت. زانین خۆی لەلای خۆیەوە پشت بە بنەمای تایبەتی دەبەستێت، کە لە زانینی بابەت بەو لاوە نییە. جیاکردنەوەی پرۆسەی زانین لە زانینی بابەت و لە بابەت پوختەی ئەو چالاکییە پێکدەهێنێت. لە لایەکی ترەوە هۆشیاری، کە پشت بە زانین دەبەستێت لە هەمو ئاستێکی دیاریکراوی چالاکییەکانیدا بابەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە دەرەوەی خۆیدایە. لێرەوە بابەتێکی دیکە

لەو چالاکییە دەکەوێتەوە، کە هەردوو بابەتی بیر (هزر) و بوونە! بیر هەمیشە ئاڕاستەکەی بەرەو بوونە و ئەو بوونە مەبەست لە بابەتی دەوروبەری (نامن) ە، بەو چالاکییەی ناوەڕۆکی هەست و تێڕامان و سەرنجدان بەرهەمدەهێنێت.

-بۆ چارەسەرکردنی جیاوازی واتای نێوان گیان و ژیر هیگڵ لە فینۆمینۆلۆجی گیاندا وتویەتی:

ژیر خۆی گیانە، لەوەدا دڵنیایی لەوەی هەمو هەڵکەوتێکی راستەقینە بێت، کردوە بە راستی و راستەقینە. لەوەشدا هۆشیارە لە خۆیدا و لە جیهاندا98. ئەو قسەیە ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەندییەکی دەستیاوی لە نێوان هەردوکیاندا هەیە. ئەگەر هەر یەکەیان بوونی سەربەخۆی هەبێت، ناکرێت لە چوست و چالاکی و کارابیەکەدا دەستبەرداری ئەوی تر ببێ و پشتگوێیبخات و لێی بێخەم بێت. گۆڕانی گیان ئەو بزوتنەوە راستەوخۆیە نیشاندەدات، کە دەبێتە مایەی ئەوەی بابەت و کەرەستەی هۆش و هۆشیاری، چەمك و بۆچوونی بێگەرد بۆ پلە و پایەی ئاستی چەمك و بۆچوونەکانی ژیر بەرزببنەوە. لە چالاکی سەرنجدانی وردبوونەوەی ژیردا یەکڕەنگی و یەکبوونی بێگەردی (من) و (بوون)، هی بۆ خۆی بوون و لەخۆیدا بوون وەك لەخۆیدا یان وەك بوون دیارو دەستنیشاندەکرێت و هۆشیاربوونی ژیر خۆی دەبینێتەوە. لێرەوە قۆناغەکانی پەرەسەندنی گیان – ژیر سەرئاودەکەون:

**یانی راستەقینە**
**گیانی خۆیی**

مەبەست لەقۆناغی گیانی راستەقینە (خـۆیـی) SUBJEKTIV، پەرەسەندنی هۆشیاری تاکەکەسییە لە ئاستی ژێرەوە، کە بریتییە لە هەست و تێبینیکردنی راستەوخۆی جیهانی دەوروبەرو بەرزبوونەوەی بەرەو ئەوپەڕی چەمك و بۆچوونەکانی ژیر، هەروەك چۆن ئەو پڕۆسەیە لەهۆشی تاکەکاندا بە دەردەکەوێت. ئەو هۆشیارییە تاکییە هەمیشە لەهەمو کات و جێگایەکدا لە

پڕۆسەی پەرەسەندن و گەشەکردنیدا لە هەردوو ئاستی باڵا و نزمدا جیهانێکی بیانی لەبەردەم خۆیدا دەبینێت. ئەو هۆشیارییە تاکە هۆشیاری (من)ی بە هۆشە و جیهانە بیانییەکە بابەتە. بە هەردووکیان هەردوو جەمسەری پڕۆسەی زانین پێکدەهێنن، بەڵام ئەم پڕۆسەیە سەرەتا دەبێت هۆشیاری تاك چالاکی و کار و ئیشی خۆی لەوەدا ببینێتەوە، کە هەڵکەوتێکی بابەتی نەزانراو، نەناسراو و بەرامبەریەتی، بۆیە دەبێت ئەو پەیوەندییە بەلای خۆیدا بهینێت و بگونجێنێت، ئینجا لە پڕۆسەیەکی ڕێکوپێکدا لە هۆشیاری ساکارییەوە بەرەو هۆشیاری خۆیی و لەوێوە بۆ ژێر پتر پەرەبسێنێت و هەنگاوهەڵبگرێت. لەو چالاکییەدا گەوهەر دەکرێت بە خـود99. سەرکەوتن لەو کۆششەدا بەو پێوەرە ساغ و پشتڕاست دەکرێتەوە، تاچەند ئەو هۆشیارییە کارایە و لەتوانایدا هەیە هەڵکەوتی بابەتی (جیهانی نامن)، بەرجەستەبکات؟. بەو پێیە لەڕوانگەی دیالێکتیکەوە هۆش- بونەوەر لەخۆیدا، لەپێناوی خۆیدا ڕوبەڕوی ئەوە دەبێتەوە، کە بۆ ساغکردنەوەی خۆی بە ناچاری پێویستە، لەو ڕەوشەدا روخسار و وێنەی جیاواز و هەمەجۆری پێدەبرێت تا دەگاتە ئەو قۆناغەی بۆی دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەك لەنێوان (ئەوەی لەخۆیدا) هەیە و (ئەوەی لەپێناوی خۆیدا) هەیە، ئەوەش لە ژیان بەولاوە شتێکی دیکە نییە، کەوابوو ئەو قۆناغە بریتییە لەچارەنوسی هۆش، کە ملی چەند ڕێگەیەکی جیاواز و ڕێکوپێك دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی خۆی وەك گیان بناسێت!. ئەمەش دەکرێت بە پڕۆسەی گواستنەوە لە ڕەوشی نەزانینەوە بەرەو زانین ناوببرێت.

### گیانی نامۆ بوو
### گیانی بابەتی

لەو قۆناغەی پەرەسەندندا گیان سنوری هۆشیاری خۆی دەبەزێنێت و بەرەو قۆناغی بابەتی هەنگاو دەنێت و تەکاندەدات. ئەگەر لە قۆناغی پێشتردا گیان ڕەوشی بوون و بونەوەری هەبووبێت لەو قۆناغەی دووەمدا،

کە باڵاتر و پێشکەوتوترە، دەبێت بەو گیانەی خودی خۆی دەزانێت! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر لە قۆناغی یەکەمدا شارەزایی و ئەزمونی تاك بەهەند وەرگیرابێت، لێرەدا شارەزایی گشتی - جۆرەکی دەکرێت بە بابەت و روو لە هەمەکی دەکرێت و تاك بەجێدەهێڵرێت. لە پرۆسەی پەرەسەندنی گیانی خودیدا بایەخ بە تاکی پەتی ئەبستراکتی دابڕاو لە دەوروبەروو کۆمەڵگە دراوە. لەو قۆناغەی گیانی بابەتیدا، گیان بەو پێیەی ئازاد دەبێت و لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا سەرنجەدەدرێت، بۆیە لە دامودەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتی، قانون، بنەماکانی ئاکار، دەوڵەتدا سروشت، خەسڵەتە تایبەتییەکانی دەردەکەون و بەرجەستە دەبـن. ئەو بۆچوونە وادەگەیەنێت، کە گیان لەو قۆناغەی پەرەسەندنیدا لەنێو خودی خۆی چۆتە دەرێ و سنوری خۆی بەزاندوە و چۆتە نێو رەوشی هەڵکەوتی بابەتی، ئەو هەڵکەوتەی خۆی بۆخۆی داهێناوە.

ئەو گۆڕان و پەرەسەندنە لەو قۆناغەدا بریتییە لەبزوتنەوەیەکی دوو جەمسەری هاوتەریب: بزوتنەوەیەك خود بەدوای دڵنیایدا سەرگەردانە و ئەمەش لەبابەتی دەرەکیدا دەبینێتەوە، کەچی لەکۆتایدا بۆی ساغدەبێتەوە، کە لەخودی خۆیدایە! لە بزوتنەوەکەی دیکەیدا خود بۆ ئەوەی بوونی خۆی دوپاتبکاتەوە (بسەلمێنێت) دژایەتی خودەکانی تر دەکات، بەڵام لە قۆناغێکی دیکەی پەرەسەندنی ژیر - گیاندا جارێکی تر لەگەڵیاندا رێکدەکەوێتەوە.

-هەر بەو پێودانگە دوو جۆرە جیهانی بابەتی هەیە. جیهانێکی هەڵکەوت یان نامۆ بوو. ئەوی تریان ئەوەیە، کە لەنێو کایەی هۆشدا بنیاتنراوە. ئەو دوو جیهانە هەردووکیان بەرامبەر بە یەکترین. جیهانی نامۆبوو، جیهانی داهێنراو، هۆش. بەڵام ئەو جیهانەی دووەم ئازاد و سەربەست نییە، بەڵکو فۆڕمێکی دیکەی نامۆبوونەکەیە100. لەو روانگەیەوە گیانی ئەو جیهانە ئەو گەوهەرە گیانیەیە، کە سروشتە زاڵ و دەستڕۆیشتوەکەی هۆشیاری خۆییە، کە هەمیشە بۆخۆی بونەوەرە و راستەوخۆ هەیە، ئامادەیە و لەئارادایە. بوونی BASBIN ئەو جیهانە و هەڵکەوتی راستەقینەی هۆشیاری خۆی پشت بەو بزوتنەوەیە

دەبەستێت، کە بریتییە لەوەی کەسایەتییەکەی دەستبەرداری خودی خۆی دەبێت! بەو کارەی جیهانەکەی خۆی دادەهێنێت و خۆی لەدژی وەك بیانییەك کاراو چالاك دەبێت.

ئەو دەستبەرداربوونە، ئیتر وەك ئامانجبوونەکەیەتی، لە هەمانکاتدا ئامرازە یان گوێزرانەوەی گەوهەرە بە بیرداهاتوەکەیە بۆ نێو هەڵکەوتی راستەقینە وەك هاتنەوەی تاکایەتی دیاریکراو بۆ نێو گەوهەرێتی101. ئەو بۆچوونە چیدەگەیەنێت و تا چ رادەیەك گوڵێك دەخاتە سەر خەرمانی زانین، لە جێگەی خۆیدا قسەی لێدەکەین!

داننان بە بوونی راستەقینەی دەوروبــەر، کە هیگڵ لەبەرامبەر خۆدا بە بابەت ناوی بــردوە، ئەنجامێکە لەو بڕیارەی خۆیەوە کەوتۆتەوە، کە دەکرێت ئەو هەڵکەوتە راستەقینەیە بزانرێت. زانینەکە ئەو بوونە دەکات بە هەلومەرجی خۆی.

## گیانی دڵنیایی بوو لەخۆ
## گیانی رەها

ئەمە قۆناغی سێیەمی پڕۆسەی دیالێکتیکەکەیە و بە سونتێزە، پێکهاتە لە هەردوو ئەوانی پیشو، دادەنرێت. خۆی لە هەرسێك بابەتی ئاین و فەلسەفە و هونەردا بەرجەستەدەکات!

گیانی خۆیی، لایەنی ناوەکی و گیانی بابەتی لایەنە دژەکە بووبێت، دەرەکییە! لە قۆناغی یەکەمدا گیان هۆشیارە، بــەڵام کە لە دەرەوەدا بەرجەستەبوو، لە خێزان و دەوڵەتدا خەسڵەتی هۆشیاری و کەسایەتی لە دەستدەدات، چونکە هیچی تر خود نامێنێت. ئەو دوو قۆناغەی پەرەسەندنی گیان بەرامبەر بەیەکترین و یەکتری دیارو دەستنیشاندەکەن و رەنگی سنوری یەکتری دەڕێژن. بە پێچەوانەوە گیانی رەها، کە هەردووکیانی کۆکردۆتەوە لە هەمانکاتدا سنوری هەردوکیانی بەزاندوە، هەردو خەسڵەتی هۆشیاری تاك و

هۆشیاری مرۆڤایەتی (گشتی-هەمەکی) لەخۆیدا کۆکردۆتەوە! کە دەکرێت ئەو دو خەسڵەتە بەهۆشیاری راستەوخۆ و دڵنیایی هەستەکی102 دابنرێت. لەقۆناغی گیانی رەهادا جیاوازی نێوان خود و بابەت وندەبێت و نامێنێت، ئەو ونبوونە لەوەوە کەوتۆتەوە کە هەردووکیان یەکدەگرن و دەبن بەیەك، بۆیە دەکرێت بوترێت گیان خۆی لێرەدا دەبێت بە بابەتی خودی خۆی.

ژیر- گیانی رەها چۆن خودی خۆی دەکاتە بابەت بەهەمانجۆر خۆی بوونەکەی بێسنور و لەڕادەبەدەرە، چونکە توانیویەتی ناکۆکی نێوان خۆ و بابەت کاڵبکاتەوە. ئەو ئەنجامە بەوە توانیویەتی پێیبگات و بە دەستیبهێنێت، کاتێك بۆی ساغبۆتەوە ئەو بابەتەی رکابەرایەتی و دژایەتی دەکات و روبەڕوی دەوەستێتەوە، لە گیانی خۆی بەولاوە شتێکی تر نییە. هیگڵ ئەو کارەی ژیر-گیانی رەهای بە چالاکی هەنگ (مێشە هەنگوین) چواندوە، کە زگماکانە و بە بێ هاندەری دەرەکی، شانەکانی خۆی و هەنگوین بەرهەمدەهێنێت103.

گیان-ژیری رەها ئەو رێگە زانینەیە، کە شتی بە رەها پێدەزانێت، ئینجا ئەو رێگەیە لە سێ ئامرازدا دەرکەوتوە: هونەر، ئاین، فەلسەفە، بۆیە دەکرێت بوترێت زانینەکە زانینی گیانە، بەهۆی گیان خۆیەوە.

### دیالێکتیکی زانین

4-ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت: لەنێو ئەو جیهانبینیە جەنجاڵ و سەرسوڕهێنەر ئامێزەی هیگڵدا، کە پتر لە تابلۆیەك دەچێت پەڕەموچی هونەرمەندێك رەنگیڕشتبێت، پڕۆسەی زانین بە گشتی و زانین بە تایبەتی دەخرێنە نێو چ خانەیەکەوە؟!

هیچ گومان لەوەدا نییە، کە هیگڵ فەیلەسوفێکە لە فەیلەسوفە هەرە گەورە و شکۆمەند و مەزنەکانی مێژو! ئەوانەی لە نمونەی ئەون بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام تیگەیشتنی فەلسەفەکەی وا سوك و ئاسان نییە، بۆیە دەوترێت قسەکردن لەبارەیەوە لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن، کە پتریش هەڵدەگرێت بـەولاوە نییە! راستە ئەو خۆی وتویەتی گرنگترین قۆناغی

پەرەسەندنی هۆشیاری مرۆڤایەتی ئەوە بووە، کە هەرسێك بابەتی سروشت سەرسورهێنەر و حەپەسانی داهێناوە: هونەر، ئاین، فەلسەفە، کە هەریەکەیان سەربەخۆ و هەرسێکیان پێکەوە تانوپۆی تـەواوی کولتور و شارستانیەتی مرۆڤایەتیان لێپێکدێت. ئەمە بووە مەبەستی هیگڵ کە وتویەتی: دیاردە و بەدەرکەوتەکانی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی داهێنانی پوخت و بێگەردی قۆناغی دەستبالایی گیان و ژیری بێگەردن!

-لە سۆنگەی ئەوەوە تا ئێستا قسەیلێکراو و خرایە بەرچاو، پشتئەستور بەو سەرچاوانەی (بە زمانی ئەڵمانی) شرۆڤەی ئەو جیهانبینیەیان کردوە و لێکیانداوەتەوە، لە لای ئەو کەڵە فەیلەسوفە، پرسیاری سەرەکی تیۆری زانین دەربارەی توانای زانین و رێپێبردنی جیهانی دەرەکی- دەوروبـەر، دەڤەری نامن، بە کراوەیی ماوەتەوە. لە لایەکەوە تیۆری شت لەخۆیدا فەلسەفەی ترانسندێنتاڵی کانتی پەسەندنەکردوە و هەڵوێستی ئیمپیریستەکانیشی بە سادە و ساکار داناوە، بۆیە ئەو وای بۆ چووە، کە بوونی هەڵکەوتی بابەتی (وەك ئەو ناویبردوە) و مەبەستی جیهانی دەوروبـــەرەو پەیپێبردنەکەی گریمانەیەکە دەبێت پەسەندبکرێت، بەڵام زانینەکەی کاتێك دەکرێت، کە ژیری رەها لەخۆیدا و بۆخۆی104 لەبەردەمماندا و بە گشتی لە ئارادا بێت، ئەمەش لە خۆیدا قۆناغێکی پەرەسەندنی گیان- هۆشیاری بەرجەستەدەکات. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچونەی هیگڵ نمونەی شکانەوەی تیشك STRAHLENBRECHUNG دەهێنێتەوە. لەو بارەیەوە وتویەتی:

(نەك پژان و شکانەوەی تیشك، بەڵکو تیشکەکە خۆی، کە بەهۆیەوە راستی (هەقیقەت) پێماندەگات، زانینە، خۆدەرکردنی دەرکەوت و ئەنجامی ئەو شکانەوەیە تەنیا ئاراستەکەمان بۆ دیاردەکات، یاخود جێگەی بەتاڵمان نیشاندەدات)105 . بە نیشاندانی نمونەی شکانەوەی تیشك شۆڕەسواری فەلسەفەی ئایدیالیستی رەها دەیەوێت بڵێت: ئەگەر پرۆسەی زانین لەخۆیدا ئامرازێکی چالاکی ئێمە نەبێت، بەڵکو ناوەندێکی پەسیڤ بێت، کە بە سایەو هۆیەوە تیشکی راستی دەمانگاتێ و بەرماندەکەوێت، ئەوە راستی (هەقیقەت)،

خۆی لەخۆیدا چۆن پێماناگات، بەڵکو ئەو بەهۆی ئەو ناوەندەوە چۆنە ئەوەمان پێدەگات!

کەوابوو زانین، وەك هیگڵ بۆیچووە، بریتییە لەبەیەکەوە گونجان و بەیەکەوە هاتنەوەی بڕیاری خود لەگەڵ هەڵکەوتی دەوروبەری خۆیدا. ئەو خۆیەی شت دەزانێت، دەبێت لەگەڵ شتە زانراوەکەدا بێتەوە. ئیتر لەشاکاری فینۆمینۆلۆجیدا ئەو پڕۆسەیە بە ڕێکوپێکترین شێوە سەرئاوکەوتوە:

نیشاندانی وێنە و فۆڕمەکانی هۆشیاری لە قۆناغە جیاوازەکاندا، نەك تەنیا هەر لەخۆناسیندا، لەناسینی خوددا، بەڵکو لە زانینی ژیرەکیدا بە گشتی دڵنیایی خودی و راستی (هەقیقەتی) بابەتی، چەمك و بۆچوون و گەوهەر، بیرکردنەوە و بوون پیکەوە دەگونجێن و دێنەوە.

-بەو پێیە بەلای هیگڵەوە راستی گیانی رەها بریتییە لە زۆرانبازی و ململانێ، ئەمە بە درێژایی مێژو وابووە، و هەر واش دەبێت. ئەو ململانێیە بەشێوەی سێ قۆڵی (دیالێکتیك) بـەرەو پێش دەڕوات، گەشەدەکات و پەرەدەسێنێت، لە قۆناغی نزمەوە بەرەو قۆناغی بەرز (باڵا) هەنگاودەنێت. بەهۆی ئەو پەرەسەندنە دیالێکتیکییەوە وێنە جۆراوجۆرە بە پێزەکانی گیان- ژیر پەیدادەبن و لەو وێنانەوە کولتور و شارستانی مرۆڤایەتی کەوتۆتەوە و بە تایبەتی لە هونەر، ئاین، قانون، دەوڵەت و فەلسەفەدا بەرجەستەبوون. ئەو پەرەسەندن و وێنانەی، کە شارستانی مرۆڤیان لێپێکهاتوە هەمیشە ناچاری و پێویستبوون و ناکرێت بە جۆرێکی دیکە بانایە.

# شۆپنهاوەر:
# جیهان خواست و بۆچوونە!

1-دور ناڕۆین ئەگەر بڵێین فەلسەفەی ترانسدێنتاڵی کانت و ئایدیالیزمی ئەڵمانی بە هەردوو لقیەوە، خۆیی و ڕەها وەجاخیان ڕۆشن نەبووە! پشتئەستور بە سەرچاوەکان فیختە، شیلینگ و هیگڵ بە کەمی نەبێت بەلای کانتدا نەچوون و هەریەکە و جیهانبینی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەگەر تاڕادەیەکی سنوردار سودی لە کانت وەرگرتبێت، بە جۆرێك ئەو خوازراوەی بەکارهێناوەو جارێکی تر دایڕشتۆتەوە، هیچ جێدەستێکی ئەوتۆی کانتی پێوە دیار نەبێت. دوای مردنی هیگڵ (1831ز)، بەهۆی هێرشی نەپساوەی مەتریالیستەکان (فۆیەرباخ و لایەنگرانی)، دیاردەی نسکۆی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی سەرئاوکەوتوە، تەنانەت ماوەیەکی دورودرێژ ناوی فەلسەفە لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمیەکاندا نەهاتوە و بەرهەمی ئەوتۆش بڵاونەکراوەتەوە. لەو کەشوهەوا ناسازگارەدا چەند بیرمەندێك بەرچاودەکەون، بەڵام بە هیچ جۆرێك ناکرێت و ناشێت بخرێنە نێو خانەی میراتگرانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانیەوە، ئەگەرچی خۆشیان نەیانتوانی بێسنوری ئەو ئایدیالیستیە ببەزێنن.

-ئارتور شۆپنهاوەر (1781-1860ز)، فەیلەسوفێکە لەفەیلەسوفەکانی ئەو قۆناغە، کە دەکرێت بە قۆناغی وشکەساڵی ناوببرێت. ئەو بیرمەندە بەسێ خاڵی سەرەکی ناوبانگی دەرکردوە:

یەك: ڕەشبینی و نائومێدی لە ژیاندا.

دوو: ئەو تیۆریەی: خواستی خستۆتە سەرو زانینەوە106.

سێ: بەزاندنی سنوری ئاینی باوی وڵاتەکەی (مەسیحی) و گەڕانەوە بۆ سەر ئاینە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (بە تایبەتی بودا).

ئەگەر خاڵی یەکەم و دووەم تاڕادەیەك پاکانە بۆ کردن و پاساودان هەڵبگرن، ئەوا گەڕانەوە بۆ لای بودا بابەتێکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێت و بە ئاسانی لێکنادرێتەوە. هەڵوێستی مرۆڤ هەرچۆنێکبێت بەرامبەر بە ئاین، ڕاستییەك هەیە پشتئەستورە بە لۆجیکی پەرەسەندنی مێژویی کولتور و شارستانێتی مرۆڤایەتی:

-ئاین دیاردەیەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتییە، لە ڕەوش و هەلومەرجی دیارو دەستنیشانکراودا دەردەکەوێت. ئەگەر مرۆڤ پشتئەستور بەسەرچاوەکان، هەلومەرج و ڕەوشی ئەوروپا، کە مەسیحیەت تێیدا بڵاوبۆتەوە لەگەڵ مەڵبەندی ئاینی بودا، کە ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە بەراوردبکات، دوو ڕەوشی لەیەکتری جیاواز بەدیدەکات، ئەو دوو ڕەوشە لە لایەن خۆیانەوە سروشت و تایبەتمەندی هەر یەك لەو دوو ئاینەی ڕەنگڕشتوە. بە هەمو پێوەرێك مەسیحیەت، ئەوەی لە ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە لەوە پیشکەوتوترە، کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەریهەڵداوە، ئیتر ئەو پێشکەوتوترە لە روخسار و ناوەڕۆکدا بێت، یان لە رادەی وروژاندن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە ئامانج و مەبەستدا، لەو ئەرکە دروشمئاسایەی گرتویەتیە ئەستۆ، لە رابەر و کتێبی سەرەکی ئاینەکە و پەرستندا بێت، مەسیحیەت بە قۆناغ لە پێش بودیزمەوەیە، بۆیە وەلاناني مەسیحیەت و گەڕانەوە بۆ کولتوری ئاینی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە پاشەکشە بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

2-نائومێدی بە گشتی و نائومێدبوون لە ژیان بە تایبەتی، ئەنجامە نەك هۆکار، دەرکەوتی ڕەوشی قۆناغێکی دیار، دیاریکراوی گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەیە، هەر لە ئاستەکانی ژیانەوە تاوەکو دەزگاو دامەزراوەکانی. هەمو گۆڕانێك بە هەر ئاڕاستەیەکدا بێت لایەنی سود، قازانج و زیانی هەیە، ئەنجامی لەبارو نالەباری لێدەکەوێتەوە، ئەمە ڕەوشێکە سروشتی ژیان لە کۆمەڵگەدا بە پێویستی دەکات. کۆمەڵگە بە ژیانەوە ئۆرگانێکی زیندوی کارایە، هیچ کاتێك ناکرێت و ناتوانێت بسرەوێت. لەو نەسرەوتەیدا هەمیشە دوچاری کێشەوبەرە دەبێتەوە. زیندویی ئەو کۆمەڵگەیەش لەخۆیدا لەو ڕەوشـەدا سەرئاودەکەوێت تاچەند توانای ئەوەی هەیە ئەو کێشانە بە جۆرێك چارەسەربکات، کە لە لایەکەوە ئەو ئامانجە چاوەڕوانکراوانەی لە بەرپابوونی کێشەکەوە بەدیدەکرێن، بەدیدێن و تا چەند دەرفەتی بەردەوامبوونی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و ژین بە گشتی دەستەبەردەبن.

کۆمەڵگەی زیندو بە بێ کێشە تەنیا هەر چەمك و وێنەیەکە لەمێشکدا هەیە! بوونی ئەو کێشەیە زیندویی و چالاکی کۆمەڵگە دوپاتدەکاتەوە، چونکە خۆی لەخۆیدا هۆکار، هاندەری کارایی، بەرەو پێشچوونیەتی. ئەو ئاستەنگە لێرەدا بە دەردەکەوێت، ئەوەیە هەندێك هزرمەند لەوانە شۆپنهاوەر SCHOPENHAUER لەو دوو لایەنەی کێشە و گـۆڕان و بەرەوپێشچونی کۆمەڵگەدا تەنیا لایەنی تاریك و ناشیرینەکەیان دیتوە، لایەنە باش و لەبارەکەیان بەدینەکردوە! ئەو شارستانیەتە شکۆمەندەی ئەمڕۆ مرۆڤ لەسێبەریدا ئاسودەیە هەر خۆیەتی، کە چەکی کوشندەی داهێناوە. بۆ مرۆڤ هەر لایەنێك ببینێت و ئەویتری پشتگوێبخات! ئەو سەردەمەی شۆپنهاوەر تێیدا ژیاوە پتر سەردەمی تێکدانی بنەمای کۆن بووە، کە خۆی بە دەستەوەنەداوە و لە سەنگەری بەربەرەکانیکردن و بەرگریدا بووە، نوێیەکەش بە تەواوەتی نەیتوانیوە خۆی بسەپێنێت. ئەو نائومێدییە لەوەوە کەوتۆتەوە، کە رابردوە پڕ شکۆکە دوچاری رەوشێکی چاوەڕوان نەکراو بووە، دەربازبوونیش ئەستەم بووە. نوێیە پێشکەوتووەکەش ئەوە نەبووە، کە چاوەڕوانی لێکراوە، بەلای ئەو فەیلەسوفەوە، کە تەنیا هەر لایەنی ا = نا لەباری دیتوە، دروشمی (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار) سەرمەشق بووە. ئایا ئەو پێداگرتنە لەسەر هەلومەرجی هەڵکەوتی بابەتی لەئارادا بوو، بەهەند دانەنانی هۆکاری خودی سروشتی مرۆڤەکە خۆی ناگەیەنێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە سنوری بابەتی تیۆری زانین دەبەزێنێت؟

3-بەهەندگرتنی خواست و پشتکردنە ژیر! ئەنجامێکە لە رەوشی نا ئومێدییەوە کەوتۆتەوە.

ژیر و خواست دوو هێزی سەرەکین لەژیانی مرۆڤدا، بەڵام هەر یەکە جیاتر لەوی دیکە توانا و سنوری دەستبەکاری ئامانجی تایبەتی دیاریکراوی هەیە. ژیر لەخۆیدا ئەو خەسڵەتەیە، کە مرۆڤ لەزیندەوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە، چونکە خۆی لەخۆیدا خەسڵەتێکی گەوهەرییە. ئەو هیزە ئامڕازی بڕیاردان

و یەکلاییکردنەوە و بەلایەکداخستنە. مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە، کە لە کات و جێگەی شیاو و دروستی خۆیدا بڕیاری راست و رەوا دەدات. لەلایەکی دیکەوە ژیر سنورێکی رەنگ بۆ رێژراوی هەیە، کە لەسروشتی خۆی کەوتۆتەوە و ئەو سنورە نابەزێنێت، جا ئیتر ئەو سنورە دەربارەی دابونەریت و ئاکار و بنەماکانی بێت، یان ئاین و کاروبارەکەی. ئیتر ژیر سروشت و رەوایەتی خۆی لەپابەندبووندا دەبینێتەوە. بۆیە هەندێك بڕیار و کردار بەوە دادەنرێن، کە ژیرەکی نین و پابەندی بنەماکانی لۆجیك نین، چونکە سنوری رێگەدراوی رەنگ بۆ رێژدراو دەبەزێنن.

-بە پێچەوانەوە خواستی مرۆڤ پابەندی هەست و سۆزە! هەمیشە سنوری دیار، دەستنیشانکراو دەبەزێنێت. دان بە سنورداری توانای مرۆڤدا نانێت. ئیتر لێرەوە کێشەی ئومێد و بێئومێدی دەکەوێتەوە.

ئەوەی لەتوانای ژیردا هەیە سنوردارە و مرۆڤیش خواست و سۆزی لە سنور بەدەرە، ئەمەش جۆرێك رەشبینی و نا ئومێدی لێدەکەوێتەوە! توانایەکی سنوردار و خواستێکی لەڕادە بەدەری هەمیشە سنوربەزێن!

4-هەردوو بەرگی بەرهەمی بەناوبانگی (جیهان وەك خواست و بۆچوون)، جیهانبینیە فەلسەفییەکەی شۆپنهاوەریان بەرجەستەکردوە. وەك هەر فەیلەسوفێکی کلاسیکی ئەویش بەدوای بنەمایەکدا گەڕاوە، کە تاکە بنەما بێت، هەمو هەمەجۆری، جیاوازییەکی بچێتەوەسەر، بەهۆیەوە شرۆڤەبکرێن و لێکبدرێنەوە. ئەو بنەمایە لە لایەکی دیکەوە هەمو بابەت و لقە سەرەکییەکانی فەلسەفە پێکەوە کۆبکاتەوە، کەوابوو ئەو تاکە بنەمایە، کە خۆی لەخۆیدا ئەو بیرۆکەیە چییە و کامەیە؟ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی چۆنن و بەچی لە هی تر جیادەکرێتەوە؟

شۆپنهاوەر وتویەتی:

(دەمەوێت تاکە بیرۆکەیەك پیشکەشبکەم ... ئیتر لە هەر روانگە و گۆشەیەکەوە سەرنجبدرێت وا خۆی دەردەخات، کە ئەوەیە بە مێتافیزیك،

ئەوەیە بە ئاکار، ئەوەیە کە بە ئیستیتیك – جوانیناسی- ناودەبرێت))107 .

ئەو بیرۆکەیە کاتێك شۆپنهاوەر دەگەڕێتەوە سەری، کانت و تیۆری شت لەخۆیدا رەخنەدەکات، بە خواست WILLE (بەرامبەر بە وشەی عەرەبی ئیرادە) ناوی دەبات.

بەلای کانتەوە مرۆڤ تەنیا هەر دیاردە دەزانێت و گەوهەری شت، راستی شمەك لەخۆیدا چییە، بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، بڕیارەکەی کانت بەو جۆرە بووە:

لە پڕۆسەی زانینی مرۆڤ وەك خۆیەك لەگەڵ بابەتێکی جیاواز لەخۆی و لەدەرەوەی خۆیدا، پەیوەندیدەگرێت، بەڵام ئەو بابەتە تەنیا هەر لە فۆڕمی دەرەکی خۆیدا دەستی خود دەیگاتێ. دەستی بە دیاردەکان دەگات، بەڵام گەوهەر و سروشتی ئەوەی دەردەکەوێت، بە نەزانراوی دەمێنێتەوە. ئیتر بەوپێیە زانینی (شت لەخۆیدا) بەو رێگە و شێوازە لەتوانادا نییە.

جیهانی ئەزمونی مرۆڤ، کە بابەتی زانستەکانە، ملکەچی قانون، بنەماکانی جێگە، کاتە، بنەمای هۆکار و ئەنجام تێیدا دەستبەکارە دوا هەڵکەوت نییە، بەڵکو جیهانی دیاردە و روخسارە. جیهانی شت لەخۆیدایە! شۆپنهاوەر لەوباوەڕەدا بووە، ئەوەندەی پەیوەندی بە پڕۆسەی زانینەوە (ئیپستمۆلۆجییەوە) هەیە، لە مرۆڤدا هێزێك هەیە دەتوانێت شت بزانێت، ئەو هێزە خواستە. ئەو هێزە بە سایەی بۆ هاتن INTUTION – یان بەهۆی وردبوونەوە لەناخدا پەیپێدەبرێت، ئەمە لەخۆیدا هاندەری هەمو جۆرە بیرکردنەوەو کردارێکە، ئەو لەخۆیدا دوا راستی هەڵکەوتە!. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت ئەوەیە: ئایا ئەو خواستەی شۆپنهاوەر پێی لەسەر داگرتوە دەکرێت بەرامبەر بە گیان- ژیرەکەی هیگڵ دابنرێت!

جگە لە جیهانی دەوروبەر ئەگەر بە جیهانی شت لەخۆیدا ناوببرێت، بەلای ئەو فەیلەسوفەوە جیهانێکی دیکەی سەرنجڕاکێش هەیە، دەکرێت بە بابەتی تیۆری بزانین: جیهانی ناخی دەرون. ئەو جیهانە دەکرێت بەرامبەر بە خود بکرێت بە بابەت OBJEKT، ئەمەش کاتێك دەبێت، کە مرۆڤ لەبارەی خۆیەوە

هۆشیار بێت108 ، راستەوخۆ هەمو شتێك لەبارەی خۆیەوە شت بزانێت و لەبارەی شمەکی ترەوە ناڕاستەوخۆ ئەمە بکات. کەوابوو ئێمە وەك مرۆڤ، کە شت دەزانین، تەنیا هەر ئەوە نین، کە شت زانین، بەڵکو ئێمە خوازیاریشین. کەوابوو بۆ توێژینەوە و دەوروبەر بە دیاردەکان جگە لە فۆرمی سەرنجدان و بیرکردنەوە، خواست رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، بۆیە ئەو فەیلەسوفە وای بۆ دەچوو، وتویەتی جیهان لە لایەکەوە لە خواست بەو لاوە شتێکی دیکە نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەر چالاکی و بڕیاری خواست بە بنەمای لۆجیکی پاساو نادرێتەوە، بۆ ئەمەی هەڵبژارد و ئەوی دیکەی نەکرد؟ ئەوا ناکرێت لە پڕۆسەی زانین هەڵکەوتی دەوروبەری نا من دا مرۆڤ دەستبەرداری بۆچوون ببێت.

ئەگەر خواست ئەو هێزەی بەلای شۆپنهاوەرەوە ئەفساناوی بێت و جێگەی شت لەخۆیدای کانتی گرتبێتەوە و گوایە کەلەبەرەکانی ئەو تیۆرییەی پڕکردبێتەوە، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئەگەر جیهانی هەڵکەوت نەکرێت بەهۆی خواستەوە بزانرێت، دەکرێت مرۆڤ قسە لەجیهانی بۆچوون بکات و ئایا تا چ رادەیەك ئەو جیهانەی بۆچوون دەکرێت و دەتوانرێت بزانرێت؟! زانین خۆی لەخۆیدا لە بۆچوون بەو لاوە نییە، کەوابوو بۆچوون خۆی چییە؟ بۆچوون بریتییە لە نەخشانی وێنەی شمەك لەمێشکدا. ئەی ئەو وێنەیە چۆن دەنەخشێت و تاچەند شمەکی دەوروبەر بەرجەستە دەکات؟

5-بەلای شۆپنهاوەرەوە شت زانین و پڕۆسەی زانین لەخۆیدا کارێکی دوو جەمسەرییە، جەمسەرێکی کارلێکەرە و جەمسەرەکەی دیکەی کارتێکراوە. ئەو کارو کارلێکردنە بوون بەرجەستەدەکات. کارلێکردنەکە هی ئەوەیە، کە لەدەرەوەی خودی ئێمەدایە و بەوجۆرە دەبێت و رودەدات وەك شۆپنهاوەر وتویەتی:

-ئەو کارلێکردنە پشت بە بنەمای هۆیەکی- هۆکار و ئەنجام دەبەستێت. ئەو بنەمایە خۆی سەرچاوەکەی ناخی خودی مرۆڤە، هەر وەك سەرنجدان، کە لە چالاکی هەستەکانەوە پەیدادەبێت.

-هەروەها کات و جێگە، کە تێیاندا بابەت خۆی نیشاندەدرێت، بنەڕەتێکی خودییان SUBJEKTIV هەیە.

-ئەگەر بوونی بابەت و شمەکەکان لەو کارەدا بێت، کە دەیکەین، ئەو قسەیە گریمانەی ئەو گۆڕانە دەکات، کە لە هی تردا بە دیدەهێنن109. بەڵام ئەمە نەبوونی هەیە و لە ئارادا نییە لە هیچ بەو لاوە نییە.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو سێ خاڵەی شۆپنهاوەر بدات و لێیان وردبێتەوە بۆیدەردەکەوێت، کە خۆی لەسەنگەری ئایدیالیستیدایە و بە تەواوەتی بەرهەڵستی رۆڵی ژیر و لۆجیك دەکات و دەچێتە خانەی ئەنتی ژیرەوە. ئەگەر بنەمای هۆیەکی و هەردوو بابەتی کات، جێگە و ئەو کارەی دەوروبەر لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەن، لە چالاکی ناوەکی خود و مێشکی مرۆڤ بەولاوە شتی تر نەبن، ئەوە ئەو ئەنجامە دەکەوێتەوە، کە مرۆڤ تەنیا هەر بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەزانێت، کەوابوو جیهان بە هەردوو بەشییەوە جیهانی دەوروبەری هەڵکەوت و جیهانی ناخی دەرون لە خواست و بۆچوون بەولاوە نین! لەلایەکی ترەوە بەلای شۆپنهاوەرەوە پرۆسەی زانین وەك جۆن لۆك و کانت باسیانکردوە گوایە: شتێك خۆی بۆخۆی چۆنە لەدەرەوەی سنور و نیشانی زانیندایە، قسەیەکە لەخۆیدا ناکۆکە! زانین لەپوختە و گەوهەردا بۆچوونە، بۆچوونی هەر مرۆڤێك چالاکییەکی خودی ناخی مرۆڤەکەیە و بە هیچ جۆرێك ناگونجێت و ناشێت وەك ئەو شتانە IDENTISCH بێت، کە لە دەرەوەی مێشك و ناخی مرۆڤدان110، چونکە بوونی لە خۆیدا و بۆخۆی شتێك دەبێت بە ناچاری خودی بێت، بەڵام لە بۆچوونی یەکێکی دیکەدا بە ناچاری بابەتییە.

بەهۆی ئەو بۆچوونەوە مرۆڤ خۆی بە لەش و دەرونەوە دەزانێت، لە رێگەی بۆ هاتنی راستەوخۆوە (حدس)، پەی بە خواستی خۆی دەبات. بۆی دەردەکەوێت، کە لەشی ئامراز و ئەنجامی خواستیەتی. لێرەوە ئەو جیهانەی لەبەردەم مرۆڤدایە تەنیا هەر بۆچونێکە لە مێشکدایە، وێنەیە لەناخیدا کێشراوە. ئەو بڕیارە خودی مرۆڤیش دەگرێتەوە. بوونی لەشی مرۆڤ پابەندی ئەو خودەی خۆیەتی، کە پەیپێدەبات و دەیزانێت! ئەو (بۆچوونە) بوونە

لەچوارچێوەی وێنەی، جێگە، کات و بنەمای هۆیەکیدا ڕێکخراوە و ئەو وێنەیەی مێشك ڕەنگیدەڕێژێت.

جیهانی دەوروبەر، مادە، بەو پێیە بۆچوونە، لایەنە دەرەکییەکەشی لە پوختە و گەوهەری خواست پێکهاتوە، بەوپێیە هەمو ئەو بابەتە هەمەجۆرانەی لەدەوروبەری مرۆڤدا هەن، لەجیهانبینی فەلسەفەی شۆپنهاوەردا لەچەند بۆچوونێك بەولاوە نین و ئامڕازی تایبەتی خواستەکەی مرۆڤن. ئەو بڕیارە ئەوە دەگەیەنێت، کە خواست لای ئەو فەیلەسوفە جێگەی شت لەخۆیدای کانتی گرتۆتەوە، چونکە لەدەرەوەی سنوری کات و جێگادا کارا، چالاك، دەستبەکارە و تەنیا لە بۆچوونیشدا بەرجەستە دەبێت، پێشتریش لە دەرگەی ڕێبازی ئەنتی مەتریالیستی بارکلی داوە. ئەگەر لەلای فەیلەسوفە مەتریالیستەکان بوون، لەش، مێشك، مرۆڤ خۆی لە نێو جێگەدا بێت، ئەوا جێگە، بوون و لەش بە پێچەوانەوە چەند وێنە، چەمك و بۆچوونێکن، لە مێشکی شۆپنهاوەردان!

6-بۆ پتر ڕونکردنەوەی بنەماکانی جیهانبینیەکەی شۆپنهاوەر وتویەتی: ئەوی ڕاست بێت، خواستی ئێمە تاکە دەرفەتێکە، کە هەمانە بتوانین بەهۆیەوە ڕوداو لەناخەوە تێبگەین، هەر خواست تاکە شتێکە لەلامان زانراوە و بە ڕێگەی بۆچوونەوە دەستگیرنەبووە... ئەمەش تاکە ڕێگەی گەیشتنە ڕاستییە، بەو پێیە دەبێت لەناخی خۆمانەوە لەسروشتی دەوروبەر تێبگەین و بیزانین نەك بە پێچەوانەوە ناکرێت ئێمە خۆمان بەهۆی سروشتەوە بناسین111.

-ئەگەر پیویست بێت ئەو تێکستەی شۆپنهاوەر شرۆڤەبکرێت و بە جۆرێك لێکبدرێتەوە، کە نوسەرەکەی خواستویەتی، ئەوا ڕون و ئاشکرا دەبێت، کە تا چ ڕادەیەك خواست ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و چۆن بوونی نا من بووە بە پاشکۆی چالاکی خواستەوە، لە لایەکی ترەوە ئەو مرۆڤە خوازیارەی ئەو فەیلەسوفە کردویەتی بە سەرپشك، مرۆڤی بڕیاردەری ژیرەکی نییە، بەڵکو ئەو مرۆڤەیە کە لەناخی خۆیدا خاوەن هەست و خوازیارە!. ئەگەر لەکایەی مێتافیزیکدا و لەچالاکی سەرنجدان و وردبوونەوەدا خودی بیرکەرەوە ئامڕازی

سەرەکی لێکدانەوەی جیهانی دەوروبەر بووبێت، لێرەدا بە پێی ئەو تێکستەی ئەو فەیلەسوفە خود و ژێر خراونەتە لاوە و خواست پوختە و گەوهەری مرۆڤ پێکدەهێنێت و مرۆڤ بونەوەرێکی خاوەن هەستی خوازیارە.

-ئەگەر کانت کۆشابێت بنەما و سروشتی ژیرەکی و نەزمی جیهان بەهۆی شیکردنەوەی سروشتی ژیر و هۆش پشتڕاستبکاتەوە، چونکە مرۆڤ تەنیا بەهۆی ژیر و هۆشەوە جیهان دەناسێت و پەیپێدەبات، دەبێت شۆپنهاوەر لەوبارەیەوە بە چ لایەکدا شکاندبێتی؟!

بەلای شۆپنهاوەرەوە جیهانی بوون ئەوەیە، کە مرۆڤ بەهۆی هێزی خواستەوە دەیزانێت و پەیپێدەبات. شارەزاییش ناکرێت لەو پڕۆسەیەدا پشتگوێبخرێت، بەڵام بە هەر رەوشێکدا بابەتەکە لێکبدرێتەوە، بنەمای ئەو هەڵکەوتە بەرچاوە لە خواست بەدەر نییە.

7-ئەو کۆششەی شۆپنهاوەر لە هەر سۆنگەیەکەوە سەرنجبدرێت و بە هەر پێودانگێك هەڵبسەنگێنرێت، جیهانبینییێکی فەلسەفەیی لێکەوتۆتەوە، تانوپۆکەی ئاوێتەی یەکتری کردنی تیۆری زانین و مێتافیزیکە، بەڵام لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە:

هەر لەسەرەتاوە هەستی بە گرێ کوێرەکەی ژیان و مەتەڵی سەرسوڕهێنەری بوون کردوە، کە بە تێکڕایی ئەو کۆششەیان لێ پەیدابووە، کە بە جیهان ناودەبرێت. بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکە و هەڵهێنانی مەتەڵەکە وای بۆ چووە، کە فەلسەفە، شانبەشانی ئاین و هونەر ئامڕازی راستەقینەی دەربڕینی هەست و نەستی جەنجاڵئامێزی ژیانی مێتافیزیکی و جیهانن، بەڵام ئەو ئامڕازە ئەوەی بۆ ئەو مەبەستە پشتیپێبەستووە چییە و کامەیە؟ بیرە، سەرنجدانە، وردبوونەوەیە، بڕیار (حوکم)دانە، ئەنجامگیری و بەدواداچوونە یان خواستە؟!

وەڵامی شۆپنهاوەر لەوبارەیەوە، کە پوختە و گەوهەری جیهانبینیەکەی لێپێکدێت و مایەی ئەو ئەنجامانەیە، کە لێوەی کەوتونەتەوە، بەو ئاڕاستەیەدا:

ناکرێت بیرکردنەوە، سەرنجدان، وردبوونەوە ئەو ئامڕازە بن، چونکە ئەوان خۆیان دیاردەی لاوەکین، فەلسەفەش خۆی کۆششە لەو ئامڕازانەوە ئەو رێگەیە

بدۆزێتەوە112، کە ئەوە دەیگەیەنێتە سەر بنچ و بناوانی دیاردەی راستەقینەی سەرەکی لە هەمانکاتدا بنەڕەتی بێت. کەوابوو ئەمە کامەیە؟

هەر لەسەردەمی کانتەوە ئەو بۆچوونە باوە، کە کۆششی ژیر و بۆچوون و چەمکە پەتی و رووتەکان (ئەبستراکتەکان)، تەنیا هەر زانین و زانیارین دەربارەی چەند پەیوەندیەکی دیار و بەرچاوی هەڵکەوت دەدەنە دەست و گەوهەر و راستەقینەی ئەو هەڵکەوتە لە خۆیدا چییە و چۆنە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، کە ئەو بە شت لەخۆیدا ناویبردوە. بەلای شۆپنهاوەرەوە خواست ئەو کێشەیەی یەکلاییکردۆتەوە. گریمانەی خواست و ئەو رۆڵەی دەیگێڕێت کەلەبەری شت لەخۆیدای پڕکردۆتەوە و خۆی بووە بە نۆمین و لەوەش پتر دەکرێت بە تەواوەتی پەی بە خواست ببرێت و بزانرێت: بەو پێیە مرۆڤ شت دەزانێت نەك لەبەر ئەوەی سەرنج دەدات و بیردەکاتەوە بڕیار (حوکم) دەدات، بەڵکو لەبەرئەوەی خوازیارە و خواستی هەیە! بەڵام، ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت: ئایا ئەو خواستە خواستی ژیانە، یان هێز و دەسەڵات و توندوتیژییە؟ یان هەردوکیانە پێکەوە؟ پەیوەندی خواست بە ژیرەوە چییە و چۆنە؟ ئایا ئەو خواستەی شۆپنهاوەر کردویەتی بە بنەما خواستی تاکە کەسییە یان خواستی گشتی هەمەکییە؟

-بەلای ئەم فەیلەسەفەوە مرۆڤ جگە لەوەی تاکەو کەسایەتی خۆی هەیە، خۆی خۆیەکە شت دەزانێت لەشە، کە بابەتی زانینەکەیە. ئەو مرۆڤە دەکرێت لەدوو لاوە سەرنجبدرێت: ئەگەر لەدەرەوەی سەرنجدرا وا دێتە بەرچاو، کە لە بۆچوون بەولاوە نییە، بەڵام ئەگەر لەناخی وردببینەوە دەردەکەوێت، کە خواستە. کەوابوو زانین لەو رەوشەدا بریتییە- بەلای ئەو فەیلەسوفەوە- لە پەیوەندی مرۆڤ، کە خوازیارە بە بوونی لەشی خودی خۆیەوە. ئەو ئەنجامەش، کە لەو بڕیارە دەکەوێتەوە ئەوەیە، کە جیهان بۆچوون و خواستە! راستی ئەو قسەیە ئەو رەوشە پشتڕاستیدەکاتەوە، کە ئەگەر لەدەرەوە سەرنجی

جیهان بدرێت، جیهان تەنیا بە دیاردە دێتە بەرچاو، ئەو دیاردەیە تەنیا هەر بیرۆکەیەکە خۆ، ئەگەر بە پێوەری ناخی مرۆڤەوە لەناوەوە سەرنجی جیهان بدرێت، ئەوە پوختە و گەوهەرەکەی لە خواست بەولاوە نییە.

راستە شۆپنهاوەر فەیلەسوفێکی کارایە و جێدەستی دیار و ئاشکرایە، بەڵام لەو جیهانبینیەیدا کە رەنگیڕشتوە، رۆڵی فەیلەسوفی ترانسندێنتاڵی کانت (بە تایبەتی تیۆری شت لەخۆیدا) و تیۆری نمونەی بەرزی ئەفلاتون بە ئاشکرا دیار و بەرچاوە.

# پڕاگماتیزم:
# ئامانج، ئامڕاز ڕەوادەکات

1-راستییەکی گومان هەڵنەگرە، کە تیۆری زانین (ئیپستمۆلۆجی) لەچوارچێوەی فەلسەفەی ئەزمونی (ئیمپیری) ئینگلیز بەڕابەرێتی جۆن لۆك (1632-1704ز)، دوا روخسار و ناوەڕۆکی پێبڕاوە، خەتوخاڵی داوە، شانبەشانی لۆجیك و مێتافیزیك بووە بە لقێکی سەرەکی فەلسەفە، بەڵام ئەوەی لەو کایەیەدا سەرنجڕادەکێشێت ئەوەیە: دوای کۆچی دوایی هیگڵ لەساڵی (1831ز) دیاردەی شکستهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان بە گشتی، بەهۆی ئەو هێرشە نەپساوانەی مەتریالیستەکان کردویانە، سەرئاوکەوتوە، بەڵام بە کۆششی چەند فەیلەسوف و هزرمەندێك جارێکی تر پاشەکشە بەو دیاردەیە کراوە و سەرقافڵەی کاروانی بەهاری پەیدابوونەوەی فەلسەفە لەئاسۆی ئەکادیمیەکانی ئەڵمانییاوە سەریدەرهێناوەتەوە و فەلسەفە جارێکی دیکە رەوشی ساردوسڕی ژیانی ئەکادیمی بەچالاکی و بەرهەمەکانی گەرموگوڕ کردوە و خوێنی بە شادەماری لەشی پێکهاتەی ئۆرگانەکانی زانکۆکاندا کردەوە. ئەوەی ئەو رۆڵە سەرەکییەی پێسپێردرابوو، تیۆری زانین بوو، بەڕابەرایەتی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیدوار تسێلەر، شاکاری (دەربارەی بایەخ- دەلالەت و ئەرکی تیۆری زانین- لاپتزیگ 1862ز) 113بەڵگەی راستی ئەو قسەیەیە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی رامان و سەرنجدانە ئەوەیە:

یەك: لە ئەوروپا دوای سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە لە ئەڵمانیا، تیۆری زانین ئەو رۆڵەی کاڵبۆتەوە، مێتافیزیك و لۆجیك بوون بە لقی سەرەکی، ئەگەر رێبازی ئێگزیستێنتیالیزمی لێبەدەرکەین، کە نەتیۆری زانین و نە لۆجیکی هەبووە، بەڵکو فەلسەفەی بە لاڕێدا بردوە، تیۆری زانین لە بەریتانیا و ئەمەریکا پتر گەشەیکردوە، بەرەو پیشچووە و شانبەشانی لۆجیك خۆی سەپاندوە.

دوو: لە ئەوروپا دەبوو فەیلەسوفەکان کۆششی فەرهادئاسا بکەن بۆ دورخستنەوەی کەرەستەی دەرونزانی (سایکۆلۆجی)، لەنێو تیۆری زانین و فەلسەفەدا. ئەو ئاڕاستەیە بەشێوەیەکی بەرچاو لە فەلسەفەی ئەڵمانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا هەستپێدەکرێت، لە کاتێکدا هەندێك هزرمەند وایان دادەنا، کە بۆ رزگارکردنی فەلسەفە، لەوەی جارێکی دیکە دوچاری

نشوستی ببێت، دەبێت سود لەدەرونزانی وەربگرێت و خۆی لەزانستەکان نزیکبکاتەوە و دەست بەدامێنیانەوە بگرێت، هەندێکی تر بە پێچەوانەوە لەو باوەڕەدابوون، کە پەلهاویشتنی فەلسەفە بۆ پاوانی بابەتەکانی تر بەو مەرەدەی بردوە شکستبێنێت، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت فەلسەفە بە بێ گەردی و دور لەبابەتەکانی دیکە چالاك و دەستبەکاربێت. دەبێ تا چەند ئەو دوو لایەنە لە کۆششەکانیاندا سەرکەوتووبووبن، وەڵامەکەی بەدڵی دۆست و لایەنگرانی فەلسەفە نابێت! ئەگەر جارێکی دیکە ڕێبازە جۆر بە جۆرەکانی فەلسەفەی ئێگزیستێنتیالیزم بەدەربکرین، هەمو ڕێبازەکانی تری فەلسەفە مەیلیان بەلای زانستدا هەبووە، ئەگەر نەکۆشان فەلسەفە بکەن بە زانست. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئاین یەخەی فەلسەفەی گرتبو، دەرفەتی هیچ جۆرە بەرەو پێشچوون و پەرەسەندنێکی نەدەدا، لەسەردەمی دوای رۆشنگەرییەوە زانست، بەڵام بە رەزامەندی فەلسەفەو فەیلەسوفان زانست ئەو رۆڵەی پێسپێردراوە!!

راستە، زانست و ئاین دوو بابەتی ئاسمان و زەوی، لە روخسار و ناوەڕۆك، لەمەبەست و ئامراز و ئامانجدا لەیەکتری جیاوازن و هیچ شتێك پێکەوە کۆیانناکاتەوە، ئینجا ئەو ئەنجامەی لێیانکەوتۆتەوە دەکەوێتەوە لەگەڵ یەکتریدا بەراوردناکرێن، ئەمە راستییەکە هیچ ئەگەر و گومانێك هەڵناگرێت، بەڵام نەك هیچ کامێکیان ئەرکی سەرشانی فەلسەفەی سوکنەکردوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڕەشەی لەدەستدانی سەربەخۆییەکەیان کردوە و دەیکەن! بۆیە ئەو پرسیارەی لەڕەوشی سەردەمدا بەرۆکی فەیلەسوفانی گرتۆتەوە ئەوە بووە:

لەسەردەمی شۆڕشی سەرتاپاگیری زانست و تەکنەلۆجیادا، دەبێت چی بۆ فەلسەفە مابێتەوە و بتوانێت چ بکات و پێشکەشبکات.

### دەرکەوتنی ڕێبازی پراگماتیزم

-ولیام جەیمس (1842-1910ز) رابەرێکی ڕێبازی پراگماتیزمە، لەبەرگی شاکاری (پڕاگماتیزم)دا نوسیویەتی، ئەو ناونیشانە ناوێکی نوییە بۆ میتۆدەیەکی کۆنی بیرکردنەوە دانراوە114.

کەوابوو ئەو ناوە لە چییەوە هاتوە، ئەو میتۆدەیەی بیرکردنەوەیە، کە خەسڵەتی کۆنی داوەتە پاڵ چییە و چۆنە؟ ئەو رۆڵە کامەیە، کە لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا گێڕاویەتی؟

پراگماتیزم ناوی رێبازێکی فەلسەفەیە، کە بە تایبەت لە ئەمەریکا بڵاوبۆتەوە، ناوەکە یەکەمجار چارلس پێر (1839-1914ز) بەکاریهێناوە و لە دوایدا لەلایەن ولیام جەیمس کراوە بە ناونیشانی ئەو رێبازە.

وشەکە لە پراگما PRAGMA وەرگیراوە، کە خۆی یۆنانی- لاتینیە و واتای کار دەگەیەنێت، مرۆڤی پڕاگماتی ئەو کەسەیە، کە سەرگەرمی گەڕان بێت بەدوای سودبەخشدا، واتا و بایەخی فاکتەکان لەلای گرنگ بێت، بە کردەوە شت بکات. کردەکی بێت.

جگە لەو ناوە، لە هەندێك توێژینەوەدا جەیمس کۆشاوە ساغیبکاتەوە، ئایا (هۆشیاری بوونی هەیە یان نا) ناوی ئیمپیری رادیکاڵی بۆ فەلسەفەکەی بەکاربردوە، کە دەکرێت بە ئەزمونی ریشەیی، بنوسرێت.

-ئەو رێبازە وەك رابەرەکانی بە تایبەتی پێرس و جەیمس وتویانە، میتۆدە و رێگەیە بۆ توێژینەوە و یەکلاییکردنەوەی کێشە سەرەکییەکانی فەلسەفە، بەڵام خۆی لەخۆیدا هیچ تیۆرییەکی فەلسەفە ناداتە دەست. ئەو میتۆدەیە وەك پێرس رونیکردۆتەوە، کۆشش و هەوڵە بۆ خستنەوەی ئەنجامی کردەکی لە هەمو بڕیار و (حوکم)ێك، کە مرۆڤ دەیدات. خۆی لەگەڵ زانست دێتەوە و لاری لە بوونی شمەکی هەڵکەوتی راستەقینە نییە و دەکرێت گریمانە بنەڕەتییەکەی بەو جۆرە فۆرمەلە بکرێت:-

چەند شتی راستەقینە هەن خەسڵەتەکانیان سەربەخۆن و بوونیان پەکی لەسەر بیروبۆچوونەکانمان نەکەوتوە، ئەو شمەکە راستەقینانە REALE بە پێی چەند قانون و رێوشوێنێکی رێکوپێك کار لە هەستەکانمان دەکەن، ئەگەرچی چالاکی هەستەکانمان جیاوازن، وەك پەیوەندییەکانمان بەشمەك و شتەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەوەندەی پشت بە قانون و رێنماییەکانی تێبینیکردن دەبەستین، بە هۆ و سایەی بیرکردنەوەی ئەنجامگیرەوە دەتوانین بەدڵنیاییەوە

دیار و دەستنیشانی بکەین، کە ئەو شت و شمەکانە بە راستی و بە راستەقینەیی چۆنن و هەرکەسێك ئەگەر بە پێی پێویست شارەزا بێت و لەوبارەیەوە بیربکاتەوە، دەتوانێت بە ئەنجامێکی راستەقینە بگات115.

لەو تێکستەی پێرسەوە خاڵێك و پرسیارێك دەکەونەوە:

-لە کایەی تیۆری زانیندا ئەو فەیلەسوفە دەچێتە نێو خانەی ریالیستییەوە، ئەگەر باوەڕبوون بەرامبەر بە گومان دابنرێت، ئەوا هەردووکیان لەلای خۆیانەوە بایەخی ئەرێیان هەیە، گومان، ئەگەر دڵکرمێبوونی بە دوادا نەیەت، دەبێت بە هاندەر بۆ گەڕان بەدوای گریمانەی باشتر و بەربەستکردنی دۆگم و ئینجا گەیشتن بە رەوشی دڵنیاییبوون و باوەڕهێنان. ئەو رەوشە، کە خۆی دەکرێت وا دابنرێت، هاندەرەکەی ئەگەر و گومان بووە، گومانەکە دادەمرکێنێتەوە و هێمنی دەکات، بەڵام ئایا بوونی هەڵکەوتی راستەقینە وا بە ئاسانی بڕیاری لەسەر دەدرێت؟! خۆ ئەگەر ئەو بوونە بەندبێت بە بیرو بۆچوونێك، کە رون و ئاشکرابێت، ئەو رون و ئاشکراییە مەرج نییە قەناعەت و دڵئاوخواردنەوە و دڵنیایی لێبکەوێتەوە. باوەڕهێنان و قەناعەت کاتێك دەکەونەوە، کە خۆیان بە شێوازێك ببن بە بابەتی هۆشیاری راستەوخۆ گومان و ئەگەری دڵ کپ و هێمن بکەنەوە و ببنە بنەمای بڕیاردان و هەنگاوهەڵگرتن و کار و کردار. ئەو بۆچوونە جارێکی تر دەمانباتەوە نێو جیهانی پانوبەرینی پراگماتیزمەوە:

گومان و دڵنیاییبوون (قەناعەت و باوەڕکردن) توندوتۆڵ بە کردار و ئەو ئەنجامەوە دەکەونەوە و بەندن، بایەخەکەیان لەوەدا دەردەکەوێت، کە چ شێوازێکی کار و کردار هاندەدەن و چیان لێدەستگیردەبێت، هەر ئەو شێواز و کردارەیە، کە لێیان پەیدادەبێت، لەیەکتریان دادەبڕێ و جیاجیاندەکاتەوە. دڵنیایی و قەناعەت لە بیرو بیرۆکە دەکەونەوە و دەکرێت لە یەکتری جیاواز بن، بەڵام ئەو شێوازی کردارەی بەرپایدەکەن ئەو جیاوازییەیان دەردەخات، بۆئەوەی بایەخی بیرۆکەیەك ساغ و پشتڕاستبکرێتەوە، دەبێت دیار و دەستنیشانبکرێت، چ شێوازێکی ئیش و کار کردنی لێدەکەوێتەوە، هەروەها بایەخ و گرنگی کەرەستە، بابەتێك لەوەدا دەردەکەوێت، چ جۆرە شێوازی کردارێکی لێبەرهەمدێت116.

تەنانەت خەسڵەتی کارایی و کاریگەری لە چەمك و خەسڵەتی کەرەستە و بابەت بەولاوە شتێکی دیکە نییە! کەوابوو بە پێی ئەو بۆچوونە راستی (هەقیقەت)ی دەستەواژەیەك، بیرۆکەیەك، بڕیارێك، ئەوەیە تا چەند بە کردەوە سودبەخشە! ئەمەیە تیۆری راستی لەلای پێرس.

**ولیام جەیمس**

ئەگەر پراگماتیزم لەگەڵ سەرهەڵدانییەوە خـۆی بە میتۆدەیەکی یەکلاییکردنەوەی کێشە فەلسەفییەکان دانابێت و لافی رشتنی رەنگی هیچ تیۆرییەکی نوێی لێنەدابێت، ئەوا ئەو کێشەیە هەر بە کراوەیی ماوەتەوە، ئەوەندەی بابەتەکە پەیوەندی بە تیۆری زانینەوە هەیە: ئایا جیهان یەکەیەکی یەکڕەنگە، یان هەمەجۆر و جیاوازە؟! ئەو رو‌داوانەی دەقەومێن پابەندی ناچارین، یان جۆرە رێکەوت و ئازادییەك لەئارادایە؟ ئایا بابەتەکە پتر دەچێتە بەرەی گیانەوە، یان هەر لە خانەی مادەدا گیردەخوات؟ ولیام جەیمس (1842-1910ز) دووەم دامەزرێنەر و پەرەپێدەری ئەو رێبازە، ئەگەرچی بۆچوونەکانی لەزەمینەی دەرونزانی و ئایندا شینبوون، (کاری) کردوە بە بنەمایەکی رەها. جگە لەوەی، کە پیشتر بۆچوون و بوون توندوتۆڵ بە ئەنجامە سودبەخشەکەیەوە بەندکرا بوون، ئەو پەرەی بە تیۆری راستی (هەقیقەت) داوە، بە بێ ئەوەی لەو بنەما بنەڕەتییە دوربکەوێتەوە. لە شاکاری (پراگماتیزم)دا جەیمس کۆشاوە وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە بداتەوە و وەك رابەرەکانی دیکەی ئەو رێبازە بە رەگەز ئەمەریکاییە، پشتیکردۆتە بنەما، بنەڕەت، سەرەتاکان، رویکردۆتە مەبەست و ئامانج!

لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا جەیمس جیهانبینیەکەی خۆی بە ئیمپیریزمی رادیکاڵی (ئەزمونی ریشەیی) ناوبردوە، لەو بارەیەوە، ئایا وشەی راستی WHARHEIT چی دەگەیەنێت، کۆشاوە، کە بۆچوونی لایەنە جیاوازەکان لەیەکتری نزیکبکاتەوە و خاڵی ناوکۆیی نێوانیان بدۆزێتەوە. لەو ئەرکەیدا پشتی بە هەستی ناوکۆیی بەستوە، کە لە تیۆری زانیندا بە COMMON SENSE ناسراوە. لە نوسینێکدا بە ناوی (دەلالەتی وشەی راستی)، گریمانەی وتوێژێك دەکات

لەنێوان خۆی و کەسێکی دیکەدا، بۆئەوەی چەمك و بۆچوونی راستی WAHR و هەڵکەوت (واقیعیەت) WIRKLICH رونبکاتەوە. جەیمس لەو دیالۆگەدا وتویەتی: پشتئەستور بە هەستی هاوبەش، من وایدادەنێم، کە بە تۆ دەڵێم: ئەو شتە بوونی هەیە. ئایا ئەمە راستە یان نە؟ چۆن دەتوانن ئەو بڕیارە بدەن؟ ئەگەر هاتوو یەکەم واتای قسەکەم رون و ئاشکرا بوو، ئەو کاتە قسەکە وەك (راستی)، یان چەوت، یان بە تەواوەتی بێبایەخ بەرامبەر بە هەڵکەوت پشتڕاست دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر تۆ ئێستاکە بڵێی: ئەو شتە چییە؟ منیش لە وەڵامدا دەڵێم : مێزێکە! خۆ ئەگەر بپرسی: لە کوێ؟ دەڵێم ئا لێرە! ئەگەر جارێکی تر بپرسییەوە: ئایا مێزی لە کەرەستە (مادە) دروستکراو، یان وێنەکەی لەمێشکدایە؟ من دەڵێم، مێزی لە مادە دروستکراو، دواتر من دەڵێم: من مەبەستم ئەو مێزەیە لێرەدا، ئیتر ئەو مێزەی، کە تۆ هەست بە بوونی دەکەی، وەك چۆن بۆم باسکردی و ئینجا دەستی لێدەدەم و دەیلەرزێنم، ئیتر تۆ قسەکەی من بە راست دادەنێی117. ئەو نمونەیە، تاڕادەیەکی زۆر، هەڵوێستی رێبازی ریالیستی ساکاری ئەمەریکا- لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا- دەهێنێتەوە یاد. ئەگەرچی ئەو جۆرە ساغکردنەوەیەی بوونی هەڵکەوتی سەربەخۆیی، لەسەر بیرو بۆچوونی مرۆڤ پەکینەکەوتوە، تیۆری پێناسەی راستی پڕاگماتیزم دوپاتدەکاتەوە، بەڵام پتر بەلای یەکلاییکردندا تەکاندەدات، نەك بە لای چارەسەرکردنی کێشەکاندا: دوو رەوش لەئارادایە، یەکێکیان پێی لەسەر بوونی راستەقینەی مێزەکە دادەگرێت و ئەوی دیکە دەڵێت، بوونەکە تەنیا هەر لەمێشکدایە (ئەندێشە)، وەك وێنە و بۆچوون بوونی هەیە، کەوابوو دوو رێتێچوون لەبەر دەستدان، هەردووکیشیان بەڵگەکانیان وەك یەك بەهێزن، کەوابوو بە پێی میتۆدەی پراگماتیزم، لای تەرازو بەو لایەدا لاسەنگدەکرێت، کە کردەکییە، سود و قازانج بەخشە، هاندەردەبێت و دەبێتە مایەی کارکردن و هەنگاو هەڵگرتن! کامیان، چ بڕیارێك ئەنجامی سودبەخشی لێدەکەوێتەوە ئەو بەڕاست دادەنرێت. بەوپێیە بیرۆکەی راست، بڕیار و دەستەواژەی راست و دروست ئەوەیە، کە مایەی کرداری ئەوتۆ بن بەرەو بابەتەکە بچین و باوەڕهێنانیش بەڕاستی بابەتەکە، ئەنجامی سودبەخشی لێبکەوێتەوە، بۆیە بەلای جەیمسەوە راستی پێکەوە

هاتنەوە و بەیەکەوە گونجانی بیرۆکە، بڕیاری ڕاستی و شتەکەی نییە، بەڵکو ئەو بۆچوون و بڕیار و بیرۆکەیەیە وا لە مرۆڤ بکات هەست بە شتەکە بکات و ئەو مەبەستی هەیەتی بیگاتێ، دڵنیاببێت، باشترین قازانجی لێبکات و ببێتە مایەی چالاکی کار و کردار. ئەو هەڵوێستە بەرامبەر بە تیۆری ڕاستی (هەقیقەت) بە تەواوەتی ڕەوشی وڵاتی بێنەتەوەی ئەمەریکا بەرجەستەدەکات. هەمو شتێك مەبەستی لە دواوەیە. مەبەستەکەش بە کردەوە لە سود و قازانجکردن بەولاوە شتێکی دیکەی لێهەڵناوەڕێت.

2-ئەو بڕیار و بۆچوونەی ئەو ڕابەرەی پراگماتیزم، ئەو ئاڕاستەیەی لێکەوتۆتەوە کە بە: تیۆری دوو ڕەنگی (ڕاستی و بەها) ناودەبرێت:

## دوو ڕەنگی
## ڕاستی و بەها

ئەو تیۆرییە، ئەگەرچی پشکی شێری لەتیۆری زانیندا بەرکەوتوە، بەڵام پتر لەچوارچێوەی ئەو ئاڕاستەیەدا، کە لەنێو پراگماتیزمدا بە ڕێبازی ئامڕاز INSTRUMENTALISM ناو دەبرێت، بەرجەستەبووە.

ئەگەر (ڕاستی) بەوە دابنرێت، کە خوازراو و داواکراوە، ئەوا هەر لەو بڕیار و بۆچوونەوە (بەها) دەکەوێتەوە. جەیمس ڕاستی و چالاکییەکە لەنێو دووتای تەرازو بەرامبەر بەیەکتری دادەنێت، لەو بڕیارەشدا باوەڕپێبوون و قەناعەتدەکات بەسەر پشکی ئەو بڕیاردان و یەکلاییکردنەوەیە. جەیمس وتویەتی:

(ڕاستی هەمو ئەوە دەگەیەنێت، کە لە کایە و دەڤەری قەناعەتپێبوونی ژیرەکیدا INTELLEKTUELLEدا پشتئەستور بە چەند هۆیەکی لەبەردەستدابوو، وەك چاکە پشتڕاست ببێتەوە)118. کەوابوو بە قسەی ئەو فەیلەسوفە بەهای چاکە GUT لەبەرامبەر بە (ڕاستی) کراوە بە مەرجی بڕیاردانەکە و پێکەوە هەردوو جەمسەری هاوکێشەی تیۆرییەکەیان لێپێکدێت.

ئەگەرچی ئەو بۆچوونە ڕون و ئاشکرایە، بەڵام خۆی لەخۆیدا کێشەی تر

دەوروژێنێت، کە پتر پەیوەندی بە بۆچوون و پێناسەکردنەوە هەیە. ئەگەر راستی پابەندی چاکە، سود و قازانج بکرێت، چۆن مرۆڤ لە چاکە تێدەگات؟ ئایا ئەمە لەخۆیدا چەمکێکی رەهایە، یان بە پێی کات و شوێن و رەوشی مرۆڤی بڕیاردەر دەگۆڕێت؟! هەر ئەو گازندەیە، خۆی یەخەی چەمکی راستی دەگرێتەوە، چۆن جەیمس و لایەنگرانی پێناسەیانکردوە، ئەویش پریشکی رێژەیی پێهەڵدەپڕژێت. بە پێی کات، جێگە و رەوشی مرۆڤی بڕیاردەر دەگۆڕێت. راستیش گۆڕانی بەسەردابێت، گەوهەری خۆی لە دەستدەدات. دورنییە رابەرانی پراگماتیزم لێرە بڵێن، بابەتی باوەڕپێهێنانەکە کێشەکە یەکلاییدەکاتەوە. کام لایەیان بۆ ئێمە باشترە باوەڕمان پێیبێت؟ لەو پرسیارەوە دیسانەوە کێشەیەکی دیکە دەکەوێتەوە، کە جارێکی تر پێویستی بە یەکلاییکردنەوە هەیە:

چەمك، دەستەواژەی (کامە، بەلای ئێمەوە و بۆ ئێمە باشترە) دەبێت بە بابەتێکی سەربەخۆی جیا لەوەی بە (راستی و بەهای چاکە) دانرا. لێرەدا هەرسێك بابەتی تیۆری زانین، مێتافیزیك و لۆجیك ئاوێتەی یەکتری بوون.

ئەو ئاوێتەبوونە، تاڕادەیەکی سەرنجڕاکێش دورکەوتنەوەیە لەتیۆری باوی (راستی). لەچوارچێوەی پرۆسەی چالاکی فەلسەفەدا راستی خەسڵەت بووە، دراوە بە نەزم و سیستمێك، کە لەچەندین دەستەواژە پێکهاتبێت و چاوەڕێی دانپێدانانە، یان ئەوەتا، راستی ناوی ئەو بڕیار (حوکمانە)یە URTEIL ، کە مرۆڤ بە پێی جۆرێکی پابەندبوونی ناچارەکی بیاندات، لەو پرۆسەیەدا دوو لایەن لەبەرچاودەگیرێن:

**-فاکتەری خودی**

**-فاکتەری بابەتی.**

بۆیە پێوەری راستی و ناڕاستی بەوە دیارو دەستنیشانکراوە، تا چەند پێکەوە گونجان و پێکەوە هاتنەوەی بیروبۆچوونەکان، لەگەڵ ئەو بابەتەی دەریدەبڕن، یان لەبارەیانەوە بڕیاردەدەن لەئارادایە. ئەوە ئەو واتایەیە، کە وشەی ئەڵمانیی ZUSAMMENSTIMMEN دەریدەبڕێت.

3-ئەگەرچی پراگماتیزم، وەك رابەرەکان دەڵێن، میتۆدەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی

کێشەکان، ئەوە لە هەمانکاتدا تیۆری زانین پشکی شێری لەو جیهانبینیەدا بەرکەوتوە. جەیمس وەك لە بەرهەمەکانیدا دەرکەوتوە، لە ئیپستمۆلۆجیادا، بەلای رێبازی ریالیزمی نوێدا چووە. ئەمەش خۆی جۆرێکە لە ئاڕاستەی ئەزمونی، ئەگەرچی ئەو فەیلەسوفە خەسڵەتی رادیکاڵی داوەتە پاڵ ئەو ئەزمونەی خۆی. لێرەوە هەست، ئەزمون، تێبینی ئامڕازی هاوردەی داتاکانی شمەکی دەوروبەری مرۆڤن، کە بە ئامڕازی پڕۆسەی زانین دادەنرێن. ئەو گریمانەیە لەلای خۆیەوە گریمانەی بوونی راستەقینەی (ریالیستی) جیهانی دەوروبەری بە دوادا دێت، کە سروشتی ئەو رێبازەی پراگماتیزم پشتڕاستدەکاتەوە، بەو واتایە، کە راستی بۆچوونێکی راستەوخۆی ئەوەیە، کە سەربەخۆ لە دەوروبەرو و دەرەوەی مرۆڤدا هەیە. بەو پێیە راستی، راستەقینە پەیوەندییەکی نێوان بیروبۆچوون و ئەزمونی مرۆڤ بەرجەستەدەکات و رێنیشاندەدات بەرەو سود و قازانج، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت، پەیوەندی بیروبۆچوون و ئەزمون، سروشتی گۆڕانیان هەیە. دەکرێت هەمان خەسڵەتیش راستی و راستەقینە بگرێتەوە!؟ پراگماتیزم لە روبەڕوبوونەوەی ئەو پرسیارە کێشەی ئامێزەدا، پتر بەلای یەکلاییکردنەوەدا تەکانیداوە، بەوە باوەڕبوون بەوەی راستی لەگەڵ چەمکی راستدا لە دوتای یەك تەرازودا داناوە و هەردووکیانی بەیەك شت هەژمارکردوە.

-راستییەکی گومانهەڵنەگر، کە وەك راستی و راستەقینەی هەستەکی هەیە، ئەوە چەندین راستی ئەبستراکت و پەتی هەن، کە شمەك و پەیوەندییەکان دەردەبڕن، سەرەڕای ئەو راستییانەی لە رابردودا وا بوون، ئێستاش هەر راستین و لەدوارۆژیشدا ئەو سروشتەی خۆیان لە دەستنادەن و پەکیان لەسەر ئەوە نەکەوتوە دانیانپێدابنرێت. بڕوایانپێدەکرێت یان نا! خۆ ئەگەر وا هەستبکرێت ئەو راستییانە دەگۆڕێن، هەستپێکردنەکە لەوەوە کەوتۆتەوە، کە زانینی مرۆڤ خۆی پڕۆسەیەکی نەسرەوتە و هەمیشە بەرەوپێش دەچێت و گۆڕانی بەسەردادێت.

# هۆسریڵ:
# ئایدیالیزمی ترانسندێنتاڵی

1-لەچوارچێوەی ئەو کۆششانەی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەدواوە کران، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی بە ئەڵمانیی قسەدەکەن، بۆ بنەبڕکردنی ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی شکستهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان، جارێکی تر چاو بە میتۆدە و بابەت و لقەکانی فەلسەفەدا خشێنرایەوە. فەلسەفە لەمەودوا چ میتۆدەیەك پەیڕەوبکات، بۆئەوەی جارێکی تر بەربەستی ساتمەکردنی فەلسەفە بکات و لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەکردنە شۆڕشئامێزەکانی زانستدا بێتەوە. هەر لە ئەنجامی ئەو پڕۆسەیەوە، هەردوو لقی لۆجیك و تیۆری زانین، بە پەسەندکردن و بە گژداچوونەوەی بابەتی مێتافیزیك، پشکی شێری بەرکەوتوە.

ئیدمۆند هۆسرێڵ (1859-1928ز) رابـەر و دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی، شانبەشانی رێبازەکانی دیکەی فەلسەفەی ئەو سەردەمە، لەو کایە و پڕۆسەیەدا چوست و چالاك بووە.

رەنگی میتۆدەیەکی تایبەتی بۆ رێبازە فەلسەفییەکەی خۆی رشتوە، هەوڵیداوە روخسارو ناوەڕۆکێکی تر، بە لۆجیك ببەخشێت، لە سەرەتادا بۆنی دەرونزانی لێهاتوە و لە دواییدا بە لایەکی دیکەدا بردویەتی و رەخنەی لە رێبازی دەرونزانی ئەزمونی گرتوە.

لە دەستپیکی چالاکی فەلسەفەکەیدا، لەنۆبەرەی بەرهەمەکانیدا، جگە لە دیاریکردنی هەڵوێست بەرامبەر بە تیۆری ئامانجەکی فرانتس برینتانۆ، کە مامۆستای بووە و لە ڤییەننا فەلسەفەی لاخوێندوە، هەوڵێك بە دیدەکرێت کە بۆ دانانی تیۆری زانین داویەتی. هۆسرێڵ خۆی پسپۆڕی بیرکاری بووە و لەدوای چەند ساڵێك پشتیکردۆتە ئەو بابەتە و بە درێژایی ژیانی سەرگەرمی فەلسەفە بووە و دەستوپەنجەی لەگەڵ میتۆدە و لۆجیك و تیۆری زانین نەرمکردوە، لە کۆتایی ژیانیدا کەوتۆتە رەخنەکردنی زانستە ئەوروپاییەکان.

2-تیۆری ئامانجەکی برینتانۆ INTENTIONALITÄT، رۆڵی سەرەکی لەبیرو بۆچوون و جیهانبینی هۆسرێڵدا گێڕاوە. بە پێی ئەو تیۆرەی لەنێوان هۆش و ئەو شتەی، کە ناوەڕۆکی پێکدەهێنێت، پەیوەندیەکی راستەوخۆی توندوتۆڵ هەیە. هیچ کاتێك هۆش ناکرێت بێناوەڕۆك و بێواتا بێت، بەڵکو هەمیشە لە

پرۆسەیەكی ئامانجەكی پێكهاتوە و هەمیشە ئاماژە بە ڕەوشێكی دەرەوەی خۆی دەدات. ئەگەر ناوەڕۆكی هەست- هۆش خۆشەویستی بێت، ناكرێت بە بێ كەسێك، بە بێ شتێك، بە بێ بابەتێك، كە خۆشدەویسترێت، ئەو خۆشەویستییە لە هەست و هۆشدا هەبێت. تەنانەت بۆچوون و بڕیاریش هەمان ئامانجەكی دەیانگرێتەوە.

بڕیار (حوكم)، كە خۆی لە بەیەكەوە گرێدانی بۆچوونەكانەوە پێكدێت، ناوەڕۆكی ئەزمون، كە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت دەردەبڕێت و لەخۆیدا بابەتێك (ئا) ئەرێ یان (نا) نەرێ دەكات، بەڵام ئەو بڕیاردانە لەخۆیدا سنوری خۆی دەبەزێنێت (ئامانجێكی هەیە)، دەربارەی بابەتێك، كە ناوەڕۆكەكەی پێكدەهێنێت هەنگاو هەڵدەگرێت- بڕیار دەدات! كەوابوو لە هەمو جۆرە هۆش و هەستێكدا، وەك هاوكیشەیەك دوو لایەن هەیە: چالاكی هۆش خۆی، لەگەڵ بابەتی هۆشیارەكە، كە ناوەڕۆكەكەیەتی119.

بابەتی ئامانجەكی هۆش و هۆشیاری، بە تەواوەتی لەجیهانبینی هۆسەرەڵدا ڕەنگیداوەتەوە و بووە بە بەردی بناغەی ئەو تەلارەی، كە بە فینۆمینۆلۆجی ناودەبرێت، بە تایبەتی لە میتۆدە، لۆجیك و تیۆری زانین پێكهاتوە!. لە چوارچێوەی ئامانجەكی هۆشدا، بایەخ بە گەوهەر، هۆشیاری BEWUSSTSEIN دراوە و شیكردنەوەی ناوەڕۆكی بێگەردی هۆش، بە ئەركی سەرەكی ئەو فەلسەفەیە دانراوە، هەر لەو بارەوە میتۆدەكەشی، بە میتۆدەی سەرنجدانی گەوهەری چییەتی ناونراوە، ئەو ئەركەش بە میتۆدە سپێردراوە، ببێتە مایەی ئەوەی زانینی گشتی، وەك پرۆسەیەكی ورد و ناچاری، لەچوارچێوەی پرۆسەی ئیپستمۆلۆجیدا بەدەستبهێنێت، ئەو ئەرك و پێسپاردنە ئەوەی لێدەكەوێتەوە، كە ڕابەرانی ئەو ڕێبازە، بە تەواوەتی لەو باوەڕەدان، بە پێچەوانەی كانتەوە، كە زانینی ڕێكوپێك و تەواوەتی لەتوانادا هەیە، پێی بگەیشترێت و هیچ بەربەستێك لەبەردەمیدا نییە! بۆ ئەو مەبەستە هۆسرێڵ لەسەرەتادا دیاردەی دەرونی، لە دیاردەی سروشتی فیزیۆلۆجی جیاكردۆتەوە، یەكەمیان سروشتی ئامانجەكی هەیە و دووەمیان لەو خەسڵەتە بێبەشە. لە لایەكی دیكەوە ئەوەندەی بابەتەكە پەیوەندی بە زانینەوە

هەیە هەڵوێستی ئاسایی سروشتی لە هەڵوێستی فەلسەفەی - ترانسندێنتاڵی جیاکردۆتەوە.

3-هەڵوێستی سروشتی، جیهانبینی مرۆڤی ئاسایی- لەچوارچێوەی پرۆسەی زانیندا- بەرجەستەدەکات، ئاساییە سروشتییەکە لەوە دەردەکەون، کە بوونی جیهانی دەوروبەر، وەك هەڵکەوتێك، کە پەیوەستی جێگەو گۆڕانی نەپساوەی بەردەوامە لەکاتدا، هەست بە بوونی دەکرێت، لەبەرچاوە، دەبیسترێت و دەکرێت دەستیلێبدرێت TASTEN، بەهۆی هەستەکانەوە وێنادەکرێت، ئیتر بە وشە (قسە – زمان) و بە وێناکردن ئەو بوونی هەیە. بە هەر بارێکدا، بە سەرنجدان و وردبوونەوە، بیرلێکردنەوە، هەستکردن و خواست خۆی پێوە خەریك بکرێت، هەر ئەو ئەنجامە، کە بوونە گومان هەڵنەگرەکەیەتی دەکەوێتەوە، لەلایەکی دیکەوە، هەر بە پێی بۆچوونی ئاڕاستەی ئەو هەڵوێستە سروشتییە، جگە لە (من) کەسانی تر، کە نامنن هەست بە بوونیان دەکرێت و بە هەر پێنج (ئۆرگانی) هەستەکان ئەو بوونە پشتڕاستدەکرێتەوە، بەو پێیە لەو ئاڕاستەیەدا، وەك هۆسرێڵ بۆیچووە، زانینی سادە و ساکار دەستگیردەبێت و هیچ جۆرە گیانێکی رەخنەگرانە بەدیناکرێت120.

بە پێچەوانەوە هەڵوێستی فەلسەفەی ترانسندێنتاڵی، پشتئەستور بە میتۆدەی فینۆمینۆلۆجی و تیۆری ئامانجەکی و ئیپۆخی (هەڵپەساردنی بڕیاردان) EPOCHE، تیۆرییەکی رێکوپێکی زانین دادەڕێژێت، لەسەرەتادا لە دەستپێکی بابەتەکەوە، کە هزرە، پرۆسەکە دەکات بە دوو بەشی لەیەکتری جیاواز، ئینجا کەرەستە و ناوەڕۆکی زانین، کە کەرەستەکەی ناوەڕۆکی هۆشی بێگەردە، دیار و دەستنیشان دەکـات. بەلای رابـەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجییەوە هەمو چالاکییەکی بیر، سنوری خۆی دەبەزێنێت، بەرەو مەبەستێك، کە ئامانجییەتی، ئەمەش تیۆری ئامانجەکییە، کە لە لایەن فەیلەسوفی ڤییەنناوە، فرانتس برینتانۆوە داهینراوە. ئەو پرۆسەیەی بیرکردنەوەیە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە:

یەك: چالاکی بیرکردنەوەکە، کە هۆسرێڵ وشەی یۆنانی – لاتینی نۆئیزیزی NOESIS بۆ داناوە.

دوو: ناوەڕۆکی بیر خۆی- نۆئێما NOEMA .

هەر بەو پێودانگە هۆش، کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەی میتۆدەی ئەو ڕێبازەیە، لە لای خۆیەوە، لەچالاکی و ناوەڕۆك پێکهاتوە. لەو پۆلێنکردنەدا، دوو خاڵ روندەبێتەوە، وەك ئەو فەیلەسوفە لە بەرهەمەکانیدا تیشکی خستۆتەسەر:

یەك: چالاکی دەرونی، کە ئەو بە دیاردە ناوی بردوە، لە چالاکی دیاردەی فیزیکی جیادەکرێتەوە.

دوو: ئەو دیاردەیە ناوەڕۆکی هۆشە، چونکە بە پێی تیۆری ئامانجەکی هۆش، بەبێ ناوەڕۆك نابێت 121، بۆیە وەك ئەمە لە ئەزمونی زیندودا دەردەکەوێت ERLEBNIS، دەبێت بە کەرەستەی سەرەکی فەلسەفەی فینۆمیتۆلۆجی و هەر لەو کایەو پاوانەوە تیۆری زانینەکەشی خەتوخاڵ دەدات. ئەگەر پڕۆسەی گێڕانەوە بۆ سەر بنج و بناوان REDUCTION ، کە هۆسرێڵ لە پەیڕەو و میتۆدەکەیدا پێی لەسەر داگرتوە و دەیخاتە سەر چالاکی شیکارییەکەی، لەبەرچاوبگیرێت، تانوپۆی جیهانبینی ئەو ئاڕاستە فەلسەفییە رەنگدەداتەوە.

### هەڵپەساردنی بڕیار

### گەڕانەوە بۆ سەر پوختەی شت

1-لە چەند بەرهەمێکدا هۆسرێڵ ئاماژە بە گومانە میتۆدەییەکەی دیکارت دەدات و پڕۆسەکەدەکات بە خاڵێکی سەرەکی میتۆدەی توێژینەوەکەی، کە وشەی یۆنانی ئیپۆخی (هەڵپەساردنی بڕیاردان)ی بۆ هەڵبژاردوە. گومانی دیکارت گومانێکی میتۆدەییە، ئامڕازێکە بە مەبەستی گەیشتنە ئامانجی لەسەرەتادا بڕیار لەسەر دراو و رەنگ بۆ ڕێژراو پەنای بۆ براوە. دەربارەی ئەو گومانەی دیکارت، لە شاکاری تەنگژەی زانستە ئەوروپیەکاندا هۆسرێڵ وتویەتی، ئەوەندەی بابەتەکە پەیوەندی بە هەر سێ خاڵی گومان و میتۆدە و زانینەوە هەیە:

زانینی فەلسەفیی لە لای دیکارت، بە تەواوەتی دامەزراوە و ساغبۆتەوە، لە رادەی رون و ئاشکراییەکەیدا، هەمو جۆرە گومانێك بیری لێبکرێتەوە، بەدوردەگرێت. دەبێت هەمو هەنگاوێکی راستەوخۆی زانین، ئەو رون و

ئاشکراییەی تێدا بێت، ئەو سەرنجەی لەو قەناعەتانەی خۆیدا، کە تا ئێستا هەیەتی، جا ئەوانە بن، کە لە لای دروستبوون و پێیانگەیشتوە، نیشانداوە، گومان، یان شیاوەکی بوونی گومانکردن، لەهەمو بوارێکدا لەئارادایە. لەو رەوشەدا، ئەو و هەر کەسێك بیەوێت، بەڕاستی فەیلەسوف بێت، ناکرێت خۆی لەوە ببوێرێت، کە دەبێت بە جۆرێك لە گومانی رادیکاڵی- ریشەیی- ئیپۆخی دەستپێبکات، سەرجەم قەناعەتەکانی، کە تا ئێستا هەیەتی، بخاتە ژێر پرسیارکردنەوە و پێشییانە، لە هەر جۆرە بڕیاردانێك لەبارەیانەوە، لە هەر هەڵوێستێك، ئایا دروستن، یان نا دروستن، خۆی بەدوربگرێت.

پێویستە هەر فەیلەسوفێك، لە ژیانیدا جارێك ئەوە پەیڕەوبکات، خۆ ئەگەر ئەمەی نەکردبێت، ئەوا دەبێت، ئەگەر (خاوەن فەلسەفەی خۆی بێت) ئێستا ئەوە بکات، ئیتر دەبێت لە بەردەم ئیپۆخیدا (هەڵپەساردنی بڕیاردان)، ئەمەی لەگەڵدا بکات، هەر وەك چۆن لەگەڵ هەمو بڕیار، حوکمێکی (پێشییانەدا) دەیکات122.

2-ئەگەرچی دیکارت خۆی وشەی ئیپۆخی بەکارنەهێناوە، ئینجا گومان و ئیپۆخەی فینۆمینۆلۆجی، لە بنەڕەتەوە، لە هی دیکارت جیاوازترە، بەڵام وەك لە بەرهەمەکانی هۆسرێڵدا دەردەکەوێت، ئەو گومانەی دیکارتی بەسەرەتا داناوە و رێگەی بۆ میتۆدەکەی خۆی پێخۆشکردوە، ئەو میتۆدەیەی لە دوو بەش، قۆناغ پێکهاتوە:

یەك: لایەنێکی نێگەتیڤ: لەو چالاکی ئەو قۆناغەدا، کە خەسڵەتێکی شیکاری هەیە، تەنیا بایەخ بە گەوهەری شت دەدرێت، چۆن لەهۆشدا بەرجەستە دەبێت. ئەو هەڵوێستە وا پێویستدەکات، هەمو بیروبۆچوونێکی پێشییانە، پێشوتر پشتگوێبخرێت، مرۆڤ خۆی لەبڕیاردانی سەرپێی و هەڵەشە بپارێزێت، بەڵام بە بێئەوەی گومان لەبوونی دەوروبەری هەڵکەوتی راستەقینە بکرێت، ئەمەش وادەگەیەنێت، بە بۆچوونی هۆسرێڵ، کە بوونی ریالیستی شمەك بخاتە نێو دوو کەوانەوە123، بۆئەوەی دەرفەتی بۆ بڕەخسێ، راستەوخۆ سەرنجی گەوهەر بدات، ئەوەیە مەبەست لە وشەی یۆنانی EPOCHE ، کە هۆسرێڵ بەکاریبردوە.

دوو: لایەنی پۆزەتیڤ: لەو قۆناغەی بەکارهێنانی میتۆدەکەدا، کە بە لەبار و ئەرێ ناودەبرێت، دەبێت ڕاستەوخۆ (ڕووبکرێتە شتەکان خۆیان)، چۆن ئەو شتانە بە رون و رەوانی، بە بێ گرێوگۆڵ لەهۆشدا دەردەکەون. ئەو هەنگاوە بە (بنەمای ئامانجەکی) و (چوونەوە سەر شت) و بنج و بناوان پشتدەبەستێت. ئەمە بە ئاشکرا وایدەردەخات، کە هۆسرێڵ لە کایە و بواری تیۆری زانین، لە کانت دورکەوتۆتەوە:

کانت وایداناوە شتی جیهانی دەوروبـەر، لە کۆیی چەند بۆچوونێکی ژیرەکی بەولاوە نین، ئەو کاتە دەبن بە کەرەستەی زانین، ئەگەر ژیر بە جۆرێك لەجۆرەکان، لە کارو چالاکییەکانیدا، پەیوەندی پێوەکردن، بەڵام هۆسرێڵ لەو کایە و پاوانەدا، بە پێچەوانەوە، بەپێی بنەمای ئامانجەکی، کە خۆی لەبرێنتانۆوە خواستویەتیەوە، لەچوارچێوەی ئەو میتۆدەیەدا، وایداناوە، هۆش خۆی کۆنترۆڵی ئەو بۆچوونانە ناکات، تاوەکو بیانکات بە کەرەستەی زانین، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە، راستەوخۆ رووبکاتە شمەکەکانی دەوروبەر بۆ زانینیان، ئەو پرۆسەیە راستەوخۆ دەبێت.

لەو هەڵوێستەوە، دەکرێت بوترێت، هۆسرێڵ لە کایەی تیۆری زانیندا، ئەزمونی نییە، بەڵکو ئەو زانین بەوە دادەنێت، کە پەردە لادان و ئاشکراکردنی (داتا) دراو و هاوردەکان بێت، ئینجا ئەوەی بە دیاردە ناسراوە، باسبکات و رونیبکاتەوە. لەو ئەرکەدا پشت بە هیچ بنەما و رێسایەك نابەسترێت! بەو پێیە، لە ئیپستمۆلۆجی هۆسرەڵدا، هەردوو چەمکی هۆش و ئەزمونی زیندو، رۆڵی سەرەکی دەگێڕن و بوون بە بابەتی ناوەندی.

3-ئەوەی لە جیهانبینی فینۆمینۆلۆجیدا، بە سایەی هۆشەوە وێنادەکرێت، بە هزر و بۆچوون بێت، یان بە دیتن، لێرەدا هۆسرێڵ بە فینۆمین –دیاردە– ناوی دەبات، ئیتر بۆیە (زانستی هۆش)ی، بە پوختەی فینۆمینۆلۆجی ناوبردوە124، بەڵگەشی ئەوەیە، کە هۆش و هۆشیاری، تاکە دیاردەیە، مرۆڤ لێی دڵنیایە و ئەگەر و گومان هەڵناگرێت.

-هۆش و هۆشیاری لەلای خۆیانەوە، لە ئەزمونی زیندوی ژیانی رۆژانە

دەکـەونـەوە، (هۆسرێڵ وشەی ئەڵمانیی ERLEBNIS)ی بۆ بەکارهێناوە. ئەوی بە دیاردەکەوێ و مرۆڤ دەستپێبگات و بیزانێت، هەر لەو ئەزمونەدا بە دەردەکەوێت. بۆ پتر رونکردنەوەی ئەو لایەنە، کە سروشتی سەرەکی ئەو فەلسەفەیە بەرجەستەدەکات، دەکرێت بەو نمونەیە رونبکرێتەوە:

لەباخێکدا درەختێك، کە بـەرداره و میوەی گرتوە، بەرچاودەکەوێت و سەرنجڕادەکێشێت، کەوابوو ئەو دیتن و سەرنجڕاکێشانە ئاساییە، بەچی لەهی مرۆڤی رێبازی فینۆمینۆلۆجی جیادەکرێتەوە؟! بەلای مرۆڤی ئاساییەوە، درەختەکە هەیە و دەرفەتی گومانکردن نادات، چونکە بوونەکەی لە جێگە و کاتی دیاریکراودا هەستپێدەکرێت. لە فینۆمینۆلۆجیدا، راستە بابەتەکە خۆی لە خۆیدا کەرەستەی هەستەکانە، بەڵام میتۆدەی ئەو رێبازە فەلسەفییە پەیڕەودەکرێت، کە بریتییە لە (خستنە نێو کەوانەوە) خۆبواردن لەبڕیاردان، چوونەوە سەر شت خۆی، بۆ ئەوەی گەوهەر (ماهیەت)ی شتەکە خۆی چۆن لە هۆشدا دەردەکەوێت سەرنجبدرێت.

بەوپێیە، دەبێت لە نێو دوو کەوانەدا، باسی (درەختەکە) بکرێت، ئەو کاتە باسی ناوەڕۆکی هەڵوێست (رەوشەکە) و پێکهاتەکەی دەکرێت، بە بێئەوەی ئاماژە بە بوونە دەرەکییەکەی بدرێت، کە لەدەرەوەی هۆشدایە. لێرەدا دوای هەڵگرتنی ئەو هەنگاوانە، تەنیا هەر قسە لەچیەتی، گەوهەر دەکرێت و لایەنەکانی دیکە پشتگوێدەخرێن. ئەو رەوشە لای هۆسرێڵ، بە سەرنجدانی گەوهەر ناوبراوە، کە بە ئەڵمانیی WESENSSCHAU پێیدەوترێت. ئەگەر هەردوو چەمکی نۆئیزیی و نۆئیما بخرێتەسەر ئەو بابەتە جیهانبینی هۆسرێڵ بەرجەستە دەبێت.

4-بۆ شرۆڤەکردنی پرۆسەی بردنەوە و چوونەوە سەر بنج و بناوانی شت خۆی، هۆسرێڵ وشەی یۆنانی ئیپۆخێی بەکارهێناوە. ئەو وشەیە لەچوارچێوەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی هۆسەرلدا، ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ لە بارەی بوونی شت لە کات و جێگادا، هیچ بڕیارێك نەدات و خودداری بکات. ئایا ئەوە جۆرە گومانێك ناگەیەنێت و چۆن ئەو هەڵپەساردنی بڕیارە لێکدەدرێتەوە،

ئینجا چۆن پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە؟! هۆسرێڵ لەو بڕیارەیدا، مەبەستی وەلانانی هەڵوێستی سادە و ساکاری سروشتییە و بە دورگرتنیەتی لە چالاکی توێژینەوەی فەلسەفەدا، بەڵام ئەم کارە کە بە (خستنە نێو کەوانە)ش ناودەبرێت، ئەوەی لێ ناکەوێتەوە، کە بوونی جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر نا بکرێت! بگرە هیچ شتێك نا ناکرێت!

-هۆسرێڵ لە بەرهەمەکانی ئاماژە بەوە دەدات، کە بە سایەی پەیڕەوکردنی میتۆدەکەیەوە، توانیویەتی فینۆمینۆلۆجی بە فەلسەفەی ترانسندێنتاڵەوە گرێبدات. ئایا ئەو قسە، بڕیارە چۆن لێکدەدرێتەوە! ئاماژەیە بە قۆناغێکی گواستنەوەی جیهانبینیەکەی بەرەو ترانسندێنتاڵییەت، یان دانپێدانانە بەوەی، سودی لە فەلسەفەی کانت وەرگرتوە؟ ئەو پرسیارانە بە هەر لایەکدا، وەڵامبدرێنەوە، ئەو راستییە کاڵنابێتەوە، کە هۆسرێڵ چۆتە خانەی ئایدیالیستییەوە، چۆن ئەو قسەیە پشتڕاستدەکرێتەوە؟!

ئەو گوێزرانەوەیە یەکگرتنی (سونتێزەی) تیۆری سەرنجدانی گەوهەر و گریمانەی ئەوە دەگەیەنێت، کە شتەکانی دەوروبەر پابەند و ملکەچی خودی شتزانن. شمەکەکان نەك تەنیا هەر بە شت دادەنرێن و سەرنجدەدرێن، بەڵکو بە چەند پێکهاتەیەکی نمونەیی ئیدیاڵ125 تەماشادەکرێن. ئەو بڕیارە هۆش بە پلە دەخاتە سەرو بوونی شمەکییانە! ئیتر فینۆمینۆلۆجی، دەبێت بە توێژینەوەی ترانسندینتالی هۆش و هۆش دەبێت بەو ئامڕازەی، کە جیهان ڕەنگدەڕێژێت و پێکیدەهێنێت. لێرەوە ئەو جۆرە سەرنجدانە، دەبێت بە سەرچاوەی راستەقینەی زانین. ئیتر هاوکێشەکە بەو جۆرە دەبێت:

-هۆش خۆی لەخۆیدا سەرچاوەی سەرەکی گشت چەمك و بۆچوونەکانە، سەرچاوەی بنەڕەتی بوون و جیهان چۆن بێت.

-میتۆدەی بردنەوە سەر بنەما REDUCTION، کە سروشتی سەرەکی ئەو فەلسەفەیەی لێپێکهاتووە، لەچەند هەنگاوێك پێکهاتوە، کە دەبوو هەڵبگیرێن:

لەسەرەتادا لەو بابەت و کەرەستانەی بە بیردا هاتوون بەرەو چالاکی، کاری رون و رەوان و دڵنیاییلێکراوی بیر هەنگاو بهاوێژرێت، لەوەوە ئەوە دەکەوێتەوە،

كە كەرەستەی (پشت هۆش) پشتگوێبخرێت و گەوهەری ئەوەی بە بیر و هۆشدا هاتوە جیابكرێتەوە.

ئینجا لەبیرەوە جارێكی دیكە هەنگاوی گەڕانەوە بـەرەو خۆ (خود) هەڵدەگیرێت ئەو خۆیەی، كە بەهۆیەوە بۆ ئەو بابەتە دراوەكان پێكدێن و دەكەونەوە. لەو قۆناغەدا، خۆ وەك جەمسەرێك بەرامبەر بە بابەت دادەنرێت و چەمكی (من) بەهەند دانانرێت.

لە دوا قۆناغدا ئەو بۆچوونە دەكەوێتەوە، كە (خود داهێنەری بابەتەكانە) ئەو شێواز و جۆرەی بە سایەیەوە بابەتێك دەبێت بەشتێك، وەك بابەتی تێبینی و هەستپێكردن و بە بیرهاتنەوە و ئەندێشە، وادەردەكەوێت، كە پابەندی سترەكتۆر و پێكهاتەی روداوی ئەزمونی زیندو ERLEBNIS بێت، كە بەهۆیەوە هاوردەدەكرێت. لەو رەوشەدا سەرنجی بابەتەكە نادرێت، بەڵكو دەبێت جۆری پێكهاتەو كەوتنەوەكەی رونبكرێتەوە.

-بابەتی توێژینەوەی ئەو فەلسەفەیە، لە چوارچێوەی تیۆری زانیندا، شمەكی دەوروبـەری نییە، بەڵكو بە پلەی یەكەم دیاردەكانن چۆن لەهۆشی بێگەردا دەردەكەون، بۆیە شانبەشانی جیهانی سروشتی، كە جیهانی دەوروبەرە و مرۆڤ تێیدا دەژی، گریمانەی جیهانێكی نمونەیی (IDEAL) دەكرێت، بە تایبەتی ئەو جیهانەی لە لایەن بیركار، فیزیك و زانایانی سروشتەوە رەنگیدەڕێژرێت، بۆیە شارەزایان وای بۆچوون، كە هۆسرێڵ ئەفلاتون و برینتانۆی لەگەڵ دیكارت ئاوێتەی یەكتری كردون و بەهۆی ئەو رەخنانەوە، لەلایەن فرێگەوە لێیگیراوە، جیهانبینیە فەلسەفییە جەنجاڵ و سروشتئامێزەكەی دامەزراندوە. ئەوەیە مەبەستی رابەرێكی نەوەی دواتری ئەو رێبازە، كە وتویەتی هۆسرێڵ بیركار بووە بە فەیلەسوف و لەجولەكەوە بووە بە عیسایی پرۆتستانت126.

# کۆڕی ڤییەنا:
# ئیمپریزمی لۆجیکی

1-لە ساڵی 1929ز لەشاری ڤییەنناى پایتەختی نەمسا، ڕێکخراوێك بە ناوی (یەکگرتوی ئێرنست ماخ)، بە ناونیشانی: کۆڕی ڤییەننا: (تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان) نامیلکەیەکی بڵاوکردۆتەوە، پێکهاتنی ڕێبازێکی فەلسەفەی ڕاگەیاندوە، کە دواتر بە ئیمپریزمی لۆجیکی ناسراوە. پێشەکی نامیلکەکە، لەلایەن سۆسیۆلۆگ پڕۆفیسۆر ئۆتۆ نوێرات، زانای بیرکاری هانزهان، فەیلەسوف پڕۆفیسۆر ڕۆدۆڵف کارناپ واژۆکراوە.

بە پێی سەرچاوەکان دابونەریتی فەلسەفەی ئەزمونی ئیمپیری لە زانکۆی ڤییەنا جێگیر و باوبووە، ئەو ئاڕاستەیە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی، لەگەڵ هـەردوو جۆری زانستەکاندا هەبووە: زانستی ئیمپیری: فیزیك، زانستی روخسارەکی: بیرکاری و ئەندازە.

لە ساڵی (1895ز) لەزانکۆی ڤییەننا، وانەیەکی فەلسەفە بەناوی فەلسەفەی زانستە ئیندەکتیڤیەکان (ئیستقراء) خوێندراوە و پڕۆفیسۆری بۆ دانراوە. یەکەمجار توێژەری زانستی فیزیکی ئەڵمانی ڕەگەز، ئێرنست ماخ، تاوەکو ساڵی (1901ز) ئەو وانەیەی وتۆتەوە، دوای ئەم لۆدڤیك بۆڵتسمان لە ساڵی (1902-1906ز) ئەو ئەرکەی پێسپێردراوە. جگە لەو ڕەوتە پڕۆفیسۆر فرانتس بڕینتانۆ، کە مامۆستای هۆسرێڵ بووە، ڕابەرێکی سەرسەختی ڕێبازی ئەزمونی بووە لەهەمان زانکۆدا. لە ساڵی (1922ز) ئەو پۆستەی فەلسەفە بە پڕۆفیسۆر مۆریتس شلیك (1882-1936ز) سپێردراوە.

دوای دەستبەکاربوونی، پڕۆفیسۆر شیلیك ئێوارانی پێنج شەممە، سمینارێکی فەلسەفەی ڕێکخستوە، تێیدا دکتۆرەکانی فەلسەفە، بیرکار، سۆسیۆلۆج و ئەو زانایانەی بە ئاڕاستەی فەلسەفەدا چالاکبوون، بەشدارییانکردوە. لەو سمینارانەدا تراکتاتۆسی ڤنگنشتاین و شاکارەکەی کارناپ: بنیادنانی لۆجیکیانەی جیهان و چەند بابەتێکی دیکە تاوتوێکراون، کە دواتر بوون بە سەرچاوەی پڕ بەهای ئەو ڕیبازە فەلسەفییە. لە گۆڤاری (زانین)دا، کە لە شاری لایپتسیك دەرچووە، توێژینەوەکانیان بڵاوکردۆتەوە. لەژێر ناوی (دروشمی) یەکگرتنی زانستدا زنجیرەیەك کتێب چاپ و بڵاوکراونەتەوە. لە ساڵی (1936ز)

رابەری کۆڕەکە شلیك، دەستدرێژی کراوەتە سەر ژیانی و بزوتنەوەکە وەك کارو چالاکی بە کۆمەڵ کۆتاییهاتوە. دوای داگیرکردنی وڵاتی نەمسا لە لایەن لەشکری سۆسیالیزمی نەتەوەیی هیتلەرەوە، بە یەکجاری کۆتاییپێهاتنی کۆڕەکە راگەیەنراوە. ئەگەرچی لەم سەردەمەدا، ئەو کۆڕە و چالاکییەکانی بوون بە پشکێك لە مێژوی فەلسەفەی سەردەم (سەدەی بیستەم)، بەڵام تا ئێستا جیهانبینیەکەی، بەتایبەتی لەکایەی لۆجیك و تیۆری زانین و بە زانستکردنی فەلسەفە و بە گژداچوونەوەی مێتافیزیکی نەریتی کلاسیکدا، گەرموگوڕی خۆی لەدەستنەداوە و لەهەندێك لە زانکۆکانی ئەڵمانییادا، بەتایبەتی لە زانکۆی مونیستەر (کە من تێیدا دکتۆریم) خوێندوە و زانکۆی گۆتنگن لە هەرێمی نیدەر زاکسندا، پرۆفیسۆری لایەنگری هەیە و بەرهەمی زیندو و بڵاودەکەنەوە.

2-چاوخشاندنەوە بە نـــاوەڕۆك، میتۆدەی فەلسەفەی نەریتی و بەگژداچوونەوەی مێتافیزیك، خەسڵەتی سەرەکی ئەو ئاڕاستە فەلسەفیە بووە. لەبواری تیۆری زانیندا، کۆڕی ڤییەنا و رابەرانی، لەو باوەڕەدا بوون، کە تەنیا، بەهۆی بیرکردنەوەی رووت و رامـانـەوەن، ناکرێت دەربـارەی خەسڵەت، سروشـت، بنەما و قانونەکانی جیهانی هەڵکەوتی دەوروبـەر، زانیاری بەدەستبهێنرێت، ئەو ئەرکە ئەگەرچی، بە بۆچوونی ئەو ئاڕاستەیە، بە زانستەکان سپێردراوە، بەبێ پەنابردنە بەر کۆنترۆڵی ئەزمون (ئیمپیری)، لە کردن نایەت و جێبەجێناکرێت. کێشە کلاسیکییەکانی فەلسەفە، ئەگەر هەتاوەکو ئەو سەردەمە یەکلایینەکرابنەوە، هۆکارەکەی نەبوونی ئامرازی راستەقینەی ئەو چالاکییە بووە. بە بۆچوونی ئەو رێبازە، پەرەسەندنی لۆجیکی نوێ، ئەو ئامرازەی داوەتەدەست، کە بریتییە لە شیکردنەوەی لۆجیکییانەی کێشەکانی فەلسەفە. لە لایەکی ترەوە، هەوڵیانداوە، ساغیبکەنەوە، کە لۆجیك بە هیچ جۆرێك، پەیوەندی بە دەرونزانی (سایکۆلۆجییەوە) نییە، بەڵکو خۆی بەلای بیرکاریدا دەچێت و ناکرێت لۆجیك و بیرکاری لە یەکتری جیابکرێنەوە. بە پێی ئەو میتۆدەیە، کە بەهۆی بەکارهێنانییەوە ساغبۆتەوە، کە فەلسەفە لە رەوشێکی سەرەتای بارگۆڕانیدا، خۆی دەبینێتەوە. توێژینەوەی فەلسەفە هیچی

دیکە خەریکی شت و روداوەکانی جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر، جیهانی ئیدیاڵ نابێت، بەڵکو سەرگەرمی تاوتوێکردنی دەستەواژە و چەمکی زانستەکان دەبێت127. ئەوی لەوجۆرە بڕیار و بیرکردنەوەیە کەوتۆتەوە دوو خاڵ بووە:

-بە زانستکردنی فەلسەفە.

-هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی زانستە جۆر بە جۆرەکان. زمانی فیزیك بۆ ئەو مەبەستە کراوە بە بنەما، بەو بیانوەی، کە گوایە، ئەو زمانە دەکرێت بە بنەمایەکی پتەوی زانینی مرۆڤ دابنرێت، چونکە:

یەك: بنەما و رێساو یاساکانی ئەوپەڕی راست و رێکوپێکن و دەرفەتی گومان و ئەگەر نادەن.

دوو: ئەو زانستە، کە زمانەکەی کراوە بە بنەما، هەڵکەوتی دەوروبەر دەکات بە بابەتی توێژینەوە، بەوە خۆی لە زانستە ئایدیالیەکان جیادەکاتەوە.

3-پرۆسەی بە زانستکردنی فەلسەفە، لەو رێبازەدا سێ رەهەندی پێبەخشراوە، ئەو میتۆدەی بەکاریدەهێنێت لەتوێژینەوەدا، ئەو لق و بابەت و کەرەستانەی ناوەڕۆکەکەی پێکدەهێنن، ئینجا ئەو ئەرکەی پێی دەسپێردرێت، لەبەرامبەر زانستەکاندا. ئەگەر مرۆڤ ئەو رەوشەی لەبەرچاوبێت، کە لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئەو رێبازەدا لەئارادا بووە، بە تایبەتی دوای شکستهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی و هەردوو شۆڕشی زانستی (تیۆری رێژەیی ئەلفرێد ئەنیشتاین) و (تیۆری کوانتەمی ڤێرنەر هایزنبێرگ)، کە گۆڕانێکی سەرتاپاگیریان، لە کایەی زانستدا کردوە، هەڵوێستی ئەو کۆڕەی ڤییەنا دەربارەی فەلسەفە روندەبێتەوە. بۆ رونکردنەوەی رەهەندەکانی تیۆری زانین لەچوارچێوەی جیهانبینی فەلسەفەی کۆڕی ڤییەننادا، دوو نمونە تاوتوێدەکەین، کە ئەگەرچی لە چوارچێوە گشتییەکەدا، ئاڕاستەی کۆڕەکە بەرجەستە دەکەن، بەڵام لە وردەکارییەکانیاندا هەر یەکەیان تایبەتمەندی بیروبۆچوونی فەلسەفەی خۆی لەکایەی ئیپستمۆلۆجیدا پشتڕاستدەکاتەوە.

**مۆریتس شلیك**

1-ئەگەرچی دکتۆرییەکەی لە کایەی فیزیکی تیۆریدا بووە و ماکس پلانك سەرپەرشتیکردوە، بەڵام دوای دوو ساڵ لە تەواوکردنی خوێندنەکەی بەیەکجاری پشتیکردۆتە فیزیك و رویکردۆتە فەلسەفە. لە شاکاری (تیۆری گشتی زانین) و لە چەند توێژینەوەیەکدا بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی پڕۆسەی زانین و ئەو گۆڕانەی بەسەر فەلسەفەدا هاتوە، کە ئەو (بە وەرچەرخانی فەلسەفە) ناویبردوە، تۆمارکردوە. شلیك لەو باوەڕەدابووە، کە تیۆری سێ رەهەندی هەیە، کە بەتێکڕایی پڕۆسەی زانینی مرۆڤ لە چوارچێوەی نەزم و سیستمێکی فەلسەفەی ئاڕاستە زانستیدا دیارو دەستنیشان دەکەن:

**یەکەم: گەوهەر و پوختەی زانین.**

**دووەم: کێشەکانی بیرو هزر.**

**سێیەم: کێشەکانی هەڵکەوتی دەوروبەر.**

ئەو جۆرە دابەشکردنە پردێکی بەیەکەوە بەستنەوەی فەلسەفە و زانست هەڵدەبەستێت، بەو پێیەی فەلسەفە لە زانست جیاناکرێتەوە و بگرە گیانی زانستە و سیستم و نەزمی بنەما بنەڕەتییەکانێتی. بەلای ئەو فەیلەسوفەوە توێژەری راستەقینەی زانست لە فەیلەسوف بەولاوە نییە. تیۆری زانین لەلای خۆیەوە، ناتوانێت دەستبەرداری زانینی سروشت ببێت، بگرە ئەرکی سەرەکی خۆی لەوەدایە، کە پەیوەندی نێوان بیری زانستەکان و هزری فەلسەفی نیشانبدات و لەو ئەرکەوە پتر روندەبێتەوە، کە تیۆری زانین لەسەر زەمینەی زانینی سروشت گەشەدەکات و بەرەوپێشدەچێت و لە لای خۆیەوە توێژەری زانستی بەهۆی ئەو پرسیارانەی روبەڕوی دەبنەوە خەسڵەتی هەمەکییان هەیە، روو لە تیۆری زانین دەکات و خۆی لە گۆڕەپانەکەیدا دەبینێتەوە128، ئەو جۆرە لێکدانەوەیەی ئەرکی فەلسەفە بەگشتی و تیۆری زانین بە تایبەتی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە چالاکی تیۆری زانین جگە لە کێشە تایبەتییەکانی خۆی دەبێت بریتیبێت لە تاوتوێکردنی پرسیار و کێشەکانی زانستەکان بە تایبەتی زانستە سروشتییەکان.

بابەتی زانین لە بەرهەمەکانی ئەو هزرمەندەدا پشکی شێری بەرکەوتوە،

کەوابوو ئەو چۆن بە زانین گەیشتوە؟ ئایا جیاوازی لە نێوان زانین و ناسیندا هەیە؟ کە باسی بابەتی زانین دەکرێت لە لای شلیك یەکسەر تیۆری لەبەرگیرانەوە ABBILD بە بیردا دێت. ئەو جۆرە لەبەر گیرانەوەیە، وێنەی نەخشاوی ئەو شمەکەی دەوروبەرە، کە مرۆڤ پەیپێدەبات و دەیزانێت لە مێشك و ناخیدا. ئەو وێنە لەبەرگیراوەیە جێگەی ئەو شتە زانراوە ناگرێتەوە، بەڵکو دەریدەبڕێت و بەرجەستەیدەکات129. بەو پێیە بوونی دەوروبەری هەڵکەوت بەرامبەر بە بوونی مرۆڤ راست و راستەقینەیە و ئەگەر و گومان هەڵناگرێت، بەڵام ئەو بوونە راستەقینەیە چییە و چۆن دەکرێت قسە لەجۆرەکانی بکرێت؟ بەلای رابەری کۆڕی ڤییەنناوە سێ کایەی ریالیستی هەڵکەوت هەیە. بە مەبەستی توێژینەوە دەکرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە:-

یەك: دەوروبەری هەڵکەوت (ریالیست) خۆی، کە لە کۆی خەسڵەت و تایبەتمەندی و شمەك و شتەکان خۆیان پێکهاتوە، شت لە خۆیدا.

دوو: چەمکە چەندییەکان، کە بابەتی زانستی سروشتین و لە کۆی تێکڕاییەکەیاندا، جیهانی چەمکەکانی فیزیکیان لێپێکدێت. لە جیهانی یەکەمەوە کەوتۆتەوە.

سێ: ئەو قەرار و وێنانە، کە لە هۆش و مێشکدا بەرجەستە دەبن130، ئەمە ئەو دەڤەرەی نێو ناخی مرۆڤە، کە بەرامبەر بە دەڤەری دەوروبەر دادەنرێت و تەواوکاری کایە و دەڤەری یەکەمە و لە ژیانی رۆژانەدا ئەو بەشەی لێپێکدێت، کە بە هۆشیاری ناودەبرێت و بڕیار و هەڵوێست و بۆچوون دەگرێتەخۆی.

2-لەچوارچێوەی تیۆری زانین و بەپێی ئەو جۆرە دابەشکردنەی بوون، زانین پڕۆسەیەکی رێکوپێکە، لەچوارچێوەی توێژینەوەی ئیپستمۆلۆجیدا، لەچەمکی زانین، سیمبۆڵ و هێمای ئاماژەپێدان پێکدێت. ئەو سیمبۆڵانە سەر بە دەوروبەری هەڵکەوتن، ئامرازی دەربڕینن، بە جۆری ریکخراو و شێوازی دیاریکراو، لەدەستەواژە و دەربڕینەکاندا بە دەردەکـەون و بەم هۆیە و رێگەیەوە، بنەڕەت و پێکهاتەکانی دەوروبەری هەڵکەوت دەردەبڕن، لە لایەکی

دیکەوە، هەر لە چوارچێوەی ئەو پڕۆسەیەدا بڕیار (حوکم) دان ئەرێ بێ یان نەرێ، ئەو دەستە و دەربڕینە، سەر بە پێکهاتە و پەیدابوونی پەیوەندی نێوان بابەت، کەرەستە و شمەکی دەوروبەرە، ئیتر راستی و نا راستی بەو پابەندی و سەرپێبوونەی هەڵکەوتە و بە سایەی ئەمەوە بڕیار (حوکم) دان، دەبێت بە پشکێك لە شتە راستەقینە کردەکییەکان.

-زانین لەو سەردەمەدا، شانبەشانی لۆجیك، گرنگترین لقی فەلسەفەیە، کە بریتیە لە بڕیاردان. ئەگەر مرۆڤ دەربـارەی بابەتێك شتێك دەزانێت، بەو واتایەیە، کە لەبارەیەوە بڕیارێکدەدات، ئەو بڕیارە کاتێك جۆرە زانینێك دەردەبڕێت، ئەگەر دوو لایەن بگرێتەخۆ:

**یەك: ئەو بابەتەی لە پڕۆسەکەدا دەزانرێت.**

**دوو: ئەوەی وەك (چی) دەزانرێت131.**

ئەو دابەشکردنە وا نیشاندەدات زانین هەمیشە پڕۆسەیەکی پەیوەندییە، وەك پرد لەنێوان بابەتەکاندایە، ئەگەر چالاکی ئەو کەسەی شتەکە دەزانێت، وەك بکەر SUBJECT بخرێتە سەر هەردوو لایەنی ناوبراو. بە پێچەوانەوە (وازانین، وادانان و واناسین) سەرنجدانی رووت و پەتی لەگەڵ ئەزمونی ژیانی رۆژانەدا دێتەوە.

-چەمك و بڕیار، کە پوختەی پڕۆسەی زانین پێکدەهێنن، دەچنەوە سەر یەکتری و لەیەکتری دەکەونەوە.

چەمکەکان چوارچێوە و پێکهاتەی بیر –هزرین، سیمبۆل و نیشان و هێمای شمەك و بابەتەکانن، لە پڕۆسەی بیرکردنەوەدا دەدرێنە پاڵیان و دەخرێنە سەریان.

بڕیار لە لای خۆیەوە سروشتێکی سیمبۆڵی هەیە، راستییە کردەکییەکان نیشاندەدەن. بڕیارێك کاتێك راستدەبێت، ئەگەر بێتو نیشاندانەکە رون و رەوان بوو، هەر نیشانێك لەگەڵ نیشانکراوەکەدا بێتەوە و گونجاوبێت. ئەوە بووە مەبەستی شلیك، کە وتویەتی: بڕیارێك کاتێك راستدەبێت، ئەگەر هاتو راستییەکی کردەکی دیار و دەستنیشانکراو بە رونی نیشانبدات132.

3-زانین، ئەگەر لە چەمك و بڕیار و سیمبۆڵ پێكهاتبێ، ئەمانەش لەچوارچێوەی بیركردنەوەدا بە دەســتــەواژەی دیــارو دەستنیشانكراو دەردەبڕدرێن، ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردادێت، چۆن دەكرێت راستی و نا راستی ئەو دەستەواژانە پشتڕاستبكرێتەوە؟ ئەو پرسیارە خۆی لەخۆیدا پرسیارە لەبارەی بنەمای پشتڕاستكردنەوە، كە لە زمانە ئەوروپاییەكاندا چەمكی (VERIFIKATION)ی بۆ بەكارهاتوە، كە دەكرێت بە ساغكردنەوەش دابنرێت. شلیك لەو باوەڕەدایە، كە ئەو پێوەرە، ئەو بنەمایە خۆی لەنێو دەستەواژەكەدایە و ئەو واتایەی دەریدەبڕێت، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و كێشەكە بەلایەكدا یەكلاییدەكاتەوە. ئەگەر مرۆڤ قسە لەواتای دەستەواژەیەك دەكات، باسی چی دەكات؟ مەبەست لەواتا چییە و بەچی لە دەلالەت و دەربڕین جیادەكرێتەوە؟

وشەی واتا لە فەلسەفەی نوێدا رۆڵی سەرەكی دەگێڕێت و گێڕاویەتی و بە پشكێكی سەرەكی دەستەواژە دادەنرێت، كە ناوەڕۆكی بیر- هزری پێدەردەبڕدرێت. واتای دەستەواژەیەك ئەوەیە، كە بەرامبەر بە دەلالەتی وشەیەك دادەنرێت. واتا و دەلالەت، سیمبۆڵ و وشە لەچەند دەربڕینی بیرۆكە بە جۆر و شێوازی جیاواز بەو لاوە نین. ئیتر واتا (مانای) ئامڕازێكی دەربڕین (رستەیەك، دەستەواژەیەك) ئەوەیە، كە لەگەڵ توانا و شیاوەكی دەربڕینی دەستەواژەیەك هاوبەش بێت. پشتئەستور بەو رونكردنەوەیە، شلیك بەو جۆرە بنەما و پێوەری ساغكردنەوەی راستی و نا راستی بڕیارێك، كە بە دەستەواژە دەرببڕدرێت پێناسەدەكات:

(واتای رستەكە جۆر و میتۆدەی ساغكردنەوەكەیەتی)133. ئەگەر واتا لێرەدا میتۆدە بێت، میتۆدەی فەلسەفی لەهی زانست جیادەكرێتەوە، بەڵام هەردووكیان لەچوارچێوەی توێژینەوەدا لەیەكتری دانابڕێن، چونكە ئەو كاتە توێژینەوەی زانستی دەگاتە سەر سنور و كۆتاییدێت، لەوێوە فەلسەفە دەستبەكاردەبێت و چالاكییەكانی دەستپێدەكەن: ئەگەر توێژینەوەی زانستی سەرگەرمی گەیشتنە زانینی راستی (هەقیقەت) بێت، فەلسەفە لە لای خۆیەوە

پرسیارکردن و رونکردنەوەی واتا بێت، لەڕوانگەی کۆڕی ڤییەنناوە، ئەوا بەلای ئەو فەیلەسوفەوە میتۆدەی زانستی سەرنجدان و ئەزمون و تاقیکردنەوەیە، بەڵام دەبێت پشتئەستور بێت بە بیرکاری ژمێرە. میتۆدەی فەلسەفەش بیرکردنەوە و رامانە لەو دەستەواژانەی لەبەر دەستدان بۆ رونکردنەوەی واتا و دەلالەتەکانیان.

-ئەگەرچی لەو بۆچوونانەی شلیکدا بە ئاشکرا جێدەستی تراکتاتۆسی ڤتگنشتاین دەردەکەوێت، بەڵام خۆی رابەری رێبازێکە لە تیۆری زانیندا، کە دەکرێت بە شێوەیەك لە شێوەکان بە تیۆری زانینی ریالیستی دابنرێت، چونکە وەك خۆی بۆیچووە، سروشتی زانستی توێژینەوە وا پێویست دەکات، بوونی دەوروبەر، بەو شتانەوە، کە ناشزانرێن و پەیانپێنابردرێت، بە راست و راستەقینە دانیپێدابنرێت، بە پێچەوانەوە ناکردنی ئەو بوونە پەکی توێژینەوەی هەمو زانستە ئەزمونیەکان دەخات!

4-جیاکردنەوەی چەمکی زانین و سەرنجدان و ئەزمونی زیندو ERLEBENS لەیەکتری، هەنگاوێکی دیکەی نزیککردنەوەی فەلسەفە بووە لەلایەن شلیکەوە لە ئاڕاستەی زانستی. لەسەرنجدان و ANSCHAUEN ئەزمونی راستەوخۆ (زیندو)دا، خود و بابەت بەرامبەر بە یەکتری دەبن و هەردووکیان لەبەرامبەر یەکتریدا دەخرێنە نێو دووتای یەك تەرازوەوە. بابەتەکە راستەوخۆ بە ئەزمون دەکرێت و دەبێت بە پشکێك لە پڕۆسەی سەرنجدانەکە، بەڵام لەپڕۆسەی زانیندا پەیوەندییەکە پتر قوڵتر و ئاڵۆزاویترە، چونکە ئەگەر مرۆڤ شتێکی زانی مەبەست ئەوەیە، کە لەبارەی شتە زانراوەکە وەك شت بڕیارێکیداوە. ئەو پڕۆسەیە لە پەیوەندیەکی سێ لایەنی پێکهاتوە:

-خۆیەك کە شتەکەی زانیوە.

-بابەتێك کە زانراوە.

-پڕۆسە و چالاکی و کرداری زانینەکە خۆی.

**رۆدۆڵف کارناپ**

1-خاڵێك لەو خاڵانەی کۆڕی ڤییەنناى ئیمپیریزمی لۆجیکی

شانازی پێوەکردوە، وەك لە هەندێك نوسیندا، کە لە گۆڤاری (زانین) دا بڵاوکراوەتەوە، هاتوە، شۆڕشێکی سەرتاپاگیر بووە لە فەلسەفەدا کردویەتی، کە لەوێدا بە (بارگۆڕینی فەلسەفە) ناونراوە. ئەو بارگۆڕینە ناوەڕۆك و روخساری فەلسەفەی گرتۆتەوە، تا ئەو رادەیەی لە لایەکەوە چاو بە لق و بابەت و روخسار، میتۆدە و چالاکی فەلسەفەدا خشێنراوەتەوە، لە لایەکی دیکەوە هەڵوێستی رادیکاڵییانە بەرامبەر بە فەلسەفەی پێش خۆیان و سەردەم دیارو دەستنیشانکراوە. تەنانەت رێبازێکی فەلسەفە نەماوە، جا هی رابردو بووبێت، یان هی سەردەمی خۆیان، کە پڕیشکی رەخنەکانی ئەوانی پێهەڵنەپڕژابێت!

ئەو هەڵوێستە سەرنجڕاکێشەی کۆڕی ڤییەننای ئیمپیریزمی لۆجیکی لە دوو بەرەدا رەنگیداوەتەوە و دوو رەهەندی هەبووە:

یەك: هەڵوێستێکی نەرێ و نێگەتیڤ و رەخنەگرانە بەرامبەر بە مێژوی فەلسەفە و جودا بیرەکانیان، بە تایبەتی رێبازە جۆر بە جۆرەکانی فەلسەفە.

دوو: هەڵوێستێکی ئەرێ و پۆزەتیڤ بەرامبەر بە لۆجیك و تیۆری زانین دوای ئەوەی ئەرکی فەلسەفە و پەیوەندی بە زانستەوە دیارو دەستنیشانکراوە.

کەوابوو لەچوارچێوەی ئەم بابەتەدا، هەڵوێستی رۆدۆڵف کارناپ (1891-1970ز) بەرامبەر بە تیۆری زانین چۆن بووە و بەچی داناوە و ئەو گۆڕانە کامە بووە، کە لەو هەڵوێستەی کەوتۆتەوە؟! بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە وا پێویستدەکات، سەرنجی ئەو رەوش و هەلومەرجە زانستی -بیرییە بدەین، کە لەو سەردەمەی کارناپ تێیدا چالاك بووە، کارابوون و سروشتی سەرەکی بزوتنەوەی فەلسەفەیی-زانستی ئەوسایان دیارو دەستنیشانکردوە، لەو کایەیەدا، سێ خاڵ لەبەرچاون و رۆڵی سەرەکییان گێڕاوە و جێدەستیشییان لە خەرمانی چالاکی و جیهانبینی ئەو کەڵە فەیلەسوفە دیارو سەرنجڕاکێشە:-

یەك: ئاڕاستەی ئیمپیریستی- پۆزەتیڤیستی لەچوارچێوەی تیۆری زانین و تیۆری زانستدا، ئەو ئاڕاستەیەی لە هیومەوە دەستیپێکردوە و لای ئۆگست کۆنت (1798-1857ز) پەرەیپێدراوە و جۆن لۆك، ستیوارت مل و (1806-1873ز) ئێرست ماخ (1838-1916ز) خوێنی گەشییان بە شادەمارەکانیدا کردوە، ئینجا رابەری کۆڕی ڤییەننا بە گۆڕینەوە پەرەیپێدراوە134. پشتئەستور بەو رێبازە کێشە و پرسیارەکانی ئۆنتۆلۆجی و مێتافیزیك، نەك هەر پشتگوێخراون، بەڵکو بە کەرەستە و بابەتێك دانراون، کە لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی سەردەم نەهاتونەتەوە، بە پێچەوانەوە بایەخ بە تیۆری زانین (ئیپستمۆلۆجی) دراوە و پرسیاری: مرۆڤ دەتوانێت چی بزانێت، پشکی شێری بەرکەوتوە. لە وەڵامدا وا نیشاندراوە، مرۆڤ ئەو شتانە دەزانێت، کە بە رێگەی تێبینی هەستەکانەوە دەستگیری دەبن و وێنەکانیان دەنەخشێنێت، ئینجا هەمو جۆرە بوونێکی بیرۆکەی زگماك لەمێشکدا ناکرێتەوە. ئەو دوو خاڵە لە کارەکانی کارناپدا بە سەندنەوە رەنگیانداوەتەوە و بە هەمو جۆرێك بە گژ بیرۆکەی بوونی بیری زگماکدا چۆتەوە.

دوو: ئاڕاستەی لۆجیکی نوێ. بە تایبەتی ئەو گۆڕانەی لەسەردەمی جۆرج بول، فرێگە و راسڵ و وایتهێد بەسەریداهێنراوە. تەنانەت شاکارەکەی راسڵ و وایتهێد (بنەماکانی بیرکاری)، کە بریتییە لەتوێژینەوەیەکی زانستی لۆجیکی بیرکاری، شانبەشانی تراکتاتۆسەکەی ڤتگنشتاین بەرنامەی توێژینەوەی رابەرانی کۆڕی ڤییەننا بوون.

2-بە پێچەوانەی لۆجیکی کۆن (بنە- کۆپۆلە- بار)، لۆجیکی نوێ بایەخی بە پەیوەندیەکان داوە و لە ئەنجامدا، دوای پەنابردنە بەر گۆڕاو و نەگۆڕاوە لۆجیکییەکان و کۆششی چارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەی قەیرانی بیرکاری و رەخنەکردنی ریشەییانەی بنەماکانی ئەو زانستە و بردنەوەی بۆ سەر بنج و بناوانی لۆجیکی بەوە دوو خاڵ پشتڕاستکرانەوە:

-هاوكیشەكانی ژمێرە و بیركاری پێشییانەی شیكارین و بۆچوونی كانت وایە، ئەو هاوكێشانە پێشییانەی لێكدراون و بیروڕاكەی جۆن سیتوارت مل، كە وایداناوە یاساو بنەماكانی ژمێرە، چەند راستییەكی ئیندەكشنی ئەزمونین، پوچەڵكراونەتەوە.

-هەوڵدراوە دوای كۆششەكەی فرێگە و راسڵ و وایتهێد بەوە قەیرانی بیركاری چارەسەربكرێت، كە ئەو كێشەیە سروشتێكی لۆجیكی هەیە و دەبێت لەچوارچێوەی لۆجیكیدا، دوای بردنەوەی بنەما بنەڕەتییەكانی بیركاری بۆ سەر لۆجیك و پێناسەكردنیان، یەكلاییبكرێتەوە و لەئەنجامدا راگەیەندراوە، كە لۆجیك بنەمای بیركارییە و بیركاری تەنیا هەر لۆجیكێكی پەرەسەندوە. بەهۆی ئەو كۆششەوە پشتڕاستكراوەتەوە، زمانی ژیانی رۆژانە، كە لەو پڕۆسەیەدا بە زمانی بابەتی ناوبراوە و زمانێكی تر داڕێژراوە، كە سروشتەكەی سیمبۆلیزمە و ناوی مێتازمانی لێنراوە و كەرەستەی زمانی بابەتی دەكات بە كەرەستەی توێژینەوە.

سێ: ئاڕاستەی زانستی. دوای پیشكەوتنە شۆڕش ئامێزەكانی زانست، بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستدا ئەو بیرۆكەیە جارێكی دیكە ژیانی بەبەردا كراوەتەوە، فەلسەفە بە زانست بكرێت، بۆیە هەوڵدراوە، فەلسەفە بەلای زانستە سروشتیەكاندا ببرێت و زمانێكی بنەڕەتی رۆبنرێت، بۆئەوەی پـرۆژەی كێشە لەسەری یەكخستنەوەی زانستەكان جێبەجێبكرێت. سەرەڕایی ئەو بۆچوونە، ئەو رەوشەی زانست بۆتە مایەی ئەوەی سێ كیشە بابەت تاوتوێبكرێن:-

لە كاتێكدا زانستەكان بە هەنگاوی گەورە بەرەوپێشچوون و زاناكان لەنێوان خۆیاندا هاوكارن. كەچی فەلسەفە پێشكەوتنێكی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە، بە دەگمەن نەبێت دوو فەیلەسوف بەدیناكرێن، كە پێكەوە تەبا و هاوكار بن. لە كاتێكدا هاوكیشە و دەستەواژەكانی زانستەكان پشتئەستور بە بنەمای لۆجیكی، یان بە پێی رێبازی ئەزمونی- ئیمپیری دەكرێت بەلایەكدا ئەرێ، نەرێ پشتڕاستبكرێنەوە، ئەو رەوشە لە فەلسەفەدا بەدیناكرێت.

-کێشەی دووەم ئەوەیە زانستەکان، کە سەرچاوەی زانینی دڵنیاییلێکراون و بۆچوونی فەیلەسوفەکان هەمیشە جێگەی ئەگەرن و لەنێو خۆیاندا ناکۆکن.

-بەسایەی پەرەسەندنی زانستەکانەوە گومان لەوە کراوە، کە هیچی تر فەلسەفە بەرامبەر و شانبەشانی زانست پاوانی تایبەتی توێژینەوەی خۆی هەبێت135، بەڵکو فەلسەفە بەو پێیە بووە بە جۆرە چالاکییەك، ئەرکی خۆی لە رونکردنەوەی لۆجیکییانەی بیرۆکەکاندا ببینێتەوە، بە تایبەتی ئەو دەستەواژە و هاوکێشانەی زانست، کە ئەو بیرۆکانەیان تێدایە. بەو پێیە فەلسەفە پشتئەستور بە چالاکی شیکردنەوەی لۆجیکییانەی دەستەواژەکان بە لۆجیکی زانست دانراوە. ئەو خاڵانە بە تەواوەتی لە بەرهەمەکانی کارناپدا رەنگیانداوەتەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسەیە، کارناپ خۆی لەپێشەکی شاکاری (بنیادنانی لۆجیکییانەی جیهاندا) سەبارەت بەو ئاراستە نوێیەی فەلسەفە وتویەتی:

ئەرك و چالاکی فەلسەفە گەیشتنە بەو بنەما دڵنیاییلێکراوە، پتەو و گومانهەڵنەگرەی ئامانجی توێژینەوەی زانستە136. بەمەبەستی رونکردنەوەی بیرۆکە، چەمکەکان و یەکلاییکردنەوەی کێشەکان. هیچی تر لەتوانای فەلسەفەدا نەماوە جیهانبینییێکی سەرتاپاگیری فەلسەفە بەشێوازە کلاسیکییەکە رەنگبڕێژێت. لەچوارچێوەی کۆششی هێنانەدی پڕۆژەی یەکگرتنەوەی زانستدا پڕۆژەی زانستی یەکگرتوە، فەیلەسوفەکان پێکەوە، هەر یەکە لەکایە و پاوانی دیاریکراودا، کاردەکەن، چالاك و هاوکاری یەکترین. کەوابوو بەلای کارناپەوە، فەلسەفە چاو لە زانست دەکات، فەیلەسوفەکان پیکەوە، بە کۆمەڵ کاردەکەن و هەریەکە لەلای خۆیەوە بە دانانی بەرد لەدوای بەرد و خشت لەدوای خشتی بناغەکەدا، بەشداری لە دروستکردن و دامەزراندنی کۆششەکە دەکەن و نەوەی دواتریش لەو ئەرکەدا، لە بنیاتناندا بەردەوامدەبێت.

3-کارناپ لەو شاکارەی (بنیاتنان) و چەند توێژینەوەیەکی تردا، کە لە

گۆڤاری زانین (1930-1936ز) لەلایبزیك دواتر لە گۆڤاری زانستی یەكگرتودا (1939-1940ز) و لەچەند كتێبێكی دیكە، كە لە ئەمەریكا دەرچوون، باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو، ئەنجامەكانی زانستە ئەزمونییەكان تەواو جێگەی دڵنیایین و دەرفەتی گومانكردن نادەن، میتۆدەی شیكردنەوەی لۆجیكی نوێ - بیركاری ئەوپەڕی كاراو سودبەخشە، بۆیە بایەخی بە هەڵكەوتی هەستەكی داوە و سەرگەرمی توێژینەوە و شیكردنەوەی لۆجیكییانەی دەستەواژە و هاوكێشە زانستییەكان بووە، ئەو كارەشی بە ئەركی رەوای فەلسەفە زانیوە: شیكردنەوە و رونكردنەوە.

لە توێژینەوەی (لەتیۆری زانینەوە بۆ زانستی لۆجیك)، كە ساڵی 1936ز لە كۆنگرەی جیهانی فەلسەفە لەپاریس پێشكەشیكردوە و بڵاوبۆتەوە. بیروبۆچوونی خۆی دەربــارەی فەلسەفە و تیۆری زانین خستۆتەڕو. بەلایەوە فەلسەفە دەبێت بەرەو بە زانست بوون هەنگاوهەڵگرێت و خۆی سیستمێكی كامڵی تەواو بوو نییە، بەڵكو بریتییە لە پڕۆسەیەكی بەردەوام بەرەو پێشچوون و پەرەسەندن. ئەو بە زانست بوونە، كە پتر لایەنی تیۆری زانینیش دەگرێتەوە سێ قۆناغ دەگرێتەوە، كە دەبێت پێیاندا تێبپەڕێت و بیانبڕێت:

یەك: بەزاندنی هەمو جۆر و شێوازێكی مێتافیزیك. ئەو چالاكییە بارگۆڕینی فەلسەفە و گوێزرانەوەیە لە فەلسەفەی مەزەندەیی SPEKULATIV بــەرەو تیۆری زانین. بەو پێیە تیۆری زانین تاوەكو سەردەمی كۆڕی ڤییەننا، بریتیبووە لە تێكەڵیەكی تەمومژاوی پرسیارو بابەتی دەرونزانی و لۆجیك، بۆیە بەلای ئەو بیرمەندەوە، پێویستە هەر لە سەرەتاوە كێشەكە یەكلاییبكرێتەوە بۆی بژاربكرێت، تاوەكو پرسیارە سروشت لۆجیكییەكان لە هی سایكۆلۆجی هەڵاوێردرێن و جیابكرێنەوە. بۆ نمونە دەستەواژە لێكدراوە ئەزمونیەكان بابەت و كەرەستەی زانستە راستەقینەكانن، پرسیارە دەرونزانییەكانی تیۆری زانین ناچنە خانەی فەلسەفەوە. لەو قۆناغەدا ئەركی فەلسەفە شیكردنەوەی لۆجیكییانەی

تیۆری، پرۆسەی زانین، دەستەواژە، هاوکێشە، تیۆری و میتۆدەکانی زانستییە. ئەمەش لەخۆیدا لە زانستی لۆجیك بەو لاوە نییە137.

دوو: پوچەڵکردنەوەی بوونی دەستەواژەی لێکدراوی پێشییانە. ئەو هەڵوێستە بە ئاشکرا دورکەوتنەوەیە لەجیهانبینی فەلسەفەی کانت بە تایبەتی ئەو بەشەی بریتییە لە کۆشش بۆ بە زانستکردنی مێتافیزیك. بەلای رابەرانی کۆڕی ڤییەنناوە تەنیا دوو جۆرە دەستەواژە هەیە:

-دەستەواژەی شیکاری پێشییانە: ئەو جۆرە هەمانگۆیین و هیچ جۆرە شتێکی نوێ نادەنەدەست و ناکردنیان ناکۆکی لێدەکەوێتەوە. دەستەواژەکانی بیرکاری و لۆجیك لەو جۆرەن. ئەنجام لەو دەستەواژانەدا بەشێوەیەك لە شێوەکان لە پێشەکییە گریمانەکراوەکەدا هەیە و دوبارەدەبێتەوە. واتا و روخساری دەستەواژەکە پێوەری ساغکردنەوەکەیەتی.

-دەستەواژەی لێکدراوی پاشییانە: ئەمانە بابەتی زانستە ئەزمونیەکانن و ئەنجامەکانیان بەلای رێتێچووندانن.

بەڵام جۆری دەستەواژەی لێکدراوی پێشییانە بە هیچ بنەمایەکی لۆجیك و زانست پشتڕاستناکرێتەوە، چونکە دەستەواژەی لێکدراو ناکرێت بە بێ ئەزمون و تاقیکردنەوە و پێشییانە، پێش ئەزمون و شارەزایی دەستگیر ببێت.

سێ: گواستنەوە لەتیۆری زانینەوە بۆ زانستی لۆجیك: لەئەنجامی توێژینەوە لۆجیکییەکانەوە رونبۆتەوە، کە خەسڵەت و پەیوەندییە لۆجیکییەکان (بۆ نمونە خەسڵەتەکانی دەستەواژەیەك، شیکاری، ناکۆك، یان لێکدراو، یان پەیوەندی، بە دوای یەکتریدا هاتنی نێوان دەستەواژەکان دەبێت) پابەندی ستراکتۆری دەستەواژەکانن و دەربڕینە زمانییەکانن، ئەمەش لەزنجیرەی بەدوای یەکتریدا هاتن و جۆری ئەو سیمبۆڵانە بەولاوە نییە، کە لە دەربڕینەکاندا بە دەردەکەون. ئەو رونکردنەوەیە دەکرێت خەسڵەتە سێنتاکسییەکان مەبەستی بێت، چونکە شیکردنەوەی لۆجیکی خۆی بریتییە لە سێنتاکسی لۆجیکی.

-له ڕەوشی ئاساییدا قسە لەدیاردە، فاکتە فیزیکییەکان دەکرێت و گوایە تیۆری زانین سەرگەرمی توێژینەوەی دیاردەکانە، کە ڕاستەوخۆ هاوردەدەکرێن و ناوەڕۆکی هۆشیان لێپێکدێت. لەلایەکی ترەوە دەبێت ملکەچی و پابەندبوونی ڕوداوەکـان بە هۆکارە جیاوازەکانەوە دیار و دەستنیشانبکرێت و ڕوداوەکان بەشیوازی ئامارییانە کاریان لەسەر بکرێت و لەچەند قانونێکی گشتی- هەمەکیدا دابڕێژرێن. ئەمە ئەرکی فەلسەفەی سروشتییە، بـەڵام بـەلای کارناپەوە ئـەو ڕەوشـەی فەلسەفە گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەرداهاتوە. تیۆری زانین لە ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی تر پێکهاتوە: شیکردنەوەی لۆجیکییانە. ئەم ئەرکە چۆن و لە چ ئاستێکدا و بە چ ئاڕاستەیەکدا جێبەجێدەکرێت؟!

بەلای ئەو فەیلەسوفەوە هیچی تر ئەرکی تیۆری زانین ئەوە نەماوە دیـاردە و فاکتەکان بکات بە کەرەستەی توێژینەوە، بەڵکو دەبێت لۆجیکییانە ئەو دەستەواژانە شیبکاتەوە، کە ئەو فاکتانە شرۆڤەدەکەن138.

بۆ نمونە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا ناپرسرێت:

ئایا دیاردەی ئەوتۆ هەیە، کە فاکتی بنەڕەتی، بنج و بناوان بن و هەمو فاکتەکانی دیکە بکرێت بچنەوە سەری؟ بەڵکو لە جیاتی ئەو پرسیارە دەپرسرێت:

ئایا دوا دەستەواژە هەیە، کە بکرێت دەستەواژە لێکدراوەکان ببرێنەوە سەری یان نا؟ ئەمەیە گوێزرانەوە بۆ لۆجیکی زانستی، چونکە ئەو پرسیارە دەرگای چوونە نێو جیهانی تیۆری سیمبۆلیکی چارلس مۆریس ئاوەڵادەکات. سیمۆتیك SEMIOTIK تیۆری گشتی سیمبۆلەکانەوە لەو کایەیەدا هەرسێك بابەتی سێنتاکسی، سێمانتیکسی و پراگماتیکی دەکرێن بە کەرەستەی توێژینەوە و بایەخ بە تیۆری دەلالەتی سیمبۆل، هێمایەکان دەدرێت و چ پەیوەندییەکیان بە کەسی بەکاربەرەوە هەیە، ڕوندەکرێتەوە.

بردنی تیۆری زانین، کە لقێکی سەرەکی فەلسەفەیە بەلای لۆجیکی نوێدا (لۆجیکی بیرکاری- سیمبۆلی)، بە بێئەوەی لایەنی سەرکەوتنەکەی تا

چ رادەیەکە پشتگوێبخرێت، لە دوو رەهەندەوە سەرنجەدرێت:

-رەهەندی چاوخشاندنەوە بە نـاوەڕۆك و روخساری فەلسەفە. بە تایبەتی دورخستنەوەی مێتافیزیك و نزیككردنەوەی فەلسەفە لە زانست و هەر نەبێت لەگەڵ ئەو پەرەسەندن و گۆڕانانەدا بێتەوە، کە زانستە جۆربەجۆرەکان کردویانە، ئینجا پەنابردنە بەر لۆجیك بەو گۆڕانە سەرتاپاگیرەی بەهۆی بیرکارانەوە بەسەریداهێنراوە و ناوەڕۆکێکی نوێ و ئەرکێکی گرنگی پێسپێردراوە. کە شیکردنەوەی لۆجیکییە.

تیۆری زانست ببێت بە لۆجیکی زانستی و ئەرکی شیکاری پێبسپێردرێت، پتر بایەخدانە بە پێکهاتەیەکی تایبەتی زمان و ئەو رۆڵەی لەتوێژینەوەی زانستیدا دەیگێڕێت. ئەم هەنگاوەش رێگەی رۆنان و دامەزراندنی زمانێکی تەکنیکی خۆشکردوە، کە لە لایەکەوە بە مێتازمان ناونراوە و لە لایەکی دیکەوە، کەرەستەیەکی تری لۆجیکی، دور لەو ناوەڕۆکەی، کە خۆی بابەتی زمانە، دەستەبەربوو، کە تیۆری سیمۆتیکە. ئەگەر توێژینەوەی زمان بابەتەکەی کردبێت بە سێ بەش: مرۆڤی قسەکەر، دەستەواژەی دەربڕین، ئەو شتەی مەبەستە و دەردەبڕدرێت، ئەوا لە شیکردنەوەی لۆجیکدا، پتر بایەخ بە دەستەواژە و پێکهاتەکانی دەدرێت و کەسی قسەکەر و شتەکان بە بابەتی لاوەکی دادەنرێن. لێرەوە بایەخ بە لایەنی روخسارەکی زمان دەدرێت. بۆ نمونە ئەگەر زمانی ژیانی رۆژانە بە زمانی شت دابنرێت، چونکە سەرگەرمی دەربڕینی شمەکی جیهانی دەوروبەری دەرەکی بێت. لایەنە روخسارییەکە بە بابەتی زمانی ئاست و پلەی دووەمە، بایەخ بە شیکردنەوەی ئەو بابەتە دەدات، کە زمانی شت دەریبڕیوە.

-رەهـەنـدی دووەمــی ئـەو لایەنە دەریـدەخـات، کە بەلادابردنی فەلسەفە، وەنەبێت شتێکی نوێ بێت. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کۆشش بەدیدەکرێت، فەلسەفە بەلای لاهوتدا ببرێت. هەوڵەکەی کانت بۆ بە زانستکردنی مێتافیزیك، کە ئەو بە لقی سەرەکی فەلسەفەی داناوە، هەنگاوێکی ترە لەسەر ئەو رێگەیە هەڵگیراوە. ناکرێت بە زانستکردنی

فەلسەفەی هۆسرێڵ لەو کایەیەدا بەهەندنەگیرێت، ئەگەرچی ئەو پرۆسەیە سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە، چونکە ئەو خۆی لەکۆتایی چالاکی فەلسەفەییدا بێئومێدی خۆی لەبارەی قەیرانی زانستەکانەوە دەربڕیوە و داوای گەڕانەوەی کردوە بۆ سەر فەلسەفەی ترانسندێنتاڵی.

کۆششی کۆڕی ڤییەنناش دەخاتە ئەو خانەیەوە، ئەگەرچی لە ئامراز و مەبەست و ئامانجدا، لە هی ئەوانی پێش خۆی جیاوازترە و ناکرێت لەگەڵیاندا بەراوردبکرێت، فەلسەفەی کۆڕی ڤییەنناى ئیمپیریزمی لۆجیکی لەو سەردەمەماندا، گەرموگوڕی جارانی نەماوە. تەنانەت لەو هەمو بەشانەی فەلسەفەی زانکۆکانی ئەڵمانیا تەنیا هەر لە دوو زانکۆدا بەفەرمی دەخوێندرێت و کۆرسی مامۆستای ئەو بابەتەی بۆ دانراوە: زانکۆی مونیستەر MÜNSTER کە خۆم تێیدا خوێندکاری دکتۆری فەلسەفە بووم، لەگەڵ زانکۆی گۆتنگن لە هەرێمی نیدەر زاکسن.

# ڕەهەندی ئیپستمۆلۆجی
# پرۆسەی زانین

-جیاکردنەوەی ئیپستمۆلۆجی لە پرۆسەی زانین، هەنگاوێکە تەنیا هەر بۆ مەبەستی توێژینەوە هەڵدەگیرێت و دەروازەیەکە بۆ تیشك خستنەسەر رەهەندەکانی ئەو بابەتە. ئایا دەکرێت باسی رەهەندەکانی ئەو بابەتە بکرێت؟

ئەگەرچی ئیپستمۆلۆجی (تیۆری زانین) بابەتێکە لە سەدەی حەڤدە لە لایەن فەیلەسوف و دەرونزان و سیاسەتمەدار جۆن لۆکەوە دوا روخسار و ناوەرۆکی پێبەخشراوە و بووە بە لقێکی سەربەخۆی فەلسەفە شانبەشانی لقەکانی دیکە، بەڵام ئەوەی سەرنجڕادەکێشێت، ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە، لە دەستپێکی پەیدابوونییەوە، لەلایەن سێ بابەتەوە کراوە بە پاوان و قەدەغەی چالاکی، بۆیە بەو پێیە دەکرێت باسی سێ رەهەند لەو بابەتەدا بکرێت:

**-رەهەندی دەرونی (دەرونزانی).**

**-رەهەندی لۆجیکی.**

**-رەهەندی مێتافیزیکی.**

بابەتەکە خۆی پرۆسەیەکی زانینی لێدەکەوێتەوە. زانین لەلایەن خۆیەوە رەوشێکە (بارودۆخێکە) توانایەکی تێدا دەردەکەوێت، مرۆڤ پەی بەخۆی (من) و (نا من) هیتر، دەوروبەر دەبات، کەوابوو ئەو رەوشە جگە لەوەی پەیوەندیەکەی لە سێ لا پێکهاتوە:

-خۆیەك شت دەزانێت.

-بابەتێك دەزانرێت و پەیپێدەبرێت.

-چالاکی زانینەکە لەخۆیدا کە پرۆسە کرداریەکەیە.

ئەو زانین و پەیپێبردنە پرۆسەیەکی خۆی شتزان رودەکاتە ئەو بابەتەی دەیزانێت و دەستوبرد بە بێ ناوبژی دەیزانێت، ئەمە بە زانینی راستەوخۆ ناودەبرێت، چونکە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان هەردوکیاندا دێتە ئاراوە، هەستێك لە پێنج هەستەکان کاراو چالاك دەبێت، هەر لەدیتنەوە بەچاو، تاوەکو دەگاتە بیستن، چێشتن، بۆنکردن و دەستلێدان. ئەو جۆرە زانینە راستەوخۆیە خەسڵەتێکی خودی هەیە و هەندێکجار رەوشی چالاکی ژێر دەگرێتەخۆی. زانینی ناڕاستەوخۆ قۆناغێکی پێشکەوتوتری پرۆسەی زانینەکەیە،

مرۆڤ هەستیپێبکات، یان نا پێدەنێتە قۆناغێکی دیکەوە، کە بریتییە لەجۆرە ئەنجامگیرییەك. زانین کاتێك ئەو خەسڵەتەی بەردەکەوێت، ئەگەر هاتو جێگەی دڵنیاییلێکردن بێت، راست و دروست بێت، ئینجا بەشێوە و شێوازێك لەشێوازەکان بتوانرێت رەواییەکەی پاساو بدرێتەوە. لێرەدا باوەڕبوون (دەرون)، راستی (لۆجیك)، لەگەڵ سەلمێنە، ساغکردنەوە، پاساوهێنانەوە بەجۆرێك لەئاوێتەبوون لەو پرۆسەیەدا هاوکار دەبن. بەهۆی ئەو هاوکارییەوە زانینەکە، سروشتی زانینی دەستگیردەبێت، بەوەی لە وادانان و وازانین و باوەڕەوە دەبێت بە دڵنیاییبوونی راست و گومانهەڵنەگر!.

2-هیچ گومان لەوەدا نییە، کە ئەگەر هەستەکان رێگەی شت زانین بن، ئەوا لەلایەکی دیکەوە ئەزمون (ئیمپیری- تەجرەبە) شانبەشانی ژیر و چالاکییەکانی رۆڵی سەرەکی دەگێڕن. ئەگەر بوون و نەبوونی (بیروبۆچوون)ی زگماك، لە مێشك و ناخی دەروندا کێشەیەك بێت، هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە بکێشێت، ئەو راستییە هیچ دەرفەتی گومان نادات، کە زانین، بیر، هزری مرۆڤ و بۆچوونەکانی لە سێ سەرچاوەوە دەکەونەوە، هەر سەرچاوەیەك لە خۆیدا هێز و توانایەکە:

یەك: هەستەکان بە هەمو خەسڵەتی ئەرێ و نائەرێیانەوە، لەگەڵ ئەزمون، یەکەم سەرچاوەی زانینن، چونکە بە بێ بوونی کەرەستە و بابەتێك، کە هەستەکان بوروژێنن و کاریانتێبکەن، هیچ بۆچوونێك، بیرۆکەیەك، پەیدا نابێت. ناکرێت ئەمە تاکە رێگە بێت، چونکە ئەو کەرەستە هاوردەکراوە پێویستی بە رێکوپێکردن هەیە، هەستەکان بە ئامرازی پەسیڤ، نا ئەکتیڤ، نا چالاك دادەنرێن، ئەوان وەك ئامرازێك کەرەستە هاوردەکە وەردەگرن و تۆماریدەکەن REZEPTIV، دەمێنێتەوە مشتومالْکردن و رێکخستنی ئەو کەرەستە هاوردەیە، ئەو ئەرکە سنوری توانای هەستەکان و چالاکییان دەبەزێنێت و دەچێتە نێو خانەیەکی دیکەوە.

دوو: تێگەیشتن (فام) VERSTAND ، کە ئەو کەرەستەیە رێکوپێك دەکات و هەردوو چەمکی کات و جێگەی دەخاتەسەر، بۆیە ئەو هێزە بە کارا،

چالاك و ئەكتیڤ ناودەبرێت. بەوپێیە کەرەستەی هاوردە (بیرۆکە و بۆچوون) ی لێدەکەوێتەوە. لەو پڕۆسە ئاڵۆزەدا، کە هەردوو هێزەکە، هەستەکان و تێگەیشتن، کۆمەکی یەکتری دەکەن، یەکەمیان هانی سەرنجدان دەدات و دووەمیان رەنگی بۆچوون و بیرۆکە دەڕێژێت و چەمکەکانی ژیر رۆدەنێت139، ئیتر ئەوەیە مەبەست لەو قسەیە، کە: ناکرێت زانین بە پێی کات لە پێش ئەزمونەوە – شارەزاییەوە ERFAHRUNG بێت، بەڵام لەو قسەیە ئەوەش ناکەوێتەوە، کە هەمو زانینێك لە تاقیکردنەوەوە پەیدادەبێت و دەکەوێتەوە. دەکرێت زانین پێکهاتەیەکی تێکەڵاو و ئاڵۆز بێت، بەهۆی بەشداری چەند هێزێکی پەیپێبردنەوە پەیدابێت.

سێ: ژیر: VERNUNFT توانای بڕیاردان و ئەنجامگیرییە لە مرۆڤدا. ئەو کەرەستانەی کە تێگەیشتن رێکوپێککردن خەسڵەتی گشتی و هەمەکیان پێدەبەخشێت. ئەگەر مرۆڤ کەسێك بەژیر ناوببات مەبەستی ئەوەیە، کە لە کات و جێگەی دروستی خۆیدا بەڕاستی هەڵدەبژێرێت و هەڵوێست دەنوێنێت و بڕیاری راست دەدات. ژیر ئامڕازی یەکلاییکردنەوە و بڕیاردانە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر لە هەست و تێگەیشتنەوە بیرو بۆچوونی سادە و ساکار بکەونەوە، ژیر لەو بیرۆکە سادە و ساکارانەوە بیرۆکەی لێکدراو دادەڕێژێت. ئەو ئەرکەی ژیر پشت بە پڕۆسەیەکی ئاڵۆز دەبەستێت بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

-لە قۆناغی یەکەمدا بیرۆکەکان لێکدەدات و پێکهاتەیەکی تریان لێدروستدەکات، کە لەسەرو ئاستی ساکارەوەن.

- لە هەنگاوی دووەمدا بیرۆکەکان لەگەڵ یەکتریدا بەراورددەکات.

-لەو قۆناغەدا، کە گرنگترینی هەردووکیانە و دەکرێت بخرێتە خانەی ئاستی بەرزتر، چونکە ژیر دەکۆشێت روخسار لە ناوەڕۆك جیابکاتەوە و بیرۆکەی رووت و بێگەرد دور لە هەست و سۆز رۆبنێت، ئەم کارە بە پڕۆسەی پەتیکردن ABSTRAKT ناودەبرێت.

3-ئەگەر لە لای ئەفلاتون فەلسەفە بە حەپەسان و سەرسامبوون دەستیپێکردبێت، داینەمۆی هاندانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بووبێت، کە

لەدوایدا بوو بە لقێکی سەرەکی کولتور و شارستانیەتی مرۆڤایەتی، تا ئێستا ئەو ڕەوشە لەبەرامبەر رکابەری ئاین، سیاسەت، زانست کارایی، چالاکی و گەرموگوڕی خۆی لە دەستنەداوە، ئەو دۆخە ڕاستییەك دوپات و جێگیر دەکات: فەلسەفە تاوەکو ئێستا لەچوارچێوە گشتییەکەیدا و بابەتی تیۆری زانین، کە لقێکی هەرە گرنگی فەلسەفەیە بەشێوەیەکی تایبەتی لە پرسیارکردن و ڕۆنانی کێشە بەولاوە نییە. داڕشتنی پرسیارەکە خۆی لەخۆیدا جۆرە بەهرە و هونەرێکی دەخوازێت بۆ ئەوەی بتوانرێت، ناوەڕۆکی پرسەکە کێشەیەکی لێبکەوێتەوە و لەلایەکەوە چاوەڕێی وەڵام و لەلایەکی ترەوە پێویستی بە یەکلاییکردنەوە هەبێت. بۆیە دورناڕۆین ئەگەر بڵێین مێژوی فەلسەفە، بریتییە لە پرۆسەی بە دوای یەکتریداهاتنی پرسیارکردن و گۆڕینی ئەو پرسیارکردنە بۆ کێشەیەك. هیچ پرسیارێکیش بەو جۆرە وەڵامنادرێتەوە، کە مایەی ڕەزامەندی کەسانی دیکە بێت و هیچ کێشەیەکیش، کە یەکلاییبکرێتەوە، بێ کەلەبەر و کەموکورتی نابێت، بۆیە لەقۆناغێکی تردا، پرسیاری تر دێتە کایەوە و کێشەی دیکە سەرئاودەکەوێت، وەڵام و یەکلاییکردنەوەکە ڕەنگی نەزمی جیهانبینیەکە دەڕێژن.

تیۆری زانین، کە خـۆی بە پرسیار دەستیپێکردوە و لەپرسیارەکە کێشەکەوتۆتەوە، بابەتێکە لەو بابەتانە، کە لەو سەردەمەماندا شانبەشانی لۆجیك پشکی شێری لەو کێشەیەدا بەردەکەوێت. ئەو تیۆرییە دوو ڕەهەندی هەیە ئەگەر لە ڕوخساردا لەیەکتری جیاواز بن، لە گەوهەردا تەواوکاری یەکترن:

یەك: ڕەهەندی مێژویی: ئەو گۆڕان و پەرەسەندنە نیشاندەدات، کە بەسەریداهاتون و ئەو قۆناغانە بەرجەستەدەکات، کە پێیاندا تێپەڕیوە، تاوەکو ئەم سەردەمەمان، کە دواروخسار و ناوەڕۆکی پێبڕاوە. بەشی یەکەمی ئەو بەرهەمە بۆ ئەو ڕەهەندە دانراوە.

دوو: ئەو ڕەهەندە بەلای سروشتی ئیپستمۆلۆجی بابەتەکەدا دەچێت.

لە لایەکەوە بە پێی ئاڕاستەی هزری و سەرچاوەی زانین چەند ڕێبازێك دەکەونەوە بۆ نمونە:

ئیمپیریزم، ژیرەکی، گومان، ئایدیالیزم، ماتریالیزم، ریالیزم بە هەردو بەشی ساکار و رەخنەگرییەوە. لە لایەکی ترەوە بە پێی ئەو چەمك و بابەتانەی، کە کراون بە کەرەستەی توێژینەوە و کامەیان لەو بابەتانە پشکی سەرەکیان بەرکەوتوە سروشتی ئاراستەکە دیار و دەستنیشان دەکات: ئەو چەمکانەی تیۆری زانین، کە لێرەدا مەبەستن:

زانین چییە؟ راستی و راستەقینە، قەناعەتهێنان، دڵنیاییبوون، پاساودان. گومانکردن، ئامانجەکی.

هەر ڕێبازە بە پێی سروشتی تایبەتی خۆی کەرەستە و ئامرازی چالاکی توێژینەوەکەی دیار و دەستنیشان دەکات، چی بە سەرچاوەی زانین دادەنێت، یەکلاییدەکاتەوە: ئەزمون (ئیندەکشن) ، تێبینیکردن، یان ژیر؟

4-لەم سەردەمەماندا، دوای ئەو گۆڕانانەی بەسایەی پەرەسەندنی زانست بەسەر جۆری بیرکردنەوە هاتوە، دوو خاڵ بوون بە کەرەستەیەکی گرنگی توێژینەوەی ئیپستمۆلۆجی، کە دەکرێت بەو جۆرە دابڕێژرێن و بنە کێشە و چاوەڕێی یەکلاییکردنەوە بکەن.

-دەکرێت قسە لەسەر ئاستەکانی زانین بکرێت، بە هەردوو رەهەندی سادەی ئاسایی و زانستی؟

-مەبەست لە جیهانی دەرەکی دەوروبەر چییە؟ تا چەند لە توانای مرۆڤدا هەیە بیزانێت و پەیپێبەرێت؟

ئەگەر مرۆڤ لە شێوازی داڕشتنی هەردوو خاڵەکە وردبێتەوە، ئەگەرچی بابەتەکە ئەوەندە سوك و ئاسان نییە، بگرە ئاڵۆزە، گریمانەی بوون و نابوونی ئاستەکانی زانین و جیهانی دەرەکی (نامن) کراوە، جۆرە گومان و ئەگەرێکیش لە داڕشتنەکەدا هەستپێدەکرێت. ئەگەرچی هەردوو خاڵەکە دوو کێشەی ئەگەرهەڵنەگرن، رەوایی خۆیان هەیە، لەوەدا پێویست بە توێژینەوەیەکی سەرتاپاگیری شیکاری دەکەن، ئەوا هەرسێ بابەتی لۆجیك و دەرونزانی و مێتافیزیك ئاوێتەی یەکتری کراون.

-راستی دەستەواژەی دەربڕی بابەتەکە!

-کێشەی رادە و سروشتی هەستکردن و پەیپێبردن بە بوون و نابوونەکە!
-کێشەی یەکلاییکردنەوەی بوون و نابوونەکە لە خۆیدا!
ئەو پۆلێنکردنە لە کێشەکە کەوتونەتەوە، چی دەگەیەنێت و چۆن دەکرێت لێکبدرێتەوە؟!

لە خاڵی یەکەمدا پەنادەبرێتە بەر بنەماکانی لۆجیك، رەنگی سنوری نێوان زانین و قەناعەتی راستەقینە دەڕێژرێت، لەوەدا کە پرسی پێناسەکردنی زانین دەوروژێنرێت، چ جۆرە دەستەواژەیەك PROPOSITION دەکرێت وەك راستی (هەقیقەتبێژ) بناسرێت و دانیپێدابنرێت؟ چۆن دەکرێت راستی ئەو دەستەواژەیە، کە ناوەڕۆکی هاوردەی هەست دەردەبڕێت روونبکرێتەوە و پاساوبدرێت؟!140 . دورنییە لێرەدا پرسیارێك، کە گازندە دەربڕ بێت، بکرێت: ئایا ئەو دەستنیشانکردنە چوونە نێو خانەی ئایدیالیستی نییە؟ بۆ قسە لە شمەکی دەوروبەر ناکرێت و پەنا بۆ دەستەواژەی دەربڕی ئەو شمەکانە دەبردرێت؟ ئایا ئەمە جۆرە گومانکردنێك نییە- بە واتای کانت، نۆمینا- لە زانینی شت و داننەنانە بەوەی مرۆڤ تەنیا بیروبۆچوونەکانی، کە لە چوارچێوەی پێکهاتەی زماندا دادەڕێژرێن، دەزانێت و پەیانپێدەبات؟

-بوون لێرەدا، کە دەستەواژە دەریدەبڕێت هی ئەو لەش و شمەکانەیە، کە پەیوەستی هەردوو چەمکی کات و جێگان. شمەکی دەرەکی، کە لەدەرەوەی خۆی مرۆڤن و ناکرێت بەشێك بن لەو خۆیە. لەشە مادییە دەرەکییەکان بابەت و کەرەستەی زانین و پەیپێبردنی هەستەکین لەلایەن هەستەکانەوە. بە هیچ جۆرێك لە تواناد‌ا نییە بەبێ بوونی ئەو شمەکە دەرەکییانە زانینی هەستەکی بکەوێتەوە و وێنابکرێت.

ئیتر هاوبەندییەکی دەستیاوی لە نێوان زانینی هەستەکی و ئامرازی پەیپێبردن بەو شمەکەی دەوروبەر، کە بە هەست پەیانپێدەبردرێت، لەگەڵ ئەو شمەکانە خۆیان. ئەگەر هەریەکەیان لای خۆیەوە جۆرە بوونێکی سەربەخۆی هەبێت، هیچیان ناتوانن دەستبەرداری یەکتری بن و پرۆسەکە وا پێویستدەکات هەرسێکیان پێکەوە چالاك و کارا بن. راستی و نا راستی ئەو دەستەواژانەی

دەربڕی پڕۆسەی کارو کارلێکردنی ئەو دوو لایەنەیە بەوە پشتڕاستدەکرێتەوە، تا چەند مرۆڤ، کە شتەکە دەزانێت قەناعەت بە دروستی دڵنیاییلێکردنی ئەو دەربڕینە دەهێنێت. ئەو قسەیە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی دیکە دەوروژێنێت، ئایا بابەتی زانین و دڵنیاییکردنەکە خەسڵەتی تاك (INDIVIDUUM)ی پێ نابەخشرێت، لە کاتێکدا ئەنجامی ئەو پڕۆسەیە و دەربڕینەکەی، کە دەبێت ئەو سنورە ببەزێنێت و بەرەو ئاسۆیی نێو خودەکان هەنگاوبنێت؟!

5-پەیبردن بە جیهانی دەوروبەر (دەرەکـی)، زانینی شمەکەکان، کە لە فەلسەفەدا بە (نامن، ئەوی من نەبێت)، پڕۆسەیەکە لە سێ بەرەدا چالاك و دەستبەکار دەبێت:

-بوونی شمەکی جیهانی دەوروبەری دەرەکی.

-پەیبردن بەو شمەکانە بە هەستەکان.

-پەنابردنە بەر هێز و توانای فام و ژیر بۆ رشتنی رەنگی وێنە و بیرۆکەکان لە مێشکدا.

بەو پێیە دوو لایەنی سەربەخۆی لە یەکتری جیاو تەواوکاری یەکتری لە دووتای تەرازویەك بە دیدەکرێن:

-شمەکە بونەوەرەکانی جیهانی دەرەکی دەوروبـەر، کە کۆی شمەکی مادین.

-زانینی ئەو شمەکانە و پەیپێبردنیان، کە پڕۆسەیەکە لە کۆی بیرۆکە و وێنە و بڕیار لەبارەی جیهانی دەرەکییەوە پێکهاتوە. کەوابوو ئەو پڕۆسەیە سێ رەهەندی مادەیی و هەستەکی و بیری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیهانێکی دەرەکی بە دەرو لە دەرەوە و سەربەخۆ لەخۆی مرۆڤ بوونی هەیە، هەروەها فاکت و روداو و بونەوەرەکان لەو جیهانە ئاماژەپێدراوەدا بەشێك نین لە خودی مرۆڤ. ئەو جیهانە سەربەخۆیە لەگەڵ ئەوەدا کەرەستەی پەیپێبردن و زانینە، بۆیە ئاساییە، کە لەو پڕۆسەیەدا لەنێوان داتا و هاوردەکانی هەستەکی و زانینی ئەو هاوردانەدا بکرێت، چونکە ئەو پڕۆسەیە لە زانینەوە پتر هەنگاو هەڵدەگرێت بەرەو رشتنی رەنگی وێنە و بیرۆکە و رۆنانی چەمکە هەمەجۆرەکان.

ئیتر بەو پێیە دەکرێت بوترێت، زانین وەك پرۆسە، سەرەتا، گریمانە و گەیشتنە ئەنجام لەکۆی بیرۆکە، بۆچوون و بڕیار141 بەولاوە نییە.

6-ئەگەر مرۆڤ لە بەرهەمی فەیلەسوفەکان وردبێتەوە، بە تایبەتی ئەوەی لەبارەی تیۆری زانین و وردتر لە وەڵامی پرسیاری بوون و نابوونی جیهانی دەوروبەردا وتویانە، بەوە کێشەکە ئاڵۆز بووە، کە هەر سێ بابەتی لۆجیك و دەرونزانی و زانستی ئەزمونیان پێکەوە تێکەڵاوکردوە.

بـوون لەخۆیدا گەوهەرە و خەسڵەت نییە، ناکرێت ببەخشرێت و بستێندرێتەوە، بەڵکو بوون و نابوون تەنیا لە دەستەواژەی بڕیاری زماندا، کە شمەك دەردەبڕێت و لەبارەیەوە دەردەکرێت، ئا یان نا دەکرێت. مادە، کە کەرەستەی زانستە، جیایە لە شت و شمەك، کە لە جیهانی دەوروبەردا هەیە و بە هەستێك لە هەستەکان دەزانرێت، دەناسرێتەوە و پەیپێدەبردرێت. لەلایەکی دیکەوە زانین و ناسینی فۆڕم و روخسار و بونەوەرە هزرییەکانی لۆجیك، لە زانینی شمەك ئەوپەڕی جیاوازە، خۆ ئەگەر ئەو رستە و دەستەواژەی فاکتەکان دەردەبڕن، وەکیەك بن و بکرێت بەرامبەر بە یەکتری دابنرێن، ئەو بڕیارەی دەڵێ شمەکی دەوروبەر: خانوبەرە، شەقامەکانن دارو درەخت، کەسانی دیکەی نامن، چیاو بەندەنەکان، ئەو کورسییەی لەسەری دانیشتوم و ئەو مێزەی لەسەری دەنوسم بوونیان هەیە، من بیانبینم و نەیانبینم، هەست بە بوونیان بکەم و نەکەم، ئەگەر چاوم بنوقێنم، یان پشتیانتێبکەم هەر هەبوون و هەر هەبوو دەبن ئێستاو دواڕۆژ، لە سۆنگەی لۆجیکەوە بڕیارێکی راست و دروستە و گومانهەڵناگرێت، بەڵام لەڕوانگەی دەرونزانییەوە پێویستی بە ساغکردنەوە و پاساودان هەیە، چونکە بوون ئەوەیە، بە هەستێك لە هەستەکان بە جۆرێك لەجۆرەکان پەیپێببردرێت و هەست بە بوونی بکرێت! ئەو کێشە پرسیارەی لەو رەوشـە سەرئاودەکەوێت ئەوەیە: لە دەوروبـەر و مێشکدا دوو جۆر بابەت، کەرەستە هەیە، کە دوو خەسڵەتی لەیەکتری جیاوازیان هەیە: تاکو کۆ، هەندەکی و هەمەکی142 . ئەمە چۆن لێکدەدرێتەوە؟

-دورنییە لێرەدا بیر لەچەمك و تێبینی بکرێتەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە

کێشەکە یەکلاییناکاتەوە، چونکە بابەتەکە پتر بەلای پەتی (ئەبستراکت) و کۆنکرێتدا تەکاندەدات.

ئەوی بە بیردا دێتەوە و بەهۆی ئەندێشەوە وێنابکرێت و سەر بە تاکە، بەڵام گشتی، کۆ، هەمەکی دەکرێت لەگەڵ چەمکەکاندا بخرێتە دوو تای یەك تەرازو بەرامبەر بە یەکتری. کە دەوترێت (دانا) باسی تاکێکی کۆنکرێت دەکرێت، کە بیردێتەوە کەی و چۆن ناسراوە، دیتراوە و ئەو خەسڵەتانە کامانەن، کە پێوەی دیارن ئەمە تاکە. خۆ ئەگەر بوترێت مرۆڤ ئەمە چەمکێکی گشتییە و لە تاکەوە پەتی (ئەبستراکت) کراوە، بەو شێوازەی خەسڵەتە گشتییەکان، کە مرۆڤەکان هەیانە لە خەسڵەتە جیاوازەکان، کە تاکەکان لە یەك جیادەکاتەوە، جیاکراونەتەوە. بە پێی پێناسە مرۆڤ چەمکێکی گشتییە، بونەوەرێکی ژیرە. ئەو خەسڵەتە بەشێوازی گشتاندن کراوە بە هەمەکی و هەمو تاکەکان دەگرێتەوە. ئەوە لایەنە لۆجیکییەکەیە، بەڵام لە لایەنی زانستییەوە جیهانی ژیانی رۆژانە و جیهانی زانستەکان هەیە، کە هەریەکەیان هەلومەرج و رەوش و کەرەستەی تایبەتی سەربەخۆیان هەیە. کێشەکە لەو جیاوازی و تێکەڵاوکردنەی هەردوو جیهانەکەوە سەرچاوەدەگرێت:

-لە جیهانی رۆژانەدا مرۆڤ قسە لە شمەك، روداو و پێشهات دەکات، کە لەو مادەیە جیاوازکراون، کەرەستەی توێژینەوە و جیهانی زانستی لێپێکدێت. لە کاتێکدا یەکەمیان بە بوون و نابوونەوە بابەتی هەستەکانی مرۆڤە و لە رێگەیانەوە و بەسایەیانەوە پەیپێدەبردرێت و دەناسرێت، ئەویتریان دورە لەو توانایەی مرۆڤ، پێکهاتە گریمانکراوەکەی: بزوتنەوەی ئەلیکترونەکان، دیاردە ئەلیکتریکییەکان، بەر یەککەوتنەوەی نەپساوەی پشك و وردیلەکانی مادە. ئەمە وایکردوە جیاوازییەکی گەوهەرە لەنێو هەردوو جیهانەکەدا گریمانەبکرێت. یەکەمیان جیهانی بەرهەست و پابەندی کات و جێگەیە ئەوی تریان بە ئامرازی تایبەتی داهێنراو نەبێت پەیپێنابردرێت و نازانرێت. بۆیە لە هەردوو رەوشدا مرۆڤ ناچار بووە جۆرە گومانێك بکات و بڕیاربدات کە: دوو ئاستی زانین لە ئارادا هەیە، ئاستی سادە و ساکاری پەیبردن بە بوون و پێکهاتەی جیهانی دەوروبەر و ئاستی زانستی

زانستییانەی زانین و پەیبردنە بەو جیهانەی، کەرەستەی توێژینەوەکەیەتی. ئەو پۆلێنکردنە جۆرە بڕیارێکی لێدەکەوێتەوە، دەکرێت بخرێتە خانەی گومانەوە: لە ئاستی یەکەمدا ناکرێت، لە توانادا نییە مرۆڤ دەستبەرداری خودی خۆی بێت و توانای هەستەکانی سنوردارن، بۆیە بەو جۆرە و تا ئەو رادەیە جیهانی دەوروبەر دەزانرێت، کە توانای هەستەکان بڕبکات و دەسەڵاتی پێبشکێت. ئەو زانینە بەرجەستەی ئەو پەیوەندییە دەکات، کە لەنێوان مرۆڤ و جیهانی دەوروبەردا هەیە. جیهان بەو شێوە و جۆرە دەزانرێت، کە هەستەکان توانای ئەو کارەیان هەیە، بەڵام بەڕاستی شت لەخۆیدا چۆنە سنوری ئەو توانایە هەستەکییە دەبەزێنێت! جیهانی یەکەم جیهانی ئاسایی مرۆڤە، ئەگەرچی زانینەکەی بەو رادەیە جێگەی ئەگەر بێت، کە تا چەند توانای هەستەکان بڕدەکات، بەڵام جیهانی زانست، کە بەهۆی توێژینەوەی زانستییەوە رەنگیرێژراوە، ئەگەرچی دان بە بوونی راستییەکی راستەقینەی بابەتی بوونی جیهانەکەیدا دەنێت لەخۆیدا جیهانێکی نامۆیە بە مرۆڤی سادە، ساکار و ئاسایی، چونکە لە چەمك، بنەما، بنەڕەت و یاسا پێکهاتوە لەچوارچێوەی چەند تیۆرییەکدا داڕێژراون، بە مەبەستی تێگەیشتنی ئەو جیهانە و کۆنترۆڵکردنی، ئینجا پێشبینیکردنی دواڕۆژ! ئەو جیهانبینیەی زانست نامۆیە چونکە جیهانی تیۆری رووت و پەتی و بێگیانی ئەبستراکتە!. هیچ جۆرە خۆ لێبواردنێك هەڵناگرێت: شمەکی دەوروبەر، کەرەستەی هەستی هەستەکانن، ئەمەش لەخۆیدا پابەندی خودی ئەو کەسەیە، کە هەستیپێدەکات و دەیزانێت، بۆیە ئەو بابەتە وا لە جێدەستی خودی رووت دەربازی نابێت SUBJEKTIV، بۆیە هەمو کاتێك بواری گومان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، بەڵام پێکهاتەی جیهانی زانست بابەتییە پشت بەو ئامرازانە دەبەستێت، کە زانا بەکاریاندەهێنێت و هەمو جۆرو شێوازێکی خودیی بە دوردەگرێت و دەرفەتی دزەکردنی بۆ ناوەوە نادرێت.

ئەو جۆرە پاساودانەوەی بابەتیانەی جیهانبینی زانستی لە چاو جیهانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ بە هیچ جۆرێك ئەو بڕیار- ئەنجامەی لێناکەوێتەوە، کە لۆرد راسڵ داویەتی. راسڵ لە کۆتایی کتێبی زانینمان دەربارەی جیهانی دەوروبەری دەرەوە وتویەتی:

(بە باوەڕی من تاکە هەلومەرجێك، کە دەبێت بەدیبهێنرێت، بۆئەوەی فەلسەفە لە دوارۆژی نزیکدا سەرکەوتنی دەستەبەر ببێت، ئەوەیە، کە ئەوەی تائێستا بەدەستیهێناوە پەردەپۆشیبکات و بەجێیبهێڵێت، قوتابخانەیەك، ڕێکخراوێك، لە کەسانێك پێکبهێنێت و دابمەزرێنێت، کە لە بنەڕەتدا کولتوری زانستییان هەیە و زانان، بەڵام پاشخان و حەزێکی فەلسەفەییان هەیە و داماوی دەستی کۆت و پەیوەندی دابونەریت نین و بە میتۆدەی ئەدەبی پێشینان بە تەفرە ناچن...) 143.

ئەو قسەیەی لۆرد راسڵ، بە هیچ جۆرێك وەك خۆی لەچوارچێوە گشتیەکەدا پەسەند نییە. ئەگەر ئەو داواکارییە لە لۆجیکدا گوێیلێبگیرێت و پەسەندبکرێت، لە بابەت و لقەکانی دیکەی فەلسەفەدا بڕناکات و ناشێت. راستە زانست لەو سەردەمەماندا سەرگەرمی بەدیهێنانی ئەو ئەرکە زەبەللاحەیە، کە بە هەزاران ساڵ ئاین چووە ژێر بارییەوە نەشیتوانی بەجێیبهێنێت و سیاسەتیش جەنگی کاولکار و لێکترازان و دووبەرەکی داهێنا، تا چەند زانست لەو لافەیدا سەرکەوتودەبێت؟ کات، دوارۆژ دەستەبەری وەڵامدانەوەکە دەبێت. زانستیش لە لای خۆیەوە دەچێتە خانەیەکی ئەو کولتور و شارستانیەتەی، کە لەچەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتوە. تاوەکو ئەو سەردەمەمان هیچ دیاردەیەك سەرئاونەکەوتوە و بەدینەکراوە و ناشکرێت، کە لە هەمو لایەکەوە سەرکەوتوبووبێ. کێشەکانی یەکلاییکردبێتەوە و پرسیارەکانی وەڵامدابێتەوە! راستە زانست شۆڕشئامێزانە دەستکەوتی ئەوتۆی بەدیهێناوە، تا رادەیەك هەمو سنورێکی باوی بەزاندوە، بەڵام ژیانی مرۆڤ ئەرکی دیار و دەستنیشانکراوی تایبەتی پێبەخشیوە، جیایە لەوەی لە فەلسەفە چاوەڕێدەکرێت. ئەگەر فەلسەفە ببێت بە زانست نەك هەر ئەرکی پێسپێردراوی مێژویی خۆی لە دەستدەدات، بەڵکو هیچی دیکە فەلسەفە نامێنێت. فەلسەفە پێداویستی ژیانە، تاوەکو ژیان بمێنێت خوێن لە شادەمارەکانی لە تەوژم ناوەستێت!

# ئاراستەكانی
# تیۆری زانین

ئەگەر بشێت بوترێت شێوازی دارشتنی پرسیار تاڕادەیەك ڕێگەی وەڵامدانەوەکەی و نزیکبوونەوە لەئامانج خۆشبکات. لە تیۆری زانیندا، کە لقی سەرەکی ئەم سەردەمەی فەلسەفەیە- شانبەشانی لۆجیك- سێ پرسیار هەیە لەسەرەتاوە ئاڕاستەو ڕێباز و ناوەڕۆکی دیار و دەستنیشان دەکەن.

یەك: توانا، سنور و رادەی زانین چەندە؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دوو ئاڕاستە بە دەردەکەون:

-ڕێبازی دڵنیاییکردن (یەقین).

-ڕێبازی گومان.

لەو ئاڕاستەیەدا و لە وەڵامی پرسیارەکەدا توانای زانین، سنور و رادەی ئەو پرۆسەیە تاوتوێدەکرێت. پرسیارەکە لەخۆیدا جۆرە ئەگەر و گومانێکی تێدایە، ئیتر ئەو گومانە میتۆدەیی بێت یان رەها. ئەگەر لە لای گومانکاران گومان لەوە بکرێت، کە مرۆڤ توانای زانینی راستەقینەی هەبێت، لە ڕێبازەکەی دیکەدا، کە بە دڵنیاییکردن ناومانبرد کۆششکراوە، وەك ئەرکی سەرەکی تیۆری زانین، هەمو جۆرە گومانێك نەك هەر بڕەوێتەوە، بەڵکو کاڵبکرێتەوە و بنەماکانی پوچەڵبکرێنەوە. ئەگەر گومانی رەها لە سەردەمی کۆنی یۆناندا سەریهەڵدابێت لەم سەردەمەماندا لە لای فەلسەفەی شیکاری جۆرەکەی تری سەرئاوکەوتوە. لێرەدا دەبێت دوو هەڵوێست لەیەکتری جیابکرێنەوە:

-گومانکردن لە توانای زانینی مرۆڤ و ئەو شتانەی مرۆڤ پەیپێبردون و دەیانزانێ گومانهەڵگرن و ناکرێت دڵنیاییان لێبکرێت.

-هەڵوێستی رەخنەگرانە بەرامبەر بە توانا و بابەتەکانی زانین. ئەو هەڵوێستە لە گومانەوە، بەڵام لە گومانێکی میتۆدییەوە، کە رەوایەتی زانستی خۆی تێدا هەنگاو هەڵدەگرێت و رەخنە گومانەکەی ئامرازە، نەك ئامانج لەخۆیدا.

دوو: سەرچاوە و ئامرازەکانی زانین کامانەن؟

لەو ئاڕاستەیەدا دوو ڕێباز لەیەکتری چوونەتە سەنگەرەوە، یەکەمیان پێنج هەستەکان، ئەزمون لە ژیانی رۆژانەدا (ئیمپیری) دەکات بە سەرچاوە

و ئامرازەكانی زانین، كە لە دەوروبـەرەوە كەرەستە هاوردەدەكەن (داتا) و زانینیان لێپێكدێت. ئەمانە بە رابەرانی رێبازی هەستەكی – ئەزمونی ناسراون.

رێبازی دووەمیان پێ لەسەر رۆڵی ژیر دادەگرن و ئەو ئەركەی پێدەسپێرن و هەوڵدەدەن بوونی بیرۆكەی زگماك لە مێشك و ناخدا پشتڕاستبكەنەوە. لە وەڵامی پرسیارەكەدا كامیان سەرچاوەن، لەو نێوانەدا رێبازی بۆ هاتن (حدس INTUTION) و پراگماتیزم و فینۆمینۆلۆجی هەژماردەكرێن. شانبەشانی ئەو رێبازە هەر لەنێو ئەو ئاڕاستەیەدا چەند فەیلەسوفێك بەدیدەكرێن، كە هەردوو ئاڕاستەكە هەستەكی و ژیری ئاوێتەی یەكتری دەكەن و گریمانەی پەیوەندییەكی دەستیاوی نێوانیان دەكەن. رابەری فەلسەفەی ترانسندێنتاڵی ئەڵمانی ئیمانویڵ كانت رابەرێكی دیاری ئەو رێبازەیە.

راستە هەمو زانینێك بە هەست و ئەزمون دەستپێدەكات، ئیتر دیتن بێ یان بیستن، بەڵام ئەو لایەنە بە تەنیا بەس نییە، وەك تەرازو پێویستی بە تایەكی دیكە هەیە، ئیتر ژیر بێت یان فام، یان ساغكردنەوە و سەلماندن بێت، بە پێی بنەماكانی ژیر.

سێ: سروشتی زانین چییە و چۆنە؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بابەتەكانی تیۆری زانین و بابەتەكانی زانینی ئاسایی لەیەكتری جیادەكرێنەوە و سەرنجی باوەڕ دەدرێت و لە ئەنجامدا بە ئاڕاستەكەی تردا چەند رێبازێك دەكەونەوە:

-ئایدیالیزم بە هەمو جۆر و رەهەندەكانییەوە: ئایدیالیزمی خۆیی، ئایدیالیزمی رەها.

-ریالیزم، ریالیزمی ساكار، ریالیزمی رەخنەگری. لەو ئاڕاستەیەشدا هزرمەند بەرچاودەكەون، كە لەرەهەندێكیان بەلای ئایدیالیزمدا دەشكێنن و لە كایەیەكی دیكەدا جۆرە ریالیستێكیان هەستپێدەكرێت و سەرنجڕادەكێشێت.

2-میتۆدەی تیۆری زانین، كە لە چالاكییەكانیدا پشتی پێدەبەستێت و چەمك و ناوەڕۆكی بابەتەكانی، لە پرسیاری سەرچاوە و سنورەكانی زانینی مرۆڤەوە دەكەونەوە، دیار و دەستنیشان دەكرێن.

پوختە و گەوهەری تیۆری زانین، کە لقێکی سەرەکی فەلسەفەیە، لەووە سەرچاوەدەگرێت خۆی بە چ پرسیار و کێشەیەکەوە، لە چوارچێوەی چالاکی فەلسەفەییدا، خەریکدەکات، چ ڕێگەیەك بگرێتەبەر و چاوەڕێی چ ئەنجامێك بکات، کە بە دەستیبهێنێت.

2-بە دور لە تێکەڵکردنی تیۆری زانین لەگەڵ مێتافیزیك و دەرونزانی و لۆجیك، مێتافیزیك بـوون، گەوهەر، هەڵکەوتی دەوروبــەر، بە هەمو ڕەهەندەکانییەوە، لۆجیك، ڕاستی WAHRHEIT دەکەن بە کەرەستەی توێژینەوە، ئیپستمۆلۆجی لەچوارچێوەی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی فەلسەفەدا کێشە و بابەتی دیاریکراوی هەیە لەچالاکی تاوتوێکردنی ئەوکێشە، بابەتانەدا میتۆدەی144خۆی هەیە، کە بەهۆیەوە کێشەکان یەکلاییدەکاتەوە و جۆرە پێشبینیەکی گەیشتنە ئامانج دەکات. میتۆدەکە پێناسە، شیکارییە لەگەڵ شرۆڤەکردن و ڕەخنەکردن. گرنگترین بابەت و چەمکێك کەرەستە و پاوانی تیۆری زانین لە لقەکانی تری فەلسەفە جیادەکەنەوە، چەمکی زانین خۆیەتی، کە هەر لەسەرەتاوە لەدەستپێکی توێژینەوەدا دەبێت پێناسە- شرۆڤە بکرێت و لە نەزانین  و باوەڕپێبوون یان لەو باوەڕەدابوون جیابکرێنەوە، ئینجا بە پلەی دووەم قەناعەتکردن، ڕاستی و ڕاستەقینە، ژیرەکی و پاساودان، ئەپریۆریزم، گومان و ئەگەر و دڵکرمێبوون، دڵنیایی (یەقین) ئەو بابەتانەن تانوپۆی ئەو تیۆرییەیان لێپێکدێت. لەگەڵ ئەوەدا توێژینەوەی ترانسندێنتاڵی ئەو هەلومەرجانەی دەبنە مایەی ئەوەی وەك تیۆرییەك زانین بێت، لەو چالاکییانەدا پشکی شێری بەردەکەوێت، بە تایبەتی توێژینەوە و تاوتوێکردنی سەرچاوە، ڕادە، سنوری دڵنیاییکردن، قەوارە و شیاوەکییەتی زانین ناوەڕۆکی ئەو بابەتەن.

کێشەی میتۆدە لەتیۆری زانیندا بەوەدا سروشتەکەی دیاریدەکرێت و یەکلاییدەکرێتەوە جۆری پەیوەندییەکەی بە زانستە جیاوازەکانەوە چۆنە و چییە؟ ئەگەر قسەی دەرونزانان پەسەندبێت، ئیپستمۆلۆجی لە سایکۆلۆجی دانابڕێت ئەوا میتۆدەکە شرۆڤە و شیکردنەوە دەبێت، خۆ ئەگەر بەلای

لۆجیك و زانستە روخسارییەکاندا ببرێت وەك کارناپ دایناوە ئەوا میتۆدەکەی رەخنەکردن، شیکردنەوە دەبێت.

3-راستە دەرونزانی ئەمڕۆ زانستێکی سەربەخۆی ئەزمونیە (ئیمپیرییە)، ناوەڕۆك، بابەت و میتۆدەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەسەرەتادا لەباوەشی فەلسەفەدا گۆشکراوە، وەك لقەکانی دیکە بەشێك بووە لە فەلسەفە، لە رەهەندە مێژویەکەی بەولاوە لە نێوانیاندا بابەتێکی ناوکۆیی نییە قسەی لێبکرێت. هەر بەو پێوەرە تیۆری زانین گەشەیکردوە، بەڵام هەر لە باوەش و ئامێزی فەلسەفەدا ماوە، شانبەشانی لقەکانی دیکە، لۆجیك و مێتافیزیك، روخسار و ناوەڕۆك و میتۆدەی تایبەتی خۆی هەیە، میتۆدەیەك ئیتر بەلای لۆجیکدایە، کە بریتییە لە پێناسە، شرۆڤە و شیکردنەوەی چەمك و بابەتەکانی پاساودانی راستی و دروستی ئەو ئەنجامانەی پێیاندەگات. ئەو تیۆرییە لە زانیارییە هاوردەکانی زانینەوە DATEN هەنگاو هەڵدەگرێت بەرەو گەیشتنە دواقۆناغی مەبەستی پڕۆسەکە، ئینجا شیکردنەوەی مەرج، بنەما و مەرجییە پێشوەخت گریمانکراوەکان.

بەڵام سایکۆلۆجی (دەرونزانی) زانستێکی ئەزمونی رونکردنەوە و شرۆڤەکردنە145. بە پێچەوانەوە میتۆدەی ئیپستمۆلۆجی هەڵسەنگێنەر، رەخنەگر و بە پێی ئامانجی خوازراو لە زانین و نمونەی زانین بڕیار لەبارەی فاکتەرەکانی زانینەوە دەدات. لەلایەکی ترەوە لە کایەو دەڤەری فەلسەفەدا تیۆری زانین، بۆ مەبەستی توێژینەوە، لە پڕۆسەی رەخنەکردنی زانین جیادەکرێتەوە:

-تیۆری زانین دەکەوێتە نێوان لۆجیك و مێتافیزیك، هەر لەسەرەتاوە گریمانەی شیاوەکی و لە تواناداوونی زانین پەسەنددەکات، هەوڵدەدات سەرچاوە، سروشت، ئامڕازەکانی زانین، پەرەسەندن و گەشەکردنی زانینی مرۆڤ بکات بە کەرەستەی چالاکی توێژینەوەکە. مێتافیزیك بە هەمو روخسار، ناوەڕۆك، ئاڕاستە هەمەجۆر و جیاوازییەکانیەوە ناتوانێت دەستبەرداری ئەو بنەما بنەڕەتیانە ببێت، کە تیۆری زانین بۆ لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی ئامڕازەکانی

زانین و هەلومەرجە پێشینەکانی پرۆسەی زانین دەیانداتە دەست. تیۆری زانین لە هاوردەی کەرەستە لە دەوروبەرەوە، بەهۆی تێبینی و بیرکردنەوەوە، لەلایەکەوە رەنگی جیهانبینییێکی رێکوپێك دەرێژێت، لە لایەکی دیکەوە لە زانستەکاندا چەند چەمك و لەنێو هۆشدا کەرەستەی ئەوتۆ هەیە، کە بە دەستەواژەی زمان دەردەبڕدرێن، دەکرێت بکرێن بە کەرەستەی توێژینەوە، لەو چالاکییەدا پشت بە میتۆدەی شیکاری لۆجیکییانە و بنەماکانی دەبەستێت.

-لە پرۆسەی رەخنەکردنی زانیندا، شیاوەکی و توانایی سنوری زانین، دەکرێن بە کەرەستەی پرسیار. کارایی بنەما بنەڕەتییەکانی زانین و بایەخی ئیپستمۆلۆجیانەی چەمکە بنەڕەتییەکان شیدەکاتەوە و رەخنەیان دەکات لەو ئەرکەیدا مەبەستییەتی رەوایەتی هاندەرە هزرییەکان پشتڕاستبکاتەوە، ئەو هاندەرانەی، کە بە دەستەواژەی هەمەجۆر دەردەبڕدرێن.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت ئەوەیە، دەکرێت تیۆری زانین لە پرۆسە سەرەکییەکەیدا دوو رۆڵ بگێڕێت؟ ئەو پرسیارە لە خۆیدا جۆرە گومانێك لەبارەی ئەرکی رەخنەگری زانین دەوروژێنێت، چونکە رەخنەکردنی زانین لەخۆیدا ئەوە دەکات بە پێش مەرج، کە دەبێت ساغبکاتەوە و پاساویبداتەوە لەوەدا، کە ئەمە خۆی دەخوازرێ ببێت بە زانین.

**رێبازی گومان**

1-رێبازی گومان و گومانکردن، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفە لە یۆنان ئیتر بەشێوەی سادە و ساکاریش بووبێت لەئارادا بووە، خۆی دەکرێت بە دوو ئاڕاستەوە:

**-گومانی میتۆدەیی.**

**-گومانی رەها.**

وشەی گومان، لە هەر سێ وشەی ئەگەر، دڵکرمێ بوون و باوەڕپێنەکردن جیاوازە. خۆی لەوشەی یۆنانی- لاتینی SKEPTIZISMUS کەوتۆتەوە. رەهەندی ئیپستمۆلۆجی و رەهەندی لۆجیکی هەیە. لە رەهەندی یەکەمدا

گومانکار لەچوارچێوەی جیهانبینیە فەلسەفییەکەیدا، گوماندەکات بە بنەمای هزر و بیرکردنەوەی. زانینی راستی (هەقیقەت) و هەڵکەوتی راستەقینە (واقیع) دەخاتە نێو کەوانەی گومانەوە! گومان لە هێز و توانای زانینی مرۆڤ دەکات. باوەڕی بەوە نییە هەستەکان شایەدی باوەڕپێکراوی جێگەی دڵنیایی زانینێك بن دڵ ئاوی لێبخواتەوە.

لە رەهـەنـدە لۆجیکییەکەیدا هەمو جـۆرە بڕیار (حـوکـم) دانێك هەڵدەپەسێرێت و وایدادەنێت، کە لە توانایدا نییە و لە کردن نایەت، هیچ جۆرە بڕیارێکی بابەتی، گشتی راست و رەوان دەربارەی هیچ شتێك بە ئەرێ، یان بە نەرێ بدرێت146. ئەو هەڵوێستە - رەوشە بەرجەستەی بۆچوونی گومانی رەها دەکات، گومانێك سەرتاپاگیرە، ئامانجی دیاریکراوی نییە لەوە بەولاوە، کە گومانکردنەکە خۆی بووە بە مەبەست و ئامانج و گومانەکە تەنیا هەر لەپێناو گوماندا پیادەدەکرێت. بە پێچەوانەوە گومانی میتۆدەی وەك لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، گومانێکە بە مەبەستی توێژینەوە، لێکۆڵینەوە و گەیشتنە ئامانجی پێشوەخت دیاریکراو کراوە بە ئامراز. گومانەکەی فەیلەسوفی بەناوبانگ رینیە دیکارت لەو نمونەیەیە. ئەوی لێرەدا گرنگە باسبکرێت گومانی رەهایە! ئەو گومانە تا رادەی دڵکرمێبوون پێیلێهەڵگرتوە.

لەچوارچێوەی جیهانبینی سۆفستاییەکانی کۆنی یۆنان و بە تایبەتی لە بنەما رێژەییەکەیانەوە، کە مرۆڤیان کردوە بە سەرپشك گومانێکی سەرتاپاگیر سەرئاوکەوتوە و گۆرگیاس (483-357 پ.ز) لە سێ خاڵدا پوختەی ئەو پڕۆسەی رێبازی گومانی بەرجەستەکردوە:

**یەك: هیچ شتێك بوونی نییە.**

**دوو: خۆ ئەگەر شتێك بوونی هەبێت ناتوانرێت بزانرێت.**

سێ: ئەگەر بشزانرێت، ناکرێت و ناتوانرێت بۆ کەسانی تر بگەیەنرێت147.

ئەو جـۆرە گومانە- ئەگەرچی بە هیچ بنەمایەکی لۆجیك و ژیر - پاساونادرێتەوە، ئیتر خاوەنەکەی چۆن و بە چ شێوازێك لێکیدابێتەوە، پێشێلکردنی راستییەکە، کە ئەویش ئەوەیە سروشتی زانین لەوەدایە، کە بە

کەسانی دیکە بگەیەنرێت و بەهۆی زمانەوە بگوێزرێتەوە، ئینجا گومانیش لەوەدا نییە کولتور و شارستانێتی مرۆڤ بەو بنەمایە پشتئەستورە، کە زانین و بیروبۆچوونەکان دەستییاویانە توانای گواستنەوە و گەیاندنیان هەبێت.

چۆن دەکرێت ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، هاوکاری و کۆمەکی دەستیاوی لەنێوان مرۆڤدا قسەیلێبکرێت، ئەگەر زانین و بیر لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، زانست و کولتور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە نەتوانرێت بگوێزرێتەوە، کەواتا بۆچی مرۆڤ زمانی داهێناوە.

2-رێبازی سەرەکی گومان لە فەلسەفەی هیلینیستیدا لەلایەن پیرۆن (PYRRHON) (270-360 پ.ز) دامەزراوە، ئەو رێبازە بە رێبازی ئەگنوستی ناسراوە. وشەکە خۆی AGNOSTIZIMUS واتای نازانم دەبەخشێت لەوشەی گنوسی پێکهاتوە، کە ئاماژە بە زانین و بە پیتی A کەواتای ناکردن دەبەخشێت ناکرێتەوە. بەلای پیرۆنەوە وا پێدەچێت، بنەمای بنەڕەتی هەمو فەلسەفە و زانستێك کێشەی زانین بێت. زانین لە پەیبردن بە شمەك بە هەمو جۆرێکەوە بەولاوە شتێکی دیکە نییە، بەڵام زانینی ئەو شمەکە بۆ مرۆڤ لەتوانادا نییە. ئەو قسەیە رەتکردنەوەی بۆچوونی دۆگماتیسییەکانە، کەوایدادەنێن زانین، گەوهەری هەڵکەوتی راستەقینە بەهۆی ژیرەوە دەبێت و لەتوانادایە.

پیرۆن وایداناوە کە هەمو دەستەواژە بڕیارێك رێتیچوونە و لە مەزەندە بەو لاوە نییە. هەمو قسەیەك، گشت بڕیارێك دوولایەن هەڵدەگرێت ئەرێ، نەرێ، لەبار، نالەبار، پۆزەتیڤ، نیگەتیڤ. هەردوو لایەن وەك یەك پاساو دەدرێنەوە. دانایی لەوەدایە، مرۆڤ هیچ بڕیارێك بە باش، بە خراپ، بە ئەرێ و نەرێ نەدات و بڕیاردان هەڵپەسێرێت EPOCHE ئەم هەڵوێستە رەوشی رەزامەندی دەرونی مرۆڤ و ئاسودەیی لێدەکەوێتەوە، تەنانەت نابێت ئەو قسەیە وا تێبگەیشترێت، کە دوو بڕیاری جیاواز هەردووکیان وەکیەکن، راستن، بەڵکو دەبێت بڕیار نەدات کامیان راستن 148. ئەگەر مرۆڤ وردبێتەوە دەردەکەوێت، کە ئاسودەیی دەرون و بەختەوەری ئامانجی ژیانە. ئەو ئامانجە کاتێك دێتەدی، کە هیچ بڕیارێك بە هیچ بارێکدا نەدات. ئەگەر بەفری بینی نەڵێ ساردە، بەڵکو

بڵێ وا بۆمدەردەکەوێت سارد بێت. بەوپێیە و لەو جیهانبینیە گوماناوییەدا لایەنی ئاکار پشکی شێری بەرکەوتوە، کردارێکی چاك دەکرێت بەد بێت، هەمو شتێك بەرەو لەناوچوون دەچێت. چاکەکاری و بەدکاری بەردەوام نابن و نامێنن. ئەوی وا بزانێت، کە بەختەوەری و بەدبەختی وەك شتەکان بەردەوامدەبن بەهەڵەچووە. ئەگەر مرۆڤ لە بڕیاردان خۆی بە دورگرت و باوەڕی بەوە هێنا هەمو شتێك لە ناودەچێت و نامێنێت و خۆشی و ترسیش چارەنوسیان لە شتەکان چاکتر نییە، هەست بە ئاسودەیی دەرونی دەکات.

ئەگەر مرۆڤ ئەو پێوەرەی گومانکاران بەکاربهێنێت، دەبێت گومان لەو ئەنجامە بکات، کە لە هەڵوێستە بڕیارەکەیان کەوتۆتەوە. ئەوەی بە بەختەوەری و ئاسودەیی دەرونی دادەنێن، راستە ئەنجامن، بەڵام کەوتنەوەیان لەو رەوشەی ئەوان پێیان لەسەر داگرتوە جێگەی ئەگەر و گومانە. ئەو چەکەی ئەوان بەکاریانهێناوە بەرەو روی خۆیان دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بە قسەی ئەوان شتێك نەبێت پێیبوترێت راستی و راستەقینە، چۆن لافی ئەوە لێدەدەن، کە بنەمای جیهانبینیەکەیان دروستە. ئەگەر بڕیارو بۆچوونەکانیان راست بن، ئەوە راستیە، کەوابوو راستی هەیە! راستە رێبازی گومانکاری بە هەر لایەکدا هەڵبەسنگێنرێت و لێکبدرێتەوە بەشێکە لەو کولتورەی پرۆسەی نەسرەوتی ژیان دایهێناوە، بەڵام گومانی رەها، بڕوا نەبوون، بە هیچ بنەمایەکی ژێر پشتڕاستناکرێتەوە. بە پێچەوانەوە گومانی میتۆدەیی، ئامرازێکە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو هەنگاوێکی گرنگە، دەبێت لەسەر رێگەی توێژینەوەی زانستیدا هەڵبگیرێت.

### رێبازی ئەزمونی

وشەی ئەزمون لەجیاتی (تەجرەبە)ی عەرەبی و (EMPIRIE)ی یۆنانی-لاتینی بەکارهێنراوە. خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بە رێبازێك لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا. ئیمپیریزم بەرامبەر بە هەردوو چەمکی ژیرەکی RATIONALISM و چەمکی پیشیینانە APRIORISM دادەنرێت، کە دوو ئاڕاستەی ترن و بە تەواوەتی بە پێچەوانەی رێبازی ئەزمونیەوەن.

جۆن لۆك داهێنەری تیۆری زانین وەك لقێكی سەربەخۆی فەلسەفە بەڕابەرێكی ڕێبازی ئەزمونی ئینگلیز دادەنرێت. بەلای ئەو فەیلەسوفەوە مێشكی مرۆڤ لاپەڕەیەكی سپییە ئەزمونی ژیانی رۆژانە شتی لەسەر تۆماردەكات، هەر ئەو خۆی وتوویەتی شتێك نییە لە مێشكی مرۆڤدا ئەگەر پێشتر بە ئەزمون، بە هەستەكاندا تێنەپەڕیبێت، بۆیە شارەزایی، ئەزمون، هەستەكان سەرچاوە و ڕێگەی راستەقینەی گومان هەڵنەگری زانینی مرۆڤن. ئەو هەڵوێستە بۆتە مایەی ئەوەی:

-هێرشبكەنە سەر ڕێبازی ژیرەكی و پێشییانە.

-گومان لە بوونی زانینێكی ژیرەكی بكەن، ئەگەر پشتئەستور بە شارەزایی نەبێت149.

ناكرێت ژیـری بێگەرد بە تەنیا، بیركردنەوەی ژیرەكی سەرچاوەی زانین و تێگەیشتن و بۆچوون و بڕیار (حوكم) دان و راستی بابەتی بن. بەهۆی بیركردنەوەی رووت ناكرێت و ناشێت بوونی هەڵكەوتی راستەقینە REALITÄT پشتڕاستبكرێتەوە. هەمو جۆر و شێوازەكانی بیركردنەوە، ئەگەر بخوازرێت بە بوونی بابەتییانە پەیببرێت، توندوتۆڵ بە شارەزاییەوە بەندن. زانین بەروبوم و بەرهەمێكی شارەزاییە، ناوەڕۆكی زانینیش سروشتی ئەزمونی هەیە و لە تاقیكردنەوەوە كەوتۆتەوە و بەهۆی ئەوەوە ساغ و پشتڕاستدەكرێتەوە. بڕیارێك، كە بدرێت كاتێك خەسڵەتی بابەتیانەی دەبێت و بە راست دادەنرێت ئەگەر شارەزایی ساغیبكاتەوە. ئەوی پێی دەوترێت بیرۆكەی پیشییانە و زگماك بوونیان نییە، ئەوی هەیە و بەهۆی پڕۆسەی پەتیكردنەوە (ئەبستراكت) رەنگیڕێژراوە، دوای ئەوەی ناوەڕۆكەكەی لە روخسارەكەی لە بیرو مێشكدا جیاكراوەتەوە و وێنەیەكی لێكەوتۆتەوە. وەنەبێت ئەو ئاڕاستەیە رۆڵی تێگەیشتن و ژیر بەهەندنەگرێت. بەپێچەوانەوە بۆ هەر یەكێكیان ئەرك و فەرمانی دیاریكراوی دەستنیشانكردوە. بە پڕۆسەیەكی پەتیكردن، جگە لەبیرۆكەی پیشییانە، ئینجا بەهۆی ئیندەكشنەوە بیرۆكە گشتییە هەمەكییەكان و بنەما بنەڕەتییەكان لە كەرەستەی هاوردەی ئەزمون و شارەزاییەوە رۆدەنرێن

له مێشك، تێگەیشتن و فامدا شتێك بوونی نییە، ئەگەر لە تێبینی، شارەزایی و هەستەکانەوە نەکەوتبێتەوە. بیر، ژێر ناوەڕۆکی ئەزمون و شارەزایی-داتا-بەیەکەوە گرێدەدات و پێکەوە رێکییاندەخات و چەمك و بابەتەکانی زانین رەنگدەڕێژێت، بەڵام ئەم کارە هیچ کاتێك بە تەنیا و بە بێ کۆمەکی ئەزمون لە کردن نایەت. بیر کار لەسەر کەرەستەی هاوردەی هەستەکان دەکات و لە ئەنجامدا زانین پەیدادەبێت. کەوابوو لەو پرۆسەیەدا کۆمەکی دەستیاوی لەنێوان هەردووکیاندا هەیە و هەر بەهۆی ئەو کارە هاوبەشەوە چەمکەکان و ئاستە جۆر بە جۆرە پەتییەکان پەیدادەبن.

ئەو رێبازە وەك هەمو رێباز و لقەکانی دیکەی فەلسەفە چەندین کێشە پرسیاری وروژاندوە و وەڵامیداونەتەوە و یەکلاییکردنەوە، بەڵام لە لای خۆیەوە چەند پرسیارێکی دیکە، لەچوارچێوەی جیهانبینیەکەیدا وروژێنراون بە کراوەیی ماونەتەوە. بۆ نمونە:

-چۆن بوونی بیرۆکەی زگماك لە مێشکدا لێکدەدرێتەوە.

-ئایا مرۆڤ ئەوەی دەیزانێت و پەیپێدەبات دەوروبەرە، یان بیروبۆچوونی خۆیەتی، کە لەبارەی دەوروبەرەوە رەنگیڕشتوە؟!

-چۆن دەستەبەری ئەوە دەبێت، کە زانینەکەی بەڕاستی دەوروبـەر و شمەکی دەرەکی دەردەبڕێت و ئەوە نییە بەخۆی لە مێشکی خۆیدا دەربارەی دەوروبەر نەخشاندویەتی و وێنایکردوە؟!

مرۆڤ دەتوانێت بونەوەرێك لەمێشکدا وێنابکات و بە پرۆسەیەکی پەتیکردنی هزری (ئەبستراکت) هەمو خەسڵەت و تایبەتمەندیەك لەو بونەوەرە بستێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت ئەو بونەوەرە وا وێنابکات، کە لە جێگەیەکدا نییە و لە کاتی دیاریکراودا بوونی نییە. ئەو بیرۆکەی جێگە و کاتە چۆن لە مێشکدا پەیدابووە؟.

ئێمە شت لەبارەی دەوروبــەرەوە دەزانین و بە زمان- دەستەواژە ئەو بوونە دەردەبڕین! جارێکی تر ئەو پرسیارە سەرئاودەکەوێتەوە: ئایا ئێمە بەو دەستەواژانەی زمان زانینمان دەربارەی دەوروبەر دەردەبڕین، یاخود

بیروبۆچوونمان بەهۆی ئەو دەستەواژانەوە لەبارەی شمەکەکان دەریاندەبڕین؟!

راستییەکی گومانهەڵنەگرە، هەستەکان بە پێی رەوشی مرۆڤ و کات و جێگە گۆڕانیان بەسەردادێت، بۆیە ئەوەی مرۆڤ دەیزانێت مەرج نییە بە تەواوەتی وێناکردنی راستەقینەی جیهانی نامن (دەوروبـەر) بێت، بەڵکو وێنەیەکە بەو جۆرەیە، کە مرۆڤ خۆی دەربارەی دەوروبەر نەخشاندویەتی!! ئەوی دەریدەبڕێت شمەکی دەرەکی نییە، بەڵکو ناخی دەرون و ناوەڕۆکی وێنابکرێت و مێشکی خۆیەتی و جیهانی دەوروبەر هەمیشە بە نهێنییەکی حەپەسێنەر دەمێنێتەوە! هەرچییەکبێت ئەو رەخنانەی رکابەرانی لە رێبازی ئەزمونی دەیگرن و ئەو گازندانەی دەکرێن لە بنەما بنەڕەتییەکانیدا لە بازنەی راستی ناچنە دەرەوە. مرۆڤ دەتوانێت دەربارەی شتێك بە دەستەواژە زانینی خۆی دەرببڕێت، ئەگەر لەبارەیەوە زانینی هەبێت، ئەو زانینە لە پەیوەندی بوون لەنێوان ئەو کەسەی هەوڵی زانین دەدات و ئەو شتەی دەزانرێت دەکەوێتەوە، ئەو پەیوەندی بەریەککەوتنە لە شارەزایی و ئەزمون ERFAHRUNG بەولاوە شتێکی دیکە نییە. ناکرێت مرۆڤ لاف لێبدات بڵێ لەبارەی ئەو شتە زانینم هەیە و دەیزانم بە بێئەوەی بە جۆرێك لە جۆرەکان بەریکەوتبێت و پەیوەندی پێوەکردبێت. لێرەوە رۆڵی هەستەکان سەرئاودەکەوێت! ئەوی مرۆڤ دەیزانێت، بێ چەند و چۆن لە شارەزایی و ئەزمونەوە پەیدادەبن و سەرچاوەدەگرن. شارەزایی، ئەزمون، دەکرێن بە دوو جۆر:

-شارەزایی دەرەکی، کە لە تێبینیکردن و زانینی هەستەکی پێکهاتوە.

-شارەزایی ناوەکی، کە مەبەست ناخی مرۆڤە و لە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی هەست و هۆشیاری و بیرکردنەوە و وەبیرهاتنەوە و ئەنجامگیری پێکدێت. تەنانەت لە هەردوو رەوشدا زانینی دەوروبەر، یان وردبوونەوە لە ناخ ناتوانرێ سنوری شارەزایی و ئەزمون ببەزێنێت!

دورنییە بوترێت جاروبار هەستەکان، تێبینی بە هەڵەدەچن، ئەوە راستە! بەڵام هەڵەیەك، جارێك هەستێك بیکات بە هەستێکی دیکە راستدەکرێتەوە، ئینجا زانین پرۆسەیەکی درێژخایەنە و بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، تاوەکو

دواروخسار و ناوەڕۆکی خۆی پێدەبرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گومان لەوەدا نییە، کە شارەزایی (ئەزمون) و ژیر هەردووکیان دوو توانان مرۆڤ هەیەتی و پێیبەخشراوە.

ئەو پرسیارە جارێکی دیکە سەرئاودەکەوێتەوە:

ئایا دەکرێت بوترێت راستییە زگماکییەکان لە مێشکدا هاوکێشەکانی بیرکاری (ماتماتیك) بنەما بنەڕەتییەکانی ئاین دەربارەی رەب، باوەڕ و سروشت، بنەما، رێنماییەکانی ئاکار و رەوشت لەشارەزایی ژیانی رۆژانە، ئەزمون و تاقیکردنەوەوە کەوتونەتەوە.

## رێبازی ژیرەکی

هەر وەك لە ناونیشانەکەوە دەردەکەوێت ئەو رێبازە لەسەر کارایی و رۆڵی ژیر لە پڕۆسەی زانیندا پێدادەگرێت. ئەو پێداگرتنە لە سێ بەرەدا بەرجەستە بووە:

یەك: ساغیبکاتەوە ئەو زانین (داتا) و زانیارییەی لە رێگەی هەست و تێبینییە هەستیەکانەوە بە دەستدێن، تەمومژاوین، دەگۆڕێن، وردنین و تەفرەدەرن، بە پێی رەوشی خودی مرۆڤ دەگۆڕێن و راستی نادەنە دەست و بە دروستی هەڵکەوتی دەوروبەر دەرنابڕن و بەرجەستەی ناکەن، جگە لەوەی هەستەکان بە پلە لە ژێر ژیرەوەن.

دوو: هەمو زانینێك، کە بەڕاستی خەسڵەتی زانینی راستەقینەی هەبێت لەژیرەوە دەکەوێتەوە و لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرەڕایی ئەوەی هەمو مرۆڤێکی ئاسایی چەند بیرۆکەیەك لە ناخ و مێشکیدا هەیە، کە بە رێگەی ئەزمون و شارەزاییەوە دەستگیری نەبوون، بەڵگو زگماکن150.

سێ: چەند بیرۆکەیەك لە مێشکی مرۆڤدا هەن، ئەگەر مرۆڤ نەزانێت و تێنەگات بە چ بارێکدا ئەو بیرۆکانە لە ئەزمونەوە کەوتوونەوە، ئەوا ئەو راستیە گومانی لێ ناکرێت، کە ئەوان تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەمەکی- گشتی و ناچارییان هەیە و ئەو خەسڵەتانە فڕیان بەسەر ئەزمون و شارەزاییەوە نییە!

بۆیە ناکرێت بوترێت هەستەکان- ئەزمون و شارەزایی تاکە سەرچاوەی زانینن.

-ئـەگـەر مـرۆڤ سەرنجی مێژویی پەرەسەندنی فەلسەفە و ئەو رێبازە سەرتاپاگیرانەی بدات هەر لە ئەفلاتونی یۆنانییەوە، تاوەکو هیگڵ رەنگیانرێژراوە، داهێنانی ئەو فەیلەسوفانە بووە، کە ژیریان کردوە بە سەرپشك، تەنانەت سەرتاپاگیرترین رێبازەکانی مێتافیزیك بە رێگەی ژیرەوە پەیدابوون. بگرە مێتافیزیك و رابەرانی مێتافیزیك رابەرانی رێبازی ژیرەکی بوون. ئەوان بوونیان کردوە بە دوو بەش:

-جیهانی دیـاردە، کە جیهانی راستەقینە نییە SCHEIN زانینەکەی پەیوەستە بە هەستەکانەوە.

-جیهانی راستەقینە، ئەمە جیهانی ژیرە و هەر ئەوەش بوونی راستی (هەقیقەت) ی ژیری پشتڕاستدەکاتەوە. تەنانەت ئەو زانینە پێشییانەیە APRIORIE بە هیچ جۆرێك پشت بە شارەزایی و ئەزمون نابەستێت. راستیە هەمەکییە- گشتیەکان کەرەستەی ئەو پاوانەن و راستییەکانی لۆجیك و بیرکاری دەخرێنە ئەو خانەیەوە. زانین بەلای رابەرانی ئەو ئاڕاستەیەوە وێنەیەکە مرۆڤ لە مێشکیدا دەربارەی هەڵکەوتی دەوروبەر دەینەخشێنێت. ئەو وێنەیە مرۆڤ خۆی کێشاویەتی، بگرە هەر خۆیشی بەوکارە فۆڕم بە دەوروبەری هەڵکەوت دەبەخشێت، چونکە لەو وێنەیەی دەوروبەردا (WIRKLICHKEIT) سروشت و خەسڵەتی داهێنەرەکەی لە نێو هۆشدا پێدراوە. ئەوەیە مەبەستی فەیلەسوفی ترانسندێنتاڵی ئەڵمانی ئیمانویل کانت، کە وتویەتی: ئەگەر مرۆڤ چاویلکەیەکی شوشە کەسکی لەچاودا بێت هەمو شتێك بە سەوز دەبینێت. هیچ ئەگەرێك هەڵناگرێت ئەو کەرەستە هاوردەیەی زانینی مرۆڤیان لێپێکدێت، روخسار و فۆڕمێکیان بەبەردادەکرێت، کە هۆشی مرۆڤ خۆی دیار و دەستنیشانیان دەکات. ئەو فۆڕم و روخسارانە چەند چەمکێکن بە وتەی کانت چەمکی کات، جێگە، چەمکی هۆکار و ئەنجام (هۆیەکی). ئەو شتەی نەکرێت و نەتوانرێت ئەو روخسارە چەمکانەیان پێببرێت و بە بەردا بکرێت، هەمیشە بە ناڕونی و تەمومژاوی دەمێنێتەوە و ناتوانرێت بزانرێت ئەوە (شتە لەخۆیدا).

-هێزو توانای ژیر گومانهەڵنەگرە و ئامڕازێکی کارایی شیکردنەوە، تاوتوێکردنی بیروبۆچوون و بـاوەڕی مرۆڤە، هەر بەهۆی ئەو ئامڕازەوە دەتوانرێت بیروبۆچوونی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕێکوپێکی لۆجیکیانە ڕێکبخرێت، بۆیە مامۆستای یەکەم ئەرستۆ نا هەقی نەبووە، کە مرۆڤی بە زیندەوەرێکی ژیر داناوە. ئەگەر ژیان و زیندویی ڕەگەزی مرۆڤ دیار و دەستنیشان بکەن، ئیتر ژیر ئەو جیاکارەیە، کە لە زیندەوەرانی تر جیایدەکاتەوە. لەو سۆنگەیەوە رابەرانی ئەو ئاڕاستەیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە مرۆڤ لە توانایدا هەیە بە تیشکی ژیر چەندین راستی گرنگ و بنەڕەتی دەربـارەی هەڵکەوتی لە ئارادا بوو، دەربارەی سروشتی تێگەیشتنی مرۆڤ و سروشتی گەردون بزانێت، سەرەڕایی ئەو شتانەی دەچنە خانەی زانینی پێشییانەوە (APRIORIE) لەگەڵ هەندێك بنەمای لۆجیك وەك بنەمای خۆیەتی و بێ ناکۆکی.

-دوو بابەت خاڵی سەرەکی جیهانبینی ڕێبازی ژیرەکی پێکدەهێنن، دەکرێت بە خەسڵەتی جیاکاریان، لە چاو ڕێبازەکانی دیکەدا دابنرێن، چونکە بوونەتە مایەی ئەوەی جودا بیرو ڕکابەرەکانیان لێیان بچنە سەنگەرەوە:

**یەك: بیرۆکەی زگماك.**

**دوو: زانینی پێشییانە.**

ئەگەر خاڵی یەکەم ئەو بیرۆکانە بن، کە مرۆڤ لەگەڵ لە دایکبوونییەوە لەمێشکیدا هەبوو بن و چەند راستیەکی بنەڕەتین و دەرفەتی هیچ ئەگەر و گومانێك نەدەن، زانینی پێشییانە ئەوەیە، کە دور لە رۆڵی هەستەکان مرۆڤ دەتوانێت پێیبگات. ئەو بڕیارەی ئەم ڕێبازە جۆرە رەوشێکی ناچاری لێدەکەوێتەوە، کە بە بنەماکانی ئەزمون پشتڕاست ناکرێتەوە.

راستە هێزو توانای فێربوون لە مرۆڤدا زگماکە، بەڵام بەڵگە و بیانوە ژیرەکییەکان هەر چۆنێکبێت، زانین بەبێ هەست و تێبینی وەك کەرەستەیەکی سەرەتای لە کردن نایەن.

-سەرنجڕاکێشان بۆ رۆڵ و بایەخی بیر و تێگەیشتن لە پڕۆسەی زانیندا وەك دەستکەوتێك بۆ ئەو رێبازە تۆمارکراوە. بە بێ بیر و بیرکردنەوەی لۆجیکییانە ناکرێت، قسە لە زانینی راست و بابەتیانە بکرێت. لە هەستکردن و بۆچوونەوە کەوتنەوەی زانینی دروست و گومانهەڵنەگر لەتوانادا نییە. زانین بەرهەمی چالاکییەکی کار و ئەکتیڤی بیرو بیرکردنەوەیە. ئەو بیرکردنەوەیەی کار لەسەر ئەو کەرەستە خاوە دەکات، کە بە رێگەی هەست و ئەزمون و شارەزاییەوە هاوردە کراوە، بەڵام ئەو راستییەش ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت، کە ژیری مرۆڤ ئەو هێزو توانایەیە، کە ئەو چەمکانەی بۆ زانینی هەمو بونەوەرێك پێویستن خۆی دایاندەهێنێت و پشت بە شارەزایی نابەستێت، ئینجا تەنیا خۆی و پشتئەستور بە توانای خۆی، نەك بە رێگەی ئەزمون و شارەزاییەوە، بەبوونی راستەقینە دەگات. هەر ژیرە، کە بەهاو نۆرمەکانی خۆی، کە مایەی پەرەسەندنی گیانی مرۆڤن و وشیاریان لێپێکدێت و جیهانی بیر بەرهەمدێنن، دادەهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، راستییەکی رەوانە، کە زانین تەنیا بە رێگەی شارەزایی و ئەزمونی رووتەوە دەستگیرنابێ و خەسڵەتی دڵنیاییکردنی تەواوەتیش، کە بنەمای بنەڕەتی زانینی بابەتییە بە تەنیا لەناوەڕۆکی ئەزمونەوە ناکەوێتەوە151، بەڵام بە بێ ئەزمون و شارەزایی هیچ جۆرە زانینێك لە ئارادا نابێت. لەو جێگەیەی سنوری ئەزمون و شارەزایی دەبەزێنرێت لەوێ بیر و هزری مێتافیزیکی دەستپێدەکات. ئەو رەخنەیەی لە رێبازی ژیرەکی دەگیرێت، ئەوەیە، کە لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان شارەزایی-ئەزمون لەگەڵ بیرو ژیر سەرکەوتو نەبووە. لە کاتێکدا ئەو هێزە بە بێ هاوکاری یەکتری هیچ ئەنجامێکی خوازراو دەستگیرنابێت، ئەو رێبازە لە هەڵسەنگاندنی ژیردا زیادەڕۆیی کردوە و رۆڵی شارەزایی و ئەزمونی بە کەمتر داناوە و خستویەتییە ژێر ژیرەوە.

**ڕێبازی ڕیالیزم**

وشەی لاتینی REALISM، کە لێرەدا بەکارهاتوە بەرامبەر بە وشەی عەرەبی (واقیعیەت) بەکارهاتوە. ئاماژە بە ئاڕاستەیەکی تیۆری زانین دەدات، کە پتر بەلای ڕێبازی ئەزمونیدایە و لەو جیهانەی تێیدا فەلسەفە بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە و گەشەیکردوە بڵاوبۆتەوە. خۆی لە دوو بەش پێکهاتوە:

-**ریالیزمی ساکار.**

-**ریالیزمی ڕەخنەگری.**

بە پێی سەرچاوەکان، ئەو بەرهەمانەی رابەرانی ئەو ڕێبازە بڵاویانکردۆتەوە، هەردوو ئاڕاستەکە لەچوارچێوە گشتیەکەیدا یەکدەگرنەوە، کە بریتیە لە:

-بەگژداچوونەوەی هەمو جۆرەکانی ڕێبازی ئایدیالیزم.

-پێداگرتن لەسەر زانین و پەیپێبردنی هەستەکی، بە هەندگرتنی رۆڵی ئەزمون.

-شتومەکی دەرەکی، جیهانی دەوروبەری هەڵکەوت، بوونی راستەقینەی هەیە و ئەو بوونە بە خودی پەیبەر، بە تێبینیکردن و زانینی هەستەکی و هۆش و هۆشیارییەوە پەیوەست نییە و لەسەر بڕیاردان بە ئەرێ و نەرێ پەکی نەکەوتوە. مرۆڤ هەبێت و نەبێت جیهانی دەوروبەر بوونی راستەقینەی (ریالیستی) خۆی هەیە. بەو قسەیە ئەو ڕێبازە بنەماکەی بێرکلی رەتدەکاتەوە، کە بوونی شمەکی بە پەیپێبردنەوە پەیوەستکردبوو. بوون بە هەمو جۆرەکانییەوە لە دەرەوەی هۆش و هەستەکاندایە، بەڵام ئەو بوونە خۆی، شمەکەکان خۆیان هۆکاری وروژاندنی پەیپێبردن و تێبینیە هەستەکییەکان و بابەت و کەرەستەی زانینی بابەتین.

بیروبۆچوونی مرۆڤ بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەدات، کە شمەکی جیهانی دەوروبەر بوونیان لە دەرەوەی ئێمەدایە. ئەو بوونە هەردوو ئاڕاستە لە یەکتری جیادەکاتەوە. بەلای ڕێبازی ریالیزمی ساکارەوە ئەو بوونە بوونی ئاساییە و

گومانهه‌ڵنه‌گره‌، به‌ڵام به‌لای ریالیزمی ڕه‌خنه‌گرییه‌وه‌ ئه‌و بوونه‌ له‌ دیارده‌ به‌و لاوه‌ نییه‌. لێره‌وه‌ ده‌رده‌كه‌وێ، كه‌ جگه‌ له‌و خاڵه‌ ناوكۆییه‌، كه‌ هه‌ردوو ڕێبازه‌كه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ كۆده‌كاته‌وه‌ له‌ ورده‌كارییه‌كاندا له‌یه‌كتری ده‌ترازێن و جیاده‌بنه‌وه‌.

بوون له‌ده‌ره‌وه‌ی مرۆڤ هه‌ردوو ئاڕاسته‌كه‌ به‌ دوو لادا لێكیده‌ده‌نه‌وه‌:

یه‌ك: ئه‌و بوونه‌ ده‌ره‌كییه‌، شانبه‌شانی له‌شی مرۆڤه‌كان، له‌ جێگا و كاتی دیاریكراودا هه‌یه‌.

دوو: سه‌ربه‌خۆییه‌ و په‌یوه‌ست به‌ بوونی ئێمه‌وه‌ نییه‌، له‌ كاتێكدا په‌یبردنی هه‌سته‌كی و تێبینییه‌كانی مرۆڤ به‌رده‌وام نین و پچڕپچڕن و دابڕان له‌ نێوانیاندا هه‌یه‌، بوونی شمه‌كی ده‌ره‌كی به‌رده‌وام و هه‌میشه‌ییه‌ و مرۆڤ بیزانێت و نه‌یزانێت هه‌ر هه‌یه‌ و خۆ ئه‌گه‌ر خودی زانه‌ر و هۆشی په‌یبه‌ر له‌ ئارادا نه‌بن ئه‌و بوونه‌ ده‌ره‌كییه‌ له‌ بوون ناكه‌وێت و به‌رده‌وام له‌ بووندا ده‌بێت152.

ئاڕاسته‌ی ریالیزمی ره‌خنه‌گرانه‌ له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌مه‌ریكا، له‌چوارچێوه‌ی ڕێبازی ئه‌زمونیدا له‌لایه‌ن حه‌وت فه‌یله‌سوفه‌وه‌ به‌ردی بناغه‌كه‌ی دانراوه‌:

دره‌یك، له‌فجۆی، پرات، روجرز، سانتیانا، سیله‌رز، سترۆنگ. به‌لای رابه‌رانی ریالیزمی ساكار سروشتی شمه‌ك هاورده‌ی هه‌سته‌كانی لێپێكدێت و ئه‌و هاورده‌ هه‌ستییانه‌ بونه‌وه‌ری راسته‌قینه‌ی سروشتین. ئه‌و په‌یپێبردنه‌ له‌خۆیدا پڕۆسه‌یه‌كی راسته‌وخۆیه‌ به‌هۆیه‌وه‌ ئه‌و داتایانه‌ به‌ ده‌ستدێن، كه‌ ده‌بن به‌ پشكێكی زانین، به‌ڵام رابه‌رانی ڕێبازی ره‌خنه‌گری له‌و بۆچوونه‌ نیگه‌رانن و وایداده‌نێن، كه‌ هاورده‌كانی په‌یپێبردن شته‌ سروشتییه‌كان نین، به‌ڵكو وێنه‌ی له‌به‌رگیراوه‌ی (كۆپی) ئه‌وانن، به‌ڵكو هاورده‌كانی هه‌ست وێنه‌یه‌كن له‌و بابه‌ته‌ جیاوازن، كه‌ گریمانه‌ی ئه‌وه‌ده‌كرێت وه‌ك ئه‌و بن. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا جیهانی ده‌ره‌وه‌ی ئێمه‌، بوونی بابه‌تی سه‌ربه‌خۆی هه‌یه‌، كشان و درێژبوونه‌وه‌ و سروشتی جێگه‌ی هه‌یه‌، په‌یوه‌ندی جۆراوجۆر به‌شه‌كانی به‌یه‌كه‌وه‌ به‌ستۆته‌وه‌، به‌ پێی بنه‌مای

هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) شمەکەکانی هاوبەندی لەنێوانیاندا هەیە. ئەو دانپێدانان و بڕیارەی ریالیزمی ساکار لەو راستیە کاڵناکاتەوە، کە بەرامبەر بەو جیهانەی دەوروبەر ناوەڕۆکی هەست و بیرو هۆشی هەیە، بەڵام ئەو بوونەی جیهان پابەندی خواستی مرۆڤ نییە، کە شت دەزانێت و دەخوازێت بزانێت، ئیتر پەکی لەسەر بوون و بوونی خودی مرۆڤ و چالاکی پەیپێبردن و تێبینیکردن نەکەوتوە، بەڵام ناکرێت لایەنگیری ئەو رێبازە لاری لەوە هەبێت، کە ناکرێت مرۆڤ بەهۆی هەستێکی خودی مرۆڤەوە بڕیاری بوونی شمەکی دەرەکی بدات، مرۆڤ ناتوانێت بە سایەی بنەمای هۆیەکییەوە هەڕەمەکییانە و بێئاگا بڕیاربدات، گوایە هەست و تێبینییەکان ئەنجامی کارایی بابەتەکانن لەسەریان، بەڵکو لە چالاکی پەیپێبردن و تێبینیکردنەوە راستەوخۆ دەکرێت بڕیار لەسەر ئەوەی هەست بە بوونی کراوە بدرێت، کە شمەك و بابەتی سەربەخۆییەوە، ئینجا دوای ئەو بڕیارەی بوونی بابەتەکان دەکرێت چالاکی و کاری هەستپێکردن و بۆچوونەکان لە بابەت و شمەکەکان جیابکرێنەوە.

-ئەگەر رێبازی ژیرەکی نەیتوانیبێت، یان نەیویستبێت رۆڵی هەست و ئەزمون بەپێی پێویست (پڕ بە پێستی خۆی) هەڵبسەنگێنێت، ئەوە ریالیستەکانیش سەبارەت بە رۆڵی ژیر هەمان گازندە دەکرێن و هەمان تۆمەت دەخرێتە پارسەنگیانەوە.

فەلسەفە ئەگەر وروژاندنی پرسیاری کێشە ئامێز بێت، ئەو ئەرکە پێویستی بە پاساودان، سەلمێنە و ساغکردنەوە هەیە. راستە داننان بە بوونی سەربەخۆی جیهانی دەوروبەر لەخۆیدا هەنگاوێکی بوێرانەیە، بەڵام ئەو داننانە پێویستی بە ساغکردنەوە هەیە. کانت ناهەقی نەبووە، کە وتویەتی بەڵگەی ساغکردنەوەی بوونی بابەتێك چەندە زانستی و بەهێزبێت، پێچەوانەکەی لەو کەمتری نییە!

# تیۆری زانین
# چەمك و بابەت

ئەگەر رابەرانی تیۆری زانین (ئیپستمۆلۆجی) دەربــارەی ئاڕاستەو ڕەهەندەکانی ئەو لقە سەرەکییەی فەلسەفە لەنێو خۆیاندا لە یەکتری جیاوازبن، دەربارەی بەکارهێنان، مەبەست، ناوەڕۆکی بابەت و چەمکەکانیان-کۆڕی ڤییەنای لێ بەدەربێت- بە شێوازێك کۆکن و لەگەڵ یەکتریدا دێنەوە.

ئەو چەمك و بابەتە هەمەڕەنگانە، هەر لەسەردەمی جۆن لۆکەوە، کە دامەزرێنەری تیۆری زانینە، گۆڕانی ئەوتۆیان بەسەردانەهێنراوە ببنە مایەی ئەوەی ئەو تیۆرییە سنوری تایبەتی خۆی ببەزێنێت و روخسار و ناوەڕۆکی دیکەی پێببەخشرێت.

تیۆری زانین وەك لۆجیك، بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە ئاستی زانست بە واتا گشتییەکەی، لە گریمانەیەکی دیار، دەستنیشانکراو دەستپێبکات و بە هەنگاوی رێکوپێك لەچوارچێوەی پرۆسەی توێژینەوەدا، بگاتە ئەنجامێك، بەو مەرجەی لەگەڵ دەستپێکەکەدا ناکۆك نەبێت، وا پێویست دەکات، ئەو کەرەستە و بابەتەی توێژینەوەیان لەسەر دەکات، لەسەرەتاوە پێناسەیان بکات، بۆئەوەی رونبێت ئەو ئەرکەی گرتویەتییە ئەستۆی و سەرگەرمی کار لەسەر کردنییەتی چییە و چۆنە؟ چ پرسیارێك بکات و چ کێشەیەك وروژاوە و چاوەڕێی یەکلاییکردنەوە دەکات؟ بە چ بار و لایەکدا وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە؟!

ئەگەرچی ئەو پرسیارانە لەسەرەتای سەرنجدانیاندا پتر بەلای گریمانەدا دێنەبەرچاو، بەڵام پوختە و سروشتی ئەو بابەتەیان لێ پێکدێت، بابەتێك، کە لەم سەردەمەماندا جێگەی بە رامانی مەزندەیی لەقکردوە و شانبەشانی لۆجیك لە ناوەڕۆك و روخسارە مۆدێرنەکەیدا پێکەوە دەستیان بە دامێنی زانستەوە گرتوە. زانستێك بە هیچ جۆرێك هەڵوێستی بەرامبەر بە فەلسەفە لە هەڵوێستی لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاست و سیاسەتی سەردەم رونتر نین. گرنگترین چەمکێك، کە لە تیۆری زانینی مۆدێرندا بەکاردەهێنرێن و تانوپۆی چالاکی ئەو لقە پێکدەهێنن ئەمانەن. راستە چەمك خۆی لە بۆچوونێك، کە ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی هەیە بەولاوە نییە، بەڵام جۆرێکە لە ئامڕازی بیرو بیرکردنەوە وەك سیمبۆڵێك رۆڵی دیاریکراوی پێسپێردراوە. رۆڵی ئاماژەدان بە شمەکی دەوروبەر، کە لە چەمکەکەدا خەسڵەتەکانی بە تێکڕایی بەرجەستەدەبن:

**چەمکی زانین**

1-لە ژیانی ڕۆژانەدا، مرۆڤ هەستیپێبکات یان نا، چەند جارێك وشەی زانین و ناکردنەکەی بەکاردەهێنێت. ئەو وشەیە چ واتایەك دەگەیەنێت، چ پەیوەندیەکی بە پەیپێبردن و ناسین و ناسینەوە هەیە؟ ئایا ئەمە ڕەوشە یان پڕۆسەیە؟ زانین لەخۆیدا کۆی چەند پەیپێبردنێکە، کە لەبیرۆکە، واتا و پەیوەندی پێکدێت. ئەو زانینە بەهۆی ئامرازێکەوە، کە زمانە دەریدەبڕێت و ئەو ئامرازە لە چەند چەمك و بیرۆکە و بیروبۆچوون دەربارەی جیهانی دەوروبەر بە هەمو پێکهاتەکانییەوە، پێکدێت و بە ڕستە و دەستەواژە شتدەردەبڕێت، بۆیە وتراوە زمان دەفری زانینە. زانین وەك پڕۆسەیەك لەو لایەنانە پێکدێت:

-خۆیەك کە شت دەزانێت و پشت بە هێز و توانای هەستەکان و ژێر دەبەستێت.

-ئەو شتەی کە دەزانرێت و لە دەرەوەی خۆی مرۆڤدایە.

-پڕۆسەی زانین، کە بەهۆیەوە وێنەیەك لە مێشکی مرۆڤدا دەنەخشێنێت.

بەو پێیە زانین لە سێ ڕەهەندی سەربەخۆ و لە هەمانکاتدا توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراو و هاوکار پێکهاتوە:

بوونی کەرەستە و بابەتی دەرەوەی خۆ، پەیپێبردن بە بوونی ئەو کەرەستانە، ڕشتنی ڕەنگی وێنە و ڕۆنانی بیروبۆچوون بەهۆی ئامڕازەکانی شت زانینەوە. وەنەبێت ئەو پڕۆسە سێ لایەنییە: (مادە، هەست، بیر) کارێکی میکانیکی کامێرائاسایی بێت، بەڵکو چالاکییەکی ڕێکوپێکی فیزیۆلۆجی ئۆرگانی ئامڕازی ژیرو فام و دەرونییە، ڕۆڵی داهێنەرانەی مێشکی مرۆڤ لەوەدا بەرجەستەدەبێت، ئەو کەرەستە و داتایەی بەهۆی هەستەکانەوە هاوردەدەکرێت، دەکرێن بە چەند وێنە و بیرۆکەیەك، کە هاوردەکان دەگرنەخۆ. ئەو بۆچوونە دەربارەی پڕۆسەی زانین دوو خاڵ دوپات و پشتڕاست دەکاتەوە.

یەك: زانینی مرۆڤ بە ئەزمون و شارەزایی دەستپێدەکات153،ئەو ئەزمونی دەستپێکە ئەو وروژاندنەی هەستەکانە لەلایەن شمەکی دەوروبەرەوە، بەڵام ئەو قسەیە ئەوە ناگەیەنێت، کە زانین تەنیا هەر لە ئەزمونەوە دەکەوێتەوە، چونکە

مرۆڤ ئامراز و ڕێگەی هەمەجۆری زانینی هەیە وەك تێگەیشتن (فام) و ژیر.

دوو: جیهانێك هەیە بە هەمو ڕوداو و هەڵکەوت و بونەوەرەکانییەوە، سەربەخۆیەو لە دەرەوەی خودی مرۆڤە و بەشێك نییە لە بوون و خۆی مرۆڤ، بەڵام خۆی کەرەستە و بابەتی خودی پەیپێبەرە، کە شت دەزانێت! ئەو بوونەی جیهان ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە و ئەندێشە و بۆچوونی خودی مرۆڤ داینەهێناوە، بەڵام چۆن مرۆڤ پەی بەو جیهانە دەبات و دەیزانێت؟ پرسیارێکی کێشەئامێزە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێت.

2-ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت و وەڵامەکەی ئامانجی ئاڕاستە نیشاندەری لێدەکەوێتەوە، نیشاندەرە، چونکە دەریدەخات وەڵامدەرەوەکە دەچێتە چ خانەیەکی فەلسەفەی سەردەمی خۆیەوە: ئایدیالیست، ماتریالیست، ریالیست؟!

-چی زانین دەکات بە زانین؟ ئەو هەلومەرج و سروشتە کامانەن ئەو بابەتە یەکلاییدەکەنەوە؟! بە چی زانین لە نەزانین، بەواتا زانستییە- فەلسەفییەکە جیادەکاتەوە؟! دەکرێت لێرەدا بنەمایەك، پێوەرێك بە تەنیا دەستنیشانبکرێت و ئەو ئەرکە سەخت و گرانە بخرێتەئەستۆ؟ یان چەند پێوەرێك ئەو وەڵامە دەدەنەوە؟!

-زانین خۆی چ وەك ڕەوش و چ وەك پرۆسە لەچەند بەش و ڕەهەند پێکهاتوە، ئەو بەشانە بە هاوکاری یەکتری و هەماهەنگی پێکەوە ئەو ئەرکە رادەپەڕێنن. دەڤەری سروشتی دەوروبەر (هەڵکەوت-واقیع)، لە لایەك ئینجا خودی مرۆڤ خۆی هەر لەو چەمکانەوە، کە بنەما بنەڕەتییەکانی ئامڕازی زانینیان لێپێکدێت، تاوەکو ئەزمون و تێبینی و شارەزایی، دەستەبەری ڕشتنی ڕەنگی زانین دەبن و ئەو سروشتەی پێدەبەخشن. مەبەست لە زانین و لە هەلومەرجی بە دەستهێنانەکەی پابەندی ئەو ئامانجەن، کە مرۆڤ لێی چاوەڕێدەکات. ئەو بڕیارو ڕێنماییانەی دەدرێت و پەیڕەودەکرێن لەجۆرە سازان و ڕێککەوتنێکەوە دەکەنەوە، کە مرۆڤ خۆی کردونی.

